هیوا قادر

# ئاوێنە سەرابیەکان

ڕۆمان

PDF4Kurd

ستۆکهۆڵم

٢٠٠٢

ناوی کتێب: ئـاوێـنـه سـەرابییەکان
نووسـەر: هـیوا قادر
بابەت: ڕۆمان
سلێمانی... ٢٨ دیسـەمبەری ١٩٩٠
دواهـەمین نوسینەوەی ـ ستۆکهۆڵم ـ سپتەمبەری ١٩٩٥
چاپی یەکەم ١٩٩٦ /ستۆکهۆڵم.
چاپی دووهـەم ١٩٩٩ /سلێمانی
چاپی سێیەم:
مۆنتاژ: عەبدوڵا قادر دانساز

**كامه هۆیه، كامه هۆ لەویتر باشتره، خەونه ئەو وروژاندنه سروشتییه دەبەخشێ كەوام لێدەكات بۆ لاری لێكردنی به ئاپورەیەک له ڕووداو پێشوازی لێ بكەم ، كه لەكاتی نووسیندا بەسەیرو سەمەرەیی ووردوخاشم دەكات .**

**ئەندریه بریتۆن**

بە:

باران و ڕێنوار

پێشکەش بێت .

## بورجی ئاوێنە

دەشتێکی  پان و بەرینی هەرچوارلا سەوز، سەوزێکی کاڵ... تۆخ... تۆختر، ئاسمانێکی بێگەردی شینی بالاڕێژ، گژوگیای بالا تائەژنۆ هاتووی بەئاورنگ قورس بووی بەیانیەکی بەهار، گولالە سورەی خاڵ لەپەڕ کەوتووی بەنازی کەمێک چەماوە بۆ تینی خۆر، گوڵەکێویلەی شین و مۆر و زەرد وسوری ناوجارە گوڵە برنجۆکی چڵ پڕ لە ئاوی بەبۆن و بەرامە، نەسیمێکی هێواشی لەرە بەرۆح کردووی گیانبزوێنەری گەنجێتی هەنگاوەکانی جەعفەریان زیاتر دەبزواند. بەدەم شەقاو هێنانەوەی هەر هەنگاوێکەوە شەونمی نوستووی بەعەتربووی سەر پەڕو لاسکی پەلکەگیاو گەلاو گوڵی ئەو دەشتە لەخەو ڕادەبوون ودەپڕژان، بە چەشنێ دەبوونە زەنگۆڵەی ئاونگ و دەپەڕینە سەر ڕووی ئەو دوو ئاوێنەیەی کەبەم دیوو ئەودیووی هەر دوو  دەست و مەچەکی جەعفەرەوە هەڵگیرا بوون.

دوو پارچە ئاوێنەکەی هەردوو بنەنگڵی جەعفەر لە دووڕوی جیاوازەوە بریسکەیان دەهاتێ و لەڕوی بەگڵۆنکە ئاوی دوو پەرداخ  بەفراو و چیاویی کوێستانان دەچوون. ئاوێنەکان گەورەبوون... ڕەنگ بوو لەکاتی ئاسای دا بەنزیکی بستێک هەریەکیان تا نێوقەدو ئەوی دیان لە نێوقەد بەرەو خواری جەستەی جەعفەری تیاببینرایە، هەڵگرتنی ئاوێنەکان کوڕییەکیان دابووە پشتی؛ تەمێکی وەنەوشەیی تەنک ئاودامان دەنیشت و ڕەنگی لە نێو سەوزاییەکەدا بزر دەبوو، لەگەڵ شەقەی باڵی بەپریشک هاوێژی هەر باڵدارێک دا کە لەژێر برکە گیاو بنچکە قەرسیلی بەر پێ ی جەعفەردا هەڵدەفڕین... وێستێک دەکەوتە هەنگاوەکانی، هەردوو پارچە ئاوێنەکەی ئەمدیوو ئەودیوی دەستیشی بەقەد لاسەنگی فڕینی باڵدارەکان دیمەنی سەر ڕوی ئاوێنەکانی

لاسەنگ دەکردو شەونمی تەکاوی سەر شاپەڕو کلکی باڵدارەکانیش دەبارینە سەر سمێڵ و ڕیش و سنگە تۆکنەکەی. ئەو تەمە ڕەنگ وەنەوشەییەش کە دەست بەردار دەبوو لەڕەنگی خۆی بەبای باڵی لەناکاوی باڵدارەکان دەبزڕکا. مانگیش بەئاسمانەوە وەک هێلکەیەکی سپی گەرمی تازەبووی مامرێک هەڵمی هەورێکی زۆر تەنکی بەئاستەم بەدیکراوی لێ هەڵدەستا.

جەعفەر بەسەر سامی یەکی منداڵانەوە لەو دیمەنانەی دەڕوانی و لەگەڵ هەر تروکاندنێکی چاویدا تانوپۆی ئەو ئەفسونە سەرحاڵی دەکرد بۆ ئەو خولیایەی کە لەخەیاڵی دا بیری لێدەکردەوە، دەبێ چی هەبێت لەڕاوە ماسی بەدەر!

لەگەڵ لێژ بوونەوەی هەر هەنگاوێکی دا دەنگی خوڕەو هاژەی ئەو چەمەی دەهاتە بنگوێ کەبەهێڵێکی سپی بەپێچ و دەورەی تیخ کردوو بەرەو خوار ئاوزەنگی لەقەڵبەزەو وورده شەپۆلی بەهاژەی خۆی دەگرت و بێ ئاوڕدانەوە دەکشاو سەوزایی ئەو دەشتەی شەق دەکرد، وەک بەوەی سپێتی دەروونی ئەردو ڕەنگی بەرد نیشان بدا.

بەدەم تێپەڕینی سات لەدوای سات و دانانی پاژنە پێ خاوسەکانیدا دەنگی ئەو ئاوە بەرز دەبۆوە کە دەگیرا لەبەردو بنچکی ئەستوری کوزەڵەو نێرکی گژو گیای قەراخ چەمەکە، هەر لەگەڵ پەروازی یەک بەدووای یەکی پەپولەو پوشکە بەقنگە ڕەنگاڵەکاندا کە بەئاسمانی نزمی بەر سەری جەعفەردا هەڵدەفڕین نیشانە بوو بۆ هەنوکە گەیشتنی بۆ سەر چەمەکە.

ئائەوەتا جەعفەر گەیشت هەناسەیەکی قووڵی ئەوتۆی هەڵکێشا کەچی تەمی بزڕکاو و بەجێماوی ئەو بەیانییە بوون چوونە ناو سییەکانییەوە، ختوکەیەک لە ژێر پێیە پەتی و قوڕاویەکانییەوە بزەو پێکەنینێکی ئارامیان ووێ دەدا، پێیەکانی سەوزو قوڕاوی دەچونەوەو نێوەندی پەنجەکانی پڕبوون لەپەلکە گیاو لاسکی قرتاو. دەنگی کوتە کوتی دڵی لەگەڵ بینینی بریقەی لەپرتاوی ژێر سکی هەر ماسییەکدا بەرز دەبوونەوە، بەدەم قاچ هەڵهێنانەوەی جەعفەر بۆ ناو ئاوەکە پۆلێ ماسی وردی سرک لە بەر پێ یەوە ڕەوینەوەو بەسەر بەردو زیخی هەمەڕەنگەی چەمەکەدا لەنگەریان گرت. کاتێ

گەیشتە نێوەندی چەمەکە بارستایی ڕێژاوی ئاوەکە بەسەر ئەژنۆکانیدا دەڕۆیشت، بەشپرزەییەوە سەرێکی بەرەوخواری ڕووەو ڕەوتی چەمەکە هەڵبڕی، هەردوو پارچە ئاوێنەکەی دەستی بەئەستونی ڕاگرتن و لەئاوەکەی خستن. قولانجێک نەرمە شەپۆل بەسەر ئاوێنەکان دا دەکشا و دیمەنی نێو ئاوەکەیان تیادا دەبینرا، لە خوارڕا ڕەنگێکی پەلکەزێڕینەیی لەنێو چەمەکەوە بەرەو سەر هەڵدەکشا، جەعفەر لەخۆشی و حەژمەتاندا چاوەکانی نەدەتروکاند، دڵی بەچەشنێ بەرەو زیاد بوون دەچوو دەتووت هائێستا ناساتێکی تر لەقەفەزەی سنگییەوە وەک ماسییەکی سور خۆی ڕادەپسکێنێ و دەخلیسکێتە ناو ئاوەکەوە، ئەو جار توندترلەجاری پێشو هەردوو دەستی لەئاوێنەکان گیرکرد و بەوریاییەوە لەنێو زیخ و بەردو لمی ناو چەمەکەدا چەقاندنی،لەگەڵ خێرا بوونی هەر ترپەیەکی دڵی دا زەردە دەنیشتە ژێر سمێڵە ڕەش و پڕەکەی و تاڵە مووە کورتەکانی ڕیشی ڕەپ دەبوون، خوێن بەهوروژم دەزایە ناو کوڵم و ناوچەوانییەوە، سیمای وەک گوڵنار سور دەپشکوت، ڕەنگەکان لەژێر ئاوەکەوە بەسەماوە ئاوێزانی یەکدی دەبوون و جوێ دەبوونەوە، جەعفەر هێندە بەسەر ئاوێنەکانەوە خۆی کوڕ کردبووەوە فێنکییەک خۆی بەسیمایدا دەداو تاڵەقژە شۆڕبووەکانی دەلەراندەوە... دەنگی هاژەی چەمەکە خەنی دەکردو چاوی دەئالآیە قەوزە زەردو سەوزەکان کەبەدەم وردە شەپۆلەکانەوە دەئالآنە پەلکە قەرسیلی شکاو وگوڵی وەریوی سەر توێ ی ئاوەکە، پوشکەبەقنگەی شین و مۆرو پەپولەی خاڵ لەباڵ کەوتوی زەردو سور دەنیشتنە سەرقژە ماش و برنجییەکەی و وێکڕا دەفڕینەوە. ختوکەی خۆشی لەژێر پێستە برۆنزییەکەیەوە بڵاو دەبوونەوەو زەردەی سەر لێوی گەشتر دەبوون، بەردەوامی کشانی ڕەنگەکان و نزیک بوونەوەیان چاوی جەعفەریان فریوو دەدا.

ماسییەکان سەرەتا چەند دانەیەکییان دەرکەوتن و دوواتر بەلێشاو خۆیان خستەڕوو، کلک و سەریان بەلەنجەو سەما بادەداو چوار دەوری جەعفەریان بەخۆیان و ڕەنگە ئاوێزەییەکانیان دەتەنی، گازیان لەقاچ و پوزە توکنەکەی دەگرت، جەعفەر لەعەزرەتدا هێندەی نەمابوو پەنجەکانی لەکەمەی

ئاوێنەکـان خـاو بـبنەوە، لەخـۆشـیـیـان دا دەتریقـایەوە بەزەحـمـەت باوەڕی بەچاوی دەهێنا، لەپولەکــەی بەبریقــە داری مـاسـیـیـەکـان و خـاڵە ڕەنگاو ڕەنگەکانیان ڕادەماو بەخۆی دا دەهاتەوە تادەنگی تریقاندنەوەکەی دەرنەیەت نەبادا مـاسـیـەکان بڕەونەوە، هێندەی نەبرد مـاسـیـیەکی زەردی ڕەش خـاڵاوی وەپێش کـەوتوو خۆی بەیەکێک لەئاوێنەکان دا کرد، مینای چاوەکانی جەعفەر زەق بوون. دوواتر ماسیەکانی دی دەمیان بەکلکی یەکدییەوە ناو وەک هێڵێکـی ڕەنگاو ڕەنگ چوونە نـاو ئاوێنەکانەوە، جـەعفـەر توندتـر دەسـتـی لەئاوێنەکان گـیـردەکـردو مـاسـیـەکـان بەلەنجـەو بـێ سـڵـەمـینەوە خـۆیان بادەداو وەژوور دەکەوتن، کـشـتـەکی دەمی جـەعفـەر کشـاو ددانـە سـپـیـیـەکانی بریسکەیان پێکەوت و مووی سمێڵ و بەر لێوو چەناگەی لەحەژمـەتان دا ڕەپ ڕادەوەستان، هـەناســە بڕکـێـیـەکی لەیەکـبـینە ڕای دەوەشـانـدو دەلەرزی، لەناو زیخ و لمی چەمـەکەدا گـوڕیدایە قـاچەکانی و لەجـێ ی خـۆی پاژنەکـانی پێ ی چەقـاند... هـەستی دەکرد ختوکـەیەک بەدەمارەکانی دا سـەردەکەوێت و بەرەو لۆچی سـک وسنگ و مـلـی دێت، گـورزێکی نەپسـاوی درێژ بۆوەی مـاسـی ڕەنگاڵە بەردەوام دەچوونە نـاو هـەردوو ئاوێنەکـانەوە... دوواقـەترەی تێـربون لەچـێـژو لـەزەتی ئەو ڕاوە مـاسـیـە بەدەمـارەکانی جـەعـفـەردا تکا، چیـتـر لەبـەردەم ئەو چۆڕانەوەی لەزەتەدا خــۆی بۆ ڕانەدەگـیـرا، لەگـەڵ وەژور کـەوتنی دوواهـەمین مـاسـی دا بەهـەمـوو هێـزو گـوڕیەوە ئاوێنەکانی بەرز کـردنەوەو لەسـەر سـنگی ڕایگرتـن و هـەمــوو جـەســتــەی بەوئاوەی بەئاوێنـەکـانـەوە هـاتنە دەرێ شــەلاڵ و تەڕبوون، بەهـەموو هێزی قاقا پێدەکەنی و دەتریقایەوە، پێکەنینـێک کە بووە هـۆی ڕمانی بەفری نەچۆوەی هـەموو ئەو شـاخ و کێوانەی کە ڕۆژە ڕێـیەک دوور بوون...

ــ هـە هـە هـە ها هـە هـە هـە هـە ها ا ا ا ا

ــ ج ە ع فـە ر... کوڕم ... هـەسـتـە... ڕابە... حـەمامـەکـە گـەرمـە : دایکی دەبوو وابڵێت.

لە ژوورەکــەی ڕووانـی ... دوواتر تارمــایــیــەکــەی دایکی دەبـیـنـی یان نــا، دڵنیـیـا نەبوو، بەدەسـتی چەپ چمکێکی لێفەکەی لادا، ئەمڕۆ تاریکی ژوورەکە ڕۆشنـتـر بوو لەڕۆژانی تـر، لەگەڵ ترازانی پەردەی ژورەکەدا چاوی بەڕوناکی

ئەو بەفرەکەوت کەڕژابووە ناو حەوشەکەوە.

ــ لە دوێنێ ئێوارەوە بەفر سرەوتی نەبووە.

جەعفەر ئاوڕێکی بەپەلەی دایەوە، تارماییەکە نەبوو، بەڵکە تەنها دەنگێک بوو کەقەدەرێک بوو تارماییەکەی لێجیا بووبۆوە.

ئەو دەمەی جەعفەر لە ژووری ساردی دەم حەمامەکەدا جلەکانی لەبەر خۆی دادەکەند دووا دیمەنی خەونەکە هێشتا لەزەینی دا ڕەنگی دەدایەوە، ختوکەی گازی دەمی ماسییەکان و ڕەنگە پێکداپژاوەکان... ڕاوە ماسی بە ئاوێنەکان... قاقاو سەدای پێکەنینەکەی؛ هەموو بەیادهێنانەوەیەکی ئەم دیمەنانە خوماربوونێک بوون پڕ لە ئارامی.

بەسستیەوە هەنگاوێکی نایە ناوحەمامە گەرمەکەوە، هالآو هەڵمی گەرمی ناو حەمامەکە مەندییەکیان دەدایە ماسولکە گرژ بووەکانی جەستەی، ئاوە گەرمەکەی بەردایەوە سەر ئەو جوڕنەیەی کە لەژێر دەمی بەلوعەکان دا بوو، جەعفەر لەفکری ڕژانی ئاوە گەرمەکەو هەڵم کردنی ڕۆچوو.

حەمامەکە ژوورێکی سپی بچکۆلەی شێوە گومەزی لەخۆ گرتبوو لەهەندێ جێدا ڕەنگەکەی لەژێر زەبری گەرمادا هەڵیدابوو، لە میچی کلآوە گومەزیەکەی دا دڵۆپە ئاوە ساردەکان یەکیان دەگرت و یەکبینە دەبارینە سەر ئەردی گەرمی حەمامەکە، بەڕووی یەکێک لەدیوارەکانیەوە لەتکە ئاوێنەیەکی نوک تیژی شکاو لە چوارچێوەیەکی ژەنگاویدا هەڵواسرابوو، جەعفەر بەهەڵمی دەم بەلوعەی ئاوە گەرمەکە تەمە وەنەوشەیەکەی وەبیر دەهاتەوەو لەگەڵ خوڕەی ناو ئاوی جوڕنەکەدا تاسێکی تەلیسم هێنەر دایدەگرت و لەگژ فکران دەچوو تا خەیاڵ لەگەڵ خۆی پەلکێشی دەکردو دەیبرد.

ــ هەموو خەونێک نایەتە دی، ئەرێ هەموو خەونێک: لەبەر لێوەوە وای دەووت.

هێدی هێدی گوڵەنکەی ئارەقە بەجەستەی دا پلوسکیان دەبەست، پەنجەرە چکۆلەکەی حەمامەکەی کردەوە، بەفر بەبێدەنگی و بە نەرمی دەبارییە سەر چڵوپۆپی ڕوتەڵەی دارتووی ناو حەوشەکە... بەچەشنێ لق و چڵی درەختەکە بوبووە کەپرۆکەیەکی نەرمە بەفرو لەژێر چەند بستە ڕەشاییەکەی ژێریدا پۆلە

باڵداریک دەنوکیان دەساوییە ناو قورەکەی ژێریان، ساتێ هەڵمی گەرمی ناو حەمامەکە لە پەنجەرەکەوە خۆی دەهاویشتە دەرێ خۆی بەڕووی ئەو کلووە بەفرانەدا دەداو ڕەنگی دەبزڕکاندن تا دەبوونە دڵۆپە ئاو و دەکەوتنە سەر ئەو بەفرە کەوتووەی بەر دەم حەمامەکە.

ـ ئەوسا دەمووت بەفر رۆحێکی بێگەردە وەک مناڵیم. بەخەمۆکییەوە جەعفەر ئەمەی ووت و پەنجەرەکەی پێوەدا... بەپەنجەکانی دەستی تەمی سەر ڕووی ئاوێنەکەی لاداو لەخۆی ووردبۆوە، بەدەستی چەپ تاڵە تەڕو پێک نوساوەکانی پەرچەمی لادان.

ڕیش و سمێڵێکی کەچەڵەی مەیلەو سوری نارێک... سیمایەکی برۆنزی... دوو چاوی بەقوڵاچووی برژانگ هەڵگەڕاوەو لووتێکی بچووک، ملێکی کورتی تێهەڵچەقیوو لە بەژن و بالایەکی خڕیلانە... دەستێکی ڕاستی لەئەنیشکەوە قرتاو؛ ئەمانە هەموویان جێی ناسینەوە نەبوون بەقەد ئەوەی چاوێکی ڕەش و ئەوی دیيان مەیلەو سەوزو پیرۆزەیی لەژێر دوو برۆی زەردا ڕووابوون.

جەعفەر پەنجەی دەگێڕا بەسەر دەستە قرتاوەکەی داو هەستی بەجوڵانی ئەو پەنجە نادیارانەی دەکرد کەلەدەستە قرتاوەکەی جوێ بوو بوونەوە، دەستی لەئەنیشکی ڕا کرابووە گرێیەکی جەڕاوی بەپێست گرێدراو،بە کەمێک ئازارەوە پەنجەی دۆشاوەمژەی لە بۆشاییەکی نادیاردا دەجوڵاند، بۆ جارێکی تر بەپەنجەکانی دەستی چەپی تەمی سەر ڕووی ئاوێنەکەی لادایەوەو دەستی بەرەو ئەو تۆپەڵە مووەی خوار ناوکی بردو نیگای قوڵی بریيە ناو ئاوێنەکە، ڕوبەری حەمامەکە گەورە بوو، ئاوێنەکە بوو بەپەنجەرە خڕو بەرزەکەی دەرچەی گومەزی حەمامەکەی ناو بازاڕ، دەنگە دەنگ و ژاوە ژاوەکە لەناو هەڵماوو بۆشایی ناو گومەزی حەمامە گەورەکەدا دەنگی دەدایەوە، زریکەو زیقەی منداڵان لە ژێر دەستی دایک و خوشکەکانیان دا بەرز دەبوونەوە، دەنگی پێکدانی جامە فافۆنەکان و جوڕنەی بەردینی ژێر بەلوعەکان تێکەڵ بەهاژەو دەنگەکانی تر دەبوون؛ مروەت تەنها لەوەرزی سەرماو سۆڵەی پایزو زستانان دا پەلی جەعفەری دەگرت و دەچوونە حەمامەکەی نزیک بازاڕ کەچەند کۆڵانێک واوە تربوو لەکۆڵانەکەی خۆیانەوە، مروەت بەعەبایەکی

داوێن کورت و پەچەیەکی مەخمەلی ڕەشەوە خۆی دادەپۆشی و بوخچەیەکی سیرەی پڕ لەجلکی لەبن باخەڵ دەناو ڕێ دەکەوت، جەعفەریش قۆڵی دەکرد بەبوخچەیەکی چیتینی بچکۆلەداو کۆلانەو کۆلان دەڕۆیشتن، ڕۆژانی بەفربارین جەعفەر پێش دایکی دەگەیشتە حەمامەکە... کەکلووکلووی بەفر لەئاسمانەوە بەرەو زەوی دەفڕین جەعفەر وەدووی کلووەکان دەکەوت تابیان گرێت، کلووەکان بەکاوەخۆ بێ ئەوەی گوێ لەحەزی بەپەلەی جەعفەر بگرن هێدی دەبارین و ئەویش غاری بەدوای گەورەترین کلووەبەفردا دەدا تالەنێو مشتە ڕچیوو بچکۆلەکانی بنێت، زۆر جاران ئەفسونی کلووە بەفری گەورە سەرسمیان پێ دەداو لەناو ڕێژاوی بەفرەکەدا نقوم دەبوو... هەنوکەش خۆی بەپێیانەوە دەگرتەوەو ئەوجار قشتیلەترو بەلەز دووی هەمان ئەفسونی کلووە بەفران دەکەوتەوە، لەدورەوە دایکی هاوارێکی بەهەڕەشەی بۆ دەنارد، جەعفەر دەیزانی سزاکەی هەر دەنۆشێت و دەکەوێتە ژێر دەست و لفکەی زبری دایکیەوە بۆیە گوڕی دەدایە خۆی تا دەگەیشتە بەر دەرگای حەمامەکە، ئەوسات ڕادەوەستاو بەهەڵمی ئەو هەناسە بڕکێیەی دەمی هالاوی بەکلووە بەفراکاندا دەکرد، حەزیەکرد ئەو کاتەی ژنە عەباو پەچەبەسەرەکان کەلەگەڵ منالّەکانیان دا دەرگای حەمامەکەیان شەق دەکردو دەهاتنە دەرێ هەڵمی ناو حەمامەکە لە گەڵ خۆیان بێننەدەرێ تالەگەڵ ئەو هالاوو هەڵمەی حەمامەکە و هەڵمی گەرمی کونە لووت و پرمەی ئەو ئەسپانەی کەبەعەرەبانە تریشقەکانەوە بەسترابوون لە بەردەرکی حەمامەکەدا یەکبگرن و زۆرترین کلووە بەفر بتوێننەوە، هەر بۆیە ڕۆژانی بەفربارین ئەو بەر دەرگایە دەبووە قوڕاوێکی سورو پێڵاوە فلّتوو دڕاوەکانی جەعفەرو منالانی دی لەگەڵ پاتە لاستیکییەکانی ژنان دا نوقمی ئەو قوڕاوە دەبوون.

ئەو ڕۆژانەش کەشار یەکبینە باران بەسەریا دەباری جەعفەر بەخۆی و بوخچەکەیەوە دەچووە ژێر عەباکەی دایکییەوەو گوێ ی لەڕێژنەی ئەو دڵۆپە بارانانە دەگرت کەبەر عەباکە دەکەوتن و بەدوای هەر بروسکەی هەورێک دا چاوەڕوانی ئەو شەوقەی دەکرد کە ژێر عەباکەیان ڕۆشنا دەکردەوە.

ڕۆژانی گێژە لوولکەو ڕەشەبای بەهێزیش دەستی بەفەقیانەکەی دایکییەوە

دەگرت و ترسی ئەوەی بۆ دەهات کە ئەمیش وەک ئەو بەرمیلە بەتاڵ و تەنەکە زبڵانە گلۆر دەبێتەوە... یان لەگەڵ پەڕەی ڕۆژنامەو مقەبای دڕاوو کۆللارەی پچڕاوی سەر دارتێل و سنەوبەرەکان دا ئەمیش لوول دەداو بەرەو ئاسمانی خۆڵاوی شار دەیانبات تادوای نەرمە بارانێکی ئێواران لە ئاسمان نایەنە خوارێ... ئەو سات شەوی بەسەردادێ و قەرەجەکانی قەراخ شار لە گەڵ کۆچی سبەینانێکی زوودا دەگەڵ خۆیانی دەبەن و دەیفڕێنن.

جەعفەر هەرجارێک کە لەگەڵ دایکیدا لەیەکەم پێ پلیکانەی ئەو دیوو دەرگاکەوە دەچوونە خوارێ و دەگەیشتنە ناو ساردناوی حەمامەکە بەدەنگێکی لەپڕی ژاوە ژاوی ژن و منداڵ پێشوازیان لێدەکراو بۆنی سابون کونە لووتی دەگرتن و دەیپژماندن، وەک کردەی هەمیشەیی جەعفەر بەرلەهەرشت چاوی بۆ پیرێژنی خاوەن حەمامەکە دەگێڕا، تابزانێت ئەو حەوتووە دووکانەکەی چ کامێکیان لە تەڕەسازو شێلم بەترش و پسکیتی زەردی تیادەفرۆشرێت، گەر جارێک بەدەگمەن هیچ کام لەو خواردنانەی بەرچاو نەکەوتایە ئەوا نیشانەیەک بوو بۆ نەخۆشی پیرێژنەکە بۆیە بەدڵ ساردییەوە ئەو جارانە ملی دەدا بۆ خۆشۆردنی ژێر دەست و لفکەکەی دایکی.

جەعفەر چاوی بەو ئافرەت و منداڵانەدا دەگێڕا کەوەک خۆی و دایکی تازە دەهاتنە ناو حەمامەکەوە، بەبێ جیاوازی ڕقی لەهەموو پیرێژنەکانی ناو حەمامەکە دەبۆوە جگە لەپیرێژنی خاوەن حەمامەکە نەبێ چونکە سیمای زەرد هەڵگەڕاوو جەستەی پیرێژنەکان دەیتۆقاندو شەوانە خەونی پێوە دەبینین، ئەو پیرێژنانە ئەوانەبوون کە لەگەڵ کچەکانیان دا دەهاتن تابیانشۆن یاخود بەتەنیابوون وەک ئەو پیرێژنە قژ سپییەی کەڕووی لەدایکی و ژنانی تر دەکرد تا پشتی بشۆن، ئەو پیرێژنە کەدەهاتە حەمامەکەوە لەپێشاندا دوو پرچە سپییە درێژەکەی دەڕەواندەوە کەلە دوو گوریسی کۆن دەچوون ، بەپشتێکی کۆم و لفکەیەکی مەرەزی گەورەوە دەهاتە حەمامە گەرمەکەوە، پەراسووەکانی وەک ڕیزێ قامیشی شکاوو لێکترازاو لەژێر پێستە تەنک و خاڵاویەکەی سنگییەوە دەرپەڕی بوون... دەمووچاوە چرچولۆچاویەکەشی بەسەر ملێکی باریکی ڕەگاوی و چەماوەوە وەستابوو، بڕبڕەی پشتی وەک

پەیژەیەکی کۆماوەی ئێسقان دەرپەڕیو وابوو کەلەکۆتایی خوارەوەیدا دوو وولْمە سمتی شلوشێواوی بەملاولا شۆڕبۆوەی هەڵگرتبوو کە درێژ دەبوونەوە بۆ دوو قاچی باریک و خواری ڕستە دەماراوی کە لەپوزی بەرەوخوار باریکتر دەبوونەوە تادەگەیشتن بەدوو پێ ی شانەیی پەنجە درێژو لاواز، دوو مەمکی قورسی درێژ بۆوە تاسەر ناوکی هاتبوون و لەکاتی ڕێکردنی دا یەک لەدوای یەک بەر پێستی سکە لۆچ نیشتووەکەی دەکەوتن، جگە لە بێخی سوری قژو پرچە سپییەکەی مووی تر بەجەستەیەوە نەدەبینرا، جەعفەر هێندە بێزەوەرانە ڕقی لە ئەندامی ئەو پیرێژنە دەبۆوە… کاتێک زێدانی وەک پارچە گۆشتێکی شلوشۆڕو ڕەنگ قاوەی لەبەر ڕانەکانیەوە دەلەرینەوە هێڵنجی دەهات و وەختبوو دەرشایەوە.

جەعفەر و دایکی دووای خۆڕووت کردنەوەیان لە دەرگایەکی تەختەی قورس و ڕزیوەوە دەگەیشتنە ناو حەمامە گەرمەکە، هالاوێکی گەرم و شێدار هرووژمی بۆ جەستەو دەموچاوە تەزیوەکانیان دەهێناو ماسولکەکانی جەستەیانی خاوو هێدی دەکردەوە، جەعفەر لەژێر پاژنەی پێیەوە هەستی بەتینی گەرمای ئەردی حەمامەکە دەکرد… بۆیە هەر زوو بەرەو ئەو جوڕنەیە دەچوو کەدایکی بەوریاییەوە لەبەر لوسی ئەردی حەمامەکە هەنگاوی بۆدەنا، بەبێ ئەوەی فریای چاوپیاگێڕانێکی خێرا بکەوێت لەناو ئەو هاوارو زەنایەی کەبەیەکدا دەهاتن و دەچوون.

لەگەڵ دانیشتنی لە بەردەم جوڕنەکەدا ترسی شۆردنی دەست و لفکەکەی دایکی چێژی سەیرکردنە پڕ نهێنییەکانی لێدەشێواند، حەزی دەکرد زووتر بچێتە ژێر سابون ولفکە زبرەکەوەو سزاکەی بنۆشێ تا دواتر بەکاوەخۆ و دزەنیگاوە تێربڕوانێت.

ئەو ئافرەتانەی کەوەک دایکی دەهاتنە ژورەوە لەسەرەتاوە بەشەرمەوە لفکەو سابونەکانیان دەگرت بەخوار ناوکیانەوەو ئەوسات چاویان دەگێڕا بۆ ئەو جوڕنە بەتالانەی کەسیان لەدەور نەمابوون. جەعفەر نەدەگەیشتە زۆر نهێنی جەستەی کچ و ئافرەتەکانی دەوروبەری تەنانەت بۆ ڕوون کردنەوەی ئەو نهێنیانەش لەلایەن دایکیەوە وەلامەکەی هەر سیخورمەو پیاپلۆسین بوو…

کـەدواتر دەبووە شـــەرمـێکی قـورس و چاونەوی کـردن لەبەردەم خـێسـە لێکردنەکـانی دایکی دا، پرسـیـارەکـان تادەهات گـەورەو گـەورەتر دەبوون وەڵامـەکـانیش بێ دەست لێدان لـەخـانـە نهـێـنی و بێـوەڵامـەکـاندا دەمـانەوە، کـاتێک لـەزێدانی ئافـرەتەکـانی دەرِوانی هەسـتی بەجـۆرە بێ ئاگـایـیـەکی سـەرسورِهێنەر دەکرد وەک ئەوەی کـەزانیبێتی ئەویش هەر لەهـەمان شـوێنەوە هاتبێـتە دەرێ! ئەو ئافرەتانە زێدەتر سەرنجیان رِادەکێشا کە بەپێوە خۆیان دەشۆرد... لەقژی خاوو درێژیان وورد دەبۆوە... سەیری مل و سنگ وبەرۆکیانی دەکـرد ... سـەیرترین نهـێنی بەلایەوە گـەورەیی و بچـوکی سنگی ئافـرەتەکـان بوون، قاچ و پوز و سـمتیان... توکنی و بێگەردی جەستەی ئافرەت و کچەکانی لەگەڵ یەک بەراورد دەکـرد، بۆ بیـن پێـوەگـرتـن بەخنەخنەکانی ژێر لێـویشـەوە چاوی بۆ گەورەترین و بچـووکترین مـەمک دەگێرِاو دوواتر بچـوکی و گـەورەیی گۆپکە قـاوەیـیـەکانی سـەر مـەمکی ئافـرەتەکانی پێکتر دەچوواند، ئەو کـچـە جـوانانەی کەدەهـاتـنە حەمـامـەکەوە شـەرمـێون تربوون لەو ئافرەتانەی کـەوەک دایکی وابوون، کـیـژۆڵەکـان کاتێک ئەندامـە ناسکەکـانی خـۆیان پیـشـان دەدا بەتایبـەت لەو سـاتانەی سـۆسـەی ئـەوەیان بکردایە چەند ئافـرەتێک لەدوورەوە باسی جوانی لەش و لاری

ئەوان دەکەن... کەبەنێو حـەمـامـەکەدا دەهـاتن و دەچون مـەمکەکانی ئەوان وەک هـی ئافـرەتانـی دی شـۆڕو قـورس نـەبـوون، مـەمکیـان تورت و رِەق لەگـەڵ جـوڵەی هەنگاوەکانیان دا دەلەرینەوە... سـمـتیـان خرِو زێدانیـان بچـوکتـر لەژێر نەرمە توکێک دا لەنێـوەندی رِانە جوتبووەکانیان دا هەڵواسرا بوون... پێستیان سـاف و سـپی وگـەنم رِەنگ دەیان نوواندو دڵۆپە ئـاوەکـان بەلەشـیـانەوە رِانەدەوەسـتـاو لەژێر تیـشـکی گـڵۆپـە زەردەکـانـی حـەمـامـەکـەدا بریسکەیان دەهات، زۆربەی ئەو کـچـانەی لەلۆچەکانی نێو حەمامـەکەدا خـۆیان دەشـۆرد... هـەریەک بەسـەر رِازی باسکردنی دەست گیرانـەکانیـاندا دەکەوتن و یەکـبینە دەتریقـانەوەو پـێ دەکـەنـین و بـەچاوی مـەیلـەوە لە ژنەکـانیـان دەرِوانی. جەعفەریش لەنێو قەرەباڵغی حەمامەکەدا خۆی لەدایکی دەدزیـیەوەو بەنیازی گـەرِان بەدووی جـام و سـابوون دا دەچووە ئـەوێ، لەو گـەرِانەدا بەخـتـەوەری

زێدەتر دەبوو کەمناڵانی کچ و کوڕی دراوسێکانی دەبینییەوە تابەسەربەستی لەگەڵ یەکدی دانیشن و بەئازادییەوە  سەیری خوارناوکی یەکتری بکەن و ئەو پرسیارانە لەیەک دی بکەن کەدایکانیان وەڵامیان نادەنەوە، حەمامەکە دنیایەکی تایبەتی بێ جلک وبەرگ و گەڕانێکی نیمچە ئازادبوو بۆ مناڵەکان، بە دزییەوە سەیری ئەو ئافرەتانەیان دەکرد کەلەلۆچەکان دا قاچیان دەتاشی و مویان لەجەستەیان دەکردەوەو دەستیان لەسنگ و بەرۆکی یەکتری دەدا، مناڵان دەچونە سەیری ئەو ئافرەتانەی کەلەگەرماندا هۆشیان لەخۆدەچوو تابەئاشکراتر سەیری ئەو شوێنانەی لەشیان بکەن  کەنەیاندەتوانی لەئافرەتەکانی تردا بیانبینن.

جەعفەر تەنها لەو کاتانەداترس دایدەگرت و بۆلای دایکی دەگەڕایەوە کە دوو ژن لێیان دەبووە شەڕ و پرچ و قژی یەکتریان ڕادەکێشاولەسەر ئەردی لوسی حەمامەکە دەکەوتن و دەبووە جنێودان و قیژە و گریانی مناڵان.

ئەو ساتانەی دایکی جەعفەر بۆ کەمێک حەوانەوەو هەناسەدان لەهاڵاوی گەرماوەکە دەچووە دیوی حەمامە ساردەکە، جەعفەر بەو گورزە تیشکە ئاوێزەییەدا سەردەکەوت کە لەپەنجەرەی سەر گومەزی حەمامەکەوە دەکشاو خۆی دەکرد بەژووردا، یەک دوو جاران تارمایی سەرێک ئەو گەردانەی دەشێواند کە لەنێو تیشکە شۆڕبۆوەکەدا دەهاتن و دەچوون. ڕۆژێکیان زۆر بەوردی تێ ی ڕووانی... سەری زەلامەکەی ناسییەوە کە لەشێوەی کەللەی ئەسپێک دا خۆی دەنواند، هاوڕاست وەک ئەو ئەسپانەی کەلەپێش عەرەبانەکانەوە دەبەسترانەوە کە هەندێ جار دوای خۆشۆردن لەگەڵ دایکیدا پێی دەچونەوە بۆ ماڵەوە، ئەو تارماییە سەری توون چییەکەی حەمامەکە بوو، هەوڵیدا گورزە تیشکەکە بگرێ و بینایی زێدەتر بڕوانێت... جەعفەر دەستی بەرەو تیشکەکە برد... پەنجەکانی بەر ڕووی ساردی ئاوێنە تەمگرتووەکە کەوت... جەعفەر دەموچاوی خۆی بینی وەک ئەسپێک بەهەناسە بڕکێوە کوونە لووتەکانی گەورە بووبوون و هەڵمیان لێدەهاتە دەرێ.

## بورجی بووکەپەڕۆینە

خاجیان وەک هەموو بەیانیانێک لە ئامادەکردنی شۆربا نیسکێنەکەی بوو بووەوە، میناش دەمێک بووهەر بەگەرمی شۆرباکەی فڕ کردبوو... لەژورە خنجیلانەکەی خۆی دا خەریکی لە خەو هەستان و ڕابوونی ئەو بووکەپەڕۆینانە بوو کەبەهەر چوارلا دیواری ژورەکەدا بەبزماری درێژ و نارێک هەڵی واسیبوون، هەموو سبەینانێک دوای بەرچایی کردن دەکەوتە تاو توێ و تەکاندنی بووکەکان و جێگۆڕکێ پێکردنیان، وورتە وورتێک بەڕەزم و ئاوازی گۆرانی لەدەمی دەهاتە دەرێ و دواتر دەکەوتە قسان لەگەڵیان دا، بووکەکانی ماچ دەکردن و بەدەستیش ماچی بۆ ئەو بووکەپەڕۆینانەی تر هەڵدەدا کە دەستی پێیان نەدەگەیشت... بەردەوام بەیتوو بالۆرەی گۆرانیەکانی سەر زاری خاجیانی بۆدەووتن، لەلاسایی کردنەوەکەیدا زۆری لەخۆی دەکرد سەر کەوتووانە گۆرانیەکان بێنە سەر زاری و بووکەکان لەئامێزبگرێت. مینا دەرزی و دەزوەکەی لە قتووە خنجیلانەکەی سەرتاقی ژوورەکە دادەگرت و شارەزایانە دەکەوتە تەقەڵ لێدانی پشت و بەرۆکی بووکەپەڕۆینەکان و بەدەستە گۆج و قامکە خوارەکانی لۆکەو وورده پەڕۆکانی دەئاخنیەوە ناو بەرگە هەڵوەشاوەکانی جەستەیان، هەموو بەیانیەک سەرەتا مینا بەئارامیەوە دەست بەکاردەبوو... بەڵام هەرلەگەڵ پێداچونی نوکەدەرزیەک بەپەنجەی دا هێندەی نەدەبرد لەژێر کاریگەری توڕەبوونێکی ناوەختدا ددانە نارێکەکانی جوت دەکردن و دەکەوتە هەڵوەشاندنەوەی بووکەکەی بەردەستی، دەزولە چۆڕاوگەی لیکێک لە دەمیەوە دەتکاو ئەوسات بووکەکەی دەهاویشتە ناو ئەو تورەکەیەی کە سیخناخ بوو لە لۆکە و پەڕۆ کۆن و بووکە هەڵوەشێنراو دڕاوەکان، دواتریش پەنجە ئاژنراوەکەی دەستی

دەخستە دەمیەوەو بێ ترووکاندنی برژانەکانی لەدیمەنی بووکەکان و ژوورەکە ڕادەما... ئەو هەڵوێستــــە کــردنەی هێندەی بەســەردا نەدەگــوزەرا چەند بووکەپەڕۆینەیەکی تری لە نێو ئەو کارتۆنەی ژێر چرپاکە دەردەهێناو لەجێ ی ئەو بووکە هەڵوەشاوانەی تر دایدەنانەوە.

خاجیان دووای گرێ دانی بوخچەی جلەکانی مینا، دەرگای باوەڵی ژورەکەی مینای بە بزمارە خوار بۆوەکەی بەرکەمەی دەرگاکە داخست، مینا بەخۆی و بووکەنایلۆنە گەورەکەی سەر سنگییەوە دەستی خاجیانی گرتوو بەرەو دەرگای حەمامەکە بەنێو بەفری بەرحەوشەکەدا هەنگاویان بەرەو وێ هەڵدەهێنا، لەوکاتەدا جەعفەر بەخۆی و هەڵمی نێو حەمامەکەوە دەرگاکەی کردەوەو هاتەدەرێ.

ـ مینا گیان وادیارە بووکەکەش دەگەڵ خۆت دەشۆیت: جەعفەر ووتی.
مینا زەردەخەنەیەکی شەرمێوون بەسەر لێوی داکەوت و کلوی بەفرە نیشتووەکانی قژی بووکەکەی سڕی و توند نووساندی بەسنگییەوە.

ـ پیرۆزتبێت ، خاجیان ئەمەی ووت و لەگەڵ مینا دا خۆیان کرد بەناو دەرکەی حەمامەکەدا.

بەفرەکە کلووەکانی گەورەتر و هێمن تر دەبارینە نێو حەوشەو بەرداڵانەکە، بەفرەکە هەموو جێیەکی سپی کردبوو، چڵ و لقوپۆپی چەماوەی دارتووەکە لەژێر بارستایی بەفرەکەدا قورس بوو بوون، چۆلەکەو ڕیشۆڵەکانی ژێر درەختەکە کزو بێ جووڵە هەڵکورمابوون و هەندێکی تریان لەبەر حەوشەو بەردەمی دەرکی ژورەکان دا پەساریان گرتبوو، جەعفەر بەجێ پێکانی خاجیان و میناداا بەرەو داڵانی بەرژوورەکەهات، لەگەڵ نزیک بوونەوەی جەعفەردا ڕیشۆڵەکانی بەرداڵانەکە باڵیان لێکنا و فڕینەوە نێو باڵدارەکانی تر.

هەڵمی قاپە نیسکێنەکە و بۆنی دەمبوونی قۆرییە چاکەی سەر عەلادینەکە گەدەی جەعفەریان خستە جوڵە، یەکبینە کەوتە فڕکردنی نیسکێنەکە و چایەکی بەسەردا کرد، جگەرەکەی بەرلالێوی نزیک کردەوە لە سەر ڕووی عەلادینەکە و مژێکی قوڵی لێدا.

ــ کوڕم دەی نۆشی گیانت بێت ، ئەو چەند دەنکە نیسکەی سەر کۆشت بۆ ناپروێنیت: تارمایەکەی دایکی وایدەووت.

ئەو چەشنە مــەرگــەی کــەجــەعــفــەر لــەنزیکەوە دەیناسی ئاوێتــە کــردنی چەشنێکی تربوو لەتارمای دایکی کەهەرگیز لێی جودانەدەبۆوە، هەڵبژاردنی ژیان لەگەڵ تارمــایی دایکیدا زیندانێکی تربوو کەنەیدەتوانی لێی قوتاربێت… زیندانێکی گـــەورە و دووبارە حـــوکــمی ژیــان و بەردەوام بوونێکی تر کـــەچ جـــیــاوازیەکی نـەبوو لەوچەشنە گــوزەرانەی ڕابردوو… ئەو ژیانەش بۆخــۆی بەردەوام بوونی دووپات کــردنەوەکــانی مــەرگ بوو بەســەر ئەو کــەســانەدا کـەپێـیــان وابوو مــەرگ دەبەزێ. پێش چەند مـانگێک جـەعفـەر لەڕاڕەوەکـانی زیندان و ژوورە تەسکەکان دا دەهات ودەچوو… ئێستا لەم ڕوبەرە گەورانەی تردا دێ و دەچێ و ئەژنـۆکانی مـاندوو دەبن و سـەری گـێـژ دەخـوات. هەسـتی بەبێ مانایی و ئاڵۆزی و کرچۆکی خەونەکانی ئەکرد.

ئەو بەرەبەیانە تاریکەی کـە جـەعـفـەر لەســەر ڕێ ی قـەراخ شــار بەجلکی خــوێـناوی و دەســتـێکی قــرتێنراوەوە بـەبێ هۆشی و لاڵ و پاڵ فـرێیــان دا… زەردەی ئێوارە نەکەوتبوو کەخۆی خزاندەوە ماڵێ و دووای نۆمانگ زیندانی دەرکەی حەوشـەکەی ترازاند، بەڕژانی فرمێسکەکانی خاجیان و کەمال و زریکەی مـینادا تێگەیشت کـە ئیــتـر بـینینـەوەی دایکی مـەحـاڵە… چیــتـر لەوڕۆژەوە نەیدەویست بەسەرهاتی مـەرگی مروەتی دایکی لەکەس بپرسێت، دڵنیـابوو کـە دایکی لەدووا دیداردا بەنیگای چاوی هـەمووشـتـێکی سـەبارەت بەمـەرگی خۆی تێگەیاند بوو، ئیتر هەمـوو ئەو باسـانەی تر زیادەبوون و خـوێ کـردن بوون بەبرینەکـانی جـەعفـەردا، تەنهـا شـوێنێک لەودنیـایەدا کـەجێ ی حەوانەوەو ڕاوکردنی یادوەریەکانی بوو ژورەکەی مینا بوو، ئەو ژورەی کەتەنها بۆنی پەرۆ کـۆن و لۆکەی لێدەهات… بۆنی دایکی بەسـەر کـوژەکەو سـورمـەی چاوی بەبریسکە بوکەکانەوە بوو، دەمـوو لێـوی نەخشـێـنراوی بوکەکان بەبزەو پێکەنیـناوی بوون… پرچە پێـوەلکاو هەڵواسـراوەکـانیـان گـرژو درێژو ڕەنگاو ڕەنگ شـۆڕ بوو بوونەوە، لـەمـســەرو ئەوســەری ژوورەکـەدا دوو بـووکـەپەڕۆیــنە هەڵواســرابوون وبەســەر بـەرزای دیوارەکـەوە دەیان ڕووانـیـیـە هەمــوو بووکـە

شوشـەو بووکەپەڕۆیـیـەکانی مـینا کە بەدرێژای تەمەنی لەگەڵ خـاجـیـان دا دروسـتـی کـردبوون، یەکـێک لە دوو بووکـە هەڵواسـراوەکـە دوو مـووروی ڕەش کــرابونـە چاوی و پـارچـە عــەبـایەکی دڕاوی بچـکۆلە درابـوو بەســـەری دا... بەقـەڵەمـێک دەمووچاوێکی خـەمـباری لەسـەر نەخـشکرابوو کـەدەیڕووانییـە ئەوبووکـە تۆزاویە لەخـام دروست کـراوەی بـەرامـبـەری کـە سـەرو ڕیشـێکی قـەیتـانـی پێوەلکێنرا بوو لەگـەڵ دوو چاوی گـەورەو برۆیەکی ئەسـتـور کـەلەژێر لەتەجامەدانەیەکی سوری پواودا دەبریسکانەوە.

لەڕۆژی دروستکردنی ئەو بووکەدا بۆ یەکەمجار مروەت بێ ڕەحمانە لەسەر ئەو لەتە جامـەدانەیە پڕکێشـی کرد لەلێدانی مینا، چونکە تەنـها شـتێک بۆنی کانەبی لێدەهات لەو ماڵەدا هـەر ئەو جامـەدانە خوێـناویە بوو کـەلەبری هـەموو وێنەو یادگـاریـایەک بۆ مـروەت بەجـێـمـابوو، مـینا بەدزی دایکییـەوە چمکێکی لەجامـانەکە دڕاندبوو بۆ سـەری ئەو بووکەپەڕۆینیـەی کە کرد بووی بـە کانەبی، دوای چەند سـاڵێک بەسـەر تێـپـەڕ بوونی مـەرگی باوکیـدا مـینا ئەم بووکـەی دروست کـرد، چەند جـارێک دایکی بۆی هـەڵدەوەشاندەوەو مـینا دووبارە ڕۆژی دوایی دروسـتی دەکردەوە، مـروەت لەبەردەم سـوربوونی مـینـادا بەناچاری ملی دا، لەوڕۆژانـە بەدواوە ئەوبووکـە بـووە جـێی یادوەری و دیدارێکی کـانەبـی بۆ مروەت... شەوانە دووای خەوتنی مینا مروەت دەچوو چاوی دەبڕییە ئەو بووکەو یادگـاریەکـانی ڕۆژانی زووی وەبیـر دەهـاتەوەو بەکـوڵ دەیدایە پرمـەی گـریان... ئەو ســەر وەخـتــە ئەو بوکـەپـەڕۆیـنەی کـەلەبەرزاییـەوە بەرامـبـەری کـانەبی دەیڕوانی و چمکێکی دڕێنراوی عـەبەکـەی مـروەتی درابوو بەسـەردا هێـشـتـا دروست نەکرابوو.

هـەندێک لەو بووکـەپـەڕۆینیـانەی تـر کـەبەئاسـتـی بالای مـینـا لەژورەکـەدا بەڕیزێک لەسـەر دیوارەکەوە هەڵواسرا بوون... هـەموان ڕەنگی جلەکانیان سـەوز بوون و بـەیەک دەچوون و بەئـەندازەی یەک ســمــێــڵی زل و چاوو برۆیـان بۆ نەخش کرابوون... هـەریەکەش لـەو بووکانە چڵـە دارێکی داتاشراوی بچکۆلە بە گـرێـیـەک کرابوون بەجێ دەسـتـیانەوەو لە نێـوەندیان دا بوکێکی قژ سـووری بچکۆلە لەشـێـوەی جـەعـفـەر لـە گـەڵ دوو چاوی بەمـورو پێـوە لکاوی ڕەش و

ســـەوزدا هـەڵواســـرا بوو، هـەرچەند ڕۆژێک دووای ئـازاد بوونی جـــەعــفـــەر لەبەندیخـانە مینا قـۆڵێکی ئەو بوکەی قرتاندو بەبێ دەنگی و ترسـەوە فڕێیـدایە سەرکۆشی جەعفەر.

ژورەکەی مـینا لەبێشـوماری بووکەپەڕۆینەکـان سـیخنـاخ بـوو... بووکەکـان بەهەر چوارلای ژورەکـەدا هـەڵواسـرابوون... چەرپای ناو ژورەکـە چەرچەفـێکی پەمـــەیی درابوو بەســـەرداو چەندەها گـــوڵـی ڕەنگاو ڕەنگی بـەدامــێنیـــەوە لکێنرابوون، لێـفــەیەکی چل تیکەی ســورمــەی ڕەنگاوڕەنگی بریسکەداریش بەسەر چەرپاکەدا شۆڕکرابۆوە، تورەکەیەک و کارتۆنێکی پڕ لەبووکە پەڕۆینەی هەڵوەشــاوو لۆکــەو پارچە قــومــاشی هەمــەڕەنگ لـەپەنا باوەڵـەتەخـتــەکــەدا هـەڵپـەسـێـررابوون، لـەهـەردوو سـەرە شـوشــەیەکـەی بـاوەڵەکـەوە دوو وێـنەی سـیـمرخی تێـدا نەخش کرابوون، جـەعفـەر هـەرکـات ئەم وێنانە دەبـینێت ئەو ڕۆژەی بەبـیردا دێتەوە کەلەگەڵ کـەریمی هاوڕێ ی دا مینایان دەدواند، کەریم دەیووت:

ــ ئەو سیمرخـە بەئێمـە دەچێت کەهـەر سـەرمان بنیـادەمە و جـەستـەمان بە چوار پێـیـان دەڕوات جیـاوازیشـمـان ئەوەیە کـەئێمـە هێند جـەربەزە و ئـازانـین ئەگەرچی لەئەفسانەکاندا دەژین بـەڵام موجیزەکانمان بۆ نایەنەدی، ئەرێ وایە یان نـا... ئەی تۆ دەڵێی چی مینا ڕازی دەبیت شوم چپێبکەیت؟

ئەو ڕۆژە مینـا هـەردوو دەستی لە کۆشی داگرمـۆڵە کردبوو بەشـەرم و سـەر نەویکردنەوە ڕووی بەرەو بـووکـە چل ســەوزەکــان وەرچەرخـــاندو بەبێ دەنـگی ووتی:

ــ مـن ... م ... ن ...ن ، شش ... شـوو بە پۆلیس ئەکەم.

ســیـمـــاو ڕەنگی بووکـــەپەڕۆیـنەکـانی نـاو ژورەکـەی مـینا هـەمـان ئەو سیمایانە بوون کە میناو خاجیان دەیانـبـینین، خاجیان مـینای فێرکرد بوو کە چۆن هـەوڵی دروسـت کـردنی بووکـــەکـــان بدا، زۆربەی ڕۆژ ئـەو پارچە پەڕۆو لۆکـــانـەی کـــەبۆی دەهێنا بەدەرزی و دەزوو بـۆی هەڵدەدورین و مــینـاش پڕی دەکـردن لە لۆکـەو دوواتر پێکەوە شـێـوەی نەخش و دەمــو چاوەکــانیــان بۆ دەکـێشــان، زۆربەی بووکـەکان لە شـێوەی خـەڵکانی گەڕەک دا بوون لە گـەڵ

شێوەی کەریم و سەمەدی هاوڕێ ی جەعفەری برای دا، مینا تەنها ڕێگەی بەمان دەدا بێنە ژورەکەیەوە ، هەرچ کاتێکیش خەڵکانی گەڕەک سەر دانی دایکیان بکردایە لەبەردەرگای ژورەکەوە سەیری بووکەکانیان دەکردو پرسیاریان لە مینا دەکرد کە کام لەو بووکە پەڕۆییانە ئەوانن... میناش کەمجار وەڵامی دەدانەوە و دەرگاکەی بەڕودا دادەخستن، یان پڕبەدڵ حەزی دەکرد پێیان بڵێ: ئێوە هێندەی بووکەکانی من جوان بوونایە ئیتر چیتان دەویست، هەی ناشیرینینە!

ئەو سەروەختانە خاجیان ڕۆژانە سەری لە دایکی مینا دەداو بۆ چەند کاژێرێک لەلایان دەمایەوە، دواتر بەپەیژەی هەڵپەسێراوی دیوارەکەیان دا سەردەکەوت و بەو دیودا دادەبەزییەوەو دەچووەوە ماڵەکەی خۆی ، ئەوەش بۆخۆی بوو بووە خوویەکی خاجیان و نەی دەتوانی لە دەرگاوە خۆی بەژووردا بکات و بێتە دیدەنی مروەت ئەگەر لەڕێی دابەزینی پلیکانەکانی پەیژەکەوە نەبوایە.

مناڵ نەبونی خاجیانیش هێندەی تر هۆگری لەگەڵ میناداا بەجۆشتر کردبوو، ڕۆژانە میناو مروەت خاجیانیان دەبینی و هاوسێیەتیان گەرموگوڕتر دەبوو. خاجیان دوای مردنی مروەت شەوانە لەلای مینا دەمایەوەو بەڕۆژیش چەند کاژێرێک دەچووەوە لای حەسەنی دەلاکی مێردی و دووبارە دەهاتەوە لای میناو دەستی بەکارو کابانی ماڵ دەکرد. خاجیان وحەسەن زۆر لەبەر مینا پاڕانەوەو تکایان لێ دەکرد ژورەکەی جێبهێڵێ و لەکن ئەوان بژی، بەڵام دەتووت لەبەردی کێوان دەپاڕێنەوەو مینا قایلنەدەبوو، ئیدی خاجیانیش دەستی لەکارو پیشەی مامانی هەڵگرت وبەیەکجاری تێکەڵ بەدنیای بووکەپەڕۆینەکان بوو، خاجیان هەردەم چاو بەفرمێسک دەیووت: حەزدەکەم هەموو ژنان کۆشیان گەرمبێت بەڵام چ بکەم بەخۆم نییە هەستێک وام لێدەکات چاوم بەرایی نەیەت لە بەر وێڵاشی تەقیوی بەر زگاندا دەستم دەلەرزێت، کەمەقەستیش لەناوکان دەنێم کۆش ساردی و وەجاخ کوێری خۆم دێتەوەیاد... پشووی جارانم پساوەو بێزارم لە زاق و زریکەی ساوایان و ئۆخ ژنی ژنانی ژان گرتوو، خودا هەر هێندەی

بەشدام کە دەگەڵ مینادا بووکەپەڕۆینە بخەینەوە، هەرچ کەسانێک لەبری من بوونایە هەیهوو دەمێک بوو توشی دەردە دڵ دەبوون بەڵام خودا لەبەر خاتری مینایە ئەمنی هێشتۆتەوە دەنا منیش چ جوداییەکم هەیە لەگەڵ خەمووژانی ئەو دایکە جەرگ سووتاو دڕک لەدڵ و جەرگ چەقیوانەی کەبەم دەستانەی خۆم منداڵم لەزێدان پێ فڕێ داون و ناوکی کۆرپە و ساوایانم بۆ بڕیوون.

جەعفەر سەری چەندەهەمین جگەرەی بوو کە لەبەر پەنجەرەی ژوورەکە دا دەیکێشان و لە کلووە بەفرەکان ڕادەما، لەبەر دەم ڕووناکی گڕی چاوی عەلادینەکە دا تارماییەکەی دایکی دانیشتبوو دەیووت:

ــ کوڕم چاوت لەگێژەوە دەچن ، ماندوو نەبوویت لەسەیری کلووە بەفران!

جەعفەر کاتێ بەرەو لای تارماییەکە دەچوو گوێ ی لەدەنگی کردنەوە و پێوەدانی دەرگای حەمامەکە بوو، جێ پێ ی هەنگاوەکانی خاجیان و مینا ڕەشاییان خستە سەر بەفرەکە... بەفرەکەش بەبێ دەنگی بەسەریان دا دەباری، چۆلەکە و ڕیشۆڵەکانی ژێر درەختەکە دەمێک بوو هەڵفڕی بوون جگە لەچۆلەکەیەکی بریندار کەباڵەکانی کەوتبوونە لەرزین و چەند دڵۆپێک خوێن تێکەڵ بە بەفرەکەی ژێری دەبوو.

## بورجی لافاو

هەورەکان چۆڕانەوە ، دووا ڕێژنەی بارانەکە دەنگێکی نەرمی  لەچەترو لەوحی سەر دووکانەکان هەڵدەستاند، سولەی چۆڕاوگەی سەربانەکان تێکەڵ بەئاوی ناو شەقامەکە دەبوو، لافاوەکە شەقام و کۆڵان و گوزەری دووکاندارەکانی کردبووە جۆگەلەی سەر ئاونیشتوو.

ڕەنگێکی لێڵی زەردباو لە گەڵ کاڵبوونەوەی هەورە ڕەشەکان دا دەکشایە سەر ئاسمانی ئەو ئێوارە پایزییە، خەڵکانێکی زۆر خۆیان ترنجاندبووە ژێر چەتری بەر دووکانەکان و لەو پاشەڕۆو مقەباو قتووە بەتاڵانەیان دەڕوانی کەبەسەر ئاوەکەوە لەنگەریان گرتبوو، جار جارە دەنگی جڵقە جڵقی پێڵاوی پڕ لەئاوی ئەوکەسانە دەبیستران کەبەخێرایی بەژێر چۆڕاوگەی بەر دووکانەکان دا تێپەڕدەبوون.

دووکەسی ڕەشتاڵەی مەچەک ئەستور دوورە پەرێز لە ژێر چەتری بەر دووکانێکی داخراودا بەوریاییەوە لەو خەڵکەی سەر ئەمبەرو ئەوبەری شەقامەکەیان دەڕوانی و لەژێر سمێڵە ڕەش و گەورەکانیانەوە بەسرتە لە گەڵ یەکتریدا دەدوان، خەڵکانێکی زۆریش  لەملاولای  دووکانەکانی ترەوە لەژێر چەترەکان دا لە چاوەڕوانکردنی تەنک بوونی  لافاوی سەر شەقامەکەدا بوون و جارناجارێکیش بەدەم ئاوڕ دانەوە لەڕاستەڕێ ی شەقامەکە بەچاوێکی پڕ لەترس و ڕقەوە  لەدوو زەلامەکەیان دەڕوانی و هەریەک لەژێر لێوەوە جنێوێکی بۆ دەناردن، دوو زەلامەکە جلەکانیان خاکی ڕەنگ و پێڵاوەکانیان ڕەش وەک سمێڵیان دەبریسکانەوە... لەلاتەنیشتی ناوقەدی هەردووکیان دا لەژێر کراسە قۆڵکورتەکانیانەوە بەرز بونەوەیەکی نائاسایی دەبینرا کە بۆ ئەو خەڵکە نیشانەی جیاوازی و ناسینەوەیان بوون، چەند ڕێبوارێکی جلک سەرتاپا

تەڕی بەر ئەو تاوە بارانەی کە کەمەکێک بوو خۆشی کردبووەوە بەبێ ئاگاییەوە بەرەو ژێر چەتری هەمان بەرئەو دووکانە چوون کەدوو زەلامە ڕەشتاڵەکەی لێوەستابوون... هەر دووای سەر هەڵبڕین وسەرنجدان لەیەکتری بەشپرزەییەوە ژێر چەترەکەیان جێهێشت و خۆیان کرد بەژێر چەتری دووکانەکانی ترداو تێکەڵ بەو خەڵکە چاوەنۆڕکەرانەی تربوون، هەموان لەو عەرەبانە دەستییەیان دەڕوانی کە هەر بەدوای خۆشکردنەوەی بارانەکەوە هاتوچۆی بەخەڵکانی ئەمبەرو ئەوبەری شەقامەکە دەکردو دەیپەڕاندنەوە. عەرەبانچیەکە هەردوو دەرەلنگی شەرواڵەکەی لەسەر ئەژنۆکانیەوە بەستبوون و عەللاگەیەکی نایلۆنی بەسەر کڵاو جامەدانەکەیدا کردبوو... قەبارەی گەورەیی سەری نارێک و نائاسایی دەبینرا بەراورد بەجەستە لاوازو پشتە کۆمەکەی... قەیتانی پێڵاوەکانی پێکەوە گرێ دابوون و جووتە پێڵاوەکەی شۆڕ کردبوونەوە بەبەرلامل و سەر سنگی دا، عەرەبانچیەکە هەرجارەی کاروانی چەند کەسێکی بەسواری عەرەبانە دەستییەکەی دەپەڕاندەوە بۆ سەر شۆستەی ئەوبەری شەقامەکە، شەپۆلی قوڕاویی لافاوەکە چاوی ئەو کەسانەی بەگێژ دا دەهێنا کەلەنێو عەرەبانەکەدا وەستابوون و باوەشیان بەیەکتری دا دەکرد تالەنگەری وەستانەکەیان نەشێوێ ، ئەوەش بووەوە هۆی پێکەنین و هاوارو گاڵتەی ئەوخەڵکە زۆرەی کەتێیان دەڕوانین، قاقاو پێکەنینی خەڵکەکە زێدەتر بەرزدەبۆوە کاتێک یەکێکیان دەبینی خۆی لەنێو ڕێژاوی لافاوەکە خستووەو بەڕاکردن شڵپە لەنێو ئاوەکە هەڵدەستێنێ و خۆی دەگەیەنێتە سەر شۆستەی ئەو بەری شەقامەکە.

چاوەکانی جەعفەر لەناو خەڵکەکەدا کەوتبوونە جوڵەیەکی بەپەلە، ئەو وەک خەڵکەکە پێکەنینی بەو دیمەنانە نەدەهات، پێڵاوەکانی پڕ بووبوون لەئاوو لەژێر جلووبەرگە تەڕەکەیەوە هەستی بەلینجی و بۆنی ئەو دڵۆپە عارەقانە دەکرد کەلەبن باخەڵیەوە دەتکان... جار ناجارێک سەری پەنجە گەرمەکانی لەو ئاسنە ساردەی گرفانی دەداو بزەیەکی دەهاتێ.

سەمەد بەهێمنی لەبەردەمی دوو زەلامە ڕەشتاڵەکەوە تێپەڕی و لەعەرەبانەکە نزیک بۆوە، بەهەنگاوێک خۆی هاویشتە ناو عەرەبانەکە و لەگەڵ

چەندکەسانێکی تردا دەستیان بەدەسکی عەرەبانەکەوە گرت، پیرەمێردە عەرەبانچیەکە لەسەرەتای پاڵپێوەنانی عەرەبانەکەی دا بوو کە سەمەد چاوێکی لە جەعفەر داگرت. کەریم لەنێو خەڵکەکەوە لەنیگا کردنەکەی سەمەد گەیشت... دڕی بەقەرەباڵخیەکەداو بەرەو چوار ڕێیانی ڕاستە شەقامەکە ڕۆیشت کەلە دورەوە ئەو ئۆتۆمبیلانەی دەبینی لەدرێژایی نێوەندی شەقامەکەرا ڕێژاوی لافاوەکەدا کوژاندبوونیەوە، جلە تەڕەکانی کەریم بەجەستەیەوە نوسابوون و هەڵمیان لێ هەڵدەستا. هێندەی نەبرد سەمەد لەعەرەبانەکە دابەزی و خۆی گەیاندە ژێر چەتری دووکانەکانی ئەو بەری شەقامەکە، سەمەد لە چاوەڕوان کردنێکی بەوادەدا بەوریاییەوە لە سیماو دەموچاوی خەڵکەکەی دەڕوانی، عەرەبانەکە لەوبەرەوە لەگەڕانەوەدا بوو، پێش ئەوەی خەڵکانی تر بکەونە خۆئامادەکردن دوو زەلامە ڕەشتاڵەکە نزیک بەشۆستەکە بوونەوە؛ لەوکاتەدا خەڵکەکە لەو سەگە ڕەشە خنکاوەیان دەڕوانی کە شەپۆلی لافاوەکە لەسەرڕا بەرەو خوار تلی پێدەداو ڕاپێچی دەکرد بەرەو گێژاوی سەر ئەو زێرابەی کە لەقەراخی شۆستەکە دا بینی بە ئاوەکەوە دەناو هەڵی دەمژی، کوڕێکی لاو لەنێو خەڵکەکەوە چووە قەراخ شۆستەکەو بەنوکە شەقێک کەلاکی سەگە خنکاوەکەی دوور خستەوە و دایەوە دەم شەپۆلەکان و لەکونی زێرابەکەوە دەنگی قرخەیەک هەستا کەلە دووا دەنگی خنکانی سەگەکە دەچوو کەپێش کاژێرێک لە وەوبەر لەکۆڵانە بەرزەکانی سەرو شارەوە لافاوەکە لەگەڵ خۆی ڕاپێچی کردبوو و بەرەو کۆڵانە قوڕینییەکانی خوار شاری دەبرد.

لەگەڵ گەیشتنی دوو زەلامە ڕەشتاڵەکە بۆ سەر عەرەبانەکە و سوار بوونیان ئەو کەسانەی تر کەبۆ پەڕینەوە خۆیان ئامادە کردبوو پاشەو پاش گەڕانەوە ژێر چەترەکان. هەردووکیان یەکی دەستێکیان گرت بەدەسکی عەرەبانەکەوەو دەستەکەی تریان بەسەر ئەو جێیە بەرز بووەوەی بەر کەلەکەیانەوە گرت، عەرەبانەکە لەژێر پاڵنانی دەستی عەرەبانچییەکە دا کەوتە جوڵەو شەپۆلێکی نیوە بازنەیی لەخوار عەرەبانەکەوە لەناو ئاوی لافاوەکە دا دروست دەکرد، شەپۆلە قوڕاوی و لیتاوییەکان کەدەیاندا لەتایەکانی

عەرەبانەکە بەرز دەبوونەوە و  پریشکی ئاو دەنیشتە سەر پانتۆڵە وشکەکانی دوو زەلامەکە، ریژاوێکی تەنک بەسەر عەرەبانەکە دا دەڕۆیشت و ناچاری دەکردن لەسەر نوکی پێ بووەستن و توند دەستیان بەدەسکی عەرەبانەکەوە ڕابگرن، خەڵکانی هەردوو بەری ژێر چەتری دووکانەکان بە کینەو ڕقێکی ئەستورەوە لێیان وورد دەبوونەوە.

ــ لافاوی نوح بتانبات. لەناو خەڵکە وەستاوەکەوە پیاوێک وای ووت.

جەستەی سەگە خنکاوەکە لەوەبوو کەلەچاوان وونبێت لەدوورەوە شەپۆلەکان تلیان پێدەداو دەگەڵ خۆیان بەرەو خوار دەیان برد، عەرەبانچییەکەش بەدەم گوڕی پاڵنانی عەرەبانەکەوە دڵۆپە عارەقەکانی ژێر کڵاو و جامانە و کیسە نایلۆنەکەی سەری بەنێو ڕیشە تەنک و زبرەکەی دا شۆڕدەبوونەوە و لەچاڵی چەناگەی دا قەتیس دەمان و دواتر دڵۆپ دڵۆپ دەڕژانە نێو جووتە پێڵاوە شۆڕبووەکەی بەر لاملی.

کەریم هێندە نەبوو هاتبووەوە جێگاکەی خۆی و لەچاو تروکاندنەکەی جەعفەر تێگەیشتبوو، هێندەی نەبرد لەپڕێکدا پێڵاوەکانی کەریم لەگەڵ یەکەم هەنگاو هێنانەوەی دا شڵپەی لە ئاوەکە هەستاندو بەدوای ڕێگای عەرەبانەکەدا چوو، عەرەبانەکە لەناوەڕاستی جادەکەدا گەیشتبووە ئاستی قوڵایی لافاوەکە. سەمەدیش لەو بەری شۆستەکەوە دەمانچەکەی لەگرفانی دەرهێناو بەئاوەکە دا ڕووەو عەرەبانەکە گروژمی دایە خۆی... جەعفەر ژێر چەتری بەردووکانەکانی بەجێهێشت و گەیشتە ڕاستی ئەو جێیەی کە پێچکەی عەرەبانەکەی لێوە جوولا... لەگەڵ شڵەژانی دوو زەلامە ڕەشتاڵەکەی سەر عەرەبانەکە و سەر لێتێک چونیان لە هێرشی کەریم و سەمەد... یەکێکیان دەستی بۆ ئاسنە ساردەکەی بەر کەلەکەی بردو لەوەدابوو دەمانچەکەی بهێنێتەوە ... کەریم هاواری کرد.

ــ خاڵۆی عەرەبانچی عەرەبانەکە بەردەو لاچۆ .

جوڵەیەکی لەپڕو شڵەژانێکی ناوەخت کەوتە ناو خەڵکانی هەردوو بەری شەقامەکە، ئاسنە ڕەش و ساردەکانی پێش چەند چرکەیەک لەوەوبەر کەلەنێو گرفان و بەرکەلەکەیاندا بوو لەلولەکانیانەوە گڕ دەردەپەڕین و تەقە دەستی

پێکرد. کـەریم لەگـەڵ تەقـاندنی یەکـەم فـیـشـەکی دا هاواری لەیەکـێک لەدوو زەلامـەکە هـەسـتـاند... سـەمەد پێنـج فیشـەکی یەک بەدوای یەکی بەسـەر سنگی ئەو زەلامـە ڕەشـتـاڵەی ترەوەنا کـەخـەریک بوو ڕوی دەمـانچـەکـەی تـێدەکـرد، لەچەند چرکـە سـاتێکی کـەمـدا دوو زەلامــەکـە بەدوای یەکـتـریدا لەسـەر عەرەبانەکەوە کەوتـنە ناو ئاوەکەوە، جەعفەر لەسەر شۆستەکەوە بەچاوێکی پڕ لەگـومـانەوە سـەیری ئـەمـلاولای خـۆی دەکـردو دووکـەڵێکی تـەنک لەلولەی دەمـانچـەکەی دەسـتـیـیـەوە دەهـاتە دەرێ... لەوکاتـەدا درکی بەوەکرد کەئەمـیش تەقـەی لەدوو زەلامەکـە کردووە، سـەمەد فـریای لەدەست وەرگـرتـنی دەمانچـەی دەسـتی یەکێکیان کـەوت کەهێشـتـا توند بەدەسـتـیـیـەوە مابـوو نەکەوتبـووە ناو ئاوەکــەوە، دوو زەلامــەکــە لەدوو مــەلەنـەزان دەچوون و لـەئاوەکــەدا لەتریان بەجــەسـتــە زل و بریـندارەکـانـیــان دەداو پەلـەقـاژێ ی ئەو هـەناسـە کـورت و تەنگانەیان دەکرد تالەدووا چرکەکانی مـەرگا بەفریایانەوەبـێن، عەرەبانچیـەکە ناو قـەدی شۆڕ بووەوە بەسـەر دەسکی عـەرەبانەکەوە و لاشە سـاردو سڕەکـەی بەدەم ڕێژاوی لافاوەکەوە دەجولاًیەوە، بەچەشنێ قورسـایی جەسـتـەی کەبەسـەر دەسکی عـەرەبانەکەوە بوو پـێشی عەرەبانەکـەی بەرز کردبوەوە، تائەو سـاتەش یەکێک لەدوو زەلامەکە لـەژێر پـێچکەی عـەرەبانەکەدا لەتریەداو خـۆیدەدا بەبنی عەرەبانەکەداو جەستە شلو شۆڕبۆوەکەی عـەرەبانچیەکەی دەجولاًندەوە، کیسە نایلۆنەکـەی سـەری عـەرەبانچـیـیـەکە پڕبـوو بوو لەخـوێنـێکی گـەش... خـوێنەکە دڵۆپ دڵۆپ لەلایەکی نایلۆنەکەی سەریەوە دەرژایە ناو ئەو ئاوەی کەبەسـەر لایە نەوی و لاسـەنگ و شۆڕەکـەی عەرەبانەکەدا دەڕۆیشـت.

ــ قـڵـیـشـایـەوە... دەمـێک بوو دەمـاودەم ئەو ڕسـتـەیە لەدەمی خـەڵکەکـەوە دووپات دەبۆوە.

دووا دەنـگدانـەوەکــانـی ئەم ووشـــەیە تێکەڵێک بوون لـەترس... لـەمــانـای پیشـاندانی پاڵپشـتێک بۆ بەردەوامی ئەو چەشنە گوزەرانە و هـەم ناسنامەیەک بوو بۆ ترس و هێزی و بەردەوامبوون ...دەم بەدەم... ماڵ بەماڵ... کۆلاًنەو کۆلاًن بەشـاردا بلاًودەبۆوە. ڕیشـۆڵەو چۆلەکـەی ناو پەلوپۆی سنەوبـەرەکانی نێـزیک بەشـەقـامـەکە بەباڵە تەڕو قـورسـەکانیـانەوە بەنێو یەکتریدا دەهـاتـن و دڵۆپە

بارانی نیشتووی سەر لق و چڵەکانیان لەگەڵ هەڵفڕینیان دا دەتەکاندو بەرەو ئەو ئاسمانە لێڵ و زەردهەڵگەڕاوە دەفڕین کەهەورەکانی پیایدا چۆڕابوونەوە، ژێر چەتری دووکانەکان چۆڵ و هۆڵ بوون و کەسی تێدا نەدەبینرا، دەنگی دایانەوەی دەڕابەی دووکانەکان لەسەرو خواروی شەقامەکەوە لەگەڵ بڵاوبونەوەی هەواڵی تەقەکاندا درێژ دەبونەوەو هێندەی تر وزەی ڕاکردنی دەدا بەهەنگاوە ترساو ماندووەکانیی خەڵکەکە... کۆڵانە قوڕاوی و ئاو تیامەنگ خواردوەکان بەردەوام خەڵکەکانی دەقۆستەوە، دەنگی بەرزی گێڕانەوەی دەماو دەمی بەسەرهاتەکە بۆ یەکتری درزی دەخستە دەرگای حەوشەی ئەو ماڵانەی کەلەدەنگەکانی دەرەوە نەدەگەیشتن، بەپەرۆشەوە هەر سەر بوو لەدەرگاو پەنجەرەکانەوە دەهاتنە دەرێ و دەیانپرسی: تەقەکان لەکوێوە بوو؟ چەند کەسبوون کوژران؟ ئەوانەی تەقەکانیان کرد سەلامەت بوون؟.

شەقامەکە خامۆش و بێدەنگ کەسی تێدا نەدەبینرا، خوڕەی ئاوی لافاوەکە بەئاسانی دەهاتەبەرگوێ، جەستەی دوو زەلامە کوژراوەکە پێچێکیان خستبووە ڕێژاوی لافاوەکەو وەک دووبەردی قورسی ژێرئاو کەمەکەمە بەرەوخوار دەخزان و خوێنێکی ڕەشیان لەبەردەڕۆیشت، خوێنی ناو کیسەی سەری عەرەبانچیەکە هێشتا نەمەیی بوو... دڵۆپە خوێنەکان لەگەڵ شەپۆلەکان دا تێکەڵ دەبوون و دەبوونە هێڵێکی سووری پێچاوپێچی درێژ و جودا لەخوێنە ڕەشەکە بەسەر ئاوەکەدا دەکشاو دەڕۆیشت، پێڵاوەکانی عەرەبانچیەکە بەدەم لافاوەکەوە گەیشتبووە کۆتایی ئەوسەری شەقامەکە کەلەوێوە ئاوی نێو کۆڵانەکانی تری تێدەڕژاو دووبارە بەپێچودەورەو بەلرفە خۆی بەگەروی کۆڵان و کوچە قوڕین و جۆگا دڕاوەکانی خوارشاردەکردەوە. ڕیشۆڵەکانیش لەئاسمان دا پۆل پۆل یەکیان دەگرتەوەو دەبوونە شەپۆلێکی گەورەو دیسانەوە پەرت پەرت و دابەشدەبوونەوە... پۆلێکیان باڵەکانیان بڵاو دەکردەوەو بەسەر سنەوبەرو درەختەکانەوە دەنیشتنەوەو چۆلەکە ترساو متبووەکانی ناوسنگی درەختەکانیان پەردەوازە دەکردەوەو هەڵیان دەفڕاندنەوە بۆ بەر هەیوان وحەوشەی ماڵەکان، لەگەڵ تەنک بوونی شەپۆلی ڕیشۆڵەکانی ئاسمان دا، لافاوەکەش لەکۆڵانەکانی سەرو شارەوە دەبوونە جۆگەلەی تەنک و

بەنێـو ئەو بەردو زیخ و لـە خـزاوەی سـەر جادەو شـەقامـەکان دا جـۆگـەلەیان دەبەست و بەدووی سـێلاوی ئەو لافاوی بارانە دەکەوتن کەلەکۆڵانەکانی خـوار شـارەوە بێ ئاوڕدانەوە دەڕۆیشت، دانیشـتوانی کوچەو کۆڵانەکانی خوارشـار لەگەڵ بینینی ڕەنگی خوێنەکانی ناو لافاوەکە دەرگایی حەوشـەکانیان کلۆم دەکرد و بـەسـەرسـامیـیـەوە لەپەنجـەرە شین و سـەوزەکـانی خـانوەکانیـانەوە دەیانـڕوانی... بەسـﮫـۆزەوە لەو خـوێنە ئاڵە دەدوان و فـاتیـحـایان دەخـوێند... بەترسـەوە لـەودیوو شـوشـەو نایلـۆنی پەنجـەرەکانەوە تفیـان لەو خـوێنە ڕەشـە دەکـردو بـەنەخـوێن و لاسـتـیکی دەرپـێی منـاڵـەکـانیـان دەڕەواندەوەو لەتـاکی پەنجـەرەکانەوە منـاڵانیـان فـێردەکرد بە خـوێنە ڕەشـەکـەی ئاوەکەدا بمیـزێن، خـوێنەئـاڵەکـە جـودا لـەخـوێنە ڕەشــەکـە بەنێـو ئاوەکـەدا دەکـشـاو ڕەنگی نەدەچوەوەو تێکەڵ بەڕەنگی  ڕەشی خـوێنەکــەی تر نەدەبوو، خــەڵکی وایان باسدەکرد کەئەو خوێنە ئاڵە بەدەمـارەکانی جەسـتەیەکی بێگوناهدا ڕۆیشـتووە بۆیـە تێکەڵ بـەو ڕەنگی خـوێنە پـیسـەی ترنابێت و بەڕووی سـوورەوە خـۆی پیشـانی هەموان دەدا، هەربۆیە جوتیارەکانی خوار شار دڵنیـابوون لەوەی ئەو خوێنە ئاڵە دەبێتـە مـایەی  پـیتوفـەڕ بۆ زەویەکـانیـان و هێندەی ئەوەش پـتـر خوێنە ڕەشەکە دەبـێتە مڵەو خۆرەو گیاکەڵە لەنێو بنچکی ناسکی سەوزی ئەو بەروبومانەی کەبەهارێ سەردەردێن.

## بورجی حاجی لەق لەق

مـجـەورەکـە لەگـەڵ گـەڕانی بەدووی کـۆکردنەوەی نـاندا ڕۆژانـی هـەینی لەگـەڵ خـۆی دەهێـنێت، ڕیز لەدەرگـای مـاڵەکان دەگرێت، قـوڵینە دەمـپـەلەکـەی دەنێت بەلایەکی کـەلەکـەیەوەو کـەمـێک خـۆی بۆ خـواردەکـاتـەوە، لەقـوڵف و ئەڵقـەڕێزی دەرگــاتـەخــتــەکــان دەدا، هـەمــوو بەرەبـەیانیــەکی زووی ڕۆژانی هـەینـی دەبوو مجەورەکە لەدەرگای ماڵەکانی بدایە، لەگەڵ ترازان و جیرەی دەرگاکاندا دەمی قوڵینەکەی نێزیک دەکردەوە...هـەردەست بوولەپشتی دەرگاکـانەوە نانێکی تیری دەخـسـتـە سـەر نانەکانی تر، سـەلیم دوای ئەوەی نانەکـەی دەدایە مـجـەورەکـە دەگەڕایـەوەو ڕەشـمـەی لـەسـەرودەمی گـوێدرێژەکە توند دەکـردو کـورتانـەکـەی لێـدەبەست، دواتـر دەرگـای تەویلـەکـەی لەسـەر پێنج گـوێدرێژەکـانی تر کـلـۆم دەکردو دەرگـای حەوشـەکـەی پـێـۆەدەداو بەڕێدەکـەوت. مجـەورەکە ماڵ بـەماڵ و کۆڵان بەکۆڵانی ئەو گەڕەکە دەگەڕا... تەنها خۆی لەماڵی سـەرگۆنی مەیفرۆش و شـەمـعـون وخـاجـیانی دەسـتـە خـوشکوبرا دەبواردو بەقـوڵینـەیەکی پڕەوە بەرەو مزگەوتەکەی دەگەڕایەوە.

وەک خـەڵکی گەڕەک دەگێڕنەوە سەلیم لەوڕۆژەوەی نەجمەی ژنی کوشتووە، ڕۆژانی هـەینی ڕۆژی دیـدەنی سـەرقـەبران و نـوێژکــردنی جــەمــاعــەتی بوو لەمـزگـەوتە گـەورەکەی شـار، ئەو مـزگـەوتەی حـاجی لەق لەقـەکە لەدێرزەمـانەوە لەبەر بەرزی مـنارەکەو لەدڵاشـیـرینی هێـلانە ئارامـەکـەی کـەدەیڕوانی بـەسـەر شـاردا دەسـتـبەرداری کۆچ و ڕەوی گـەرمیان و کـوێستان بووبوو، سـەلیم لەگەڵ بەجـێـهـێشـتنی بەردەرگـای مـاڵەکـەی ئیـدی بەکـاوەخـۆ گـوریسـی ڕەشـمـەکـەی لەدەسـتـیەوە دەئالاندو گـوێدرێژەکـەی بەدووی هـەنگاوەکـانی خـۆیدا ڕادەکێشـا، بەچەشنێ هاوسەنگییەک لەنێوان ڕەوتی هەنگاوەکانی سەلیم و دەست وپێ ی

گوێدرێژەکەدا دروست دەبوون کە گوریسی ڕەشمەکەی نێوانیان نەدەبووە هۆی تێکدانی لارەملی سەلیم و چاوتێبڕینی لەئەردو خۆڵی بەرهەنگاوەکانی، کەمجار ڕوویدەدا وەڵامی سڵاوی ئەو ڕێبوارانە بداتەوە کەلەڕێگا بەتوشیانەوە دەبوو، لارەمل دەرۆیشت و لەژێرفکران دەچوو... گوێدرێژەکەشی بەهەمان شێوە ملیدەناو ئەویش بەوەی دەکرد وەک خاوەنەکەی بەدووی فکرانی خۆی کەوتبێت، هەردووک کۆڵانەکانیان لەدووی خۆیانەوە جێدەهێشت و نزیک بەهەورازو گردۆڵکەکانی سەرقەبران دەبوونەوە، سەلیم وەک چاوساغێک پێش گوێدرێژەکە دەکەوت و پێ ی بەسەر گۆڕەکاندا هەڵدەهێنایەوەو نەرمەبازێکی بەسەر کێلەکاندا دەدا، لەگەڵ نزیک بونەوەیان لەگۆڕەکە سەلیم فاتیحایەکی دەخوێندو ڕەشمەکەی بەردەداو گوێدرێژەکەش ڕەق لەجێ ی خۆی دەوەستا.

گۆڕێک بەهێندەی درێژی ئافرەتێک... دوو کێلی بەرزو نزمی بەرامبەربەیەک چەقێنرا بوون، بەهەرچوارلای گڵی کوتراوەی تەپۆڵکەکەدا ڕیزێک خڕەچەوی یەکبەدوایەک سنووری قەبرەکەیان لەگۆڕەکانی تر جیادەکردەوە.

ــ ئەم چاڵە قەبری دایکە زراو تەقیوەکەمە... (الفاتیحە).

دووانیوەڕۆیەکی مانگی جۆزەردان بوو، ئەوڕۆژە هەرسێکیان پێکەوە بوون، بەژێر سێبەری دارئەرخەوان و بەرچەترو کێلی گۆڕەکاندا هاتنەسەر گڵکۆکە. سەمەد ئەو وردە شوشە ڕەنگاوڕەنگانەی کەلەگرفانی شەرواڵەکەیدا بوون لەگەڵ چەند دڵۆپە فرمێسکێکی شەرمۆک دا بەسەر گۆڕەکەی دایکی دا بڵاوی کردنەوە، سەمەد دەیگوت: ئەم وردە شوشانە دەڕوێن و پرچی ئایشێ و فاتمێ دەگرن.

ــ سەمەد بۆچی سەرکێلی گۆڕەکەی دایکت نانوسیت : جەعفەر پێیووت.

سەمەد فرمێسکەکانی بەرچاوانی سڕین و بەلەز هەستایە سەرپێیان و خۆی گەیاندە ژێر دارئەرخەوانەکە، قتویەک بۆیاخی ڕەشی لەگەڵ خۆیدا هێنا کەپێش کەمێک لەوەوبەر لەگەڵ پەمپی بۆیاخە سورەکەدا لەنێوقەدە سووتاو و قوڵەکەی دارئەرخەوانەکەدا شاردبویانەوە، دەمی فلچەکەی نایە نێوقوتوی بۆیاخەکەوە.

ــ ئەمە ئارامگای خوالێخۆش بوو نەجمەی کچی... لەشەوی...، کەریم

پێمبڵێ چی بنوسم؟

هەرسێکیان بەرەوخوار ڕوانیان، شار لەژێر گرەی تراویلکەی ئەو دوانیوەڕۆیەدا ئارەقەی لێدەچۆڕا، نیوەی خەڵکی شار لەخەونێکی دوانیوەڕواندا پاڵیان لێدابووەوە نیوەکەی تریشی زەقەی چاوی دەهات و لەشەلاڵەی ئارەقەدا مێشی لەخۆی دەردەکرد، دوای کەمەکێک تێڕامان و بێدەنگی و سەیرکردنی ژێر سێبەری خەستی دارئەرخەوان وکێل و چەترە گەرمڕاهاتوەکانی سەر گۆڕەکان، کەسێک بەرچاونەدەکەوت جگە لەوانی زیندوی ناو کێلی سپی و مەملەکەتی مردووان نەبێت.

ـــ ئەم چاڵە قەبری دایکە زراوتەقیوەکەمە.

کە کەریم و جەعفەر ئاوڕیان دایەوە سەمەد ئەو دێڕەی لەسەر کێلی گۆڕەکە نوسی بوو، بەپێکەنین و بزەیەکی شاراوەوە جەعفەرو کەریم پێکەوە ووتیان (الفاتیحە). پێش تەواوبونی فاتیحاکانی ئەوان سەمەد لەسەر کێلی گۆڕەکە لەنوسینی دواپیتی فاتیحاکەبۆوە.

ـــ دەکرێت لەسەر کێلی گۆڕەکەی باوکیشت دێڕێک بنوسیت: جەعفەر پێیووت.

ـــ ئەمە گۆڕی خوالێخۆش بوو سەلیمی کوڕی...لەڕۆژی...!

بێ ئەوەی لەهیچیان بپرسێت بەتوڕەییەوە فڵچەکەی لەنێو بۆیاخەکەدا نقوم کردو هێنای بەسەر کێلی گۆڕەکەدا.

ـــ ئەمە سەلیمی باوکمە. دواتر لەژێر لێوەوە دەیگوت کە بەسەلیم لەقلەقی چەوولم فرۆش ناسراوە.

کەریم و جەعفەر ئەمجارە خۆیان بۆڕانەگیراو بەدەم قاقای پێکەنینەوە بەرەو چەتری سەر گۆڕەکان چوون، سەمەد قتووەبۆیاخ و فڵچەکەی لەنێو قەدی ئەرخەوانەکەدا شاردەوەو بەدوایان کەوت، لەشیشی چەترەکانەوە نوسراوەکانیان دەخستە سەر گۆڕەکان، سەرلەبەری گۆڕی شەهیدەکان نوسراوەکانیان لەسەردانان، ئەو گۆڕانەی کەبێچەتربوون بەردێکیان دەخستە سەر پەڕەی نوسراوەکان ولەسەر گڵکۆکانیان بەجێیان دەهێشت، دووا پەڕەی نوسراوەکەی بەرناوکی ژێر پانتۆڵەکەی جەعفەریان بەقەدی گەورەترین

دارئەرخەوانی سەرقەبرانەکەوە هەڵواسی.
سەلیم دەستێکی هێنا بەرِیشە سپیەکەیدا(ئامین) ، دوای تەواوبونی فاتیحاکە گوێدرێژەکە بەلۆز بۆنی بەو بنچکە هەرێزو گیایانەوە دەکرد کەلەژێر سێبەری کێل و درەختەکاندا سەوزبوبوون، دواتر رەنگی مۆری درکە کەرتەشیەکان نەوسی گوێدرێژەکەیان بزواندو بەرەولای خۆیانیان برد... گوێدرێژەکە بێ گوێدان بەسەلیم کەوتە داکرماندنی کەرتەشیەکان و بەزمان دەیبردنە ژێر ملاشووی و ئاستی کاکیلە گەورەکانی، سەلیم پشتی بەکێلەکەوە ناو رووەو شاخەکانی بناری شار رۆنیشت، ریزەشاخەکە پوشە زەردەکەی لەژێر تیشکی خۆرەکەدا دەبریسکانەوە، گوێدرێژەکە ناوبەناو سەیرێکی سەلیمی دەکردو دەکەوتەوە ملومۆشکردن و جاربەجاریکیش لۆزی بەرەو گەلاپان و تۆزاویەکانی پەلی شۆربۆوەی دارئەرخەوانەکان دەبرد.
سەلیم و نەجمە لەژورێکی گڵیندا بوون، گڕی چرا هەڵواسراوەکە کزکز دەسووتا، تارا سورەکەی سەری نەجمە بەسەر روخسارو قژەرەش و خەناویەکەیدا هاتبوونە خوارێ و پلی بەدەماری پیاوەتی سەلیم دا دەهێنا... سەلیمیش بێ ئەندازە کەوتبووە جۆشو خرۆشێکی بەتینی بێ بەربەستەوە. دەستەکانی سەلیم لەترس و لەخۆشیاندا دەلەرزین و لەبەردەم پیاوەتی خۆیدا شەرمی ئەولەرزینە دایدەگرت وبەخۆیدا دەشکایەوە، هێزێک فەرمانی بەسەردادەداو لۆچی ناوچەوانی گرژدەبوو، سەلیم پەلاماری تاراسورەکەیداو بەگرمۆڵەیی فرێیدایە سووچێکی ژوورەکەوە، چاوەرەشەکانی نەجمە لەترساندا بریسکەیان پیادەهات و سپێنەی چاوی گەشتر دەردەکەوتن، نەجمە بەسیمایەکی رەنگ لەرووبراوەوە قاچە خەناویەکانی لەلۆچی خوار دۆشەکەکە گیردەکردو بەتوندی پشتی بەلێفەکەی پاڵ دیوارەکەوە دەنا، سەلیم تادەهات زیاتر هەستی بەتەرِی بەر شەرواڵەکەی دەکرد... شەپازلەیەکی خێرا ئەو رەنگە سپی و شێواوەی نەجمەی شێواندو رومەتی سور هەڵگرساند، جلەکانی نەجمە لەژێر قاچی سەلیم دا لەگەڵ شەرواڵ و مراخانی و دەرپێ سپیەکەیدا تێکەڵ بەیەکتری بوون، لەکاتێکدا ئەو تاڵەقژە ئاڵۆسکاو فرمێسکاویانەی نەجمە بەر دەمولێوی سەلیم دەکەوتن و تێکەڵ بەهەناسەکانی

دەبوون... هێرش و هەڵپەی سەلیم بۆ سەر جەستە گەنم ڕەنگەکەی نەجمە ڕێی پێنەئەدا بیر لەهیچ شتێک بکاتەوە جگە لەوچەند دڵۆپە خوێنەی کەدەبوو بتکایەتە سەر ئەو پارچە قوماشە سپیەی کەلەژێر لنگ و قاچی هەردوکیان دا بە سەر دۆشەکەکەی ژێریانەوە دوررا بوو، هەناسە بڕکێکان تێکەڵ بەیەکتری دەبوون، سەلیم دیمەنی پیرۆزبایی کردنی ناو پیاوانی بیر دەکەوتەوەو هێندەی ترگوڕی دەدایەوە خۆی و هروژمی تەکانەکانی خێراتردەبوون، دڵیان کەوتبووە کێبەرکێی لێدانێکی بەپەلەو خێرا، سەلیم لەچێژی سەرکەوتندا بوو، سەرکەوتن بەسەر ئەو لوتکەیەدا کەجێی شانازی پیاوەتی ئەو بوو، لەگەڵ گەیشتنی بەوجێیە ئیدی هەناسەکانی خاودەبونەوەو سەرەتای ڕژانی ئەو دڵۆپە ئاوە قەتیسماوانە بوو بۆ دروستکردنی بونێک کەبێئاگا بوو لەهەمووشتێک، هەناسەکانی هەردوکیان گلۆردەبونەوەو بێدەنگیەکیان لەدووی خۆیان جێدەهێشت، سەلیم لەناو لەزەتی گەرمیی و تکاندنی خوێنی کچێنی نەجمەدا ئارامی و خاوبونەوەیەک بەدەمارەکانی جەستەیدا پلوسکی دەبەست، نەجمەش لەشەرماندا توند دەستی بەچاوەکانیەوە گرتبوون.

سەرلەبەیانی ڕۆژی دوایی سەلیم لەسەر قسەی نەجمە دووکەروێشکی سەربڕین و گورچیلەی کەروێشکەکانی بەکاڵی دایە دەست نەجمەو ئەویش بەدوای یەکدیدا قوتی دان تالەپای ترسی دوێنێ شەویدا ناوک کەوتنەکەی نەجمە بێتەوە جێی خۆی.

سەلیم لەجێگاکەی خۆی هەستا... (الفاتیحە)... گوێدرێژەکە تائەوکاتە لەپچڕینی سەرلەبەری تۆپە کەرتەشیەکان نەبوبۆوە... لەگەڵ هەستانی سەلیم دا سڵەمیەوەو خرمەی دڕکەکان لەژێر کاکیلەیدا دەنگیان دەهات.

ئامین... سەلیم هەردو لەپی دەستی بەدەموچاویدا هێناو گۆڕەکەی بەجێهێشت، گوێدرێژەکە لارەمل بەدووی سەلیم دا کەوتەوە ڕێ بەرەو مزگەوتە گەورەکەی شار.

خاجیان بەئاشکرا بەبێ ترس و سڵەمینەوە بەدەنگی بەرز جنێوی بەخەڵکی گەڕەک و موسڵمانەکان ئەدا:

ــ ئێوە ئادەمی کوژن، ئێوە سەگ باوکن، بزانە چیتان لێئەکەین ئەی

حیزینه، ئەی بێ ئابڕووینه.

پیاوو ژنی گەڕەک خۆیان خزاندبووە ئەو ژوورەی کە لاشەکەی نەجمەی تێدابوو، منالان کەتاپێش چەند ساتێک سەرگەرمی یاری کردن بوون لەبەر دەرگای مالەکەدا ئاپورەیان بەستبوو، سەلیم ڕەنگی پەڕیبوو سورایییەک چییە لەسیمایی دا بەدی نەدەکرا، ژنانی گەڕەک جەستە ساردو سڕەکەی نەجمەیان ڕادەوەشاندو بەسەرو قژو رومەتی خۆیاندا دەداو دەگریان، پیاوانی گەڕەک دەستی سەلیمیان گرت و بەناو قەرەباڵخی و ژنەکاندا هێنایانە دەرێ، شەمعون بەزمانەکەی خۆیان خاجیانی خوشکی هێدی دەکردەوەو داوای لێدەکرد چیتر جنێویان پێنەدات، دووای ئەوەی پیاوەکان هەموویان لەژورەکە هاتنەدەرێ ژنە بەتەمەن و دنیا دیدەکان جلەکانیان لەجەستە ساردو سڕەکەی نەجمە داکەندو بەدوای جێ برینی گوللەکەدا دەگەڕان، هەندێکیان لەپی دەستیان بەسەر دۆشەکەکەدا دەهێناو بەدووی دلۆپی خوێندا دەگەڕان بەلام دەستیان بەرهیچ تەڕایی و لینجیەک نەدەکەوت و بەسەرسوڕمانەوە قسەیان دەکردو کەسیان لەونهێنیە نەدەگەیشتن، سەمەد تائەو کاتەش دەستە بچکۆلەکانی بەقاچەکانی دایکیەوە گرتبوو ڕایدەوەشاند، گریانی سەمەد لەناو هاوارو قیژەو زەنای ژنەکاندا ونبوبوو کەتا ئەوکاتەش کەسێک لەژنەکان لەژوورەکەدا هەستیان بەئامادەی ئەو نەکرد بوو.

ــ ئافرەتینە یەکێکتان ئەو منالە بەرنەدەرێ، وازنوقی دەچێت، خۆ کەستان لەبەر هاوارو گریان ئاگاتان لەو چۆلەکەیە نەماوە: یەکێک لەژنەکان ئەمەی ووت و ئەوانی تر کەوتنە لێدانی سەرو قژیان و سەمەدیان لەودیوو دەرگایی ژورەکەوە دانا.

پیاوەکان لەبەر دەرگای ژوورەکە دەوروخولی سەلیمیان دابوو کەدەتوت پەیکەرێکی لەمۆم دروستکراوی بێجولەو بێدەنگە، دەمانچەکە بەدەستی سەرگۆنی مەیفرۆشەوە بوو کوونە لوتە فش و گەورەکانی نابوو بەلولەی دەمانچەکەوە کەتائەوکاتە گەرمی لولەی دەمانچەکە سارد نەبوبوەوە... دواتر نیشانەی خاچێکی لەسەر سنگی کێشاو بەتوڕەبوونەوە چاوی بڕییە سەلیم. سەمەد بەدەم نوزەو گریانەوە سەری نابوو بەکونی کێلونی دەرگاکەوەو

بەردەوام چاوەکانی دەسڕین و هەنسکی ئەدا.

گردی سەرقەبرانەکەیان لەدوای خۆیانەوە جێهێشتبوو کەوتبونەوە ناو کۆڵانەکان. مێشە باڵ سەوزەکان بە بەرکلکی گوێدرێژەکەدا دەنوسان و گیزەیان دەکرد، گوێدرێژەکە کلکی شلکردبوو بەدەوری سمت و پاشویدا بایدەدا، کاتێک گوریسی ڕەشمەکەی دەستی سەلیمش لەپێشەوە توند دەبوو لەتری بەهەنگاوەکانی ئەداو مێشەکان بەدەوری سەرو دەموچاویدا دەخولانەوەو بیرکردنەوەکانیان لێ دەشێواند، گوێچکە تەپیوەکانی گوێدرێژەکە لەگەڵ گیزەی مێشەکاندا زیت ڕادەوەستانەوەو دەکەوتە گوێ لەقە.

ـــ هەچە کەرە سپی ، هەچە دەی: سەلیم ئەوەی ووت و ڕەشمەکەی توندتر بەدوی خۆیدا ڕاکێشا.

هێلانەی حاجی لەق لەقەکە بەسەر منارە بەرزەکەی مزگەوتەکەوە لەنێو کۆڵان و نێوقەدی ماڵەکانەوە بەدەرکەوت.

دوای هیلاک بوون و پرزۆڵ لێبڕانی سەلیم و نەجمە، هەردووکیان جلەکانیان کردەوە بەریان و لەپاڵ یەکتریدا لەسەرپشت پاڵکەوتن، هێندەی نەبرد لەبەر تیشکی چرای سەر دیواری ژوورەکەدا نەجمە پێڵوەکانی جووت بوون و کەوتە خەوێکی ئارام و قوڵەوە، جێگاکەی سەمەد لەپاڵ جێگەکەی دایکیدا ڕاخرابوو، سەمەد تادرەنگە شەوانێک لەگەڵ مناڵانی گەڕەکدا سەرگەرمی یاریکردن دەبوون و کاتێکیش دەگەڕایەوە ماڵەوە هەمیشە دایکی بەخەوتووی دەبینی.

لیرەی سەروکڵاوەکەی نەجمە کەلەپاڵ سەرینە پەڕینیەکەی دا دانرابوو تیشکی زەردی چراکەی دەکەوتە سەرو لەنێو تاریکی ژورەکەدا شەوقی دەدایەوە. ساڵی یەکەمی ژنهێنانی سەلیم بوو خاجیانی مامان و لیرەفرۆش ئەم لیرەیەی بەجاشە کەرێکی تازە زاوی ئەو بەهارە لەگەڵ سەلیم و نەجمەدا گۆڕییەوە.

ـــ ئێوە کافرن! حیزەن! ئەی باوکە موسا زوو لەدەستی ئەم موسڵمانانەمان قوتارکە! ئەم خەڵکانە بێ شەرم و حەیان، دێن و دەرگای تەویلەکان دەشکێنن و جاشەکەرە بەستەزمانەکان دەگێن، گەنجە دەنگ گڕو

دەموچاو زیپکاویەکان سواری ماکەرەکان دەبن و خۆیانیان لێدەپەڕێن، من ئەمە خێرێکەو دەیکەم، بەناوی موسا ئەمساڵ دەگەڕێینەوە (یرۆشلایم)، (یرۆشلایم شلانۆ).

سەلیم کڵاوو جامەدانەکەی خستبووە ژێر سەری و چاوی لەبنمیچی ژوورەکە بڕیبوو، ترپە ترپی چراکە خامۆشی و بێدەنگییەکی ئارامی دەدایە نێو ژورەکەو جارناجارێکیش پرخەیەک لەلووت و قوڕگی نەجمەوە بەرزدەبۆوەو خۆیدەخستە سەرلا، دەنگی فیشکەیەکی پچڕپچڕ بڕۆکانی سەلیمیان هێنایەوەیەک و کەمێک خۆی جوڵاند، بەوردی چاوی گێڕا بەناو دارەڕای میچی ژورەکەدا، بەئەسپایی کەمێک شانی بەرز کردەوەو دەستی بەرەو بالیفەکەی پشتی بردو بەهەمان هێمنیەوە پەڕۆ زەردەکەی لەدەمانچکەی دەستی کردەوە، تارماییەکی درێژ لەنێو دارەکانەوە تیشکی چراکەی دەکەوتە سەرو دەبریسکایەوەو بەرەو دیوارەکە دەکشا... قەفی بریسکەداری مارەکە نێزیک سنوری ئەو ڕوناکییە دەبۆوە کەئاوێنەی چراکە لەسەر دیوارەکە دەینەخشاند، سەلیم هەناسەی لەخۆی بڕیبوو، مارەکە زمانە سورو دووفاقیەکەی دەردەکردن و فیشکەی دەهات، چاوەکانی دەبریسکانەوەو قەف قەف لەسەر ئاستی جێگەکەی نەجمەوە لەمیچەکەوە بەرەو خوار دەکشا، کلکی لەنێو دارەکانەوە کۆتایی نەدەهات و ئەڵقاو ئەڵق خۆی دەڕەواندەوە، لەگەڵ چرکەی هێنانەوەی دەمانچەکەی دەستی سەلیم و شەقەی تەقینی فیشەکەکەدا زریکەیەک لەنەجمەوە بەرزبۆوەو کەوتەوە سەر دۆشەکەکەی و ژوورەکە پڕ بوو لەخۆڵی پرژاوی جێ فیشەکی سەر دیوارەکەو بۆنی باروت، خەڵکانی گەڕەک لەنێو ماڵەکانیانەوە هەستانە سەرپێ و ئەوانەشی کەلەخەودا بوون ڕاچڵەکین، سەلیم دەمانچەکەی فڕێدا و پەلاماری نەجمەی دا، دەمارەکانی جەستەی نەجمە لەجوڵە کەوتبوون... مارەکەش لەژێر میچ و دارەکاندا خۆی لولکردەوەو ونبوو. یەکەم کەس کەدەرگاکەی ترازاندو بەشاڵاو خۆیکرد بەژووردا خاجیانی لیرە فرۆش بوو، دواتر خەڵکانی گەڕەک یەک بەدووی یەکتردا هاتن.

سەلیم و گوێدرێژەکەی گەیشتنە ژێر منارەی مزگەوتەکە، حاجی لەق لەقەکە لەناو هێلانەکەیەوە قاچ و باڵەکانی دەکێشایەوەو دەنوکەکانی بەیەکدا

دەدان و سەری بەرەو حەوشەی مزگەوتەکە دادەنەواند، سەلیم مێخ زنجیری گوێدرێژەکەی لەپاڵ دیوارێکدا چەقاندو لەگەڵ ئەو خەڵکانەی تردا کەبەرەو مزگەوتەکە دەچون چووە ژورێ، خەڵکەکە هەرلەگەڵ چونە ژورەوەیاندا لەدەرگاکەوە قۆڵیان هەڵدەکردو بەرەو حەوزو ڕیزە ئاودەستەکان دەچوون.

سەلیم تەنها ڕۆژانی هەینی نەدەچووە سەرکار بۆ هێنانی چەوولم ، وەکوتر هەر شەش ڕۆژی هەفتە بەخۆی و هەر شەش گوێدرێژەکانیەوە تاریک و ڕوون بەرەو ئەوچەمو جۆگەو ئاوەڕۆیانەی خوار شار دەڕۆیشت، شەڵتەی سەر پشتی گوێدرێژەکانی دەبەستن و تەنەکەیەکی ژەنگاوی و بوخچەیەک نان و پیازی لەو گوێدرێژە سپیە دەبەست و خۆی هەڵدەدایە سەر پشتی، ڕەشمەی بەیەکەوە بەستراوی یەکبەدوای یەکی گودرێژەکانی تری بەدوی خۆیدا ڕادەکێشا تادەگەیشتە چەمو جۆگە ئاوەکانی خوار شار، ئەوسات لەیەکبینە لەقەراخ چەمەکەدا دەستی دەکرد بەپڕکردنی تەنەکەکەی دەستی لەو وردە چەوانەی کەلەوەرزی بارانبارین و لافاودا دەکەوتنە قەراخی چەمەکە، بەدەم پڕکردنی تەنەکە یەک لەدوای یەکەکانەوە شەڵتەی سێ گوێدرێژی لێپڕ کرد، بەفریای پڕکردنی شەڵتەی پشتی دوو گوێدرێژەکەی تر نەدەکەوت لەو لم و قومە نیشتووەی کەلەولای چەوەکەوە لەنزیک ئاوەکەدا نیشتبوو، برسێتی زۆری بۆ دەهێناو بەچڵە وشک و پوشە زەردەکانی نزیک چەمەکە ئاگرێکی دەکردەوەو چای نێو کتریە ڕەشەکەی پێدەمدەکرد، باڵدارو ماسی گرو حاجی لەق لەقەکان بەدەوریا دەنیشتنەوەو باڵە فرێیان دەکرد و دەکەوتنە زاقوزریق، بەمشتێک پیازەکانی ناو بوخچەکەی دەشکاندو لەپارووە نانەکانی دەئالآندن و بەئیشتهاوە قەپی لێدەگرتن و ئاودەزایە دەمی، کتریە ڕەشەکەی لەسەر ئاگرەکە لادەداو پەرداخێک چای خەستی تێدەکردو بەدەم فڕکردنەوە کڵۆ شەکرەکانی دەخستە ژێر زمانیەوەو لەگەڵ فڕکردنی هەموو قومێکدا دەنگێک لەملاو لای دەمیەوە دەهاتە دەرێ، هەر لەگەڵ هەستانیدا و دەستکردنەوەی بەکار ماسیگرو باڵدارەکان دەکەوتنە چنینەوەی ئەو وردە نانانەی کەلەقەپو دەست و پلی سەلیمەوە هەڵوەریبوون.

سەلیم لەو لم وقومە تەڕو شێدارەی بەر ئاوی چەمەکە دەکەوتە پڕکردنی

تەنەکــەکــەی، یەک بەدوای یەک تەنەکــە لەکــانی دەکــردە نێــو شــەڵتــەی گوێدرێژەکانەوە. بەوشێوەیە هەموو ڕۆژ پێشوەی خۆر بەدەورانی سێیەکی ئاسمان بگات لەکار دەبۆوەو خۆی هەڵدەدایە سەر پشتی گوێدرێژە سپیەکەو پێش گوێدرێژەکانی تر دەپەڕییەوە بۆ ئەوبەری چەمەکەو هاوارێکی دەکرد: هەچە دەی گوێدرێژینە.

پێنج گوێدرێژەکەی تر لەهاوارەکەی سەلیم دەگەیشتن و گوێکانیان ڕەپ دەکردن و بەسەر بەردە لوسەکانی نێو چەمەکەدا دەڕۆیشتن تادەگەیشتنە ناوەڕاستی ئاوەکە، شەپۆلە وردەکان دەگەیشتنە نێوەندی چوارپەلیان، لەچەند مەترێک خوار پێوپلی گوێدرێژەکانەوە ئاوەکە بەمیزی گوێدرێژەکان زەردو کەفاوی دەبوو... دواتر لەگەڵ جوڵانی گوێدرێژەکانداو پەڕینەوەیان لەئاوی چەمەکە حاجی لەق لەقێک دەنیشتە سەر شەڵتەی پشتی یەکێک لەگوێدرێژەکان و ئەوسا لەدوای سەلیمەوە قەتارەیان دەبەست و ڕێدەکەوتن، سەلیم یەقینێکی ئەوتۆی لەلادروست بووبوو کەئەو حاجی لەق لەقە ڕۆحیانەتی نەجمەی ژنیەتی ، هەر لەدوای مردنی نەجمەوە حاجی لەق لەقەکە کردبوویە خوی ڕۆژانەی و لەسەر پشتی یەکێک لەگوێدرێژەکان هەڵدەنیشت تاکو نزیک بەشار دەبونەوە، هەرچەندە سەلیم لەبەر مل و سنگی سپی حاجی لەق لەقەکە وورد دەبۆوە سنگ و بەرۆکی بەرزی نەجمەی دەهاتەوە یاد، گەر ڕۆژێکیش حاجی لەق لەقەکە نەهاتایەو لەسەر پشتی گوێدرێژێکیان هەڵنەنیشتایە ئەوا شەڵتەی چەو لی سەر پشتی گوێدرێژەکانی لەنیوەی ڕێگا ڕۆدەکردن و ئەو ڕۆژە تاسبەینانێ کاو جۆ و ئالیکی لەبەردەمی گوێدرێژەکان نەدەنا، هەربۆ شەوێش نەجمە دەهاتە نێو خەونە برسکاوەکانی و شەڵتەی یەکێک لەبارگیرەکانی لەپشتی سەلیم دەبەست و وەک گوێدرێژێک بەدار لەپشتی دەدا تاکو لەخەو ڕادەبوو، ئەو نیوەشەوانە سەلیم نەیدەوێرا جارێکی تر بەنیازی خەوتن سەر لەسەر سەرین بکاتەوە و کەمێک بحەوێتەوە، ئیدی ئەوشەوە لەژور سەری سەمەدی کوڕیدا دادەنیشت و لەسیمای بێئاگاو خەوتوی سەمەد وورد دەبۆوەو چاوەکانی پڕ لەفرمێسک دەبوون.

حاجی لەق لەقەکەی سەر پشتی گوێدرێژەکە بێ ترس لەسەر لەپی قاچێکی

ڕادەوەستاو قاچەکەی تری بەسنگ و سکیەوە دەنوساند تا نزیک بەخانوە قوڕینەکانی قەراخ شار دەبوونەوە، پۆلێ چۆلەکەش بەدوایانەوە دەفڕینە سەر ئەو تەرسانەی کەلەپاشوی گوێدرێژەکانەوە تەپ دەکەوتنە خوارێ و هەڵمێکی تەنکیان لەبەر هەڵدەستا، چۆلەکەکان بەدەنوک خار خار تەرسەکانیان بڵاوە پێدەکردو دەنکە جۆکانی نێوانیان دەخواردو دواتر بەزیخ و بەردەکانی سەر ئەردەکە دەنوکیان دەسڕی و دیسانەوە دەنیشتنە سەر ئەو تەرسانەی تر کەلەدوای گوێدرێژەکانەوە جێدەمان. حاجی لەق لەقەکە لەگەڵ بەدی کردنی منداڵ و خەڵکی بەر خانوبەرەی گەڕەکەکانی قەراخ شار باڵە درێژەکانی دەکردنەوە و چەندجارێک دەیهێنانەوەیەک و بەسەر سەری سەلیم دا دەفڕی و قاچەکانی لەدوای کلکیەوە درێژ دەکردنەوەو بەرەو قوڵای ئاسمان باڵی لێکدەنا، سەلیم سەری بەرز دەکردەوە و بەسۆزێکی بێ ئەندازەوە چاوی دەبڕییە ژێر مل و سک و بنباڵ و کلکی حاجی لەق لەقەکە. هەتا ئەوکاتەی لەبەر ئاستی بینای و ڕوانینیدا وون دەبوو دەگەڕایەوە ناو هێلانەی سەر منارەی مزگەوتەکە چاوی لێنەدەتروکاند.

ـــ هەچە دەی ماڵم بەقوربانی ژێر ناڵتانبێت هێندەمان نەماوەو ئاخوڕتان بۆ لێوان لێودەکەم: سەلیم بەدڵێکی خۆشەوە وای بەگوێدرێژەکانی دەووت.

شڵپە شڵپی دەستی نوێژگران و پیاوانی قەراخ حەوزەکە قەرەباڵخی و ئاوەدانی دابوو بەحەوشەی ژێر گومەزو منارە شینەکەی مزگەوتەکە. خەڵکەکە بەتەنگەتاویەوە لەبەردەم دەرگای ئاودەستە یەکبەدوای یەکەکاندا وەستابوون، هەندێکیان پەلەپڕوزکێی تەنگاوی وایلێکردبوون دەستێکیان بەبەنەخوێنی شەرواڵەکانیانەوە بێت و بێ ئۆقرە بێن و بچن، بۆنی ئاودەستخانەکانیش هەندێکی تریانی وەڕس کردبوون و چمکی شۆڕبۆوەی جامانەکانیان بەبەر لووتیانەوە هەڵبەستبوو، ئەو پیاوەی کەلەبەردەم یەکێک لە ئاودەستخانەکاندا نۆبەتی گرتبوو هەر دەهات و دەچوو.

ـــ دەی باوکم دەی، زووکە با فریای نوێژی جەماعەت بکەوین.

ئەوە سەرەی دووهەمجاری بوو کە بەبۆڵە بۆڵەوە لە دەرگای ئاودەستەکەی دەدا، دوای کەمەکێکی تر ئۆقرەی لێبڕاو ئەمجارە مستەکۆڵەیەکی توندی

لەدەرگاکەدا و سەرێکی لە پەنجەرەی دەرگاکەوە شۆڕکردەوە، بەتووڕەبونەوە چەپۆکێکی تریدا بەدەرگاکەدا، بۆشاییەک کەوتە دەرگاکەوەو جیڕەی لێهەستا، دوسێ کەسی تر لەدەرگای ئاودەستەکە نزیکبونەوە، یەکێکیان پاڵی بەدەرگاکەوە ناو کردیەوە، سەلیم دەستی بە بەنەخوێنی شەرواڵەکەیەوە بوو بەلادا کەوتبوو، قاچێکی کەوتبووە ناو چاڵە قوڵ و گەورەکەی ئاودەستەکەوە، چاوەکانی زەق و سارد بوون، موکەبەرەکانی سەر گومەزەکە دەنگی بەرزی مەلاکەی پەخش دەکردەوە، گوێدرێژەکە لەدەرەوە لەگەڵ دەنگەکەدا دەستی کردبووە زەڕین، حاجی لەق لەقەکەش لەسەر منارەکەوە باڵەکانی لێکنان و هەڵفڕی.

× یرۆشلایم : ئۆرشەلیم، قودس.

× یرۆشلایم شلانۆ : قودس هی ئێمەیە.

## بورجی مەرگ

هەر هەمان ئێوارەی لافاوەکە هەورەکان بۆ شەوێ کەوتبونەوە بارین، دەنگی پرخە پرخی مینا لە دەرگای ژوورەکەیەوە کە لەسەر هەمان ئەوژورەی کە جەعفەر و دایکی تیایدا دەخەوتن دەهاتە بەرگوێ، ئاوی باراناوەکە لەجێ پلوسکی سەربانەکانەوە چۆڕاوگەی دەبەست و بەدەنگێکی ڕەق دەڕژایە ناو تاریکایی حەوشەکە، خەیاڵی جەعفەر لێوان لێو بوو لە تێڕوانینی تیشکی سەرڕووی عەلادینەکە کەلەبنمیچی ژورەکەدا سەمای سێبەری ئاگرەکەی لەسەر دەنەخشا، جەعفەر لەبەرکەوتنە خوارەوەی شەستەی دڵۆپە بارانەکەدا هەستی بەڕووتبونەوە ئەکرد، ماسولکەکانی جەستەی لەبەر تینی گەرمای ژوورەکەدا خاو بووبوونەوە، وایدەبینی کە دڵۆپەی بارانەکان بەسەریدا دەبارێن و ختوکە بە گیان و مۆخی ناو ئێسقانەکانیدا دەهێنن، گرێکانی ناوچەوانی ساف بووبوون و بەپەنجەکانی دەستی تووکەکانی سنگی بەهێواشی ڕادەکێشاو پێڵوەکانی لێکدەنان و بەهێوری هەناسەی دەدا، لە گەڵ ڕوناکی هەر بروسکەیەکدا حەوشە تاریکەکە بۆ چەند چرکەیەک نوقمی نوور دەبوو، لە پەنجەرەکەوە شەستە بارانەکە دەبینرا کە لەنێو حەوشەکەدا پەنگی خواردبووەوە، لەگەڵ نەمانی تیشکی بروسکەکانداو دەنگی ئەو هەورەگرمەیەی کەبەدوایاندا دەهات دەنگی دۆعاکانی مروەتی بەرزتردەکردەوە:

ـــ خودایە بمانپارێزیت، لەڕەحم و کەرەمی خۆت بێبەشمان نەکەیت.

جەعفەر لەشی کردنەوەی یەک بەیەکی ڕوداوەکەی ئێوارەدا بەگژ بیرکردنەوەی خۆیدا دەچۆوە، خوێنی ناو کیسەی سەری عەرەبانچیەکە لەبەر چاوانیدا کاڵنەدەبۆوە، جەعفەر ئێوارە کەگەیشتەوە ماڵەوە پێش داکەندنی

جلە تەڕەکانی کەوتە ژماردنی فیشەکەکانی شانەی دەمانچەکەی، تەنها سێ گوللەیانی لێتەقێنرا بوون، گومانی لەوە نەبوو دوو فیشەکیانی نابوو بەجەستەی یەکێک لە دوو زەلامە ڕەشتاڵەکەوە، بەڵام نەدەگەیشتە شوێن فیشەکی سێهەم ! دڵنیا بوو لەوەی کەفیشەکەکان بە فیڕۆ نەچوون و نیشانەیان پێکابوو بەڵام دەبێت فیشەکی سێهەم لەکوێی زەلامەکەی دابێت؟ بەبەرچاوی خۆیەوە هەرئەوکات بینی لەگەڵ گەیشتنی دوو فیشەکەکە بەخوارسنگی ئەو زەلامەیان کەڕووی لە کەریم و ئەو بوو دوو جار لەتری داو کەریمیش بەدوو فیشەکی تر پێکای و بە یەکجاری زەلامەکەی لە ئاوەکەدا خست، کاتێ کەریم هاواری لەعەرەبانچیەکە کرد، ئاوڕێکی کتوپڕی بەلای جەعفەردا دایەوەو لەگەڵ کەوتنی یەکێک لەدوو زەلامەکە عەرەبانچیەکەش بەسەر دەسکی عەرەبانەکەدا بەدەمدا کەوت، دوو زەلامەکەش گلۆربونەوە ناو ئاوی لافاوەکە.

ــ تۆ بڵێ ی کەریم عەرەبانچیەکەی نەپێکابێت ؟!

دەم کردنەوەی یەکێک لە دوو زەلامەکە و هاوارکردنە تاساوەکەی ڕێ ی بە جەعفەر نەدا تالەوێدا دڵنیابێت عەرەبانچیەکە بەگوللەی کامیان پێکراو کەوت، هەرلەوساتەشدا بوو چزەی کوژانەوەی فیشەکێک لەبەردەمیدا لە ئاوەکە هەستا، ئەو زەلامەی تریان کەپشتی لەوان بوو سەمەد نەیهێشت دەست بکاتەوەو بەیەکجاری خستی، کەهەر بەکەڵەشێرێکی بەفیزی سەر بڕاو دەچوو کەتەنها لە مەرگیدا فریای سەماکردن دەکەوێت، بەچەشنێ لەژێر پێچکەی عەرەبانەکەدا کەوتبووە لەقەفرتێ و فرێدانی فیچکەی خوێنی جێ برینەکانی، هاتووهاواری خەڵکەکەو قیژەی چەند ئافرەتێک نەیانهێشت جەعفەر سەرنجی تەواوی عەرەبانچیەکە بداو بەفریای هەوڵدانێک بکەوێ بۆ گواستنەوەی لاشەکەی بۆ سەر شۆستەی شەقامەکە.

لە ڕاکردنی ناو کۆڵانە قوڕاویەکاندا کەریم هێندە فریاکەوت بەجەعفەر بڵێت:

ــ چیت کرد بۆ دەستت ئەوەندە بەرز نەکردەوە تائەو کابرایە نەپێکیت؟

جەعفەر فریای وەڵام دانەوەی نەکەوت کە دووڕیانی دوو کۆڵانی تەنگەبەر لە

یەکتری ترازاندن.

ــ کەریم تۆ پـێکات من نەبووم !

بـارانەکـــە لـە دەرەوە بەردەوام دەبـاری و تروسـکـەی هـەورە بـروسـکـەکـــان بەیەکجاری لەناو هەورەکانی ئاسمانـدا کووژابونەوە، لەرەی لێدانەکانی دڵی مـروەت دەچووە نێـو بەردو خـشـتـە هەڵچنراوە بێـدەنگەکـانی ئەو دیوارەی کـەپشـتی پێـوەدابوو، دەنگی ڕەقی پێکادانی بارانەکـە لەکـەوتنە خـوارەوەدا بەسـەر سـەربان و حـەوشـە تاریکەکـەدا بووبوونـە وڕەی تراکـتـۆرەکـە، کـاتێ پێـچکەکـانی عـەرەبانەکـەی دوای تراکـتـۆرەکـە بەسـەر بەرد و تـاشـە بەردی شکاوی قـەراخ ڕێـگا گڵـینەکـەدا دەرۆشت دارەمـەیتـەکە لەجـێی خـۆی دەخزا، لەگـەڵ هـەڵـتەک هـەڵـتەکی تـراکتـۆرەکـەدا خـەڵکەکـەی ناویشی دەکـەوتنە هـەڵـبەزو دابەز، مـروەت سـەری بەسـەر دارەمـەیتـەکـەدا شـۆڕکـردبووەوە و چاوەکـانی خوێنیان دەڕشت، کۆمـەڵێک ژن لەگەڵ ئەودا دەستیان بەدارەمەیتـەکەوە گرتبوو دەگریان، مینا لەباوەشی یەکێک لەژنـەکانـدا خـەو بردبویەوەو لیک لەدەمـیـەوە دەچۆڕا، جـاجـمـێکی سـور لەسـەر دارەمـەیتـەکەوە بەسـەر لاشـەی کـانەبی دا درابوو، سەرینێکی بەرز کە کلاوجامانە خوێناویەکەیان دابوو بەسەریدا سەرو ملی کانەبیان لەناو دارەمەیتەکەوە بەرز کردبووەوە، لە لۆکە خوێناویەکانی ناو سەرە قڵیشبردو شکاوەکەیەوە بۆنی مەرگ دەهات، بێدەنگیەکی قورس هەموو خەڵکانی ناو تراکتۆرەکەی داگرتبوو، تەنها دەنگی کۆکەیەک یان هەناسەیەکی قـووڵ ئەو بێـدەنگیـەی دەبڕی و هـەمـوان سـەیری شـاخ و دەشت و ئەو ئاسـمـانە شین و هەورەسپیە کشاوانەیان دەکرد کە بەسـەریاندا بەبێ دەنگی دەڕۆشت، خەڵکەکە هێند بەسەرنجەوە لەهەموو شتێکی بەرچاویان دەڕوانی وەک بەوەی یەکـەم جـاربێت لە ژیانیـاندا ئەو دیمەنـانە ئاوابـبـینن. لە کـاتێکدا کـە مـرۆڤ وردترلەو شـتـانە تێـدەفکرێت کـەخـۆی خـاوەنی بوون ئیـتر بزانێت لەدەسـتی چوون و خـاوەنداریەتی لێـسـەندراوەتەوە، هـەسـتـێک لـەو شـێـوەیـە بەڵام بەگوزارشتێکی تر بەبیری خەڵکەکەدا دەهاتوودەچوو، خـەڵکەکە سـەیری چاوی یەکـتـریان دەکـردو نەیانـدەزانی بەچ شـێـوەیەک ئەو بێـدەنگی و مـاتەمـینیـە بشـڵەقێن و فرمێسکە قەتیسمـاوەکانی چاویان بسڕن و بکەونە قسەکردن؟!

چاوەکـانی مـروەت زەق و سـور بووبـوون، یەکـێک لەپیـاوەکـان کـەلـەپێـشی تراکـتـۆرەکـەوە لەگـەڵ چەند کـەسـانێکی تردا لەتەنیـشت شـۆفـێـرەکـەوە دانیـشتـبوون کـەوتە چرِینی هۆرەیەک، سـەرەتا دەنگی نزمی هـۆرە گوتنەکـە بەسەر ورەی تراکتۆرەکەدا بەرەو بەرزی دەچوو، پیاوەکان وەک بەوەی هەموان بریاریان دابێت پێکەوە جگەرەکـانیـان داگرسـاند، نوزە نوزی گریـانی مروەت دەسـتی پێکردەوە، دەنگی هـۆرەکە خـۆیدەدا بەقـەد پاڵی سـەوزی بنار شـاخ و گـردۆڵکەکـانی دەورو بەریـاندا، دەنگەکـە لەنێـو دۆڵـەکـاندا درێژ دەبووەوە وەک بەوەی لەدووررا کـەسـێکی تر کـەوتبـێـتـە چرِینی هەمـان ئەو بـەیتـانـەی کـە لەقـورگی گیـراوی هـۆرەژەنەکەوە دەهاتە دەرێ، لەنێـوەندی بەیتـێک و هـەناسـە هەڵکێـشـان بـۆ بەیتـێکی تر، هەمـووان ئەو هەناسـە قـەتیـسـمـاو گـەرمـانەیان لەسنگیـان دەر دەکـردو مژێکی قـوڵیـان لە جگەرەکـانی بەرلالێـویان دەدا، ئەو رۆژە پەشم نـەبوو بۆ پیـاوان کـە بگریەن، بۆیە هەریەک بەچمکی شـۆرِبۆوەی جـامـانـەکـانیـان بەرچاویان دەسـرِی و تێکەڵ بە بەردو خـەرەندو شـاخ و ئەو دەشت و نزارە دەبوون. جەعفەری تەمەن دەساڵان لەسـەر تراکتۆرەکەوە گاشە بەردی بن سـێبـەری کێوەکـانی لێدەبونە سیـمـاو دەموچاوی خـەڵکانێک کە تائەوسـاتە لەژیانیدا نەیبینیبوون و کەسیش دەربارەیان قسەی لێوەنەکرد بوو، لەگەڵ تێپەرِبونی تراکتۆرەکەو تێپەرِ بوونی هەورەکان بەسەریاندا رەنگ و شـێوەیان دەگۆررا و دەبوونە سیـمـای جیـاوازو قـەبەتر. جـەعفـەر هەسـتی بەسـاردی برژانگە تـەرِەکـانی ئەکـرد کـە نەسـیـمـی ئەو بەیانیـیـە بەهاریەی بەردەکەوت و بۆنی گژو گیاو گوڵە کێویلەکان بەبەر لووتیدا رەت دەبوون، بەڵام هەر زوو یادی باوکی و گریانی دایکی قورگیان پرِدەکردەوە لە گریان و بەدەم نووزەوە گوێی بۆ دەنگدانەوەی هۆرەکە رادەگرت کە لەبەر نسێی لوتکەی شاخـەکانەوە بەچەند شـەپۆلێک دەهاتەوە و دەگەیشـتـە گوێی ئەو رێبـوارانەی لەسـەر جـادە گـڵـێنیـەکـە لـەدورەوە راوەسـتـابوون و چاوەرێی نزیک بونەوەی تراکـتـۆرەکـەیان دەکـرد. هـەر لەگـەڵ بێـدەنگ بوونـی هۆرەژەنەکـە ئیـدی خـەڵکەکـەش دوو دوو و سێ سێ سـەریان لە یەکتـری نزیک کـردەوەو کـەوتنە قسـەکردن، بەدووری ئەو رێگا گڵێنیـەی کە تراکتـۆرەکە دەیبرِی، هەر خـەڵک

بوون بەخـۆیان و چەکـەکـانیـانەوە بـەپێ بەرەو شـار بەبێـدەنگی و بێـزاریەوە دەڕۆیشـتن، تراکتۆرەکە هـەر کەمەسـاتێک و دەگەیشت بەکۆمەڵێ ڕێبواری چەک لەشـان و دوای سـەلام کردنیـان لەنێو ئەو وردە تۆزەی کە لەدوای پێچکەکانی تراکـتـۆرەکـەوە هەڵدەسـتـا بەرەو شـار ڕێدەکـەوتـنەوە، ڕێبـوارەکـان لەدورەوە بریسکەی چەکەکانی شانیان و جامەدانە سورو ڕەشەکانیان دەبینرا، جەعفەر لەو کـاتانـەدا بیـری بەلای نوزە نـوزو گـریانەوە نـەدەمـا کـە هـەرکـات هـۆڕنی تراکـتـۆرەکـە لە دورەوە قـەراغـە ڕێی بەو هـێـسـتـرو گـوێدرێژانە دەگـرت کـە بارکـرابـوون لەو چەکــە قــورس و گــەورانەی لولەکــانیــان لە پێش ســەری وڵاخـەکـانەوە تێـپـەڕ بوبوون. خـەڵکەکـە لەبەر خـۆیانەوە کـەوتبـونە قـسـەو ژنەکانیش لەجێی خۆیانەوە سەریان هەڵدەبڕی و بەچاوێکی تێکەڵ لە بەزەیی و هەست کردن بەخەمی مروەت لەیەکتریان دەڕوانی.

ـــ ئێمە خاوەنی هەموو ئەم چەکانەش بووین کەچی بەدووی بەفری کێواندا ئێمەش هەرەسمان هێنا!

ـــ من دەمـێک بوو سـۆسـەی ئەم مقـۆ مقـۆیەم کرد بوو، بەڵام بەئەقڵـمدا نەدەهات بەم چەشنە ڕسواییە ئاودیو بکرێینەوە.

ـــ هەتا ئەو بڕیارەکەی دەرنەکرد من هەر دەمـووت درۆیەو دەیانەوێت وەک جارانیتر دەست خەڕۆمانبکەن.

ـــ ئـەمـجـارەش فـریویـانداین و فـرۆشـراین، لێ هیـچ جـارێکیـان وەک ئەم جارە کۆستی گەورە نییە.

ـــ هەر بەتاڵان هەڕاجیان کردین، ئەویش و ئێمەشیان هەڵخەڵەتاند، هەموو وڵاتە هاوزمانەکانی لەگەڵ بوون و پێکەوە لەپشتەوە خنجەریان لێداین.

ـــ ئەو هەمووە پیاوەی لێمان کوژرا بەپای هیچ چوو!

ـــ من هـەر دەمــووت ئەمــە شــەڕی خــۆترێنە لەگــەڵ ئەم هەژدیـهــایەدا کەبەسەری خۆشیەوە لێمان ڕانەوەستا سێ سەری تریشیان لێڕواند.

ـــ سەرو خوارو ژووریان لێگرتین، هەموو دەرگایەکیان لەڕوماندا داخست، تەنها بەرقاپی جەهەنم نەبێت خستیانە سەرپشت بۆمان.

تراکتۆرەکە نزیک دەبۆوە لە قەراخ ئەو چەمەی کە جادە گڵێنیەکەی دەکرد

بەدوو کـەرتەوە، لەگـەڵ گـەیشـتنیـدا بازنەی گـفـتـو گـۆکـردنەکـە ڕەوییـەوە و ئەوانەی بـەقـەراخ تراکـتـۆرەکـەدا خـۆیان هـەڵواسـیـبـوو پێش ئەوانـەی لەناو عـەرەبانەی پشـتـی تراکـتـۆرەکـەدا بوون خـۆیـان هەڵدایە خـوارەوەو هـەریەک بەرەولایەکی سەر چەمەکە چوون.

یەکێک لە پیاوەکان کەلە هەمـوویان ڕیش سپیتربوو بەدەم دابەزینەوە ڕوی دەمی لەژنەکان کردو ووتی:

ـــ ئەو ژنەش لەگـەڵ خـۆتاندا دابـەزێنن و تۆزێ ئاو بـەدەمـوچـاوی ئەو دوو منداڵەشدا بکەن.

جـەعـفـەر دەمـێک بوو لەگـەڵ خـەڵکەکـەدا دابەزی بوو، مـیناش لـەباوەشـی یەکێک لە ژنەکاندا چاوی کرد بوەوە و لەخوار عەرەبانەکەوە سەیری ژنەکانی تری دەکرد کەدەسـتی دایکیـان ڕادەکێشـا، مروەتیش قـایل نەدەبوو و باوەشـی بەدارەمەیتـەکەدا دەکردەوەو بەچاو تێـیدەگـەیاندن نایەوێ دابەزێ، ژنەکان یەک بەدوای یـەک دابەزین و ڕووەو سـەرێکی چەمــەکــە چوون و لـەپشــتـی تـاوێرە بەردێکی زەبەلاحدا ون بوون، پیاوەکان چەکەکانیان لە خۆیان کردەوە و بەدەم کردنـەوەی بەنەخـوێنـی شـەڕواڵەکانیـانەوە لە پەنـای بەردو تاوێرەکـانـی قـەراخ چەمەکەدا دانیشتن. بنکە کوزەڵە ناسک و ڕەنگ سەوزو چەورەکان بەدەم ئاوی چەمـەکەوە دەشنانەوە. جـەعفـەر لەسـەر بەردەکەی ژێر قاچییەوە کەمێک خـۆی دەنوشـتـانەوەو دەسـتی درێژ ئەکردو چرکەی شکـانی لە پەلکی سـپی دەم گـەڵا کـوزەڵەکـان هـەڵدەسـتـانـدو لە زاری دەنان، هێندە بەلـەزەت دانی پیـادەنان و دەیجـوین دەتوت تـامـو سـحـری بەهـار هـەمـووی لەو پـەلکە کـوزەڵانەدا خـۆیان حەشار داوە، خەڵکەکە هـەمویان لە جێی خۆیان دەمیزان و خوڕەی میزەکانیان لەگـەڵ دەنگی هاژەی ئاوەکـەدا تێکەڵ دەبوون و کـەسـیـان بـەدەنگی یەکـتـریان نەدەزانی، دوواتـر جـێگاکـانیـان دەگـۆڕی ونزیک بەئـاوی چەمـەکـە دەبوونەوەو هـەردوو مـسـتـیـان پڕدەکـرد لەئاوە فـێنک و سـازگـارەکـە و شـڵپ دەیاندا بەدەمـوچاویـاندا کـەئیـدی فـێنکی ئاوەکـە جـادوی خـۆی لێـدەکـردن و توشـی گـەشـبینی و فـەرامۆشـی دەکردن لەبـەردەم ئەو کۆسـتـە گـەورەیەی کـەهـەمـویان گـیرۆدەی بووبوون. مروەت بـەتەنـها لەناو عـەرەبانەی تـراکتـۆرەکەدا مـابۆوە و

دور لەشـەرم و چاوانی خـەڵکەکە پەنچـەکانی بەدەموچاوی کانەبی دا دەگێڕاو هەنسکەکانی بەبێ دەنگی دەبوونە زەنگۆڵ زەنگۆڵی فرمـێسک و بـەڕومـەت و چەناگەیدا دەهاتنە خوارێ، پەنجەکانی لەسەر جێ درزە گەورەکەی ناوچەوانی کانەبی ڕادەگرت و بۆنی بەلۆکە خوێناویەکانی ناو برینەکەوە ئەکرد کەبەزی ساردی نێوچەوانی لەژێر پێستـە قرنجـاوەکەیەوە بەر پـەنجـەکانی دەکـەوتن موچڕکەیەکیـان بەجەستـەی مروەتدا دەهێناو هەناسـەکانی پچڕپچڕ دەبوون، لێوە وشکەکانی کەوتبونە لەرزین، هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشاو توند دەمی نا بەدەمی کانەبیـەوە، کە دەمی لەسەر لێوە شین هەڵگەڕا و ساردەکانی کانەبی هەڵگرد هەستی بەبۆنێکی ناخۆش کرد، بۆنەکە لەگەڵ هەڵمژینی هەناسەکانی دا لەناو سـیـەکانیـدا قـەتیـسمـان و هێـڵنجێکیـان پێـدا، شـەرمێک کـەپڕ بوو لەهەست کردن بەگوناهو خەجاڵەتی لەبەردەمی ئەو تەرمە ڕاکشاو و بێدەنگەدا کە نەیدەزانـی بەچی قـەرەبووی ئەو خـۆشـەویستـیـەی بۆکانەبی بخـاتەوە ڕوو، توند باوەشی بەسنگ و سکی کـانەبیـدا کـرد، لەگـەڵ بەرکـەوتنی دەسـتی بەقۆناغی برنەوەکە و قایشی فیشـەک لەغەکەی کانەبی، وەک بروسکەیەک ئەو ڕۆژەی بەبیـر هاتەوە کە چۆن کانەبی لەسـەر بەرزاییـەکەی بەردێ دا فـێری دەکرد کە چۆن میلی برنەوەکە بێنێتەوە و قۆناغەکەی لە تۆپی شانی گیر بکات و لە قـەلەوڕەکە بڕوانێت و ئاراستـەی ئەو نیشـانەیەی بکات کە بەدوری پەنجا مەترێک لەسەر قوتەی بەردێکی بەرامبەریان دایاننابوو، ئەو ڕۆژە یەکەمجار بوو کە مروەت گوێی لەزرنگانەوەی دەنگی فیشـەکێک بێت کە بەدەستی خـۆی بیتـەقێنێت، گوللەکە لە دووری نیشـانەکە دای بەئـەرزا و دەنگی فیشـەکەکە دۆڵاو دۆڵ ڕۆیشت. مـروەت برنەوەکـەی لەدارە مـەیتـەکـە دەرهێنا و بەهەمـوو هێـزی خۆی میلەکەی ڕاگێشـا، لەبەر درێژی برنەوەکە نەیدەزانی چۆن دەست لە پەلەپیـتکەکـەی گیـربکات و لوولـەی برنەوەکـە لەسـەر تـەوێڵی دانێت، تا ئەوسـاتەش نیگای لەسـەر دەمـوچـاوی کـانەبی نەگـواسـتـبـووەوە، یـەکـێک لە پیـاوەکان لەنـاو خـەڵکەکەوە هاواری لێـهـەستـا، هێندە بەسـبـوو کە هەریەکەو لەلای خـۆیەوە بەڕاکردن و شـپـرزەیـیـەوە خـۆی بگەیەنێـتە سـەر تراکتـۆرەکە، ژنەکان لـەودیوو تاوێرە بەردەکانەوە بـەپیری هاوارو غەڵبـەغەڵبی خـەڵکەکەوە

گەیشتنەوە لای تراکتۆرەکە، یەکێک لە پیاوەکان برنەوەکەی لە دەستی مروەت سەندبوو چەند جارێک میلی برنەوەکەی دەهێنایەوە و فیشەکەکانی لێفڕێدەدان، یەکێک لە بەتەمەنترین پیاوانی ناو عەرەبانەی تراکتۆرەکە بەسەر مروەت دا چەمابوەوە و هێدی هێدی دەستی بەسەر سەریدا دەهێنا.

ــ کچی خۆم بیر لەکاری وانابەجێ مەکەرەوە، گەر تۆش بڕۆیت ئەی ئەو کچ و کوڕەت بۆکێ بەجێدێڵی؟!

ژنەکان بەدەم سەرکەوتنەوە بۆ ناو عەرەبانەکە کەوتبوونە ڕنینی قژو لێدانی دەموچاویان، پیاوە بەتەمەنەکە بەنیگایەکی سەرزەنشت و گلەییەوە لەچاوی ژنەکانی دەڕوانی و بەتیلەی چاوێک تێی گەیاندن کەچیتر لەسەر بەسەرهاتەکە نەڕۆن، لەوکاتەدا کۆمەڵێک چەک لەشانی تر لەکلکەی ڕێگاکەوە گەیشتبونە تراکتۆرەکەو لەگەڵ خەڵکەکەی تردا خۆیان بەعەرەبانەکەوە هەڵواسی بوو، لەگەڵ جوڵانی تراکتۆرەکەدا هەمووان بێدەنگ بوون و پێچکەی تراکتۆرەکە پرشەی ئاوی چەمەکەی لەدوای خۆیەوە فڕێدەدا و جێ چاڵی پێچکەکانی پڕدەبوون لەقوڕاو لێلاوێک کەبەدەم شەپۆلەکانەوە ڕووەو خوار دەڕۆیشت و تێکەڵ بەکەفەژیلکەی سەر ڕووی چەمەکە دەبوو، ژنەکان مینایان خستبوە باوەشی مروەت و هەردووک پێکەوە لوشکەلوش دەگریان، جەعفەر پشتی لەدایکی و ژنەکان کردبوو ڕووەو ڕێگا سەرەو ژورکەکەی دەڕوانی کە بەپێچ ودەورە بەناو قەدی شاخەکەی بەردەمیاندا سەردەکەوت، چەکدارەکان بەسەر ڕێگاکەدا کۆمەڵ کۆمەڵ وەک ڕەشاییەک بەسەر ڕووی ئەوشاخەدا سەردەکەوتن کەلەوێوە ئیدی شار دەکەوتە بەرمیانەی چاویان و بەئاشکرا دەبینرا.

ئەو پیاوە بەتەمەنەی کەلەپاڵ جەعفەردا پشتی دابوو بەئاسنی عەرەبانەکەوە دەستی کرد بەگرفانێکی شەڕواڵەکەیداو تاقمە دانەکەی لەقوڵای گرفانیدا دەرهێناو دوای هەندێ فوو لێکردن خستیەوە ناو دەمی و چەند جارێ شەویلاگەی بۆ جوڵاندو بەدەم خۆیەوە دەیووت:

ــ خوا خراپتر نەدات.

پیاوەکە کەئەم ڕستەیە لەزار هاتەدەرێ کەمێک لەجێگاکەی خۆی جوڵایەوە

وەک بەو دەنگە ڕازیبێت کەبەهۆی تاقمەکەی دەمیەوە ئاسایی دەکەوتە بەرگوێ.

یەکێک لە ژنەکان بە جاجمی سەر دارەمەیتەکە سەری کانەبی داپۆشی و ووتی: با ئەو خۆرەتاوە هێندە لەدەموچاوی نەدات و ئەوەندەی تر نەپەنمێ، کچەکەم بەس بگری ئیدی قەدەرەو هاتووە، شینەکە بۆتە شینی هەموان و کۆستەکە کۆستی گشتلامانە.

یەکێک لەوانەی کە خۆی بەعەرەبانەکەوە هەڵواسی بوو بەهاوڕێکەی تەنیشتی وت: دەڵێن دوای مۆرکردنی پەیمانەکە ئەزبەنی ئیتر هیچی بۆ نەکراوەو چۆتە دوڕیانێک چاوبەگریان ڕەق ڕاوەستاوە، دەستی هەموو ئەو هاوڕێیانەشی گوشیوە کەبەرەو شار چونەتەوە، پێی گوتون تازە ئێمە لەبەین چوین و بێ دۆست و هاوڕێ ماینەوە، زەمەنێکی دەوێت تادنیا پێمان ئاشنادەبێتەوە، خوداتان لەگەڵ کێ دەڵێ جارێکی تر ئەزبەنی خۆتان دەبیننەوە. دەڵێن هەرکێ بەوێدا تێپەڕیوەو ئەزبەنی بەوشێوەیە بینیوە خۆی بۆڕانەگیراوە و خوێن لە چاوانیان باریوە.

لەسوچێکی تری عەرەبانەکەوە چەند سەرێک نزیک یەکتری بووبوونەوە.

ـــ دوێنێ و پێرێ خەڵک لە شار گەڕاونەتەوە، دەڵێن لە قەباڵەی ئەو چەکانەی بردوویانەتەوە پارەیان داونەتێ و ناونووسیان کردوون.

ـــ گووم کردە پارەی ئەو ئاسنە ساردانەش کە دەماندەنێ: یەکێکیان بەتووڕەبوونەوە بەوەی تەنیشتی ووت.

وڕەی تراکتۆرەکە کەبەپێچەکانی ڕێگاکەدا سەردەکەوت بەسەر دەنگی خەڵکەکەدا زاڵ بووبوو، لەبەرزایی شاخەکەوە گردۆڵکەکان کەوتبوونە نشێوی و جارجارە دەنگی ئەو باڵدارانە دەبیسترا کە لەناو سنگی دەوەنەکانەوە هەڵدەفڕین و بەسەر تراکتۆرەکەدا دەڕۆشتن و لەلووتکەی شاخەکەوە ڕووەو شار نزم دەبوونەوە و لەچاوان ووندەبوون، جەعفەر ئێرەیی بەباڵدارەکان دەبرد کە لەودیو بەرزاییەکەوە پێش ئەو شاریان بەدی دەکرد، تراکتۆرەکە کەدوا پێچی ڕێگاکەی بڕی وچووە سەر نواڵەی ڕێگا تەختەکە ووڕەوڕو دەنگەکەی نزم بۆوە، هەموان لەجێی خۆیانەوە ملیان قیت کردبووەو بەچاوێکی زیتەوە

لەشـاریان دەڕوانی، بۆ چەند سـاتێک بێدەنگی هەمـویانی داگرت و هەسـتێکی هـاوبەش بەدڵ و دەرونی هـەمـویاندا ڕادەبورد، ئەو کـەسـانەی کـە خـەڵکی شـار بوون و سـالآنێک بـوو شاریان نەبینی بوو، هـەر یەک لەلای خـۆیەوە بەرەو کۆڵان و گـەڕەکەکـانیـان چاویان دەگـێـڕاو تەزویەک تێکەڵ لەشـادمـانی و خـەمـێکی قــورس بەرســینەی دەگــرتن و هـەناســەیەکی ناکــامی قــوڵ و بڕسکاویان هەڵدەکـێـشـا، شـاریش لـە ژێر دەزولە تیـشکی هەتاوەکـەدا خـەریک بوو گـەرم دادەهات، لەدوورەوە شـوشـەی پـەنجەرەی هـەورەبانی مـاڵەکان و قیرتاوی سـەر شەقامەکان دەبریسکانەوە.

ــ خوالێت خۆشـبێت و ئەمشـەوت لەهەموو شـەوێکی تر خـۆشتربێت. دایکی ئەمەی ووت و بەسـەرپۆشـەکەی فرمێسکەکانی چاوی سڕین.

دەنگی پێکادانی دڵۆپە بارانەکـان لەناو حـەوشـە تاریکەکـەدا نەدەبیسـترا جگە لەدەزولـە چۆڕاوگـەی بەر پلوسکی سـەربانەکـە نەبێ. هێندە نـەبوو دەنگی پرخە پرخەکەی مینا بێدەنگ بووبوو، جەعفەر لەجێگەکەی خۆی هەستاو بەرەو ژوورەکەی مینا چوو، مینا قەدەرێک بوو لەژێر لێفەکەیەوە لەخەو ڕابووبوو.

ــ مینا گیان ئەوە هەستاویت؟ جەعفەر پێیووت.

مـینا چاوەکانـی وەک گوڵە ئەسـتێرە لەناو تاریکی ژورەکەدا دەتروکاندن، دوای کەمێک تێڕامان لەجەعفەر بەسەرسامیەوە پرسی:

باشـە، باشـەکە، ئێ، ئێمە، لەقوڕ دروست کراوین باشـەکە باران، لێمـان ئەیات،بۆ نا...نا...ناخوسێینەوە...ها.ها؟!

## بورجی ئەستێرە

ــ ئەستێرەکە... ئەستێرە، لەکەلی ئاسمانەوە... وەرە هەردوو دەستمەوە... تا، تا!

کەریم تەنها ئەم دێڕەی لە گۆرانیەکەی منالّی لە یادماوە، ئەستێرە ئەو پردە ئەفسونیەیە کە دەیگەیەنێتە ئەو بیرەوەریانەی کەدەستی گەورەبوون پێیان ناگات. ئەو هەرگیز نایەوێت بەئاوەزێک بیر لەئەستێران بکاتەوە کەزمانی لۆژیک و ئەستێرەناسەکانە، ئێستاش کەشەوانە لەپرشنگی ئەستێرەکانی ئاسمان دەڕوانێ چاوەکانی پڕدەبن لەفرمێسک و بۆ بیست ساڵ پتری ئەو سەروەختەی کەناویان نا کەریمە ئەستێرە بیرەوەریەکانی دەکەونە ڕێ.

کەریم شەوانە دوور لەدەنگەدەنگ وهاوارو ناڵەی منالآنی گەڕەکەکەیان، لەسیلەی کوچەو کۆلآنەکاندا... لەکونج و پەناو پاسارەکاندا... لە کەلاوەکانی نزیک بە ماڵی خۆیان، لەهەموو ئەو شوێنانەی کەچراو تیشکی زەردی گلۆپی شەقام و ماڵەکانی پێنەدەگەیشتن، لەوشوێنە تاریکانەدا کەچاوی پشیلەکان بەبێ ترس تیادەتروکان، ئەو چاوی بەئاسمانی پڕ لە تریفەی مانگ و ئەستێرەی ئەو شەوانەدا دەگێڕا، بەکاوەخۆ چاوی دەگێڕا بێ بواردن لەهیچکام لەو ئەستێرانەی بەقولآی ئاسماندا چەقی بوون تاگەشترین و قەشەنگ ترین ئەستێرەی دەدۆزیەوە، ئەوسا لەپی هەردوو دەستی دەکردەوەو لەئاستی ئەستێرەکەدا ڕایدەگرت، دوای تۆزێک لەرزینی پێڵوەکانی چاوی دەنوقاند، لەژێر لێوەوە دەستی بەووتنی گۆرانیەکە ئەکرد، بۆ چەندجارێ لەسەر هەمان ئاواز گۆرانیەکەی دەووتەوە، تکای لەئەستێرەکە ئەکرد لەبەرزای ئاسمان بێتە خوارەوەو لەناو لەپی دەستەکانی دا بنیشێتەوە، بۆئەوەی ببێتە

خانەخوێیەکی بچوک و میوانداری بکات... تائەو شەوە لەگەڵ خۆیدا بیباتەوە ماڵەوەو لەنێو تاریکی ژێر لێفەکەیدا تێر لەیەکتری بڕوانن، دەیویست ئەو پرسیارەی لێبکات ئایە ئەویش وەک چراکەی ژور سەری دایک و باوکی بەنەوتی تەنەکەو ڕەحەتیەکەی مامەی گۆپاڵی نەوت فرۆش دەسوتێت؟ ئەی گەروایە چۆن گوێدرێژە سپییە لاتەکەی مامەی گۆپاڵ دەتوانێت بۆ ئاسمان بچێت؟ بەلام کەبرین و زامی بێ قەتماغەی گوێدرێژەکەی دەهاتەوە پێش چاو دڵنیا دەبوو لە وەلام دانەوەی پرسیارەکەی.

هەر بۆیە کەریم نەیدەهێشت منالانی گەڕەک بەلوعەی بەرمیلی عەرەبانە نەوتەکەی مامەی گۆپاڵ بەربدەنەوە، هەر هێندە بیزانیایە منالەکان بەدزە دزە خۆیان کوڕ دەکەنەوەو بەرەو بەلوعەی پشتی عەرەبانەکەی دەچن، لە دوورەوە هاواری دەکرد:

ـــ گۆپاڵ قامچییەک بۆدواوە.

کەریم فریای ئەوە نەدەکەوت دووبارە هاوارەکەی بکاتەوە سەری قامچییە ڕەشەکەی دەستی گۆپاڵ وەک دانی مار گازی لە گۆشتی جەستەی ئەو منالانە دەگرت کە لەدوای عەرەبانەکەوە بوون، کەریم ئەو کاتانە هەستی بەخۆشییەکی بێ سنور ئەکرد، دڵنیا ئەبوو ئیتر ئەو شەوە ئەستێرەکان ناکوژێنەوە، گۆپاڵیش ورتە ورتی جنێوێکی لە دەم بەردەبۆوە بەبێ ئەوەی تاڵە سپیە تێکەڵ بووەکانی ڕیش و سمێڵی کەمێک ببزوێن و بەر دەم و لێوی بەربدەن، زۆرجار کەریم وایدەزانی ئەو دەنگە لە گوێدرێژەکەیەوە دێت، دوای ئەوەی منالەکان دوردەکەوتنەوەو گۆپاڵ چەند قامچییەکی لە پشتە ڕەق و خوێناویەکەی گوێدرێژەکە دەسرەواند بەبێ ئەوەی پێچکەی عەرەبانەکە ڕووەو خێراتر بجوڵێتەوە، لە دوورەوە پشتە کۆمەکەی گۆپاڵ بەسەر عەرەبانەکەوە کۆمتر دەبۆوە تاگەروی کۆلانێک قوتی دەداو دیار نەدەما.

کەریم حەزی دەکرد هەموو ڕۆژێک ئەو هەلاجەی کە بەخۆی و کوتەک و کەوانەکەیەوە بەکۆلانەکاندا هاواری دەکرد بانگی بکات و بیباتەوە بۆ ماڵەوە تاکو لۆکەی ناو لێفەو دۆشەک و سەرینەکانیان بۆ شیبکاتەوە، ئامین هێندەی دۆشەک و لێفە میزاوییەکانی کەریمی شۆردبوون لۆکەی ناو دۆشەک و

لێـفـەکـەی قـورس بـوبوون و نیـشـتـبـوون تابووبوونە گـرێ، ناچار دایکی هەلاجەکەی بانگ دەکرد تا لۆکە میزاوییەکانی بۆ شی بکاتەوە.

کوتەکی دەستی هەلاجەکە کە دەیدا لە تەلی کەوانەکە ئاوازێکی لەگەڵ جوڵەی لەشی هەلاجەکادا دروست دەکرد، کەریم لێدانی تەلی کەوانەکەی زۆر پێخۆش بوو کە لۆکەکەی ڕیشاڵ ڕیشاڵ دەکردو فڕێی دەدایە بەردەمی هەلاجەکە، لەگەڵ گوێ ڕادێرانی بۆ ئەو ئاوازە چاوی دەبڕییە جولانەوەی تەلەکە هەتا تەلەکە دەبووە شریتێکی سپی لەبەرچاویدا، زێدەتر چاوانی تێدەبڕی تادەبووە پەنجەرەیەکی درێژی باریک، لەوێوە خۆی دەبینی گەورە بووە، جلکی جوان و نوێی لەبەردان... گیرفانەکانی پڕن لە دیناری شینی قەدکراو لەسەر یەک، سواری پاسە درێژە سورەکان دەبوو بەبێ ئەوەی لە شۆفێرو جابی پاسەکان بترسێت، لە پەنجەرەی خاوێنی پاسەکانەوە لەشەقام و کۆڵانەکانی شاری دەڕوانی، تادەگەیشتە ئەو گەڕەکانەی کەهەرگیز بەپێیان پێیان نەگەیشتبوو، لەوێوە بەبەردەم دوکان و بازاڕەکانی شاردا ڕەتدەبوو، لەسبەینانەوە سواری پاسە سورەکان دەبوو، لەم پاسەوە دەچووە ئەو پاس، کام کورسییە نەرم و خۆش بوایە لەسەری دادەنیشت، لەبەر دەرگای سینەماکان دادەبەزی و بابۆڵەی قاورمە پڕ لەکەوەرو تەماتەکانی بە چەند قەپێک دەخواردن، لە دوکانی شیرینیەکان چەند شیرینیەکی لە زار دەنا، تێر بەسکی شەربەتی مێوژی دەخواردەوەو خۆی دەکرد بەسینەماکەدا،لەگەڵ منالانی تردا فیکەی دەکێشاو هاواری دەکرد، کۆکایەکی بەکابرای دەست گێڕی ناو سینەماکە هەڵدەپچڕی، لەگەڵ هەر قومێکدا نزگەرەیەکی دەکردو چاوەکانی و کونی لووتی پڕ دەبوو لەئاو، بە دەستێک دەنکە کوولەکەی دەکرماندو بەدەستەکەی تر دەنکە قەزوانی لەژێر دان دەنا، لەسینەماکە دەهاتە دەرێ و سواری پاسە سورەکان دەبۆوە، لەپەنجەرەی پاسەکانەوە لە جامخانەو شووشە بەندی دوکانەکان و گڵۆپە سەوزو سورەکان وورد دەبۆوە.
لەپڕ کوتەکی دارەکەی دەستی هەلاجەکە لەلێدانی تەلی کەوانەکە دەوەستا، ئاوازەکە خاو دەبوەوە. پەنجەرەکە باریک... باریک دەبۆوە، باریک... تا خۆی دەبینیەوە لەبەرامبەر هەلاجەکەدا دانیشتووە، قژو دەم و چاوی بەگەردی

ووردی لۆکەکە وەک قژ و دەم و چاوی هەلاجەکە سپی دەبوون، بۆنێکی وشکی میزاوی لەلۆکەکە هەڵدەستا، کەریم خێرا بێ ئەوەی بهێڵێت دایکی و هەلاجەکە پێی بزانن بەدزییەوە هەردوو گیرفانە دڕاوەکانی شەرواڵەکەی پڕدەکرد لەلۆکە نەرمەکە، ڕووەو دەرگای حەوشەو کۆڵان ڕایدەکرد، لەبەردەرگای ماڵی خۆیاندا ڕادەوەستا هەتا گۆپاڵ و گوێدرێژەکەی بەوێدا تێدەپەڕین، لۆکەی هەردوو گرفانەکانی دەدا بەمامەی گۆپاڵ تابیخاتە سەر پشتی گوێدرێژەکەی. کە نیوە شەوانێک کەریم هەستی دەکرد تازە کار لەکار ترازاوەو میزی کردووە بەدۆشەکەکەیدا توشی پەشیمانی و هەست کردن بە شەرمێکی گەورە دایدەگرت، بەڵام دوای کەنگێ خۆخواردنەوە دڵی خۆی بەوە دەدایەوە لۆکەی دۆشەکەکەی ماوەیەکی تر دەکەوێتەوەبەر ئاوازی کەوان و کوتەکی دەستی هەلاجەکە و خوێنی سەر برینی ڕۆژێکی سەر پشتی گوێدرێژەکەش بەوە کەمێک دەگیرسێتەوە.

شەوانە هەمیشە گۆرانیەکە لە سەر زاری بوو... تکای لەئەستێرەکە دەکرد، دەپاڕایەوە تاڕادەی دڵ پڕبوون، لەدۆعای سەر بەرماڵی نوێژەکانی دایکیەوە فێربووبوو دەیوت:

ــ(دەخوایە گیان، بەساقە سەرتبم، کێ دەتوانێ سەرپێچی لەکاری تۆدا بکات...) خوایە گیان پێی بڵێ کەمن ئەو ئەستێرەیەم زۆر خۆش دەوێت، بۆچی تەنها جارێک نایەتە سەر دەستم.

شەوانە دوای گۆرانییەکەی لە یەکەوە تا...دەی دەژمارد، ئەوسا لەناو لەپی هەردوو دەستی دەڕوانی، دوای ئەوەی دڵنیادەبوو ئەستێرەکە نەهاتۆتە سەر هەردوو لەپی دەستی، تیلەی چاوێکی بەگلەییەوە دەگرتە ئەستێرەکە تابزانێت بەرەو تکاو پاڕانەوەکەی هاتووە. کەدەیبینی ئەو ئەستێرە پرشنگدارەی ئەم چاوەڕوانی دەکات لەنێوەندی ئەستێرەکانی تری ئاسماندا دەدرەوشێتەوە، نائومێدییەکی گەورە دایدەگرت و ئەو دڵەبچکۆلەیەی دەدایە بەر ڕەحمەتی قامچی ئەو هەڵە گەورەیەی کە کردوێتی.

ــ بۆ تێم ڕوانی ... بۆ چاوەکانم کردەوە؟!

دووبارە دەستی دەکردەوە بەگۆرانییەکە، چاوەکانی توند دەنوقاندن

لەسزای ئەو هەڵەیەی کەپێی وابوو شەیتان پێی کردووە، لە یەکەوە تا دە...ی دەژمارد ئەوجا پەنجە توتەی قاچی لە زەویەکە توند گیردەکردوو دەیوت.

ــ یەک هەر خوایە.

بەو شێوەیە لەگەڵ توندکردنی هەر پەنجەیەکی تری لە زەویەکە ژمارەکانی لەژێر لێوەوە دەژمارد تا دەگەیشتە ژمارەی سەد. پەنجەکانی قاچی گرژ دەکردن و لەسەر نوکی پێ ڕادەوەستا... ئای لەودەمانەدا چەندی حەز دەکرد کەنەک هەر تەنها دوو قاچ بەڵکە سەدان قاچی هەبێت تائەو هەڵە گەورەیە نەکاتەوەو پێڵوی چاوەکانی لەیەکتر نەترازێنێ، لەوە زێدەتر خۆی بۆ ڕانەدەگیراو چاوەکانی دەکردنەوە، لەپێشدا لەهەردوو لەپی دەستی دەڕوانی، دواجار بەدزە نیگایەکی پڕ لەشەیدای و دڵشکان و حەسرەتەوە لەکەلی ئاسمان ورد دەبۆوە تا ئەستێرەکە ببینێت، دەیبینی لەشوێنی خۆیدا بریسکەی دێ و بستێک چییە نەجوڵاوە، ئەوسا بەڕق و قینێکی گەورەتر لەجاری پێشوو دڵی دەدایە بەر قامچی ئەو هەڵەیەی کە دووبارەی کردەوە، لەزەتی لەو ئازارە دەبینی، حەزی دەکرد ئەم جارە دڵی بخاتە بەر قامچییە ڕەشەکەی دەستی مامەی گۆپاڵی نەوت فرۆش کەهەروەک و ڕەش مار دەفیشکێنێ، تادڵیشی وەکو پشتی گوێدرێژەکەی ئەوی لێبێت، ئەودەمە ئەو ئەستێرە جوانەی کە خۆشی دەوێت بەزەیی پیادا دێتەوە و لۆکەی هەورە سپیەکانی خوای بۆ دەدزێ و دەیخاتە سەر برینەکانی دڵی.

ــ ئەستێرەکە توبی توخوا! تو خدری زیندەو مەرقەدی ئەو شێخ و مشایەخانەی کە دایک و باوکم، هەموو ڕۆژانێکی چوارشەممان دەچنە سەری وەرە خوارێ.

شەوێک نەبوو، دوان و سیان و، سەد شەو نەبوو، تادەهات زیاتر ڕقی لەیاری و دەنگە دەنگی منالانی گەڕەکەکەیان هەڵدەستا، ڕقی لەبازنەی کێشراوی سەر دیوارەکان بوو کەمنالان یاری بوژانەوەیان دەکرد، ئای... کەریم چەندەی حەزدەکرد بازنەی سوری هەردوو لەپی دەستی ببێتە شاری ئەو ئەستێرەیە، تاکو بگاتە لای و پێش ئەستێرە کزو بێ ڕەنگەکانی تر خۆی ببوژێنێتەوە.

لەزۆربەی ئەو شـــەوانەدا شـــوێنی دیاری کـــراوی شـــەوانی پێـــشـــوی ئەسـتێرەکەی لێوون دەبـوو، پرشنگی ئەسـتێرەیەکی تر لە بەرچاوی دا خـۆی دەدرەوشانەوەو ئیدی کەریم حەزی لێدەکردو گۆرانی بۆ ئەو دەوت.

هەردوو لەپی دەسـتی دەکـردەوە، چاوەکـانی دەنوقـاندن، گـۆرانیـەکـەی دەوتەوە، لێوی دەکرۆشت، گازی لەسەری زمانی دەگرت، تاشەیتان بەڕیشە زبرەکـەی برژانگ و پێـڵوی چاوانی ختـوکە نەدات، بەڵام دیسانەوە خـۆی بۆ ڕانەدەگیراو زەردەخەنە لەسەر لێوی دەنیشت، لەزەتی ئەو ختوکەیە مێرولەی بەدڵی ئەکرد:

ــــ خـوایە... تۆ...بە! بەئەقـڵی منداڵی خـۆمم لەگەڵ بکە! ئەسـتێرە گـیـان! بڕوابکە هێندەی هەموو منالآنی کۆلآنەکەمان خۆشم دەوێی.

عەشقی ئەستێرە تادەهات پەلیدەکێشاو گەورەتر دەبوو، نوشتەکانی بەرۆک و پشـتی لەسـەرەتای ئەو عـەشـقـەوە لەیەکێکەوە بوون بەسـیان، ئـای چەندە کـەریم ڕقـی لەهەورە بـۆرو چڵکنەکـان هەڵدەسـتـا کـەلەنێـوان نیگای ئەوو ئەستێرەکاندا دەبوونە لەمپەری تێڕوانینەکانی، جارنەبوو کەریم تادرەنگانە شـەوێک لەشـوێنە تاریک و چۆڵەکـاندا ئێـشک نەگـرێت، منالآنی گـەڕەک لەقاووقیژو یاریەکانیان دەبونەوەو هەریەک بەکەنەفتی و ماندوبونەوە دەچونەوە ماڵێ و یەک تەختەو کفت لەناو جێگاکانیان دا دەمودەست لێی خپدەبوون و دەنووستن، کـەریم تائەو دەمــەش پەناو پاسـارە تاریکەکـانی جـێنەدەهێـشت کـەبەدەگـمـەن منالآن دەیان وێرا بەتەنێ لەو جـێـیـانـەوە تێـبـپـەڕن، بەردەوام دووبارەو دەبارە گـۆرانیـەکـەی دەوتەوەو لەگـەڵ هەر دووپاتکردنەوەیەکی گـۆرانیەکـەدا هەوڵی ئەدا خـۆش ئاوازتر ووشـەکان لەقوڕگ و سـەر زاریەوە بێنەدەرێ، دوای ئەو نائومێدی بوونەی لەدەست ئەستێرەکە حەزی دەکرد نەک هەر دڵە بچکۆلانەکەی بەڵکە هەموو جەستەی بەدەستی خۆی بەقامچیەکەی مامەی گۆپاڵ وەک پشتی گوێدرێژەکە بکاتە برینێکی گەورەی هەمیشە بەسوێ و کـولاوە. زۆربەی ئەو شـەوانە فـریای تلانەوە و چێـژوەرگـرتن لەو ئازارە نەدەکەوت لەپڕ لەپشتـەوە زللەی باوکی دەیهـێنایەوە هۆش خۆی، خـۆی لەبەر زللەو لێدانی دەستی باوکیدا قوتار نەدەکردو چێژی لەو ئازارانە دەبینی، ئازار

لەپای خۆشەویستیەکدا کەکەس نەبوو لەو عەشقە تێبگات تەنها کەریم خۆی نەبێت، ئامینش لەکاتی هەڵچون و تورەبونی کەمال دا لەو جوێنە خەست و تەزێنەرانە بێبەش نەدەبوو، ئیدی نیوە شەوان تابەیانی کەریم خەونی بەئەستێرەکانەوە دەبینی و لەباوەشی دەگرتن، لەخەونەکانیدا ئەم خۆی دەچووە ئاسمان و بەنێو کۆلانی درێژو پرشنگداری ئەستێرەکاندا دەڕۆی و گۆرانی دەوت، ئەستێرە کزولاتەکانی لەئاسمانەوە دەهێناو بەلوعەی بەرمیلە نەوتی حەوشەکەیانی بۆ دەکردنەوە و تێر نەوتی تێدەکردن و ئەوسا بەشەوق و پرشنگەوە بەرەو ئاسمان هەڵی دەفڕاندنەوە، لەخەونەکانیدا ئەستێرەکانی بەسەر منالانی کۆلانەکەیان دا دەبەخشییەوە، منالان ئەستێرەکانیان بەسەر دەرگای مالەکان و درەختەکاندا هەڵدەواسی، کەریم لە هەموو ئەو جێ پەناو پاسارانەی کەشەوانە تیایدا ڕادەوەستاو گۆرانی بۆ ئەستێرە پرشنگدارەکە دەوت ئەستێرەکانی لێدادەنان، ئیدی منالانی گەڕەکیش وازیان لەیاریەکانیان دەهێناو هەموو گۆرانیان بۆ ئەستێرەکان دەووت، کۆلانەکەی مالی کەریم پڕی بوو لەئەستێرە، سەربانەکان و بەر دالانی مالەکان و ژوورەکان هەر ئەستێرە بوو تیایاندا دەدرەوشایەوە، خەڵکی ئیتر پێویستیان بەچرا کزو گلۆپە زەردەکان نەمابوو، کۆلانەکەی ئەوان ڕوناکترین کۆلانی نێو شار بوو، هەرچی منالانی شارە دەهاتنە ئەوێ و بە یەک دەنگ گۆرانی ئەستێرەیان دەووتەوە، هەموو منالەکان کەریمیان دەناسی و کەریمیش خۆی بەخاوەنی هەموو ئەستێرەکان دەزانی، لەخەونەکانیدا نوشتەکان بە بەرۆکی کراسەکەیەوە نەمابوون و هەموان باسی وریایی و زیرەکی کەریمیان ئەکرد، منالەکان تا شەوان درەنگ لەگەڵ ئەستێرەکاندا یاریان دەکرد و شەوانەش لە ژێر تاریکی لێفەکانیانەوە بەدەم قسەکردن لەگەڵ ئەستێرەکاندا وەنەوز دەیبردنەوە و تاریک و لێڵی بەیانی ئەستێرەکان دەکشان و دەچونەوە ئاسمان، برینەکانی سەر پشتی گوێدرێژەکەی گۆپاڵیش خۆش بوو بوونەوە.

هەزارەها خەونی ڕەنگینی ئاوا شەوانە دیدەنی کەریمیان دەکردو کەڕۆژیش دەهاتەوە خەڵکی لەگەڵ بینینی کەریمدا بزەیەک دەیگرتن و لەژێر لێوەوە باسی کەریمیان دەکرد، منالانی هاوتەمەنی خۆشی بەکەریمە ئەستێرە

بانگیان دەکردو پێی پێدەکەنین. بەڵام ئەوەی کەتائێستا لەیادی کەریمدایەو هەرگیز لەبیری ناچێتەوە ئەو تەنها خەونە بوو کەبووە سنوری گەورە بوون و پچڕانی ئەو عەشقەو دواتر  هەڵگرتنی لەدڵ و دەرونی خۆیدا.

( ئەستێرە پرشنگدارە خۆشەویستەکەی شەوانی تکا و پاڕانەوەی لەناو هەردوو لەپی دەستی کەریمدا دەدرەوشایەوە، لەخۆشیاندا کەریم دەمی گۆی نەدەکردو کەوتبووە کلیلە، لەعەزرەتدا قاچی زەوی نەدەگرت، ئەستێرەکە بەسەر زەنشتەوە دەدواو لەگەڵ کەریمدا قسەی دەکرد:   تائێستا خۆشت نازانیت کەتەنها منت خۆش دەوێت یا،... یا هەموو ئەستێرەکانی ئاسمان...

لەگەڵ کپ بوونی دەنگی ئەستێرەکەداو خۆ ئامادەکردنی کەریم بۆ وەڵامدانەوەی، ئەستێرەکە لەناو لەپی دەستیدا کشا... کەریم ڕاچڵەکی و هاواری کرد، من.ن.مااا...) لەگەڵ ڕاچڵەکینی کەریمدا کەمال و میناش لە خەو ڕاچڵەکین، پەلاماری هەردوو دەستی کەریمیاندا کەتائەو کاتەش بەرەو ئاسمان بەرزی کردبوونەوە، کەریم هێشتا خەونەکە بەری نەدابوو، هەستی دەکرد دەستەکانی بەدوای ئەستێرەکەدا درێژ دەبنەوەو دەکشێن، ئاویان کرد بەدەمی کەریمەوە، فرمێسکە درشت و گەرمەکانی چاویان بۆ سڕی، پەنجە ساردەکانی لەناو دەستی دایکیدا مت بووبوون، ئەو شەوە هەرسێکیان تابەیانی خەو نەچووە چاویان. دوای ئەو ڕۆژە نوشتەکانی بەرۆک و پشتی کەریم گەورەترو زیاتر بوون، کەریم تاگەورەبوو مانای ئەو خەونەی بۆ لێکنەدەدرایەوە، بۆ دەبێت خۆشەویستی تەنها لەگەڵ یەک ئەستێرەدا بکرێت؟!
لەو سەروەختەوە منالانی دەرو دراوسێ و گەڕەکەکەیان بانگیان دەکرد کەریمە ئەستێرە...زۆرجاران دەکرایە پێخۆری و گاڵتەجاڕی منالان، تائێستاش زۆربەیان بەزەردەخەنەوە بە کاک کەریمە ئەستێرە سڵاوی لێدەکەن، نەک ئەو سەردەمە بەڵکە ئێستاش کەریم بەو نازناوەی تووڕەنابێت و خۆشی بۆدێت کەبەو ناوەوە بانگی دەکەن، هەست دەکات لەگەڵ ناوەکەیدا ئاوازێکی مۆسیقی گونجاوو خۆشی هەیە ( کەریمە ئەستێرە).

ئێستاش شەوانە کەلەسەر جێگەکەی ڕادەکشێ و لەئەستێرەکانی ئاسمان ورد دەبێتەوە لەگەڵیاندا هەست بەگەورەبوون ناکات، بەڵام هەستێکی تر تێکەڵ

بەوهەستەی منالّی دەبێت، هەستێک کەئاوێتەیە لەبیرکردنەوە لەلەشی ئافرەت و وروژاندن، وەک بەوەی پەنجەکانی بەسەر جەستەیەکدا بهێنێ تا دەگاتە بەرزترین پلەی لەزەت...

ــ ئەستێرەکە، ئەستێرە... لەکەلی ئاسمانەوە... وەرە هەردوو دەستمەوە! تا هـ هـ هـ هـ!!!!!!!

## بـورجی هـەرەس

بە بارتەقای دوربینـەکەی بـەرچاوی کانەبی تۆمـای زەوی تەقی بوو، کانیـەکان لەژێر بەردەکـانەوە قـوڵپـە قـوڵپـیـان دەهات و ئەردی بەردەمـیـان شـین بووبوون، تاوێرو گـاشـەبەردی شـاخـان لەبەر تیـشکی خـۆرەتـاوەکـەدا گـەرم ڕاهاتـبـوون، گـەنم و جـۆ بەبەرزی ئەژنـۆیەک لەژێر گـڵـمـتکی ئاڵی نێـو دەغـڵانەوە سـەریان دەرهێـنابوو بەدەم گـوڕی شنـەباکـەوە دەلـەنگانـەوەو شـەپۆلـێکی سـەوزیان دەنەخـشـاندو درێژ دەبوونەوە... تادەگـەیشـتنە بـەر وشکە کـەڵەکی سنووری کێڵگەکان و لەوێوە بۆن و بەرامەی گوڵە خاشـخاشـەی قنج و قیتی ناو بەردی کەڵەکەکانیان لەگەڵ خۆیاندا دەبرد، دوربینەکەی کانەبی ئەو ئاستەی دەبوارد و دەگەیشـتە سەر ئەو چەمە پیرۆزویـیەی کەبوو بووە پشتـوێنێکی پێچاوپێچی بەرکەمـەری گردەکانی بەردێ و بەرەوخـوار دەئاڵۆسکایە ئەو بەردە سپـیانەی کـەتانێـوەندی بـاڵایان لەقـەوزەدا سـەوز بووبوون، سـێـبـەری بەردەکـان لـەبنی قووڵی چەمـەکەدا تێکەڵ بەسـێبەری دارچنارەکـان دەبوون کاتێک لەگەڵ مەیلان بوونـی تیـشکی هەتاوەکـەدا باڵایان بـەرزو کـەڵەگـەت بەسـەر توێی پیـرۆزەی چەمـەکەدا دەکـشـا، لەگـەڵ لەرزینی دوربینـەکەی دەسـتی کانەبـی دا ئەو پۆلە کۆترە شینکانە دەبینرا کەبەسـەر تاوێرەکانەوە دەنیشـتنەوەو دواتر لەشـەقـەی باڵیـان دەدایەوەو وون دەبوون. دەفەی شـانی کانەبی لەبەر شـاڵاوی برسێتیـدا کوڕ بووبوەوەو دەسـتـەکانی دەلەرزین، بنیـادەم لەکاتی برسێتیدا بیـرکردنەوە و ڕەنگ و ڕوی هێند دەشـێوێت کەبـەزەحـمـەت دەتوانێت زنجیـرەی بیـرکـردنەوەو خـەسـڵـەتی خـودی خـۆی بەشـێوەیەکی ئاسایـی پیشـانبدات، بەڵام هـەنوکە ئەو پیشـاندانی خـەسـڵـەتە بەبارێکی تردا دەگۆڕێت کـەمرۆڤ ئەو بڕیاری بـرسێـتی بونە لـەدەسـتـی خـۆیدابێت ئەوسـا زنجـیـرەی بیـرکـردنەوەکـان بەبارێکی تردا

خۆیان دەخەنەڕوو کەلەکاتی تێریدا هەرگیز بەو چەشنە هەستیان پێناکرێت، هەر ئەو بارە دەروونیە بوو کەوای لەکانەبی دەکرد بیرلەو گفتانەی باپیرەی بکاتەوە کەسالآنێکی زۆر بوو بەبیریدا ڕانەبوردبوون:

ــ(کوڕم ئێمە سەروەختانێک دوور لەئێستا، لەو کەژو کێفانەدا هەر بەدوومان مەڕێکمان دەکوشتەوە، لەبەرەوە دووگەکەیمان توێ توێ ئەکردو لەسەر کەڵەپشکۆ دەمان چزاندو دەمان خوارد تا ئیشتهامان دەکرایەوە، دواتر پەراسوەکەیمان لەگەڵ وولَمە گۆشتەکەیدا پڕخوێ ئەکردو لەنێو چکڵی ئاگرەکەمان دەنا، بۆچڕوکی گۆشت و دووکەڵ دەگەیشتە کەڵکەلەی ئاسمان، ئەو هەمکە ئێسقان و چێوەش کەلەبەر کۆشمانا مۆڵ ئەبوو بەزەحمەت سەیەکانیش لمۆزیان تێوەئەژەندو ئەیان لێستەوە. دواتر بەچەوری دەست و پەنجەشمان سوێڵمان قیت بائەیاو ئەوسا بەعەزرەت ئەووەبوم ئەو چەمەی خوار دێ هەمووی ببوایە بەچا ـ و ئەو تاوێرە سپیانەش بوونایە بەقەند تاتێر بەئیشتهای خۆم ئەو چایەم چۆڕبڕ بکردایە، ئەی چۆن کوڕەکەم ئێمە ئەوهابووین.)

ئەم یادگاریەی باپیرەی کانەبی دنیایەکی هێند دوور نەبوو لەبیرکردنەوەکانی کانەبیدا، بەلآم هەردوای بلآوبونەوەی هەواڵەکە هەستی ئەکرد ئیدی دنیایەکی دی هاتۆتە گۆڕی و ئەمیش ئەو مرۆڤەی پێش حەوتویەک لەمەوبەرنییە. کێوە قوچ و سەربڵندەکەی پشتیشیەوە بەدەنگی لوورەی بای بەرئەشکەوت و کونە تەیارەکانەوە بانگی کانەبیان دەکرد:

ــ تێن بەرەخۆت و هەڵزنێ بەسەرما گەرتۆ من بەسایەو مولکی خۆت دەزانیت، لەم دورە هەر لەترۆپکی منەوە دەتوانی شار ببینیت.

هەڵزنان بە کێوێکی واسەخت و دژواردا گەدەیەکی تێروپڕو بازوو مەچەکێکی بەهێزی پێویست بوو بۆئەوەی مرۆڤ هەست بەخاوەنێتی ئەم شاخ و کێوە سەر بڵندانە بکات، کانەبیش لەبەر هەیەجانی دەنگەکانی نێو دەرونی خۆی بۆ ڕانەدەگیراو لەپەیتا لۆچی نێوچاوانی قورس و ئەستورتر دەبوون، بەتولە ڕێی ژێر تاوێرو نسێی دارودەوەنەکان دا وەک بزنێکی سەرچڵ و شارەزا هەڵدەزنا، دەنگی شمشاڵی شوانەکە لەلاپاڵی خوار شاخەکەوە بەرز

دەبۆوە، نەوای شمشاڵەکە ئەوەندەی تر گڕی بەردەدایە دەرونی و ئاگری بەڕکا چوونی خۆش دەکرد، کانەبی تائەو ڕۆژەش تاقم و تفەنگەکەی لەخۆی نەکردبۆوە، دوربینە شۆڕبۆوەکەی بەرملی دەگەڵ هەموو گوڕبەخۆدانێک دا دەیدایەوە بەپشتوێنە چیتینیە پانەکەی و فیشەکلەغە چەپ و ڕاستەکەی سەر سنگیدا.

ــ گەمەی دووپشک و ئاگریان بۆ سازاندین، دەرگای سنورەکانیان کلۆمکردو دەروازەی شاریان لێمان خستە سەرپشت، ئەزبەنی ئێسکی شەهیدەکان هێشتا گەرمن، ئەزبەنی تفەنگەکانمان بەخوێنی خۆمان دەست کەوتووە، گەڕانەوەی ئەمجارەمان بۆ شار مانایەکی ترە، خۆفڕێدانە بۆ ناو جەهەنم، ئەزبەنی لەفکرێک ڕامێنە تاقوتاربین دەنا ئەمدیوو ئەودیوو هەریەکن، نەهاتە ئەزبەنی، ئەزبەنی چیمان لێهات، دۆستەکانمان … فریویاندایین!؟ فریویاندایین!؟.

کانەبی دەنگی گریانەکەی بۆ ڕانەدەگیراو دەنگی شمشاڵەکەش تادەهات زیاتر تاوی دەسەند.

ــ پیاو دەبێت تەنها لەم ڕۆژانەدا بگری:

کانەبی لەبەر خۆیەوە وایدەووت و دەنگی گریانەکەی بەرز دەبۆوە.

ــ ئەم کێوانە بەدەگمەن پیاوی گرینۆکیان دیتووە، بڕوانە ئەو دارو دەوەنانە چلۆن چاویان تێبڕیویت، ئەم گریانەت لەچی یە کانەبی، بۆ کیرە لە ددانەکانت هەڵدەستێنی و وەک ژنی پەژیوان لالێوت دەگەزی؟ بۆ کارێ دەکەیت گوریسی شەڕواڵەکەت لەبیر بچێتەوە! ئەو گوریسەی چەندان جار لەسەنگەری نزیک دوژمن و مەتارێزەکاندا، لەگەرمەی شەڕو بەیەکاپژاندا ئەژنۆت واشەتەک دەبەستەوە کە خوێن بەدەمارەکانیاندا نەڕوات نەکا ترس دڵت کرمێ کاو هەڵبێی.!

پۆلە کەوێک بەدەم قاسپەوە لەبەرزاییەکەی بەردەمیەوە دایان لەشەقەی باڵ، شلێپەی بەیەکادانی باڵی کەوەکان وێستێکیان پێداو دەستی بەرەو بڕنەوەکەی شانی برد… کەچی هەرزوو دەستی کێشایەوەو هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشاو کەوتەوە هەڵزنان، لەگەڵ سەرکەوتنیدا بزنەڕێکە تادەهات کاڵترو

کوێرتر دەبۆوە، پۆلە کەوەکە بەرەو خوار لەگەڵ هەر نیشتنەوەیەکیاندا بەسەر دەوەن و تاوێرە بەردەکانەوە دەکەوتنەوە قاسپەکردن، کانەبی لەوجێیەی کەئیتر ئاسەواری بزنەڕێکەی تێدا تەواودەبوو چووە سەر گاشە بەردێکی گەورەو دوای هەڵوێستەیەک بەچمکی جامانە شۆڕبۆوەکەی ئارەقەی دەموچاوی سڕی، جێیەکی تەختی لەسەر بەردەکە دۆزیوەو ڕۆنیشت، قاچەکانی شۆڕکردنەوەو بڕنەوەکەی لەپاڵ خۆیدا درێژکرد، لەگەڵ لەشەقە دانی باڵی کۆمەڵێک کۆترە کێویلە بەسەر کانەبی دا، شەپۆلی دەنگی تەقینەوەیەکی گەورە خۆیدا بەشاخەکەداو دەنگدانەوە یەک بەدوای یەکەکانی بەناو خەرەندو شاخ و کێوەکانی تردا درێژبوونەوە، دووکەڵێکی ڕەش لەسەرڕێگا گڵێنیەکەی ناو بنارو دۆڵەکانی ئەوبەرەوە بەرەو ئاسمان بەرز بۆوە، کانەبی بێ خۆتێکدان دووربینەکەی نابەچاویەوە، جێبێکی سەربازی لەسەر قوتەی ڕێگاکەوە بەرەو ناو دۆڵەکە تلی دەداو دوکەڵێکی ڕەشی بڕسکاوی لەدوای خۆیەوە بەجێدەهێشت، کانەبی ئاستی دوربینەکەی لەسەر ئەو دوو چەکدارە ڕاگرت کەلەسەر چەقی ڕێگاکەدا لەناو دۆڵەکەیان دەڕوانی، دوای کەمێک  تارمایی دوو چەکدارەکە لەقوتەی ڕێگاکەوە داکشانەوەو بەرەو کەوشەنی ئەودیوو چوون، دوای ئنەکێشانێک کانەبی ئاستی دووربینەکەی کێشایەوە سەر سەربانی ماڵەکانی ناو دێ، دووکەڵێکی سپی لەدووکەڵکێشی ماڵەکانەوە بەئاسمانی نزمی سەردێدا بڵاوبوبوەوە، لەبەردەمی مزگەوتەکەدا کۆمەڵێ چەکدار ئاپورەیان بەستبوو، خەڵکانی دێش هەریەک لەسەر سەربان و حەوشەو سەکۆی ماڵەکانیانەوە تێیان دەڕوانین، مناڵەکانیش لەدەوروبەری ئەو جێبەی کەچەکدارەکانی دەگواستەوە بۆ شار سەرگەرمی وازی و ڕاکردن بوون بەدووی یەکتریدا، بەئاستەم دەنگی زەڕینی ئەو دوو گوێدرێژە دەبیسترا کەلەناو گڵە سورەکەی خوار دێوە خۆیان دەگەوزاند، کانەبی لەگەڵ چاوتروکاندنێکدا ڕووی دووربینەکەی گواستەوە سەرئاستی تاقە ژوورە گڵینیەکەی خۆی و لەوێوە دوربینەکەی  بەدیواری ئەو کەڵەکە وشکەی چواردەوری دێدا گێڕا تا گەیشتە سەر کانیەکەی خوار دێ، مروەت لەسەر کانیەکەوە شەڵتەیەک ئاوی لەکۆڵ نابوو بەرەوژوور دەگەڕایەوە، لەگەڵ

هەڵهـێنانەوەی هـەرچەند هەنگاوێکیـدا ئاورێکی بـەرەو خـواری بۆ مـینا هەڵدەهێنایەوە کەهەڵقون هەڵقون بەدووی دایکیـەوە قاچەگۆجەکانی بەدوای خۆیدا کێش دەکرد.

ــ کـانەبی مـەردی چابـە! بائێمـەش وەک ئەو خـەڵکە دەستی منداڵەکـانمان بگرین و بچینـەوە شار، ئێمـەش چیمان لەو هـەمـوو خەڵکە کەمترە، دەبێت تازە باوەڕ بەو بارە بهـێنین کەبۆ هەمـوولا هاتۆتە پێش... من چەند ڕۆژە قـسەت بۆ دەکەم تەنها ئەرێیـەکیش چیـیە لەدەمت ناهاتۆتەدەرێ! ئەم بێدەنگیـیە تاکەی، باشــە هـیـچ نەبێت تۆ زەوادێک لـەزارتنـێ و نـانێک بخــۆ، پێت وایە بەنان نەخواردنی تۆ ئیتر دنیاش لەم بڕیارە شومەی پەژیوان دەبێتەوە؟!

بریسکەیەکی لەپڕ بەدڵی کانەبیدا هاتوو دووربینەکەی لەسـەر چاوی لابرد، لەژێر قـایشی فیشـەک لەغەکەی سەر سنگییەوە توند چنگی بەماسولکەکانی سەر دڵیدا کرد.

ــ کانەبی ئەوە چیتـە، هێشتا عومرێکت لەپێشە کەوا پیرو کەنـەفتبیت، تۆ کـون لەجگەرتا نەبوو! کـەچی ئێـسـتـا دەترسـێـیت و دڵت خـەریکە دەپژێ، پێدەچێت ئەتۆش غەریبی شار بکەیت؟ پێت وایە شار هەر شارەکەی جاران نی یە؟ یاخود فکرت بۆئەوە دەچێت ئیدی بەنەگەڕانەوەی تۆ کەسی تر پێش تۆ ناچنەوە، یان واهەست دەکەیت ئەم خـەم و کـۆستـە شـاریشی لەجـێی خـۆی هەڵکەندبێت، دڵت وابۆی نەچێت چاترە کـانەبی! شـار هەر شـارە، ئێـستـا چایخـانەکـان جـمـەیاندێ لەو خـەڵکە چەک لێـهەڵمـاڵراوانە، چەکەکـان ئێستا لەگۆڕەپانی سـەربازخـانەکاندا وەک لاشـەی سارد لەسـەریەک کەڵەکەکراون ، کانەبی جارێکیتر تەقەی دەنگی لولەی ئەو تفەنگانە نابیستی کەئێوە خۆتان لەسـەری دەدا بەکوشت، چی دەڵێی کانەبی؟ سـەرپشک بە مۆڵەتی حەوتویەکی ترتان دراوەتێ و سـەرباز بەسـەر دێ و شـاخ و دەشـتـا دادەبارێن، ئەم مـۆڵەق بوونـەی تۆ لـەم دووریانـەدا هـەردووک ڕێگەیـان دەچنەوە شـار، یەکـیـان ئەو شـارەی خـۆتە کەتێـیدا لە دایک بوویت و دەبێت تێیدا بژیت و بـەڕوتی و بێ چەک تێیدا بمریت، ئەوی دییـان سـەرەتاکەی ئۆردوگایەو تەڕاوگەیەو دەبێت بە هەمـوو بارێک قـایلبـیت و ڕەنگبـێت هـەر لەوێڕا سـەر بنێیـتـەوە، کـامـیـان

دەبوێریت کانەبی؟ پێتوایە ئەمەی ئێستەش دەیکەیت هەر ترسێک نییە لەبەرامبەر مردندا؟! ئیدی بینینی شار لەسەر ئەم لوتکەیەوە دەبێت چ نهێنیەکی تێدابێت، مەیلی خۆت تازە دەکەیتەوە یان لەم بەرزییەوە ماڵ ئاوای لەشار دەکەیت و دەگەڵ ئەزبەنیدا خۆتان ئاودیوی سنورەکان دەکەن، بڕیارەکەت پێ قورسە ها! قورسە...قورس...!

هۆهۆی شوانی ناو مێگەلی پاڵ بناری شاخەکە لەخوارڕا بەرەودێوە دەگەیشت و لەدێوە وەڵامەکەیان بەچەند قوولەیەکی درێژ دەگەیاندەوەو دەنگەکان یەک بەدوای یەک بەناو شاخ و کێوەکاندا بڵاودەبنەوە، جێبە شینەکەی بەر مزگەوتەکە کەوتە جوڵە، سەگەکانی ناو دێ کە تائەوکاتە لەپاڵ سێبەری درەخت و پاڵ دیواری خانوەکاندا ڕاکشابوون لەگەڵ بەرز بوونەوەی خۆڵی ژێر تایەکانی جێبەکەدا کەوتنە وەڕین و ڕاکردن بەدویدا، مناڵەکانی ناودێ کەجەعفەریشیان دەگەڵ بوو لەگەڵ سەگەکان دا کەوتنە دوای جێبەکە هەتا گەیشتنە دەرچەی سنوری کەڵەکە بەردەکەی خوار دێ، لەوێوە جێبەکە خێراتر بەرەوخوار کەوتە سەر ڕێگا گڵێنیەکەو دوور کەوتەوە، مناڵەکان دوای دەست هەڵبڕین و ماڵئاوای بەهەناسە بڕکێوەو بەخڕە بەردی ناو مشتیانەوە سەگەکانیان بەرەو ژوور بۆ ناو دێ ڕاونایەوە. کانەبی دوربینەکەی شۆڕکردەوە بەسەر سنگیداو بەچاوێکی فرمێسکاویەوە سەری بەرەو ئاسمانە شین و پڕ لەهەورە سپیەکان بەرز کردەوە، لە قوڵای ئەو ئاسمانەدا هەڵۆیەکی گەورە باڵەکانی پان کردبۆوەو دەنووکە قەوس و تیژەکەی لەگەڵ هەردوو باڵەکانی و کلکی دا چوارلایەکی بۆریان لەو بەرزاییەوە دروست کردبوو، بێدەنگییەکی خامۆش هەموو ئەو بەندەنەی تەنیبوو، هەڵۆکە لەنگەری باڵەکانی کەمێک خوار دەکردەوەو بەشێوە بازنەییەک بەدەورو خولی سەری کانەبیدا پەروازی دەکردو ملی بەرەو خوار شۆڕ دەکردەوە.

ــ کانەبی ئیرەیی پێدەبەیت! گەر تۆش خاوەنی دوو باڵی شا شاپەڕی ئەو هەڵۆیە بوویتایە قەستی فڕین بەرەو کاملا دەیبردیت؟!

ــ بریاو هەزار خۆزگە منیش وەک هەموو ئەو کەسانەی تر بکوژرامایەو ئەم ساتە مەرگ هێنەرانەم نەبینیایە، دەشیا گیانم بچوایەتە ناو هەڵۆیەکی

بەرزەفڕی ئاواوە. ئەوسا بەشانازییەوە بێ پەروا باڵەکانم لەنگەریان دەگرت و بەقولای ئاسمان و پانتایی ئەم شاخ و کێو و دەشتانەدا دەفڕیم و ماندوو نەدەبووم. کێ دەڵێ ئەمە هاوڕێیەکی کۆنینەم نییەو دەیەوێت سیماو ڕەنگیم بیربێنێتەوە، ئاخ و هەزاران داخ بۆ ئەم ڕۆژە چاوەڕوان نەکراوەی کەبینیم، ئەزبەنی، هەڵۆکەم، ئای چەندە لەچونەوەی شار دەترسێم و شەرم دەمگرێت، ئەم هەڵۆیە چەندە ترسی لە قەفەز هەیە من سەد هێندە، بەسەودای دەنگتبم، ڕەنگتبم، دەبقیرێنە بەسەرماو ئەم مۆڵەق بوونەم بشکێنە، گەر لەزمانم بگەیت پێم دەڵێیت کانەبی خۆزگەکەت لەجێی خۆیدایەتی و من ڕەهاترم لە تۆ ، پێم دەڵێی کانەبی قەل و داڵ بتخوات بۆ چ ئابڕوویەک کەهەتە، کرم تێتدات و سەگ بۆنت پێوە نەکات بۆ چ دڵێکی گچکەو کرمۆڵت لەسنگتا هەڵگرتووە.

کانەبی دەستی دایە بڕنەوەکەی و لەشانی کردەوە، بە قەڵەمبازێک خۆی لەسەر تاوێرە بەردەکەوە هەڵداو ئەمجار گورجتر بەناو تاوێرو خڕە بەردی بەر ڕەگاژۆی دەوەنەکاندا سەرکەوت، بازنەی فڕینی هەڵۆکە لەئاسماندا بەرزترو فراوانتر دەبوو، لەبەر تەختانی خوار بناری شاخەکەوە بەئاستەم ڕەشایی دوو جەستە بەخۆیان و سەرو بوخچەی دستیانەوە بەرەو دەرگەی ئەشکەوتەکانی پاڵ بنارەکە هەڵدەزنان.

ــ بەچی دەچێت شاردنەوەی چەکەکانی شانمان، تازە جارێکی تر وەک ئەم جارە قاسپەی دەنگی فیشەکەکان لەلوولەی تفەنگەکانەوە نابیسترێن، ڕەنگە پێتان ئەستەمبێت بە تاشە بەردێک وردوخاشیانکەن، بۆچی زیندەبەچاڵیان دەکەن و لەنێو خەڵوزدا لەئەردیان دەنێن، تازە جارێکی تر دەنگی قرمەو تەقەیان لەخەونیشدا نابیستن، دەی هەمووومان لە گەڵ چەکەکانمان دا بەچەهەنم.

کانەبی ڕکی سەرکەوتن بێ ئەزواو توڕەی کردبوو، بەهەرچوار پەلی پەلاماری دەداو هەڵدەزنا، برسێتیش ئازاری بۆ دەهێناو پرزۆڵی لێدەبڕی وەک بەوەی وردە شوشە بچەقنە دیواری گەدەی، بەدەم هەڵزنانەوە هەنکە هەنک و ناڵە ناڵی لێهەڵدەستا، بێ گوێ پێدان بەگردۆڵکەی سورو هەڵتۆقیوی بچووکی شارە مێرولەکانی بەر دەمیدا قاچی بەسەردا دەنان و بەسەریاندا دەڕۆیشت،

ووردە زیخ و خـڕە بەردی گـەورە لەژێر پێکانیـەوە دەردەپەڕین و بەرەو خـوار گلۆر دەبوونەوە و دەیاندا بەتاوێرە بەردەکانی بەر ڕێـیاندا و قرمەیان دەهات و پارچە پارچە دەبوون، تەوێڵە چرچ و لۆچەکەی کانەبی لەژێر پێچی جامانەکەی سـەری دا وەک پەنگر دەسـوتاو ئارەقـەی لێـوە دەچۆڕا، دەنگەکـانی کـاسـەی سـەری جـەنجـاڵیـان کـردبوو، وویزە وویزێک بەناو گوێچکەکـانی دا دەهاتن و هەردوو کـونە لوتی فش و گـەورە بووبوون، ژێر هەردوو بنبـاڵی و پشـتی مراخانیەکەی بەری یەک پارچە بووبوونە ئارەقە، بەئاستەم دەنگی شمشاڵی شـوانەکە بـەدەم هێنانی کـزەباکـەوە شـەپۆلی دەدا، بەرزایی کـەلی شـاخـەکـە کـەوتبـووە بەر ڕووانینەکـانی کـانەبی و تادەهات نزیک تر دەبـۆوە لێی، لەگـەڵ هەر جـیـڕکـردنـەوەی مـاسـولکەیەکی قـاچیـدا و هەنگاونـانێک ئازارێکی لول خـواردووی سـارد بـەگەدەیدا دەهـات و یەکبـینە هـەڵەنگوت و هەڵدەسـتـایەوە، دەسـتی لەقـەراخی تیـژی بەردەکـان گـیـردەکـردو گورِی دەدایە خـۆی، هـێندە کـووڕو مـاندو خـۆی ڕادەپسکـان دەتووت لەدەسـتی ئـاژەڵێکی دڕندە هەڵدێ و تۆزێکیـتر بەر شـالآوی چڕنوک و کەڵبەی دەکـەوێت، هێندە خۆی کوڕ دەکردەوە لوولەی بڕنەوەکـەی شـانی دەگیـرانە چلّی دەوەناکـان و عـاسـی دەبوو، هـەناسـە بڕکێکەی هێندە بەجۆش بوو لەهەناسـەی گەرمی ژێر لێفـەکەی خـۆی و مروەت دەچوو، کەسـەرەتای سـالآنی هـاتنە شـاخی هـەر بەچەند مانگێک جـارێ کانەبی و مـروەت بینیـان بە چەشـەو لەزەتی ئەو دیدارە ناوەختـانەوە دەنا، کە کـانەبی لەگـەڵ چەکـدارەکـانی تردا دەچونە شـار بۆلێـدانی مـۆڵگەو فـەرمـانگە سـەربازیەکان، زۆربەی جـار لەو پێـشـهـاتانەدا فـرسـەتێکی دەدۆزیەوەو بەبێ دەنگی خـۆی دەکـرد بەمـاڵدا، هـەر لەگـەڵ گـەیشـتنیـدا لەگەڵ مـروەت لەسـەر جێگەکە گـرمـۆڵە دەبـوون تامـروەت تێـر مـاندوو دەبـوو لەسـەر گـازەرای پشت ڕادەکـشـا، کـانەبیش چەککەی دەکردەوە شـانی و لەگـەڵ چەکدارەکـانی تردا بەپسکە پسـک بەژێر دیواری کـۆڵانەکـاندا دەڕۆیشـتن و خـۆیان دەگـەیاندەوە قەراخ شار.

لەگەڵ سـەرکەوتنی کـانەبی دا بن تاوێرو بەردەکان نسـرم و تەڕتر دەبوون و دەنگی شنەباکـەش بـەهێـزترو گـوڕتـر دەبوو، تاوێـرە شـینەکـان ئاویان پیـا

دەچۆڕایەوەو قەوزەیەکی تەنکی سەوزیان لەسەر رووابوون، ناو بەناو چاڵە بەفرەکانیش بەملاولای ئەو ڕێگایەی کانەبی گرتبووی دەردەکەوتن و بەفرە سپی و دانار دانارەکانیان لەژێر تیشکی خۆرەکەدا خار خار بووبوون و جێ دەنوکی پەلەوەرو جێ پێی ئەو ئاژەڵانەیان تیادا دەبینرا کەلەو شاخ و دەشتانەدا دەژیان.

ــ کانەبی پێتوایە هەڵزنان بەبالآی مندا هێندە کارێکی ئاسانبێت؟ گوێ لەو هەموو قتووە بەتاڵانە بگرە کەبەدوای خۆتاڕایان دەکێشیت، ئەو قوتووانەی کەلەکەوشەنە دوورەکانەوە دەهات بۆتان، کەسەرت ڕادەوەشێنیت گوێ لەدەنگدانەوەکانی کەللەت بگرە، دەمت بۆتە پەلاس و وەک دەمی مردوو وشک و بۆگەنە، هەناسەکانت لەهەناسەی ئەو سەربازانە دەچن کە لەسەر تانکەکان دەتانهێنانە خوارەوەو بەرگولەتان دەدان، ئەوان بەزمانی سەر بەرماڵی نوێژەکانتان دەپاڕانەوە بێئەوەی هیچیان لێتێبگەن دەتانکوشتن، چاوەکانت وا دەڕژێن و تاریک دەبن کانەبی، تۆ شێت بوویت کانەبی شێت، گوێ لەخرەی کەللەت بگرە، تۆ ئێستا تەنهایت، تۆ شێت بووی… تۆ شێت بووی…بووی …بووی.

کانەبی هەر بە زەڕنەقوتەیەکی کەوتوی بەردەنووکی چۆلەکەیەک دەچوو کەچوار پەل کەوتبووە ناو ئەو چاڵە تۆپەی کە هێندەی ئەژنۆیەک قوڵ بوو، چاڵەکە تائەو ڕۆژەش هەر بۆنی بارووتی تەقینەوەی ئەو گوللە تۆپانەی لێدەهات کە پێش چەند مانگێک دابووی بەڕوی شاخەکەدا، ئەو شەوەی کە گولله تۆپەکان بەر شاخەکەو ئەملاولای دێ دەکەوتن و فیشکەیەکی تۆقێنەریان لێبەرزدەبۆوە و لەگەڵ بەرکەوتنە ئەرزیاندا بروسکەیەکیان لێهەڵدەستا، دواتر لەگەڵ دەنگدانەوەی یەک بەدواییەکی تەقینەوەکانیاندا بەردو زیخ و تاوێرە بەردەکانی لەسەر بەرزایی شاخەکەوە گلۆر دەکردەوە و دەیدا بەتاوێرو گاشەبەردە شینەکاندا. ئەو تۆپ بارانە دواهەمین تۆپ باران بوو کەلەسەربازخانەکانی نزیک شارەوە دەگەیشتە ئەو بنارو دێهاتانەی ئەو بەندەنە، دوای ئەوە ئیتر دەنگی مقۆمقۆ و قسەوباسی چوونەوە بۆ باوەشی شار لەدەمی هەندێ لەو چەکدارانەی کە خاوەنی دەسەڵات بوون بەنهێنی

دەبیستراو، بۆیە ئەو کەسانە خۆیان لەچاوی خەڵک و پرسیارەکانیان دەشاردەوەو ڕاستیان نەدەدرکاند، تاهەفتەیەک لەوەوبەر بڕیارەکە لە دەمی ئەزبەنییەوە بڵاوکرایەوەو ڕاستییەکان ئاشکرا بوون، سەرەتا ئافرەتەکانی ناو دێ کەوتنە جوێندان بەو کەسانەی کەلەگەڵ بڕیارەکەدا ڕووەو شار بوونەوە.

ــ کێری کەر بەهەرامەکەی دایکتانەوە کەین بۆچ پیاوێکی مەردو ئازاو چاونەترسن، چۆنتان لەڕوودێ ئیتر دەگەڵ ژنەکانتان بخەون.

ــ ئێوە پیاونین و شایستەی ئەوەنین لە فیشەکدا خۆتان زەردکەن و بێن لە سەر سفرەی ئێمە دانیشن و فشان بکەن و لەناو دێدا باسی ئازایەتی خۆتان بکەن.

سرتە سرت و مقۆ مقۆکە بە ڕاست گەیشت و ئیدی ژنان کەوتنە خۆلێدان و لوشکە لوشکی گریان بۆ ئەو کەسانەی کە کوژرابوون و وێنەیان لەیادو بیرکردنەوەی خەڵکیدا بەرەو کاڵی و لەبیر چوونەوە دەچوون، چیرۆک و بەسەرهاتی ئازایەتی ئەو کەسانەیان دەگێڕایەوە کە ئێستا خەڵکانێکی ترسنۆک و بابردەڵە جێگایان گرتونەتەوەو هەنوکەش ملیان نەوی و باریک کردۆتەوەو ڕووەو شار دەچنەوە.

ــ کانەبی گوێت لە زەنگی کاسی سەر و کەللەتە، ڕابە کانەبی، بۆ خۆت لەو چاڵەدا قەتیس و گرمۆڵە کردووە، بیرکردنەوە لە مەرگ و ڕوخان زۆر ئاستەم و سەخترە لەڕوخانی ڕاستەقینەو سوان و داماڵین! ئێستاکێ هەر بەسەگێکی خوێڕی و ترسنۆک دەچیت کەلەژێر سێبەری دارو فەلاقەدا کلکی لەنێو گەڵی دەنێت و دەقروسکێنێت، کانەبی هەڵزنان بە بەژنی مندا جەوهەری مەردی و پیاوەتی دەوێت، هێندەت نەماوە بگەیتە ترۆپکم، تین وتاو بەرەخۆت، ئەوەی بیەوێت شار لەسەر قەڵادۆشکانی منەوە بەدیبکات دەبێت هیمەتی سەرکەوتنی هەبێت بەسەرمدا، تۆ تەنها دەتوانیت لەبەرزای منەوە تامی ڕەهابوون بچێژیت و هەست بەمەزنی بکەیت، ئەگەر نا ئەوا پشتوێنی ئەو ڕێگا گڵێنیە بگرەو خۆت بکەرەوە بەشاردا، کانەبی ڕابەو لە کەلی منەوە دوربینەکەت لەچاونێ و لە بەژنی شار بڕوانە، پێتوانەبێت شار هێندە شەرمۆکبێت لەداخاندا دووباڵی ئەژدیهای لێبڕوێت و باڵ بگرێتەوە، شار هەر

شاره! ئەو بەندیخانانای کەچوار دیوارتان بۆ دروست کردوون تازە بۆتە ماڵ و حاڵتان لە نێو بەندیخانە گەورەکەی شاردا، کانەبی ئەوەی بگاتە سەر لوتکەی من عەشقی فڕین دەیگرێت، هێز بەرەخۆت چەند گوریسێکت ماوە، قاچەکانت لەترس و برسێتیدا دەلەرزن، دەزانم پێت نەنگییە تفەنگەکەت لەشان کەیتەوە، تفەنگە خەساوەکەت بکەرە دارعاسای دەستت و سەرکەوە، لەتر دەدەیت و خەریکیت دەکەویت! تفەنگەکەشت قورسایی لەشە لەرزۆک و ئارەقاویەکەت ڕاناگرێت! وریابە دەنا وەک بەردێک گلۆر دەبیتەوە بەڵام بەبێ دەنگ و ڕەنگ... هەپروون بە هەپروون دەبیت و دەبیتە کەلاکی بەردەم پەلەوەران، چنگە کرێ بکەو هێندەت نەماوە... چەند هەنگاوێکی ترازاوت ماون، ماندوبوون هێندە زۆری بۆهێناوی پەنا بۆ برکە گیاو بنچکە ڕێواسی بەر پێت دەبەیت.

قایشی دوربینەکەی ملی نەویی و قورس کردبوو، کونە لوتەکانی فش و گەورە بووبوون و لێوی وشک و شین هەڵگەڕابوون، دەنگی قیرەی هەڵۆکەی نەدەبیست کەبەسەر سەریەوە دەخولایەوەو چاوە تیژەکانی تێبڕیبون.

کانەبی لەهەوڵدانی سەرکەوتن دابوو کەبرنەوەکەی لەدەست پەڕی و بەسەر تاوێرە لوسەکاندا خلیسکاو دای بەبەردێکی نوک تیژداو شەقەی هات، قایشی فیشەک لەغە چەپوڕاستەکەی سەر سنگی توند قەفەزەی سنگی گرتبوو وەک بەوەی پەراسووەکانی لە زەبری هەناسە خێراکانی بپارێزێ تالەیەکتری نەترازێن و تێکنەشکێن، لەگەڵ هەموو سەر هەڵبڕینێکیدا بۆ ترۆپکی شاخەکە کەخەریک بوو دەگەیشت پێی، ئارەقەی نێو چاوان و سەر لوتی دەتکانە نێوان لێوە وشک و شین هەڵگەڕاوەکەیەوەو ئاسمان بەرینتر و قوڵتر دەبوو... پەڵە هەورەکانیش نێزیک و نێزیکتر دەبوونەوە. دوو زەلامەکەی خوار دامێنی شاخەکە دەمێک بوو لەشاردنەوەی چەکەکانیان بووبوونەوەو لەسەر قوللەی بەرزایی شابەردێکەوە دەستیان خستبووە سەر ناوچەوانیان و بەشپرزەییەوە بەرەو لووتکەکە دەیان ڕوانی... لەوێوە کانەبیان وەک تارمایی و خاڵێکی ڕەش بەدی دەکرد، هێندە بانگی کانەبیان کردبوو خەڵکانی دێش بەبێ ئەوەی کەسیان تارمای کانەبی بەدی بکەن هاتبوونە سەر سەربانی خانوەکانیان و هەریەک لەلای خۆیەوە بۆ سەر لوتکەی شاخەکەی دەڕوانی، شوانەکەش

دەستی لەژەنینی شمشاڵەکە هەڵگرتبوو ئەویش لە ئاستی خۆیەوە بەرەو بەرزایی کێوەکە دەیڕوانی، شپرزەییەک لەناو ئاوەدانی دێدا بەرپابووبوو، هەرچی پیاوان و ژنەکان بوون دەستیان لەکار کێشابۆوەو لەگەڵ مناڵەکانیاندا لەسەر سەربانەکان دانیشتبوون و هەریەکەو بەلایەکدا دەستی بەرەو لووتکەکە ڕادەکێشا.

کونە لووتەکانی کانەبی فیشکەیان دەهات، چاوەکانی سووررو زەق بووبوون، نینۆکەکانی پەنجەی بریندارو خوێناوی بوون، هەردوو سەر ئەژنۆی شەڕواڵەکەی هێند نووکە بەردی پێدا چەقیبوو شپڕۆڵ و خوێناوی بوون، کانەبی بەسکە خشێ بەسەر دووا تاوێری لوتکەی شاخەکەدا سەردەکەوت... ڕەنگی خوێنەکەی سەر ئەژنۆ و نینۆکەکانی بەسەر ڕوی بەردەکانەوە سوور دەچونەوە، لەگەڵ گەیشتنی بەلوتکەکە قایشی فیشەک لەغەکەی سەر سنگی ترازاندو فڕێیدا، سێبەری هەڵۆکە وەک تارماییەک بەبەرچاویدا ڕەتدەبوو، لەگەڵ بەرکەوتنی ئەو با ساردەی کە دەیدا لەجەستە شەلاڵەبوو ئارەقاویەکەی موچڕکەیەکی پیادا دەهات و سەری دەلەرزی، هەنوکە دەستی بەرەو دووربینەکەی سەر سنگی بردو بەرزی کردەوە، دەمارەکانی قاچی کەوتنە پلدان، دوربینەکە لەدەستە لەرزۆکەکانی بەربونەوەو بەسنگیدا شۆڕبۆوە، مشتە کۆڵەی هەردوو دەستی توند کردو بە هەموو هێزی دەیدا بەسەر تاوێرەکەدا، ناوقەدو سنگی ڕەق بوون، هەردوو شەویلاگەی توند لەسەریەک جووت بوون و ددانەکانی کەوتنە کیرە کیرکردن، بەدەم هاوارکردنێکی ئازاراویەوە کەفێکی سپی لەدەمیەوە هەڵچوو قاچەکانی کەوتنە لەقەفرتێ، بەهەموو هێزی چنگی بەسەرو کەللەیدا دەکردو هاواری لێبەرز دەبۆوە، هەردوو ڕانی نوساندن بەسنگیەوەو جەستەی کەوتە سەرلا، مووەکانی سمێڵی ڕەپ بوون و دڵۆپ دڵۆپ ئاو بەکونە لوتیدا دەچۆڕایە ژێری، لەگەڵ دەست بردنیدا بۆ قایشی دوربینەکەی سەر سنگی چەند لەترێکیداو دوربینەکەی لەدەست کەوتە خوارێ و کەوتە سەر ئەو شارە مێرولەیەی کە لەژێر تاوێرەکەدا وەک گردۆڵکەیەکی سوری تورەکە ڕێژ بەرز بووبوەوە، دوای چەند ڕاتەکاندن و لەترێکی تر جەستەی کانەبی بە گرمۆڵەی تلیداو گلۆربۆوە... لەکەوتنە

خوارەوەدا بوو کەللەی دای بە بەردی پاڵ شارە مێرولەکەداو ئاستی چاوی کەوتە سەر ڕوانینی بەر شوشەی دووربینەکە، شارە مێرولەکە بەدەوری خۆیاندا وروژان و قوڵپە قوڵپی خوێن بەسەریاندا ڕژا، ڕانەکانی کانەبی یەکبینە پلیان دەداو دەلەرزین، مێرولەکان بۆ خۆڕزگار کردنیان لە خوێنەکە بەملی کانەبیدا هەڵدەزنان، خوێنەکە بەسەر یەکێک لە چاوە شوشەییەکانی دوربینەکەدا ڕژاو چاوەکەی تریان ڕێک ڕووەو ئاڕاستەی شار دەیڕوانی، کانەبی زۆری لە خۆی دەکردو هێزی وەبەرخۆی دەهێنایەوە تاچاوی نزیکتر بکاتەوە لەشوشەی دووربینەکە، زەردەیەک نیشتە سەر لێوە شین هەڵگەڕاوەکانی و سیمای خۆشییەکی لێنیشت، لوتکەی شاخەکە دەیڕوانی بەسەر ئەو بۆشاییە قووڵ و فراوانەی کە دۆڵ و نشێوو دەشتی ئەو بەندەنەی تێدا سەوز دەچۆوە، سێبەری هەورەکان بەسەر لوتکەی شاخەکەدا بەنزمی دەڕۆیشتن و دەخزانە سەر کێڵگەو دەشت و نزارە فراوانەکەی ئەو بەندەنە، بریسکەی کاڵی شار لە دوورەوە بەتینی چاو تۆزقاڵێک لەناو تەم و غوبارێکی تەنک دا خۆی دەردەخست، هەناسەکانی کانەبی قرخاوی و پچڕ پچڕ لەدەمیەوە دەهاتنە دەرێ، کانەبی توند ئەو چاوەی کە نوساندبوو بەشوشەی دووربینەکەوە لەبرۆ قرنجاو و بریندارەکەیەوە دڵۆپ دڵۆپ خوێنی بەسەردا دەتکا، شار لەبەردەم تێڕوانینە دواییەکانی کانەبی دا بەڕوونی دەبینرا، قووبەی منارە سەوزو گەڵەگەتەکەی مزگەوتە گەورەکەی شار تیشکی ئەو ئاگرە گەورەیەی بەر دەکەوت کەچەکدارەکانی شار بە چەکەکانیان کردبویانەوە، درەختی ناو مەرقەدەکەی ـ کاک ئەحمەدی شێخ ـ هێندە بەئاسماندا هەڵچوو بوو بالآی دوو ئەوەندەی منارەکە بەرز بوون، چەکدارەکان بەڕیزێکی درێژی لەبن نەهاتوو وەستابوون و یەک بەدوای یەک چەکەکانیان دەهاویشتە ناو ئاگرەکەوەو دواتر دەچوون پاڵیان دەدا بەقەدی گەورەی درەختەکەوەو لەبەردەم قەفەزی گۆڕەکەدا سەریان نەوی دەکردو دادەنیشتن، عەشاماتێکی زۆر بەچوار دەوری دیواری مزگەوتەکەدا وەستابوون... هەریەک لەئاستی خۆی بەردێکی سافی بچکۆلەی بەدەستەوە گرتبوو دوای هەندێ دۆعاکردن بۆ نیاز حاسڵ بوون دەیاننا بەدیوارەکەوە، ئەزبەنی لەسەر

بەرزترین چڵی درەختەکەی ناو مەرقەدەکە بەدەنگی بەرز قسەی بۆ خەڵکەکە دەکرد، سەربازو پۆلیسەکانی میری کڵاوەکانیان لەسەریان داکەندبوو بەجلە خاکی و سەوزەکانیانەوە لەڕیزێکی درێژدا هاواریان دەکردو بەقەفی زنجیر بەپشت و سەر سنگیاندا دەداو وەک کار دەگریان، ژنانی شار عەباو پەچەکانی سەریان لوول دەکرد و فڕێیان دەدانە ناو ئاگرەکەوە، لەبەردەمی ئەو مەنجەڵە گەورانەی کە قوڵپە قوڵپ خەنەی تێدا دەکوڵا قوڵیان هەڵدەکردو دەست و پەنجەو قاچیان لە خەنە ئەگرت، نەعلەکانیان دەدایە دەست منداڵەکانیان و بەقاچی خەناوییەوە دەچونە حەوشەی مزگەوتەکەوە، منداڵەکان لەبەر دەرگای مزگەوتەکەدا نەعلەکانی دایکیان دەخستە سەر دەسرێ بەر کۆشی سواڵکەرو هەژارەکان... لەگەڵ حافزەکاندا چاو شارکێ و یاری خۆشاردنەوەیان ئەکرد، ئەزبەنی لەسەر درەختەکەوە هاواری دەکردو دەیقیژاند کەس گوێی لە قسەکانی نەدەگرت، لەداخاندا چاوەکانی ئەزبەنی وەک باران فرمێسکیان لێدەهات، مجەورەکانی مزگەوتەکە لە ژێر درەختەکەوە جامە فافۆنە گەورەکانی دەستیان لەبەر دڵۆپەی بەخوڕی فرمێسکەکانی ئەزبەنیدا ڕاگرتبوو دواتر جامە فرمێسکەکانیان دەکردە ئەو مەرکانە گەورانەی کە خەڵکەکە بەردەوام لێیان دەخواردەوەو تینوێتیان نەدەشکا. ووردە ووردە خوێنی برۆ قرنجاو جێ برینەکەی سەری کانەبی بەسەرتاپای ڕووی چاوی دوربینەکەدا ڕژاو عەشاماتەکە بەیەکجار هەموویان هاواریان کردو دیمەنەکە یەک پارچە بوو بەڕەنگی سور، قرخەیەکی درێژ لە قوڕگی کانەبیەوە بەرز بۆوەو قاچی لەترێکی لەپڕی داو جەستەی بێ جوڵەو مت بوو، مێرولەکان کەوتبونە خواردنی ئەو خوێنە مەیوەی کە ڕەنگی بەرەو ڕەشایی دەچوو، سێبەری هەڵۆکە گەورەتر لەجاران بەسەر جەستە بێجوڵەکەی کانەبیدا تێپەڕ دەبوو باڵەکانی فراوانتر دەکێشایەوەو لەنگەری بەرەو بۆشاییە قوڵە سەر بەرەو خوارەکەی دۆڵەکە دەگرتەوەو دەنگی قیڕەیەکی درێژی لێبەرزدەبۆوە.

## بورجی مـێـروولــه

دەمی پەیژەکەیان لەسـەر حەسـاری سـەربانەکە کێشـایەوە، کەمال قـاچەکانی شل بوون و لەسـەر قـەراخی قـەرەوێڵـەکـەی دانیـشت، هـەردوو دەسـتی لـەسـەر کڵاوەی ئەژنۆ لەرزیوەکانـی گیـرکـردن، چاوەکـانی زەق و سـیمـای بێ خـوێن و سـپی بوون، بیـری لە گـرێی توونـدی ئەو پـەڕۆیە دەکـردەوە کـەچاوەکـانی کـەریمیـان پێ بەسـتـەوە. لەگـەڵ دەنگی جـووت بوونـی دەرگـای حـەوشـەی ماڵەکەیاندا درزێک کەوتە بیرکردنەوەی، هەردوو پەنجەی دۆشاومژەی لەسـەر ئەژنـۆکـانی کـەوتـنە جـوڵە، دەنگی قـەدکـردنی پەیژەکـەو سـرتەو دەنگی سەربـازەکان چەند درزێکی تریان لەبیرکردنەوەیدا دروست کرد، سەربـازەکان لەپشـتی پیکابەکـەوە کـەریمیـان بـەدەست و قـاچ بـەسـراوەیی لەبـەرپێـیـاندا پاڵخـست و پۆسـتـاڵەکـانیـان خـسـتـە سـەر پشت و سـەرو قـاچی و لولەی تفەنگەکانیان کردە تاریکایی و خامۆشی کۆڵانەکە.

لەگـەڵ وورەی جـوڵانی مـاشـێنەکـەدا ئامین بەبێ گـوێدانەپێ بەدوواقـسـەی سەربازەکان کەپێیان ڕاگەیاندبوون لەناو نوێنەکانیان نەیەنەدەرێ، بەجووتەپێ هەستایە سـەرپێ و بەپلیکانـەی قادرمـەکانـدا بەلەز خۆی گەیاندە حـەوشـەکـەی خـوارەوە، کـەمـال بەپێ دزە ملی بەئاسـتـەم لەسـەر حـەسـاری سـەربانەکـەوە شـۆڕکردەوە، گڵۆپە سـوورەکـانی مـاشـێنەکـەی لەوسـەری کۆڵانەکەوە بەدیکرد کەتارمـایی سـەربازەکانی بەسـەرەوە بوون، دەنگی تەقینەوەی گریانی ئامین و شـەقەی لەخـۆدانی سنگ و بەرۆکی چـەند ڕووناکیـەکی لەناو تاریکی مـاڵەکانی دراوسـێیـانەوە داگیرسـاند، کـەمـال دەسـتی بەسـەر ڕومـەتە سـرِو تەزیوەکـەیدا هێناو هـەستێک لەشەرم و بەخۆداشکاندنەوە دایگرت.

ـــ تۆ باوکی ئەم خوێڕییەیت؟

دوای هەناسە هەڵکێشانێکی سارد ــ بەڵێ. کەمال ووتی.

ــ ناوت چی یە؟

ــ کەمال، گەورەم.

ــ چ کارەیت؟

ــ کاربەدەستی میریم.

سەربازەکەی بەردەمی کەدەستی هێنایە خوارێ کەمال هەستی بەگەرم بوونی بەرگوێچکەی و زەنگ دانەوەی شەقازللەکەی سەر ڕوومەتی کرد.

ــ کوڕەکەی من هیچی نەکردووە، بۆکوێی دەبەن بەم نیوەشەوە، ئەمنیش لەگەڵتان دێم، بەقوربان...

ئامین ئەمەی ووت و یەکێک لەسەربازەکان توند دەستی بەدەمیدا گرت و بێ دەنگی کرد، ئەمجارەیان بەبێ دەنگی و کڕوزانەوەوە پەلاماری دەستی کەمالی دا.

ــ لێیان بپرسە کەریم بۆ کوێ دەبەن من لە عەرەبی ناگەم، لێیان بپرسە ئەو کوڕەت بۆ کوێ دەبەن؟؟!

کەمال وەک خووی چەندەها ساڵەی نەعلەکانی بەتاکەوتاکی کرد بەسەرپێوەو بەپێ پلیکانەی قادرمەکەدا چووە خوارێ و دەستی ئامینی لەپشتی دەرگا داخراوەکەی حەوشەکەوە گرت ولەگەڵ خۆی بردیە ژووری تەنیشت دەرگاکە، کەمال هەرچەندی دەکردو دەکۆشا دەیویست چەند ڕستەیەک لەسەر زمانی گەلاڵەبکات و کەمێک بێ دەنگی ئامین بپارێزێت، نەیدەتوانی.

ــ کوڕەکەمیان بۆ کوێ برد؟ ئاگرێکیان لە هەناوما کردەوە و کوڕەکەمیان برد. ئامین وایدەگووت.

زیکەزیکی مێشولەکان بەپەنا گوێیان دا دەهاتن و دەچوون، تاریکایی نیوەشەوەکە دیواری ژوورەکان و ئەردی حەوشەکەیانی لەتینی گەرمایی خۆر ڕژانی درێژی هاوین فێنک کردبۆوە، ئەستێرەکان لەئاسمان دا دەدرەوشانەوەو ژمارەیان زێدەترو پرشنگ دارتر لەسەرەتای شەو دەکەوتنەڕوو، تریفەی مانگا شەوەکە بەسەر ڕووی گەلا خۆڵاویەکانی

درەختەکاندا دەڕژاو هێدی هێدی چاوی لەژێربالْ لێکنراوی چۆلەکەکانی سەر چڵ و لقی درەختەکانی سپی دەکردن و ووردە ووردە جوڵەیان تێدەکەوت و سەریان لەژێر باڵیاندا دەردەهێناو قاچ و باڵیان دەکێشایەوە. نەسیمێکی فێنک دەنگی وورشەیەکی بەئاستەمی دەگەڵ خۆ دەهێناو گریانەکەی قوڕگی ئامینیش دەچووەوە ناو سینەیی و دەنگێکی وەک پەپووی دەخولقاند کەیەکەم جریوەو جوڵەی دەنگی چۆلەکەکانی سەر چڵ و لقی درەختەکانی بەدەنگتر دەهێناو دەنگی کووکووی کوکوختیەکانی پێش دەنگی قوقەی کەڵەشێرەکانی گەڕەک دەخست. بەدەم سەرکەوتنەوەیان بەسەر قادرمەکەدا بۆ سەربانەکە ئامین بەردەوام لەبەرخۆوە دەیگووتەوە:

ــ بۆ کوێیان برد؟ کوڕەکەمیان بۆ کوێ برد؟ جەرگە شیرینەکەمیان بۆ کوێ برد؟ سایەو ماڵەکەمیان بۆ کوێ برد؟؟؟

هەردووکیان سەریان بەسەر حەساری سەربانەکەدا شۆڕ کردبۆوە، بەبێ چاو تروکاندن لەناو تاریکی کۆڵانەکەدا بەدووی تارمایییەکی بەجێماودا دەگەڕان لەکەریم بچێت، مێشوولەکان لەو تەنها گڵۆپە ئالآبوون کە تا ئەوکات بەردی منالآنی لەناو ئەو چەند دارتێلە کارەبایانەی کۆڵانەکەدا پێ نەگەشتبوو، لەناو بەیەکداچوون و گیزەی مێشولەکاندا کەبەدەوری ڕوناکی گڵۆپەکەدا دەسوڕانەوە مێش پەروانەیەکی گەورە بەخێرای لەناو ڕووناکیەکەدا سووڕی دەخواردو لەپڕ خۆی بەشوشەی گڵۆپەکەدا دەداو لەگەڵ خولانەوەیدا دەنگ و زیکەیەکی بەردەوامی دروست دەکرد، ڕووناکی گڵۆپی سەر دارتەلەکەو خولاندنەوەی یەکبەدوای یەکی مێشولەکان هێمنی و ئارامی دەبەخشییە نێوکۆڵانەکە. چاوەکانی ئامین و کەمال وەک چوار هەڵمات بەسەر ئەردو خۆڵی کۆڵانەکەدا دەهاتن و دەچوون، لەبەیادهێنانەوەی ڕووداوەکەدا بۆ دوواسەرنجی چاوەکانی کەریم دەگەڕان کەمانایەک بوو بۆ ماڵئاوایی پێش ئەوەی سەربازەکان پەڕۆکەی سەرچاوی لەتاریکی شەو هەڵکێشن و توندتر گرێیدەن، بەوردی لەنێو ئەو درزانەی کەوتبووە بیرکردنەوەیان بەدوای بەبیرهێنانەوەی دووا ڕەنگی سیماو دەمووچاوی کەریمدا دەگەڕان تالەیادوەریاندا تۆماریبکەن، فرمێسکەکان چاوە هەڵماتی و خۆڵاویەکانیانی دەشۆردەوە.

ـــ ئێستا کەریم لەکوێ بێت؟

کەهەردووکیان سەریان هەڵبڕی و لەنێوچاوی یەکتری ووردبوونەوە گوێیان لە دەنگی قــرچەی بەریەک کــەوتنی چاوی یەکــتــری بوو، ســیــمــایان لە هەڵبــڕسکاوی و ڕاچڵــەکــینی ئەو خــەونە هێــور نەبووبۆوە... لەگــەڵ دەنگی گیربوونی قولاپی سەری پەیژەکە لە قەراخ حەساری سەربانەکە هەرسێکیان ڕاچڵەکین و پۆپەشمینەکانیان لەسەر خۆیان لادا، لەپێشدا سێبەری نێزەی تفەنگێک کەوتە سەر سەربانەکە و دواتر بازێک و دووان و چەند سەربازێک لولەی تفەنگەکانیان تێکردن، یەکێک لەسەربازەکان بەقادرمەی سەربانەکەدا چووە خوارەوەو دەرگاکەی لەسەربازەکانی تر کردەوە. ئامین ئەو خەونە ئاڵۆزو ترسناکەی دوێنێ شەوی بەبیــردا هاتەوە کــەبۆ بەیانی لەبەر خــوڕەی ئاوی بەلوعەی حەوشەکەدا بەسرتەوە لەبەر خۆیەوە دەیگێڕایەوە.

کەمال پەنجەکانی بەسەر زبرایی دیواری حەسارەکەدا دەهێناو پیتی ئەو وشانەی دەدایەوە دەم یەکتری کەدەیویست دڵنەوای ئامینی پێبکات:

ـــ چاکترە نەهێڵیت هێندە ختورەی ناخۆش بەدڵتابێت، سبەینێ دەکەومە سۆراخ کردنی... بەڵام...

ـــ بچۆرەوە سەر جێگاکەت و ڕاکشێ...!

دۆش دامابوو، لارەمل چاوی بڕیبووە جووتە نەعلە تاکەوتاکەکەی پێی.

ـــ ژیان لەتاکەوتاکی ئەم نەعلە کۆن و قرنجاوانەی من دەچن. لەژێر لێوەوە کەمال لەگەڵ خۆیدا دەدوا.

ســالانێکی دوورو درێژ بوو کــەمــال خــووی بەوەوە گــرتبــوو نەعلەکــانی تاکەوتاک لەپێ بکات، نەی دەتوانی بە نەعلەکانیــەوە بڕوات گــەر بەئاســایی لەپێی بکردنایە، خۆشی زۆرجار ئەو پرسیارەی لەخۆی دەکرد، بۆچی دەبێت من بەوەخــۆشــیم پێــبێت کــەتاکەوتاک نەعلەکــان لەپێــبکەم؟ هەرجــارێکیش نەعلەکانم بەتەواوەتی بکەمەپێیــان نائارامــیــەک لەناخــەوە دامــدەگــرێت و هەنگاوەکانم لەدووم نایەن؟! کەمال نەیدەتوانی وەڵامێکی دروستی وابداتەوە کەقایلبێت پێی، نەشی دەتوانی واز لەو خووەی بێنێت و دەستبەرداریبێت. کەمال بەدەمخۆیەوە دەدواو دەیووت زۆرجار مرۆڤ سەودای ڕەفتارو خووی

ئەوتۆدەبێت کەخۆشی درک بەهۆکارەکانی ناکات، ڕەنگە هەر لەبەرئەوەبێت ئەو خووەی پێ خۆشبێت، هەردەبێت واشبێت مرۆڤ گەر وەڵامی پێبێت بۆ هەموو ئەو ڕەفتارانەی کەلەنائاگایەوە پێی هەڵدەستن ئەوسات دەشیا مانای زۆر لەشتەکان بگۆڕێن، دەبێت واش نەبێت یاخود هەربەتەواوی پێچەوانەکەی دروستبێت! خۆگەر کەریمی کورم هێندە عاشقی ئەستێران نەبوایە بە کەریمە ئەستێرە ناوی نەدەرۆیشت و نازناوەکەی منی بەسەردا دەبڕاو پێیان دەووت کەریمی کوڕی (کەمال تاکەوتاک)، کەمال کاتێک لە دەمی کەسێکەوە گوێی لە نازناوەکەی خۆی دەبوو، گرژییەک هەموو ماسولکەکانی دەموچاوی تێک دەترشاند، دواتر دەیووت: ــ بڵێم چی یاساکانی ژیان خۆیان تاکەوتاکن نەک من.

ئامین ملی بەسەر حەسارەکەوە شۆڕکردبۆوەو نوزەنوزێکی لەدەم دەهاتەدەرێ و بەهێمنی چاوەکانی دەتروکاندن، ئەوشەوە دوواساتەکانی خەو لێکەوتنی ئامین بوو، ئیدی تادووا چرکەساتەکانی تەمەنی شەوانە خەوی لێنەدەکەوت، هەرجارێکیش دراوسێکانی پرسیاریان لێدەکرد دەی ووت:

ــ لە قەبردا بەهێمنی دەخەوم و چاو لێک دەنێم، ئەو کاتەی کەدەمرم و شەورۆژ چیتر لای من مانای نامێنێ و هەموو دنیا ڕەشدەچێتەوە.

ئەو شەوە زێدەتر لە ساڵەکانی تەمەنی کەریم، کەمال و ئامین لەسەربانەکەوە چوونە خوارەوە و دەرگای حەوشەی ماڵەکەیان ترازاند... دوای چەند هەڵوێستەیەک دەرگاکەیان کلۆم دەکردەوەو درز لە دوای درز دەکەوتە ئاوێنەی خەیاڵ و بیرکردنەوەیان. ئەستێرەکانی ئاسمان هێدی هێدی تیشکی درەوشانەوەیان لاوازدەبوو ئاسمان ڕەنگی دەگۆڕاو لێڵ دەچۆوە، لەگەڵ بەرزبوونەوەی جریوەی باڵدارەکانی ناو سنگی درەختەکان زیکەی مێشولەکانیش بەرەو کزی و نەمان دەچوون.

لەیەکێک لە چوونە خوارەوەکانی هەردووکیان دا کەمال ئەو قاپە عارەقەی کەهەفتەی ڕابردوو لە سەرگۆنی مەی فرۆشی کڕی بوو لەگەڵ دۆلکەیەک سەهۆڵاو قاپێک ماست دا لەگەڵ خۆی بردنیە سەربان، ئەو ڕۆژەی کەمال قاپەعارەقەکەی کڕی هەواڵەکانی جەنگ لەوپەڕی گەرمی و بەگژداچوون

دابوون، ڕۆژانە چەند بەیانێکی سەربازی دەردەچوو کەباسیان لەشکاندنی هێرشەکانی دوژمن دەکرد لەبەرە جیاجیاکانی جەنگدا.

لەگەڵ پێک تێکردنی عارەقەکەدا کەمال کەوتە هاتوچۆی ئەمسەرو ئەوسەری سەربانەکە... جگەرەکانی لالێوی بەدەمی یەکتری دادەگرساندن و جارجارەش دەیڕوانیە ئامین کەوەک شۆڕەبیەکی پەل داکەوتوو بەسەر حەساری سەربانەکەدا چەمیبوەوەو بێ پەروا لەناو خەیاڵاتی بیرکردنەوەکانیدا غەرق دەبوو. لەگەڵ یەکەم هەڵدانی پێکە عارەقەکەدا کەمال دەنگی شەقازللەکەی هاتەوە بەرگوێ و چاوەکانی پڕبوون لەفرمێسک و شەرمێک لەناوەوە هەناوی دەکرۆشت و بەخۆیدا دەشکایەوەو خورروویەک لەژێر پێستیەوە وەک مووچڕکە بە جەستەیدا دەهات.

باڵدارەکان لەتاریک و ڕوونی ئاسمان دا کەوتبوونە شەپۆلدان و بەیەکداچوونێکی هێمن، ئاغزە جگەرەکانی دەستی کەمال یەک بەدوای یەکتریدا دەکەوتنە ژێر خشەی نەعلە تاکەوتاکەکانی پێی، لەسەر لێواری قەڕەوێڵەکەی دانیشت و پێکێکی تری تێکرد، پەنجەکانی دەستی لەگەڵ ئاڵۆزبوونی بیرکردنەوەی دا خێراتر دەجوڵان و خوروویەک لەناو توکی سنگیدا کەوتە مێروولەکردن و ئاڵۆش بۆهێنان، دانەکانی ئاڵ دەبوونەوەو ئازار بەناو پووکیدا دەهات و دەچوو، یەکبینە پەنجەکانی دەستی دەجولاند و جگەرەکەی لەنێوان پەنجەکانی دەستیەوە دەگواستەوە بۆ ئەو دەستی و توکی سەر سنگی دەخوراند... بەردەوامیش ووردە سەهۆڵی ناو دۆلکە ئاوەکەی دەکردە ناو پەرداخەکەی بەردەمیەوەو کەوچکێکی لەقاپە ماستەکەی بەردەمی دەدا، بەدەم هەڵدانی هەر پێکێکی عارەقەکەدا مژی بەدوکەڵی جگەرەکەی بەر لالێویەوە دەناو سیەکانی سنگی لێپڕدەکردن، لەیەکێک لەو جارانەدا دوای بینپێوەنان بەپێکی ناو پەرداخەکەوە زڕەیەک لەناو پەرداخەکەدا هەستا، دوای هەڵوێستەیەک لەنێوان باوەڕکردن و نەکردندا ددانێکی لەناو پەرداخەکەدا دەرهێناو بەبزەیەکی سەرحاڵانەوە دەستی بەرزکردەوەو ددانەکەی لەئاستی ڕوناکایی مانگدا ڕاگرت، پەڵە ڕوناکەکانی سەر مانگ لە پەڵەکانی دەمووچاوی ئامین دەچوو کەسەروەختێک کەریمی لەسک دا بوو، کەمال شانێکی هەڵتەکاند

و ددانەکەی لەپاڵ خۆیدا داناو کەوتەوە هاتووچۆی سەربانەکە، خرووەکەی سەر سنگی هەموو جەستەی دەتەنیەوەو ئاڵۆش زۆری بۆدەهێنا، یەکبینە کەوتبووە نزگەرەو لە یەکێک لەدرزە کۆنەکانی بیرکردنەوەیدا قەتیسمابوو.

ـــ دەکرێت من ببمە باوکی شەهیدێک، نازانم شەهید بەمانای چی؟ بەمانای پیرۆزی بەراورد بەئێمە کەلەژیاندابن یان بەمانای چوونە بەهەشت و ڕزگاربوون لەگوناهەکانی، یان زیادبوونی ژمارەیەکی تر لەقوربانیدانی حیزبێک، ڕەنگە زۆر مانای تریش لەخۆبگرێت یان ڕەنگە ماناکەی هێندەش گرنگ نەبێت! وەک خەڵکی تر دەچمە سەر گۆڕەکەی و وەک باوک دەگریم، خەڵکی دێنە لام باسی تاڵە سپی و ڕەشەکانی قژو ڕیش و سمێڵم دەکەن، ئامینیش بەرگی ڕەش دەپۆشێ و دەکەوێتە تەزبیحات و خێرکردن بۆ کوڕەکەی، وێنەی کوڕەکەم لەگەڵ وێنەی شەهیدەکانی تردا بەپایەو دیوارو سەرکۆڵانەکانی شارەدا دەکرێن، دەنگی ڕادیۆکەی شاخ باسی پەڵەوانێتی کوڕەکەم دەکات و شاعیرانی بەرگریش لەشیعرەکانیاندا ناوی کەریم دەبەن. بەڵام ئەمانە هیچیان وام لێناکەن نەعلە تاکەوتاکەکانم ڕێک بکەمەوە، تازە من هەر فریای ئەوەدەکەوم وەک کەمال تاکەوتاک بژیم، تەنها وەک خۆم و هیچیتر!

کەمال لەگەڵ هەڵدانی پێکێکی تردا خۆی لەوجغزی بیرکردنەوەیە دەرهێنا و ددانێکی خوێناویتر کەوتە کۆشیەوە، هەستی بەسوێری و مزرییەکی خۆشدەکرد لەناو دەمیدا...

دەزوولە ڕوناکیەکی وەنەوشەیی لەپشتی شاخەکانی خۆرهەڵاتەوە بەرەو بەرزی هەڵدەکشا... دەنگ و تەقەی پێڵاوی ناو کۆڵانەکان دەبیستران کەلەگەڵ بەرزبوونەوەی دەنگی ئەو ماشێنانەی بەسەر شەقامەکانی شاردا دەڕۆیشتن، دەنگی بڵندگۆی سەر منارەی مزگەوتەکان تێکەڵ بەیەکتر دەبوون، دەنگی هەنسکەکانی ئامین بەئاستەمێک دەبیستران، تەپەتەپی سەربازە پۆستاڵ لەپێکان کەلەدەرگای ماڵەکانەوە دەچوونە دەرێ بەچاوە خەواڵوەکانیانەوە بەرەو گەراجە گەورەکەی نێوەندی شار دەچوون و سواری پاسەکان دەبوون... دواتر دەکەوتنە ناو ڕیزە درێژەکانی سەربازگاکانی قەراخ شارەوە.

ـــ کوڕم کەریم تۆبڵێی ئێستاکە لەکوێبیت؟ بۆ کوێیان بردیت کوڕە تاقانەو

بێکەســەکـەم، دایکت قــەزاوەگـێــڕتـبـێـت کـوڕەکــەم، ئێـســتــا  لەکـونجی چ زیندانێکدابیت؟.

ددانەکانی کەمال لەناو لەپی دەستیدا سپیان دەکردەوە، تاڵە لیکێکی ئاڵ لەدەمـیـەوە شـۆڕدەبۆوە سـەر سنگی و نزگەرەکـان کـەلە قـوڕگی دەگـیـران و دەهاتنەدەرێ جەستەیان ڕادەتەکاند... چاوەکانی خومارو مەست دەیان نواند، لەگـەڵ هەڵدانی دواهەمین پێکیدا پێڵـوی توند نوقـاندو دۆلکە بەفـراوەکـەی نابەسەریەوە تادەنگی دوا قومی ئاوەکە فرەی هات، پێڵوەکانی لێک ترازاندن و چەند دڵۆپە فرمێسکێک ڕژانە ناو چرچەکـانی سـەر ڕومـەتی و ددانـەکـانی لەدەمیدا یەکە یەکە وەک ناوکە شوتی کەوتنە ناو دۆلکەکەی بەردەستیەوەو لیکێکی ئاڵ هەموو سەر سنگ و چاکەتی بیجامەکەی تەڕکرد.

دەنگی کـەڵەشێری مـاڵە دراوسێکان کەوتبوونە قووقـاندن و دوورو نزیک بۆیەکـتـریان دەسـەندەوە، مـریشکی ناو هێلانـەکـان کـەوتبـونە گـارەگــارو چینەکـردن، شـەپۆلی باڵدارەکـانی ئاسـمـان خـامـۆش و تەریک بوو بوون، نوێژوانەکـان لە نوێژی بەیانی بووبوونـەوەو خـۆیان گـەیاندبۆوە سـەر سـینی و خوانی ئەو بەیانیەی کە چ جیاوازیەکی لەگەڵ بەیانیەکانی تردا نەبوو.

کەمال دووای کۆکردنەوەی ددانەکانی، خستنیە ناو گرفانی بیجامەکەی، نیگایەکی پڕلەسۆزو گلەیی گرتە ئامین کەتائەو کاتە لارەمل و بێـڕەنگ بەپاڵ حـەسارەکەوە جـەستـە لاوازو مـاندووەکەی ڕاگرتبوو، نەعلەکانی کرد بەسـەر پێیەوەو خشەخش بە سەر سەربانەکەدا تێپەڕی... کەمال بەزەحمەت لەبەردەمی یەکەم پلیکانەی قادرمەکەدا خۆی بۆڕاگیرا، پلیکانەی قادرمەکان لەبەر چاویدا درێژو قـوڵ دەبوونەوەو قـاچـی نەدەگـەیشت پێـیـان... بەشـان هـەڵتـەکـاندن و بزەیەکی سـەرخۆشـانەوە کەوتە هەنگاونان، چەند پێ پلیکەیەکی بڕی و قاچی تێکەڵ بەیەکتری بوون و لاسەنگ کەوتەوەو بە گرمۆڵەیی لەسەر پلیکانەکانەوە کــەوتـە خـــوارێ، لەبـەردەم دواهـەمین پلیکانەی خـــوارەوەدا دوای هـەندێک ســەربادان کــەوتە دیقــەتدانی ئەمــلاولای و بێ هەســتکردن بەئازار خــۆی هەڵپەسارد بەدیوارەکەی تەنیشتیەوەو نەعلەکانی کردن بەسەر پێیەوە، لۆژەلۆژ بەناو مـەمــەڕە تاریکەکـەدا بەرەو دەرگـای حـەوشـەکـە چوو، لەگــەڵ جـیـرە

لێـهـەسـتـانی دەرگـاکـەو کـردنەوەیدا ڕوناکی ئەو بەیانیـە خـۆیدا بـە چاوە خوماربوەکانیداو بەهەموو هێزی بەڵغەمێکی خوێناوی لە دەمیەوە پژاندە سەر ئەردی کۆڵانەکە، بەڵغەمە پژاوەکەی سەر ئەردەکە لەڕەنگی خۆری ئەو بەیانیە دەچوو کەبەسەر شاخەکانی خۆرهەڵاتی شارەدا پەرش دەبووەوە.

جگەرەیەکی پێکردو مژێکی قوڵی هەڵمژی و تەڵەشقارتە فڕێدراوەکەی سەر ئەردەکـە دوکەڵێکی ڕەشی زۆر کـەمی لێبـەرز دەبۆوە، هـەنوکە دەنگی خـرمـە خـرمـی دەمـووشـەویلاگـەی ئەو مـانگایەی گوێ لێـبوو کـەسـەری لەناو تەنـەکە خـۆڵەکەی بەردەرگاکەیان دا نقوم کردبوو. شار لـە فێنکی ئەو بەیانیـەدا تازە چاوی هەڵدەگلۆفت و لە خەو ڕادەبوو، باڵدارەکانی نێو سنگی سنەوبەر و سەر لق و چڵی دار تووەکـان گـەیشـتـبـوونە ناو پەڵە گـەنم وجـۆ شـاپـۆلاویی و بالابەرزەکـانی قـەراخ شـارو ناو بێـسـتـان و پاڵ جـۆگە سـەوزو کـانیـە ڕوون و زیخـەڵانە شـێدارەکان. کەناسـەکە لەوسـەری کۆڵانەکەوە وەک پیشـەی هـەمـوو بەیانیـەکی بەگسکە درێژەکـەیەوە کـەوتبـووە مـاڵینی قـەراخ شـۆسـتـەکـەو بەتاڵکردنی تەنـەکـە خـۆڵەکـانی بـەر دەرگـاکـان، گـسکە درێژە تولّ دارەکـەی بەخشـەخش بەقـەراخی نێوان شـۆسـتـە و ژێر دار تووەکان دا دەهـێناو نەرمـە تۆزێک تەپوتل دەئالایە ئەو تیشکە خـۆرە ووردە زیوینیـانەی کەسـەرەتای تین و گەرمیان دەگەیاندە سەر ئەرد.

ئامین ئەنیشکە سڕەکانی بەسـەر حەسارەکەوە گیربـووبوون و سێبـەرەکەی لەتـەنیـشـتـیـەوە بێـدەنگ دەرێژ دەبۆوە کـە هـەرلە داهۆڵێکی لەداروپەردوو دروستکراو دەچوو، جـەسـتـە شل و لەنگەکـەی کەمـالیش بەتاکێکی بەردەرگا ئاسنینەکـەوە وەسـتـابوو، دوکـەڵی خـەسـتی جگەرەکـەی دەکـرد بەئاسـتی ڕووناکی خۆری ئەو بەیانیەدا کەئیدی هێندە هەڵکشابوو بەزەحمەت تێڕوانینی چاو لەئاسـتیـدا خـۆی ڕادەگـرت، جارجـارە کەمـال پشـتی لەنەخشـی دەرگـا ئاسنینەکـە هەڵدەسـوو بەدەسـتـێکیـشـی سنگ و قـاچ و دەسـتـی دەخـوراند، پێیەکانی بەنۆرە لە نەعلەکان دەردەکردو ژێر پوزو قاچەکەی دی پێدەخوراند، چاوی برییبووە سەروکەللەی مانگاکە کاتێک سـەری لەناو تەنەکە خـۆڵەکەدا نقوم دەکـردو جار ناجارێکیش مـڕەیەکی لێپـەیدادەبوو مـڵچـەی شـەویلاگـەی

دەهات، کاتێک دوکەڵی جگەرەکەی دەمی دەکرد بەبا شێوەو ڕەنگی مانگاکەی لێدەگۆڕاو بەئاژەڵێکی زل و نەدیدە دەهاتە بەرچاوی، کەناسەکە گەیشتە سەر مانگاکەو دەستێکی کێشا بەسەر پشتی داو دوای مرخەو بۆڕەیەک ملی هەڵسوڕاندەوەو کەمێک دوور کەوتەوە، دوای بەتاڵکردنی تەنەکەکە لەناو عەرەبەنەکەدا مانگاکە بۆنێکی تری بەلێواری تەنەکە بەتاڵەکەوە کردوو مرخاندی، کەمال دەستێکی شل و قورسی وەک سڵاو بۆ کەناسەکە بەرز کردەوە... بێ ئەوەی کەناسەکە هیچ گرنگیەک بدات بەکەمال بێ وەڵامدانەوە دوور کەوتەوە و گسکەکەی دەستی بەقەراخی شۆستەکەدا هێناو کۆمەڵی کاغەز و گەڵاو خۆڵی بەدەمی گسکەکە بەرەو سەرەوە بردو ڕێچکەی بەقەراخ شۆستەو تەنەکەی بەردەرگای ماڵەکاندا گرت، دەنگی جیکەجیکی پێچکەی عەرەبانەی دەستی کەناسەکە سەری کەمالی بەگێژدا دەهێناو هێڵنجێک بەرقورگ و هەناسەیان دەگرت... کەمال بەردەوام تفە خوێناویەکانی دەمی دەپژاندە سەر ئەردەکەی بەردەمی، دواتر زمانی بەتوندی لەچاڵەکانی ناو پوکی گیر دەکردو بریسکەی ئازارێک وەک تۆپێکی ئاگرین لەدەمیدا دەتەقییەوەو لیکی دەمە خوێناویەکەی بەسەر سنگیدا دەڕژا و شۆڕدەبۆوە، مانگاکە چاوە ڕەش و برژانگە درێژو ڕیپۆقاویەکانی بریبووە کەمال و سات ناساتێک مرخەیەک یان بۆڕەیەکی درێژی لێ بەرز دەبۆوەو ملی بۆلای کەناسەکە وەردەگێڕا کەسەرقاڵی بەتاڵکردنی یەک بەیەکی تەنەکەی بەردەرگاکان بوو، کەمال چەند هەنگاوێکی خوارو خێچ لەمانگاکە نزیک بۆوەو دەستی کرد بەگرفانی داو ددانەکانی خستە سەر لەپی دەستی و لەبەردەم لۆزە لیکاویەکەی مانگاکەدا ڕایگرت، مانگاکە دوای هەندێ سڵەمینەوەو موشەکردن دەمی بەرەو دەستی هێناو نوکە زمانێکی لەددانەکان دا، کەمال لەناو چاوە گەش و گەورەکانی مانگاکەدا خۆی دەبینی کەبەدەستێکی خۆی دەخورێنێ و سوکە لەنگەدەکات، مانگاکە لەپڕ لۆزی بەرز کردەوەو ملی وەرچەرخاندو چەند هەنگاوێک لەکەمال دوور کەوتەوەو مڕەیەکی کردو لۆژە لۆژ بەرەو ئەو سەری کۆڵانەکە بەدوای کەناسەکەدا سەرکەوت، کەمال شانێکی هەڵتەکاندو ددانەکانی خستەوە گرفانی و بەهەردوو دەست کەوتەوە خۆخوراندنی

جەستەی، کەماڵ لە چونەژورەوەدا بوو کەچاوی کەوتەسەر جووتە نەعلەکانی پێی... بینی کەنەعلەکانی بەشێوەیەکی ئاسایی لەپێکردوون... شانێکی هەڵتەکاند و بێ گوێپێدان بەگرنگی شێوەی لەپێکردنی نەعلەکانی دەرگاکەی لەدوای خۆیەوە پێوەداو چووەژورێ، خۆی گەیاندە بەلوعەی بەر هەیوانەکەو چەند شڵپە ئاوێکی دا بەدەمووچاویداو لەئاوێنە هەڵواسراوەکەی بەردەمی دا سیماو شێوەیەکی نامۆو سەیری خۆیی هاتە بەرچاو، سەرێکی ڕاوەشاندو ئاوڕێکی لەدواوەی خۆیدایەوە، بۆ زیاتر دڵنیابوون دڵۆپە ئاوەکانی سەر برژانگ و چاوی سڕین و بەسەر سوڕمانەوە سەرێکی لەئاوێنەکە نزیک کردەوە، لەسەر ڕوخساری ئاوێنەکەدا کەماڵ وەک پیاوێکی پیری هەزارساڵە دەردەکەوت، چرچەکانی دەمووچاوی قوڵ و درێو دەیان نواند، هەردوو گوێی تەپیو و توکاوی بوون، دووا لۆچی سەر ناوچاوانە گرژەکەی نیشتبوونە سەر برۆکانی و چاوە بەقوڵاچوو بەر پێڵووە مۆرەکانی خستبوونە ژێر سێبەری خۆیەوە، لوتێکی گەورەی گەنیوو پڕ لەکونی ڕەش و گەندەموو گرتوو بەسەر دەموولێوە شۆڕو قڵیش بردۆکەیەوە وەستابوو، تاڵە توکە ئاڵۆسکاو و لیکاویەکانی سەر سنگی لەیەخەی ترازاوی بیجامەکەیەوە هاتبوونە دەرێ.

ـــ کوڕم کەریم ئەستێرەکەت نەگرت؟!

کەماڵ بەدەم خۆخوراندنی جەستەیەوە خۆی کرد بەوژورەدا کەوێنە لەچوارچێوە گیراوە گەورەکەی خۆی پیادا هەڵواسرابوو، بەشڵەژاویەوە لە بەردەمی وێنەکەدا وەستا، وێنەکە لەڕۆژەکانی هەرەس دا گیرابوو، دوای ڕتوش و دەستکاریکردنێکی هونەریانەی وێنەگرەکە لە چوارچێوەیەکی برۆنزی گرتبوو، کەماڵ بەبیریدا نەدەهات ڕۆژێک لە ڕۆژان وەک ئەم بەیانیە بەسەرنجەوە لەبەردەمی ئەم وێنەیەی خۆیدا وەستابێت و لەخۆی ڕوانیبێت، مەگەر چۆنها لەسەر هەڵبڕینێکدا یان بەڕێکەوت چاوی لەسەر وێنەکە وەستابێت و بێ گوێپێدان و بیرکردنەوە بەسەریدا تێپەڕیبێت، ووردتر لە وێنەکەی خۆی وورد بۆوە، سیماو ڕەنگی هەمان ئەو دەمووچاوە نامۆیەی خۆی تێدابینی کەپێش چەند ساتێکی کەم لەمەوبەر لەناو ئاوێنەکەدا بەدیکردو لێی سڵەمیەوە، هەستێک تێکەڵ بەیەقینێکی تاڵ و قێزکردنەوە لە ناشیرینی

سـیـمـای خـۆی، هێندەی تر چرچەکـانی  ناوچەوانـی شـێـوەی دەمــوچاویان ناشیرین و گرژدەکرد... بەڕقێکی بێ بەزەیانە بەخۆیدا نینۆکەکانی گیردەکرد لەجـەسـتـە ئاڵۆشـاویەکـەی و بـەدەم ئازارەوە دەیخـوراند، بەپـەنجـە لەرزۆک و گرژەکـانی کـەوتە ترازاندن و پچڕاندنی قـۆپـچـەکـانی چاکەتی بیـجـامـەکـەی، بەچـاوێکی بـەزەیی بەخـۆداهـاتنەوەدا پـەنجـە لەرزۆکـەکـانـی بەزبری و لۆچی پێستـە قڵیشاو ووشکبۆوەکەی جەستەیدا دەهێنا... نینۆکەکانی دەچەقاندە ناو گـرێ ئـاڵۆشـاوی و لـیـیـرکـردوەکـانـیـەوە... تاڵـەلیکێک لەسـووچێکی لێـویەوە دەچۆڕایـە خــوارێ کــەهێندەی تر هـەســتی بەســوێری ژێر زمــان و جـێ دانە هـەڵوەریـوەکـانی نـاو پووکی ئـەکـرد، پێــســتــە زبرو ڕەق و گــرێ گـرێکـەی هـەر بەپێـستی تیـمـسـاحـێکی پیر دەچـوو، ئاڵۆشـەکـە زۆری بۆهێناو خـۆی لەسـەر ئـەردی ژورەکـە پەڵ خـست و پێچ و خـولی بەجـەسـتـەی دەدا، دەنگێکی تێکەڵ لەپاڕانـەوەو ملنەدان بەشـێـوەی نووزەو ئـاه هـەڵکێـشــان لە قـوڕگی دەگــیـراو بەهەناسـەیەکی قوڵەوە لەسینەیەوە دەهاتە دەرێ، نینۆکەکانی پـەنجەی بەڕقەوە لەلۆچ و چرچەکانی ژێر ڕان و پشتی گیر دەکردن و دواتر سـەیرێکی ناولەپ و دەسـتـە خـوێنـاویەکـەی دەکرد کـە کـۆمـەڵـێ قـالـۆنچـەو مـێـرولەی تلیسـاوەی پێوەبوون، یەکەیەکە قالۆنچەو مێروو لەلۆچ و چرچەکانی ژێر پێستی دەهاتنە دەرێ و هـەڵدەزنان بەمل و ســەریداو دەچوونە نـاو کـونی گـوێچکـەکـانیــەوە، بەهەردووم‌شت لە مێرولەو قالۆنچەکانی دەسرەواندن و بەسەر جەستەو ئەردی ژورەکـەدا دەیتلیـسـاندنەوە، بۆسـاردێک تێکەڵ  بەهـەوای گـەرمی ناو ژورەکـە دەبوو، پوکـە بێـدان و خـوێنـاویەکـانی بەتوندی لەسـەریـەک جـووت کـردن، هـەڵدەسـتـایەوە سـەرپێ و ددانەکـانی لە گـرفـانی بیـجـامـەکەیدا دەردەهێنان. دواتر کـەمـال کـەوتـە پۆشـینی ئەو جلوبەرگـەنەی کـەبـەبزمـاری سـەر دیواری ژورەکەدا هەڵواسرابوون.

ئامـین لەســەر حــەســاری سـەربـانەکــەوە بەدەم وورده هۆرەو لاواندنەوەوە فرمێسکەکان لەچاوانی دەتکانەخوارێ.

ــ هێ...هێ...هێی...هێی...ه ه ه، کەریم جەرگە خۆشەویستەکەم، خەو لەچاو تۆراوەکـەم م م م م، هێ ی ...هێ ی...ه ه ه ه، ئاه دییـە شـیـرینەکـەم م م م،

هئـ.. هئـ.. هـێ ی هـێ ی... ی ی ی ی.

کـــەمـــال لـەبەردەم ئـاوێنـەی بەر بـەلوعـــەکـــەدا دەســـتـــە خـــوێناویـی و بۆسـارداویەکـانی دەشـۆردن و چاویشی لـەنێـو ئاوێنـەکـەدا زەق دەچوونەوە و بەبەزەیی هاتنەوە بەخۆدا لە ڕوخساری خۆی دەڕوانی.

کەمـال دەرگـای حـەوشـەکـەی بەڕووی کۆڵانەکـەدا داخست و جگەرەیەکی پێکرد،بەردەوام شـــانـەکـــانـی هەڵدەتـەکـــاندن و لـەمل و بـەرگـــەردنـی نزیک دەکردنەوەو خرووی پشتی پێدەشکاندن، مـانگاکـە تائەو کاتە بۆنی بە تەنەکە بەتاڵەکـانی بەردەرگـاکـانەوە دەکـردو شـەویلاگـەی کـاوێژئاسـا دەجـوڵاندن، لەیـەکـێک لەدەرگـا ترازاوەکـانی ســەرومـاڵی جـەعـفـەرەوە کـەڵەشـێـرێک بەقـووقـەکردن و باڵەفـرتێـوە لەپرتاو خـۆی هـاویشـتـە ناو کـۆڵانەکەوەو ئەمـبـازی مـانگاکـە بوو، مـانگاکـە بێ تێکدانی هـەنگاوە قـورس و ترازاوەکـانی ملێکی لە کەڵەشـێرەکە وەرگێڕاو بۆڕەیەکی کرد بەسـەریدا، بەڵام کەڵەشێرەکە زیاتر لێی نزیک دەبۆوەو پەڕەکـانـی بەرلاملی گڤکردەوەو چەند قـوویـەکی درێژی لەقـوڕگـە دەماراویی و جیڕەکەیەوە دەردەپەڕاند، کەڵەشـێرەکە لەو کـەڵەشـێرە بەتەمەن و شـامـلیـانەی نێـو کـۆڵان بوو کـەمریشـک نەمـابوو لـە بەردەمـیـدا فس نەداتەوە، کەڵەشـێـرەکانی ئەو کۆڵانەو کۆڵانەکـانی دەوروبەریشـیـانی بەزانـدبوو پۆپنەی هـەموویانی کـەل و بریندار کـردبوون، کەڵەشـێرەکە دوو قـاچی درێژی بێ پەڕو بەرپـشت و کلکێکی کـەچەڵەی بەرز و ملێکـی درێژی ســورفلی پۆپنە قـرتاوی هـەبوون، مـانگاکـە درێژەی بەبۆنکردن و مـوشـەی ناو تەنەکە بەتاڵەکان دەدا... بەڵام کەڵەشێرەکە لێینەدەگەڕا و بەسەرێکی گیڤ و دووباڵی فش و ڕاتەکاوەوە ئەمـبـازی دەبوو، لەهەر هـێـرشـێکی کـەڵەشـێـرەکەدا بـۆسـەر مـانگاکـە چەند قووقەیەکی بەرزو درێژ لە دەنوکە کۆڵ و قرتێنراوەکەیەوە دەهـاتە دەرێ و بەباڵە فـشـەکـانیـەوە بەناو قـاچ و پەلی مـانگاکـەدا فـرتەی دەکـرد... کـەڵەشـێـرەکـە دەنوکێکی گرتە دووگمەی گوانە شۆڕبۆوەکانی مـانگاکە و لەژێریەوە دەرپەڕی، مـانگاکە بۆ خـۆقـوتاربوون ملـی بادەدایەوەو بەدەوری خـۆیدا سـوڕی دەخـواردو شۆقێکی دادەهێنایەوە، کەڵەشـێرەکەش بەفرسـەتی دەزانی خـۆی هەڵدایە سەر ملی و نینۆکە تیژەکانی قاچی لـە پێستـە شۆڕبۆوەکەی مـانگاکە گیردەکرد...

دواتر بەدەنووک گرتن دەکەوتە چەرمی سەر ئێسقانە قۆقزو دەرپەڕیوەکانی سەردەفەی شان و ملی و دووا دەنووکی لەبەر ژێر کلکی دەگرت و باڵی دەگرتەوە، ئەوسا مانگاکە بەدوو کونەلووتی فش و تورەوە دوای کەڵەشێرەکە دەکەوت... کەڵەشێرەکە خۆی گیف دەکردەوەو بەکوتە کوتی باڵەکانی خۆی بەلمۆز و سەرو گوێلاکی مانگاکەدا ئەدایەوەو وێجا یەکبینە دەیقووقاندو هێرشی دەکردەوەو مرەیەکی درێژی لەمانگاکە هەڵدەستاند، بۆ دوواجار دەنوکێکی تری کەڵەشێرەکە لەگوانە پڕ شیرو قورسەکانی مانگاکە گیربوو، مانگاکە قاچەکانی تێکەڵ بەیەکتری بوون و بەلاداهات و دوای بۆڕەیەک کەوتە سەرلا.

لەگەڵ بەلادا کەوتنی مانگاکەدا کەمالیش گەیشتە ئاستی هەردووکیان و کەڵەشێرەکە بەفیزو خۆڕاتەکان و گیڤکردنێکەوە ئەمبازی هەنگاوەکانی کەمال بوو، کەمال لە جێگاکەی خۆیدا وەستاو بەساردییەکەوە لە ملەڕووت و پۆپنە بڕاوەکەی ووردەبۆوە... کەڵەشێرەکە دەیویست دەنوکەکانی بگەیەنێتە سەر پێلاّ و دەرەلنگی پانتۆڵەکەی، کەمال دەستێکی کرد بەگرفانی داو ددانەکانی لەبەردەم کەڵەشێرەکەدا ڕۆکردن، کەڵەشێرەکە سەرەتا دەنووکی بۆ بردن و ئەمدیودیوێکی کردن و دواتر بەدەنووک یەک بەدوای یەکدا کەوتە چنینەوەی دانەکانی... دانەکان یەک یەک لەملە سورفل و دەماراویەکەیەوە دەچوونە خوارێ و لە کیسەی بەرملی دا گرمۆڵەدەبوون.

ئامین بێ ئەوەی لەهیچ شتێکی ئاشکراو دیار بڕوانێت بەسەر حەساری سەربانەکەوە دەستی لەژێر چەنەی گیرکردبوو کەوتبووە گژ فکرانی ناخۆش و پاڕانەوە و دۆعاکردن:

ــ لە شیرین خەودا خەویان لەچاوان تۆراندی، ڕەبی خەوی خۆش بەچاوان نەبینن، وەک مەردی مەردان لە دەرگایان نەداو نەهاتنە ژوورێ... وەک هەتیمان بەسەر حەسارکەوتن و لەمنیان فڕاندی، لەدایکی خۆتیان فڕاندی... زمانم لاڵبێت نەمدەزانی بەزمانی وان تاوانی تۆیان لێ بپرسم، کوڕە شیرین و نەوازەکەم ئێستا لەکونجی چ زیندانێکدا بێ ناز فڕێدرابیت؟...

کەمال دەستە بزێوو نەسرەوتەکانی بەسەر جلەکانی بەریدا دەخشاندو

نینۆکی پەنجەی لەجێ لیروو خوراویەکان گیردەکردو لەنێوانی قۆپچەکانی کراسەکەی بەریەوە دەستی بەرەو سنگی درێژ دەکرد... مێروله و قالۆنچەکانی بەسەری پەنجەکانی دەتلیساندنەوەو قرچەی لێهەڵدەستاندن، بەردەوام مژی قوڵی له جگەره بەجێماوو لەبیرچۆکانی بەرلالێوی دەداو تاسەر فلتەرەکەی دەبردن، هەنگاوەکانی خێراو نارێک دەچوونە رێوەو جارجارەش دەستی بەدیواری پاڵ شۆستەکانەوە دەگرت و ئاراستەی هەنگاوەکانی پێ ڕاست دەکردنەوە، ئەستێرەکان لەئاسمانی ڕوناکی ئەو بەیانیەدا خامۆش و وون بوون... تەمێکی تەنک وەک تۆزو خۆڵی مۆڵەق بووی بەجێماوی دوای گسکدان بەسەر ڕووپەڕی شارەوە دەبینرا.

ـــ مەخابن کوڕم ئەستێرەیەک لە ئاسماندا بەدیناکەم، نەیان هێشت ئەستێرەیەک لەگەڵ خۆت بەریت!

کەمال لەبەر خۆیەوە وای دەووت و میلی کاتژمێرەکەی دەستی لەگەڵ جوڵەی هەنگاوەکانی دا هاوجووت دەڕۆیشتن.

ڕێبوارانی سەر شەقامەکانیش بەخۆیان و نهێنی خەونەکانی شەوانەیانەوە بەسەر شۆستەکان دا تێدەپەڕین و لەبیری گەیشتنە سەر کارو پیشەیاندا بوون، کەمال بۆ یەکەمجار بوو ئاوا لەسیماو دەموچاوەکان وورد دەبۆوە کەهەمان سیماو ڕەنگ و چرچو لۆچی دەموچاوی ئەویان تیادەبینرا، لێ ئەوان وەک ئەم خۆیان نەدەخوراندو لەفکری لێکدانەوەی خەونەکانی ئەو شەویان دابوون، بەدەم ڕێکردنەوە ناوی سەر دووکان و جامخانەو فرۆشگاکانیان دەخوێندەوە... ژمارەی درەخت و باڵدار و دارکارەباکان و خشتی سەر شۆستەکانیان دەژمارد و سەریان بەگێژدا دەهات و دەنگە نهێنیەکانی نێو دەرونیان بەدەنگی بەرز دەی دوواندن و ئەوانیش چاویان لێکدەناو سەریان دەلەقاندو بەتیلەی چاو لە دیوارە نوسراوەکان و وێنەی شەهیدەکان وورد دەبوونەوە، ژمارەی حیزب و پارتەکانی شاخیان دەژمارد کەلەژێر ڕەنگی جیای نووسراوی سەر دیوارەکان دا بەگەورەی نووسرابوون.

ئامین وەک شۆڕەبیەکی بەر چەمێکی ووشک بەسەر ڕووی حەساری سەربانەکەدا نوشتابۆوە، تیشکی خۆرەکەش تادەهات بەتینترو

گەرمتررادەهات، ئازارێکیش بەئێسقان و جومگە هیلاکەکانیا دەڕۆشت و بریسکەیەک لە سەریەوە تانوکی پەنجەی خۆی دەکشاندو چاوەکانی بەگێژدا دەبردن.

کەمال گەیشتبووە ناو فەرمانگەکەی و لەدانیشتنی کورسی بەرمێزەکەی نێو ژوورەکەی دابوو کاتێک دەنگی ئارژەنگی سەر ئاپارتمانە بەرزەکان و گردۆڵکەکانی دەورو بەرو نێوەندی شار گەیشتنی فرۆکەکانی دوژمنیان ڕاگەیاند بۆ نزیک بوونەوەیان لە سەر ئاسمانی شار، ئەو فەرمانبەرو کاربەدەستانەی کەتازە گەشتبوونە فەرمانگەکە بەپەلە خۆیان گەیاندە ژێرخانی ئاپارتمانەکەی فەرمانگە، خەڵکانی سەر شەقام و ناو کۆلانەکانیش هەندێکیان گەیشتنە ناو ژێرخانەکان و ژێرمیچی ماڵەکانیان و هەندێکی تریش دەچونە سەر حەساری سەربانەکان و دەستیان دەخستە سەرچاوانیان و بەدووی فرۆکەکانی سەر ئاسماندا دەگەڕان، کەمال جەستەی کەوتبووە سەر ئارەقە... ئالۆشێکی بەجۆش لەدەمارەکانی ژێر پێستی جەستەیدا دەجولایەوەو بەزەحمەت دەیتوانی لە بەردەم ئامێری چاپکەرەکەی دا خۆی بۆ ڕابگیرێ، بەدەستە لەرزۆکەکانی پەڕەیەکی لەنێوانی هەردوو ڕۆڵەی چاپکەرەکەدا دامەزراندو پەنجەکانی کەوتنە جولاندنی پیتەکان. ژوورەکە یەکێک بوو لەو ژوورانەی ناو فەرمانگەکە کەسیخناخ بوو بەو مەلەف و فایل و وەرەقانەی کەلەسەر ڕەفە یەک لەدوای یەکەکانی چواردەوری ژورەکەدا هەڵچنرابوون. هەموو ڕستە کۆتایی نەهاتووەکانی ناو درزەکانی بیرکردنەوەی کەمال دەکەوتنە سەر پەڕەی ناو ئامێری چاپکردنەکە، پێش نوسین و کەوتنی پیتەکان بۆ سەر پەڕە کاغەزەکە دەنگی پیتچنەکە و جوڵەی پەنجەکانی کەمال تێکەڵ بەلوورەی ئارژەنگی ئاگادار کردنەوەکە دەبوو... ڕستەکان دەبوونە کۆمەڵێک واتای ناحاڵی و ئالۆزی دوور لەلۆژیک، کەمال بەبێ ئەوەی لە واتای ووشەو ڕستەکانی تێبگات ملی دەنوشتاندەوەو چاوی بەپیتەکانەوە دەناو سەرلەنوێ دێڕەکانی دەخوێندەوە ، لۆچی ناوچاوانی هێندەی تر دەهێنانەوە یەک و هەموو زەینی خۆی گرمۆڵە دەکردەوە و پەڕەی ناو چاپکەرەکەی بەلول کراوەی فڕێ دەداو بەخێرایی پەڕەیەکی تری لەجێی دادەمەزراند... بەتامەزرۆییەوە دەستی

دەکــردەوە بـەنووسـین بەچـەشنێ هـەسـتی دەکــرد ئازادیدان بەپـیــتــەکــان لەنووسـیندا مـانای گەڕانی پیتەکان خۆیانە بەدووی ئەو پیتـانەی تری سـەر پەڕەی نـاو چاپکەرەکـە، بۆیە چاوەکـانـی ئەم لەسـەر پەڕە نـووسـراوەکـە ئەو واتایانەی دەخـوێندەوە کەبەئومێدی نووسـینیـان بوو، دووا دەنگی ئارژەنگەکە درێژ درێژ دەبۆوە و شـار کش و مـات و لـەرزۆک خـۆی گرمـۆڵە دەکرد… لوولەی چەکە قورسـەکانی سـەر ئاپارتمان و شـوێنە سـەربازیەکان سوریان دەخـواردو بـەدوای تارمـــایی و دەنگی فــڕۆکـــەکـــاندا دەگـــەڕان، دوربینـی بەرچـاوی سەربازەکان ژێر هەور و چمکی ئەو گەواڵە گەرمانەی ئاسمانیـان دەپشکنی… تاڕادەیەک باڵی بچوکترین باڵداریان لێدەبووە فڕۆکەو ترس دڵی دەلەرزاندن و بێ دەنگیــەکی قــورس بۆ چاوەڕوانکردنی مــەرگ و دەنگی تەقــینەوەو نـاڵەی فـڕۆکـەکـان  جـەسـتـەی هەمـووانی کـردبووە گـوێ، تـەنانەت دیوارە چڵکن و نووسراوەکان و گەڵای درەخت و پەڕەی گوڵەکانیش بووبوونە بەشێک لەو گوێ گەورەیەی شـار بۆ ئامادەبوونی سڵەمینەوەو  بەرەنگاری کردن لەگەڵ مەرگێکی ناوادەو نەزانراودا. کـەمـال ڕسـتـە  یەکـبـەدوای یەکـەکـانی سـەر پەڕەی ئامێرەکەی بەردەمی  دەدانە دەم یەکتری و ڕیز دەبوون و دوای بەریەک کەوتن لەگەڵ نیگا لێڵ و تورەکانیـدا دەبوونە مێرووله و دێڕەکان  تێکەڵ بەیەکتری دەبوون، مـێرووڵەکـان بەسـەر پەڕە نووسـراوەکـەوە دەپەڕینەوەو دەهـاتنـە سـەر مـێـزەکـەی بـەردەمی، پەڕەی نـاو پیـتـچـنەکـە دوای هـەر وەسـتـانێکی کـەمی پەنجەکانی کەمال سپی دەبوونەوەو پیتەکان سەر پەڕەکەیان بەجێ دەهێشت و دەکەوتنەجووڵە، لەگەڵ تێکەڵ بوونی مێرووڵەکاندا مـاناکانیش تێکەڵ دەبوون و لەکۆتایی دا دەبوونە ڕیزێک مێرووڵەی درێژبۆوە، کەمال هاوارێکی تووڕەبوون و قـێــزکـردنەوەی لێـبــەرز بۆوەو پـەلامــاری پەڕەی نـاو ئامـێــرەکـەی دەداو مـێــرووڵـەکـان بەسـەر دەسـتـەکـانـی دا هەڵدەزنان، لەناو پەڕە نووسـراو و هـەڵگیــراوەکـانـی نـاو فـایلی ســەر ڕەفـە پلـەدار و چـوارگـۆشــەیەکــەی نـاو ژوورەکـەدا… مــێــرووڵە ڕەش و ســورفلـەکـان قـەتـارەیەن دەبەسـت و بەدووی یەکـدیدا دەهـاتن و بـەسـەر ئـەردو میـچی ژورەکـەدا بڵاو دەبوونـەوە، هـەر چوار دیواری ژوورەکەو ئەردو بنمیچەکەی بوونە شارە مێروویەکی مەزنی ئاڵۆسکاو

بەیەکداچوو، مێروولەکان هروژمیان دەبردە سەر جەستەی کەمال و بەسەریدا هەڵدەزنان و گازیان لەپێستە وشک و هەڵقرچاو چرچولۆچەکەی دەگرت ...لیکی دەمی مێروولەکان تێکەڵ بەزەخم و جێ ڕنینی پەنجەکانی دەبوون و سستیەک سەرتاپای گیانی کەمالی دادەگرت و خاویەک بەدڵیدا دەهات... پوکە بێ دان و خوێناویەکەی بەهەموو هێزی لەسەر یەکدی جووت دەکردن و ئازارێکی خۆشی هێنەر ختوکەیەکی پیادا دەهێنان و هاواری دەکرد و دەیقیژاند، لەگەڵ هەر هاوار کردنێکی دا ڕیزێک مێروولەی ڕەش و سورفل دەچونە نێودەمیەوەو گازیان لەناو چاڵە خوێناویەکانی پوکی دەگرت... دڵۆپە فرمێسکە درشت و ڕژاوەکانی سەر ڕوومەتی کەمال قاچە بزۆزو بەجووڵەکانی مێروولەکانی بەیەکدا دەهێناو هەندێکیان لەگەڵ دڵۆپە فرمێسکەکەن دا دەڕژان و دەکەوتنەوە ناو ئەو مێروولانەی کەڕەش دەچونەوە لەناو ئەردی ژورەکەدا، کەمال هاوارێکی تێکەڵ بەپاڕانەوەو ڕق و تۆڵەسەندنەوە لە قوڕگی دەگیراو زمانی لەناو دەمیدا تەتەڵەی دەکردو نوزەیەکی درێژی لێوە هەڵدەستا... فرمێسکە خزاوەکانی چاوی ووردە ووردە پەمبە دەبوون و دواتر خوێنیان دەتکاندو ژورەکە دەبووە ڤیستیڤاڵی مێروولەو بۆنی ساردی مێرووولە و بۆنی خوێن و هاوارێک کەتا ئەوکات هیچ ئادەمیەک بەو ڕەزم و ئازارەوە گوێی لێ نەبووبوو، بەئازارێکی نائومێدانەوە کەمال خۆی ڕادەتەکاندو دەینالاند... لەسەرچۆک بەئەردی ژوورەکەدا دەهات و دەچوو بەرگری دەکرد تانەکەوێتە سەرپشت و لەناو شەپۆلی بەیەکاهاتووی مێروولەکاندا وون نەبێت، مێروولەکان تادەهات لەنێو پەڕەی ڕەش بۆوەو نووسراوی نێو فایل و مەلەفەکاندا وەک کانی بەهەرانە دەتەقین و هەڵدەقوڵان و لەڕەفەکانی چواردەوری ژوورەکەوە ڕیزی کۆتایی نەهاتویان درێژ و درێژ دەکردەوەو دەجولانەوە، کەمال بەسەر ئەردی بەمێروولە داپۆشراوی ژوورەکەدا تلاوتل خۆی دەگەوزاندو قرچەقرچی پلیشاندنەوەی مێرولەکان لەژێر جەستەیەوە دەهات و بۆنێکی ساردو کەسکون لەمێرولە پلیشاوەو برینداراەکان بەرز دەبونەوە... چاوەکانی کەمالیش شاتووە خوێنیان دەتکاندو ناڵەناڵ وەک دێوو درنجی ئەشکەوتان دەینالاندو دەکڕوزایەوە.

کـەمـاڵ زریکەیەکی لێبـەرز بۆوەو ئـەنیـشکی گـەیاندە سـەر مـێـزەکـەو هەرچۆنێک بوو دەستی لەشقارتەکەی سەر مێزەکە گیربوو، وەک بریندارێک کـەچەکـێکی کـوشـندە بکەوێتـە دەسـتـی بۆ تۆڵە سـەندنەوە نەڕاندی و پاڵی بەڕیزێک لەو فـایل و پەڕە کەڵەکـەکراو دانراوانەی سـەر لایەکی ڕەفـەکەوە ناو بەسەر یەکتریدا خستنی، ئەوجار کەماڵ بۆی کەوتەوە سەر چۆک و بەئازارەوە چەند پـەڕەیەکی لەیەک کـۆکـردنەوەو تەڵـێ شـقـارتەیەکی گـڕگـرتووی لێنزیک کردنەوە، دوای کەمەکێک دووکەڵێکی سپی لەپەڕەکان بەرز بۆوەو گڕیان گرت، قرچەی سـوتانـی مێرولەکان دەستی پێکرد، دووکـەڵە سـپـیـەکە گـەیشـتـە ژێر بنمـیـچـەکـەو سـەرەتا یەکـەیەکە مـیـروله هەڵزناوەکـانی بنمـیـچـەکـە کـەوتنە خـوارەوەو هەڵوەرینـە سـەر تینی ئاگـرەکـە کـە وورده وورده ڕەنگەکـەی شین هەڵدەگەڕا... ئاگرەکە تەشـەنەی کردو پەڕەکاغەزەکان ئاگریانسـەند، شـالاوی ئاگر گەیشتە ژێر ڕەفە ڕیزکراو هەڵچنراوەکانی فایل و کاغەزە مۆڵکراوەکان، کـەمـالیش وەک مـارێکی لوول خـواردووی بریـندار بەسـەر ئـەردی ژوورەکـەدا لوولـی دەخـواردو پێـچـی بەخـۆی دەداو بڵــمــەبڵــمـێکی نـاڕێک و بەسـوێ لەگـەرووییـەوە دەهـاتنە دەرێ... مـێـرووڵەکـانیش لـە ژێر خـۆکـێـشـانەوە و لوول خواردنی کەمال دا قرچەیان دەهات و لە ناو ئاگرەکەدا دەئاوسان و دەتەقین... دووکـەڵە سـپـیـەکـەی ناو ژوورەکـە ڕەنگی لێڵ و ڕەش دەبوو... وورده وورده دووکـەڵەکە قـەتیس دەمـاو هەمـوو شـتـەکـانـی ناو ژورەکەی دادەپۆشی. چەند سـاتێکی کـەم بوو کـە لـولەی گـڕاوی چەکـە قـورسـەکـانی سـەر سـەربان و گردۆڵکەکان تەقەیان لە دووا دەنگی بەجێماوی فڕۆکەکانی سەر ئاسمانی شار دەکرد کە دەمێ بوو پێش دەنگ و قرمەی ئەو چەکانە فڕۆکەکان سنوری شارو وڵاتیان جێ هێشتبوو.

ــ کەریم کوڕم! ئەم چەند دێڕە دواوەسێت و دواقسـەی منن، بۆ بیست ساڵ دەبێت لەپشتی مێزەکانەوە لەبەردەم ئەم ئامێرە پیتچنە نەفرەتیانەدا دادەنیشم و پیتـەکان بـێ ویستی خۆم ڕێک دەخـەم و درۆکان تۆمـاردەکـەم، بەرهـەمی من لەژیانـدا تەنهـا خـسـتنەوەی ئەم شـارە مـێـرولانـەن کـەوا خـارخـار دەمگـەزن و دەمـخـۆن، من بەدەسـتی بێ هـێـزترین گـیـانەوەر دەمـرم، تـەمـەنا دەکـەم تۆ

بەدەستی بەهێزترین گیانەوەر بمریت، کوڕم بۆ دەتەوێت تێنەگەیت کەهیچ کەس ڕێت پێنادات ئەستێرەکەت بگریت، تەنانەت منیش نەمدەهێشت چونکە باوکایەتیم بۆ تۆ ڕێینەدەدام ئەستێرەکان بگریت، تف لەهەمەوو ئەوانە بکە کەناهێڵن... تف لە...

ــ جەرگم کوڕە نازدارەکەم لە خەویان کردیت.

ئامین ئەنیشکی دادابووە سەر دیواری حەساری سەربانەکە و لەگەڵ ئەو دووکەڵە ڕەشە قەتیس بووەی سەر ئاسمانی شاردا چاوەکانی دەڕژان، دەنگی بەرزی لوورەی ئۆتۆمبیلە ئاگرکوژێنەوەکان بەسەر شەقامەکاندا تێپەڕدەبوون. خەڵکی لەسەر سەربانەکانیانەوە دەستیان بۆ شوێنی ئاگرەکەو جێ بۆردوومانی فڕۆکەکان ڕادەکێشا.

## بورجی ئەزبەنی

گرو هالاوی تراویلکەی ئەو دوانیوەڕۆیە لەقیرە شل و کفکردووەکەی سەر جادەی کۆڵانەکە هەڵدەستا، ئێسک و پەیکەری کەللەو شاخی بەرانەکێویەکەی سەر دەرگاکە گەرم ڕاهاتبوو.. مورووە شینە بەپەت کراوەکەی بەینی هەردوو شاخەکەی دەبریسکایەوەو دەتووت ئێستا دەتوێتەوەو وەک دڵۆپێکی شین دەتکێت. ناڵە ڕەش و ژەنگاویەکەش لەخوار ئێسکی شکاوی شەویلاگەیەوە بەبزمارێکی گەورەوە هەڵواسرابوو کە هێندەی تر لە دوورەوە سام و ترسی دەدایە کەللەی بەرانەکەو بووبووە هۆی دروستکردنی تەلیسمێکی ئەفسانەی لەلای خەڵکانی گەڕەک ، بەتایبەت شەوانە منالان بەترس و لەرزو سەرنەوی کردنەوە بەبەردەرگای ماڵی کانەبی دا ڕەتدەبوون.

کاتێک مروەت لەبەر دەرگاکەدا عەباکەی دابەسەریداو لەدوای خۆیەوە دەرگاکەی پێوەدا سێبەری چوکڵەی هەردوو شاخی بەرانەکە درێژ بوو بوونەوە و گیرابوونە گوێسوانەی سەربانە گڵینیەکە، مروەت لەهێنانەوەی چرچی عەباکەی بەرلاملی دا بوو کەبەتیلەی چاو دەیڕوانیە خاجیان کاتێک بەخۆی و سەتڵە ئاوەکەی دەستیەوە لەبەردوکانەکەی حەسەندا وەستابوو، لەسەر هەڵبڕینێکی خاجیان دا سیمای زەردو ترساوی مروەتی بەدیکردو زووبەزو هەردووکیان لەنیگای بێدەنگی یەکتری گەیشتن، مروەت بەژێر سێبەری دیواری ماڵەکاندا بەرەو ئەوسەری کۆڵانەکە ملیدەناو دەڕۆیشت، هالاوی گەرمای ئەو دووانیوەڕۆیە لە خشت و بەردی ژێر سێبەری دیوارەکانەوە دەهاتەدەرێ، مروەت هەرلەگەڵ چەند هەنگاوێکیدا هەڵوێستەیەکی دەکردو ئاوڕێکی لە خاجیان و بەردەرکەی ماڵەکەیان دەدایەوەو هەناسەیەکی نائومێدی دەکێشا، خاجیان پەنجەکانی دەستی بەقوڵفی سەتڵە ئاوەکەی دەستیەوە نوسابوون بەبێ تروکاندنی چاوی لەهەنگاوە سست و قورسەکانی

مـروەت  وورد دەبۆوە... لەگـەڵ  هەر ئاوڕدانەوەیەکی مـروەتدا ئەمـیش دەسـتی بەناو ئاوی سـەتڵـەکەدا دەکـردو پڕبەمـشـتی ئاوی بەسـەر ئەردە تۆزاویەکـەدا دەپژاند، ئاوە پژاوەکەی دەسـتی خاجـیان نـەرمـە تۆزێکی لەسـەر شـۆسـتـەی بەردووکانەکە هەڵدەستاندو بۆنی خۆڵە تەڕەکە بەبەرلووتی حەسەن دا دەچووە ناو دووکـانەکـەیـەوە، دەنگی پرژانـی ئاوەکـە تێکەڵ بەقـرچەی تەقـینی قـیـرە کـفکردوەکـەی ناوجـادەکـە دەبـوو کـەهـێندە دەنکە نۆکـێک بەرز بووبـوونەوەو دەتەقین؛ حەسـەن کەنگێ بوو لەناو دووکانەکـەدا خەریکی تەکاندن و قـەدکردنی بەرکـۆشـەو خـاولیە شـۆڕبۆوەوکـانی عەلاگـەی ناو دوکانەکـەبوو، خـاجیـان تەنکە ئاوی نـاو سـەتڵەکەی بەرەو ئاسـتی سـەرو کـۆڵانەکە ڕووەو مـروەت پرژاندە سـەر شـۆسـتـەکـەو سـەتڵـەکـەی دەسـتی هێنایەوە  بەربەلوعـەی ناو دووکـانەکـە... ئاوەکەی لەسـەر بەردایەوەو بەبێ دەنگی دووکانەکەی بەجێهێشت و لە دەرگا ترازاوەکەی ماڵی مروەتەوە خۆی کرد بەژوردا. لەگەڵ پڕبوونی سەتڵە ئاوەکەدا حـەسـەن بەپشـتە کـۆم و دەسـتە لەرزۆکەکانیـەوە دەسـتی کرد بەئاوڕشـێنی نـاو دووکانەکەی. شێوەو ڕووبەری دووکانەکە لە کارتۆنێکی چوارگۆشـەیی گـەورە دەچوو کەلەدەرەوە دەرگای ماڵەکەیان لەگەڵ جامخانە شینەکەی دووکانەکەدا جووت بووبوو، گـەرمـای ئەو دوانیـوەڕۆی هـاوینە چۆڵی وبێدەنگیـەکی مـتبـووی دەبەخـشـیـیـە سـەرلەبـەری درێژایی کـۆڵانەکە کـەلەوسـەریەوە یەکانگیر دەبوو لەگـەڵ ئەو شـاقـامـە گشـتی و دوورو درێژەی نـاو شـاردا... جـار جـارە ووڕەی ئۆتۆمبیلەکان بێدەنگیە گەرمەکەی ناو کۆڵانەکەی دەڕەواندەوە چ جای دەنگی لەپڕی ئەو مناڵە چلوورە فرۆشانەی کەلەسوچی ترازاوی ماڵەکانەوە دەستیان دەگرد بەدەمیـانەوەو پڕ بەگەرویان هاواریان دەکرد(سـارد و فێنکە چلوورە...) هـاواری ئـەو منـاڵە چلورەفـرۆشــانە منالانی پێش دایک و باوک ڕاکــشــاوی لەخەوی ئارەقاویی ولیکاوی ئەو دووانیوەڕۆیە ڕادەچڵەکاند.

ئەردی ئاوڕشـێن کراوی ناو دوکـانەکـە لـەگـەڵ سـوڕانەوەی پێـچـکەی پانکە ئەردیەکەی سـوچی دووکانەکەدا فێنکیەکیان دەدایە جـەستە پیرو لەرزۆکەکەی حــەســەن، ئەگــەرچی دووای جـیـرە جـیـرکـردنێکی زۆری پانکەکـە لەگـەڵ سـوڕانەوەی هـەوای نـاو دووکـانەکـەدا دەبووە هەڵمـێکی گـەرم و ئارەقـاویی و

جومگەکانی قەفەزەی سنگی حەسەنیان جیڕەکردەوەو هەناسەکانی تەنگەتاو سواردەبوون.

حەسەنی دەلاک سەربوردەیەکی دوورو تەمەنێکی درێژی لەگەڵ کاری دەلاکی دا ڕابوواردبوو، وەک هەموو جارانێک کەخۆی دەیگێڕایەوە: (دەمێکە من لەگەڵ کرتەکرتی مقەست و شانەی قژدا دۆست و هاودەمم.)

بەڵام وابۆچەند ساڵێک دەچێت حەسەن گلەیی و گازندە لەنەهاتی بەختی خۆی و ناوچەوانی دەکات، چونکێ بەدەگمەن مشتەری ڕووی تێدەکەن و سەر و ڕیشیان دەتاشن جگە لەچەند هاوتەمەن و هاوڕێیەکی خۆی لەگەڵ هەندێ لە مناڵانی هەژاری کۆڵانەکانی خوار شار نەبێ کەئەوانیش لەگەڵ ڕێکردنی ڕۆژگاردا تەرەدەبوون و بەرەو کزی و کەمبوونەوە دەچوون. حەسەن زۆرجاران شانازی بەوکەسانەوە دەکرد کەلەساڵانێکی تەمەنی منداڵی و هەرزەکاریان دا قژیان لەلای ئەو بڕیوەو ئێستا بوونەتە خاوەنی ژن و مناڵ و پیاوانی ناسراوی شار. بێ بازاڕی ئازارێکی خەفەبووی لە دەروون و بیرکردنەوەی حەسەن دا درووست کردبوو بەچەشنێ کە هەرکەسێکی دەبینی بەپرچ و قژێکی درێژەوە فوویەکی لەدەم دەکردو لەنێوانی دانەکەلەفیچەکانیەوە بەچەشنی فیکە دەیهاویشتەدەرێ و دەیدا بەڕانی خۆیداو دەیووت:

ــ حەیف دەکەن کوڕی خۆم جوانی وگەنجێتی خۆتان لەژێر بارێک توک و موودا دەشارنەوە... ناهێڵن گەشی پێست و دەموو چاوتان بەدەرکەوێ، حەیف دەکەن حەیف! ئەوکات دەیکێشایەوە بەڕانی خۆیداو دەیووت: ئەی ئێوە ناوی منتان نەبیستووە کە کۆنترین دەلاکی شارو چاکترین دەست و مقەستم بەلاوەیە، دیارە نەتان بیستووە، حەیف.

ئەم قسانە دادی حەسەنیان نەئەداو تا دەهات دووکانەکەی چۆڵ و بێ مشتەری دەبوو، ڕۆژ دەڕۆشت و هەفتە دەگەیشت و مانگ هەواڵی دەنارد... دەقی بەرکۆشە و خاولیەکانی نەدەشکاو بەدرێژای ڕۆژ لەسەر کورسی بەر ئاوێنەی دووکانەکەیدا دادەنیشت و بەگژ فکراندا دەچوو. وادەهاتە بەرچاوی پیاوانی شار لەگەڵ مناڵەکانیان دا بەدرێژای کۆڵان و شەقامەکان بەدووی یەکتردا ڕیزبوون و هەمووان لەژێر پرچ و قژە درێژە مووخۆرکە

لێدراوەکانیانەوە ڕاوەستاون و شەتەک و ماندوو بوون لە چاوەڕوان کردنی بەر دووکانەکەی وویدا بۆوەی خۆیان ڕزگاربکەن لەوبارە کوڵک و قژەی کەبەسەر شـان و ملیـاندا پەخش و ئاڵۆسکاو بۆتەوە، ئەمـیش هەر بەهەناسـەیەک پیـاوەکـان بەرێ دەکـات وقـژیان دەبڕێ و ئاوێنەکـەیان دەداتە دەست و پیـرۆزبایـیـان لێـدەکات تانۆبەتی ئەو خـەڵکە چاوەڕوان کـراوەی تر بەهەدەر نەچێ، زوو زوو حەسەن ڕوو دەکاتە خاجیان و پێی دەڵێ ئاوی سەهۆڵاو بکە بەدەم ئەو خـەڵکەوە و پێـیـان بڵـێ ئۆقـرە بگرن و نەترسن هێندەم مـووسی ئینلیـزی هەیە بەشی بەرلامل و ڕیشی هەمـوان دەکـات و مـقـەسـتـە فەڕەنیەکانیشم بەرگەی بڕینی پرچ و قژی دوو ئەوەندەی پیاو ومنالانی خەڵکی شار دەکات، تورەم بکەن دەڵێم دەچم نەک توک و مووی دێوی بەرئەشکەوتان بەڵکە توکی بەرو لچی دەڵە دێوانیش بەنوکی مقەستەکەم هەڵدەهێنمەوە ئەوسا دێمـە سـەر پرچ و قـژی ئەوانەی ترسیـان لەمـاندووبوونی دەست و پەنجەو کولبوونی مقەستم هەیە، خاجیان پێیان بڵێ بادان بەخۆدابگرن و نەچنەوە بۆ ماڵەکانیان با منالەکانیان لە باوەشیاندا بخەوێن و هەناسەیەکی تر نۆبەتی هەموان دێ، پێیان بڵێ تابەرەبەیان لە پێناویان دا کاردەکەم و سەری هەموو منالانیش بە بەلاش و بەبێ سەندنی یەک قڕوش دەتاشم و سەرو شیرینیشیان پێـدەدەم و هەمـووان ڕایی دەکـەم. ئەمن لەخـزمـەتی سـەری ئەو خـەڵکەدام، قەناعەتم هەیە سەر بەبێ تووک باشتر بیردەکاتەوەو سەری پرچ و قژ خەیاتەی ڕێک بڕاویش نیـشـانەی زیرەکی بنیـادەم و دڵ تەڕیـیـەتی، چمـا عـەشق عەشـقێنەش بەپرچ و قژی ڕێک تاشراو و پژملی سافولوسەوە دڵی دولبەران ناخـاتە تەپەتەپ. خـاجێ پێـیـان بڵـێ بەکـوڕە جـحـێڵ و لاوەکـان بڵـێ خـەم هەڵگرنەبن بەچەشنێ زوڵف و سمێڵیان بۆ ڕێکدەخەم وهێندە قۆڵۆنیا دەدەم لە پشت مل و بەرگـەردنیـان هەر بەبرۆ هەڵتـەکـاندنێک خـوێن لەدڵی کـچـان و دولبەرانیان بهێنن و بێنە بەر هەیوان و بەرقاپی و بچنە هەورەبانی سەربانان و بەرکـۆشـیـان بۆ هەڵتـەکێن، هەهای هەیی... باکـەمـێک دان بەخـۆدابگرن ئەوسـات حـیکمـەتی ئەم قـسـانەی من دەزانـن و لەهونەری سـەرتاشـینی من حاڵیدەبن، هەرئێستا هەموان ڕایدەکەم.

حەسەن زۆرجاران ڕێی بەخەڵکی ورێبوارانی ناو کۆڵانەکەیان دەگرت و سەری بۆچاکدەکردن، وای لێهاتبوو بەدزی چاوڕووی خەڵکەوە شێتەکانی شاری دەکرد بەژووردا و بەزۆر لەسەر کورسی بەرئاوێنەکەدا دایدەنیشاندن، ئەوکات حەسەن واهەستی دەکرد چۆتەوە بۆ بیست ساڵ تەمەنی پێش ئێستای و ئاواز و ڕەزمێکی لەسەر خۆی لە مقەستەکەی دەستی دەهێناو بەقنەچاوێک سەیری ناو ئاوێنەکەی دەکرد، دواتر دەچوو گوێزانە چەقۆ ئاساکەی لەچەکمەجەی بەرئاوێنەکەدا دەردەهێناو یەک لەدوای یەک بەسەر قایشە ڕەشە تیژکەرەکەدا دەیهێناو دواتر ڕووی گوێزانەکەی لەچەند تاڵێ مووی مەچەکی نزیک دەکردەوە، دوای دڵنیابوون لەتیژ بوونەوەی بەپژملە کەفاویەکەی شێتەکەدا دەیهێناو هەنووکە کەفەسپیەکە بەدڵۆپی خوێنی جێ برینداریەکان ئاڵ دەبوو.. کابرای شێتەش لەژێردەستی دا دەینەڕاندو خەڵکانی گەڕەکی بەسەر دووکانەکەدا دەباراند، لەوساتانەدا حەسەن لەخەڵکەکە ڕادەماو پێی دەووتن:

ـــ هەریەک بچێ بەلای کاروکاسپی خۆیەوە بۆ ناهێڵن خێرێک لەڕێی خودادا بکەم و سەرو ڕیشی ئەم بەسەزمانەش بتاشم.

زۆرجار بەهەفتە کەس ڕووی نەدەکردە دووکانەکەی تەنانەت بۆ سڵاوکردن و کەمە دانیشتنێکیش کەس لاینەدەدایە ئەوێ، حەسەنیش هێندەی تر دڵتەنگی و خەم دایدەگرت و دەکەوتە گلەیی کردن لەڕۆژگارو خەڵکانی ئەو سەردەمە، حەسەن مانگی جارێک توکی بڕاوی ناو تەنەکەی دووکانەکەی فڕێ دەدا! زۆرجاران هێندە نائارام دەبوو لەقەهرا دەچوو بۆنی بەقژو تووکی بڕاوی ناو تەنەکەکەوە دەکردو بەدەم خۆیەوە دەیووت:

ـــ ئەم دووکانەم وەک دەمی مردوو چۆڵ و بۆگەن بووە، مەگەر بۆنی سەرو قژی خەڵکی کەمەکێک بۆن و بەرامەبدەن بەم قەبرەی کەبەزیندووی تێی کەوتووم بێ چارەو تەنهاباڵ و تەنیا تێیدا ماومەتەوە.

حەسەن لەگەڵ وەستانی بەسەر تەنەکەی قژەبڕاوەکاندا وورده تووک و قژی بڕاوی هەمە ڕەنگەی تێدا دەبینی، بزەیەک لەخەنی بوون وتێکەڵێک لە تەنکەخەم و هەست کردن بەخۆبوون دایدەگرت دەق هەروەک ڕاوچییەک

کەبەسەر نێچیرە پێکراوو بێدەسەڵاتەکەی بەردەمیدا دەوەستێ و لەچاوی دەسەڵات و هێزەوە تێی دەڕوانێ، ئاواش حەسەن سەیری ناو تەنەکەی قژو تووکی دووکانەکەی دەکردو لەدڵی خۆیدا بزەدەیگرت و گاڵتەی بەدەست و مقەستی ئەو دەلاکانە دەهات کەڕۆژانێک بەردەستی و شاگردی وویان کردووە، ئەمێستاش هەریەک لەوانە لەسەر شەقام و شوێنە گشتی و قەرەباڵغەکانی شاردا بوونەتە خاوەنی دووکان و بەوێنەی ڕەنگاوڕەنگ شووشەی جامخانەکانیان ڕازاندۆتەوەو ناو دووکانەکانیان گرتۆتە ئاوێنەبەندو گڵۆپی گەورەو بریقەداریان بەمیچی دووکانەکانەوە شۆڕکردۆتەوە، دەیەها خاولی پاک و بێگەردی قەدکراوو سابونی بۆنخۆش و شامپۆیان لەدووی یەک ڕیزکردووە، دەنگی گۆرانیە خێراو ناحاڵیەکان لەهەرچوار سوچی دووکانەکانیانەوە بەرز دەبێتەوەو مشتەریەکانیش هەریەک بێ دەنگ لەجێی خۆی دانیشتووەو سەری بەسەر کتێب و ڕۆژنامە ڕەنگاەڕەنگەکان دا شۆڕکردۆتەوە، قاچ لەسەر قاچ نوکی پێڵاوەکانیان بادەدەن و جارجارێکیش سەیری ئاوێنەکان دەکەن، دەستێک بەقژە درێژو بریقەدارەکانیاندا دەهێنن و بەقنگەچاوێکیش سەیرێکی وێنەی لەچوارچێوە گیراوی ئەو کچەڕووت و قوتانە دەکەن کەبەدیواری دووکانەکان دا هەڵواسراون.

من لەگەڵ هاتنی مقەست و کەفەسابوون و موسی ئینگلیزی بۆ ئەم وڵاتە تەقەی مقەستم دێ، لەسەروکەللەی پۆلیس وبارچاوەش و بەڕێوبەری پۆلیس و قایمقامەوە بیگرە هاتونەتە بەردەستم تا دەگاتە سەرلەبەری پیاوماقوڵانی شارو خەڵکانی ڕەش و ڕووتی تر، قایمقامی شار هەر دوو مانگ جارێ دوو پۆلیسی بەدوومدا دەناردو لەسەر کەیفی خۆی تەراشم بۆدەکرد، دوای قاوەڵتی کردن لەماڵی دەوڵەمەندو ئەشرافەکان دا قژم بۆ دەبرین و ڕیشیانم بۆ سافولوس دەکردن، سمێڵیانم قەیتانی بۆ ڕێک دەخستن بەچەشنێ هەر لەهەیبەت و سەرو کەللەی ئەوان دەوەشایەوە، بەڵام ئێستا بەدەگمەن پیاوێکی وا بەهەیبەت و شانوشکۆ دەبینرێت... هەزارداخ بۆ ئەو ڕۆژانەی تێپەڕین کەگەواهی دەست و مقەستی منیان لەلابوو.

حەسەن هەردوای ئەم قسانەی لەگەڵ خۆیدا وەک شتێکی کەوتبێتەوە یاد

ڕەنگی تێکدەچوو توند لێوی خۆی دەگەزت و لەدەستە لەرزۆکەکانی خۆی دەڕوانی و بەخۆیدا دەشکایەوە، کاتێک سەری کەسێکی لە ژێر دەستا دەبوو ئاهێکی بۆ ڕۆژانی ڕابردوو هەڵدەکێشاو لەبەر لێوەوە دەیگووت: گوزەشت، وەلێ گوزەشت. هەربۆیە حەسەن بەزەحمەت چاوی لەرووی ناڕەزایی مشتەریەکانی دەدزییەوەو ماتەمینی و بێدەنگیەکی قورس دایدەگرت.

حەسەن جگە لە پیشەی دەلاکی ساڵانێکی دووری پێش ئێستا لەسەرەتای بەهاراندا کەڵەشاخی لەپشتی ئەو کەسانە دەگرت کەڕوویان لێدەناو بانگیان دەکردە ماڵەوە، حەسەن لەگەڵ هەموو چوونە ماڵێک دا ئەوەی دووپات دەکردەوە کەپێویستە مرۆڤ ساڵی جارێک یان دووان خۆی لەو خوێنە پیسەی لەشی ڕزگاربکات تالەوەرزی خوێنجمان و سەرەتای بەهاران دا گوڕو هێزی بەبەردا بێتەوە و هەست بەلەش سوکی و قەلب سافی بکات. حەسەن بۆ ئەم کارە ڕووی لەهەرچ لایەک دەکرد جانتارەشەکەی لەگەڵ خۆی دەبرد کەهەمیشە دەستەیەک گوێزانی نوێ و کیسەیەک لۆکەو شوشەیەک قۆڵەنیاو شاخی کلۆری کەڵەکێویەک و چەند پارچە پەڕۆیەکی سپی خاوێنی تێدا بوو، ئەو کەسانەی کە کەڵەشاخیان لەپشتیان دەگرت زۆربەیان بەجەستە زل و تۆکمەبوون. حەسەن بۆ هەر یەکێک کەکەڵەشاخی بۆ دەگرد لەسەرەتاوە بەسەلیقەوە نوکی لایاکی گوێزانەکەی بەسەر پشتیدا دهێناو هێندەی درێژی نیوە پەنجەیەکی پێستی دەبڕی و ئەوسا شاخە کلۆرەکەی لە جانتاکە دەردەهێناو پنتی شاخەکەی لەسەر شوێنە بڕاوەکە دادەنا، بەهۆی کلۆری ناو شاخی کەڵەکێویەکەوە دەستی دەکرد بەجەخت کردن لەسەر پنتکەکەیی و ئەوسا یەک لەدوای یەک پنتی شاخەکەی لەسەر شانی کەمێک هەڵدەگرت و لەگەڵ هەر هەڵگرتنێکی کتوپڕدا پڵتەیەکی لێوەدەهات و خوێنەکە لەجێ بڕاوەکەوە لاتراسکەی دەبەست و بەسەر پشتیدا دەچۆڕا، حەسەن بە بەردەوامی بەلۆکەکەی دەستی خوێنەکەی دەسڕی و ئەوکارەی چەندەها جار دووپات دەکردەوە بەبێ ئەوەی بهێڵێت خوێنی شوێنە بڕاوەکە یان جێ برینەکە دەم بکاتەوە و خوێن لێوەی فیچقە بکات نەبادا دواتر وایلێبێت نەتوانێت بەئاوی قۆڵەنیاو لۆکەکەی دەستی بیگرسێنێتەوە، لەگەڵ بەرز بونەوەی هەر

پڵتەیەک و بەربونی پنتی شاخەکە لەپێستە گیربوەکەی پشتی ئەو کەسە کەبەهۆی کلۆری شاخەکەوە خوێنەکەی ڕادەکێشاو دەچۆڕایە خوارێ، حەسەنیش بەلۆکەکان بەردەوام دەیسڕین، بەم شێوەیە کاری کەڵەشاخبوونەکە بەردەوام دەبوو.

ئەم پیشەیەی حەسەن دەمێ ساڵ بوو بەرەو نەمان و لەبیرچونەوە چووبوو، هەر لەگەڵ زیاد بوونی ژمارەی دکتۆرەکان لەناو شاردا و باوەڕهێنانی خەڵکی بۆ سەردانی دکتۆر بۆ چارەسەر کردنی نەخۆشیەکانیان... کەسانێکی زۆرکەم دەمانەوە ڕوویکەنە کەڵەشاخ گرتن و خۆڕزگارکردن لە پەستاوتنی خوێن وچاکبونەوەیان، ساڵانێک بوو جگە لە خاجیانی هاوسەری حەسەن بۆ کەس جانتا ڕەشەکەی نەکردبۆوەو کەڵەشاخی نەگرتبوو، کەڵەشاخ گرتنی خاجیانیش بەشێک بوو لەو یادوەریەی کەقەدەرو ژیانی خاجیانی بەو گەڕەک و شارەوە گرێدا بوو. هەربۆیە حەسەن چیتر پێی شەرم بوو بە خاجیان ناوی بەرێت، هەر لەو ڕۆژەوە ناوی خاجیان بوو بە خەجێ کە لەماڵی مەلای گەڕەکەکەیان بڕیاری هاوسەرێتیان بەیەکدا، دوای ئەوەی خاجیان لەبەردەم مەلاکەدا ناوی خوا و پێغەمبەری هێناو بوو بەئیسلام، ئیتر خاجیانیش پێی شەرم بوو خەڵکی بە خاجیانی جولەکە ناوی بەرن، خاجیان دوای مردنی باوکی کەچەندساڵێک دوای دایکی مرد لەگەڵ شەمعونی برای دا سوربوون لەسەر ئەوەی کەهەردەبێت ئەم شارو وڵاتە جێبهێڵن و بەرەو ئۆرشەلیم بچن ئەگەر لەپێناوی دا خوێنی خۆیان بەهەدەردابێت، ئەمە دووا وەسێتی باوکیان بوو بۆیان تائەمانیش هەمان چارەنووس ومەینەتی وسوکایەتی پێکردنی ناوموسوڵمانەکان قبوڵ نەکەن وتەمەنیش چیتر بەجێیان نەهێڵێت. بەڵام قەدەر خاجیانی بەم شارەوە وابەستەکرد وشەمعونیش پێش پانزە ساڵێک لەوەوبەر ڕۆژێک لەپڕ دیارنەماو ئەرز قوتی داو خاجیانیش بێ کەس و سایەمایەوە کەئێستا بەزەحمەت دەتوانێت سیمای براکەی بێنێتەوە بەرچاوی، لەگەڵ ئەوەی کە دڵنیابوو شەمعون چۆتەوە بۆ ئۆرشەلیم و دووا وەسێتەکەی باوکی هێناوەتەجێ وئەمیش لەبەردەم دووریانی چاوەنۆڕیدا خۆی بۆڕانەگیراو سەرقاڵی ئەو پیشەیە بوو کەلەباوکیەوە بۆی بەجێمابوو، هەرئەوەش بووە هۆی

ئەوەی چارەنوسی حەسەن و خاجیان پێکەوە گرێبدا . حەسەن و خەجێ لەچەند بۆنەیەک دا ئەو رووداو رێکەوتەیان بۆیەکتری دەگێڕایەوە و ئاهیان بۆ ئەو ڕۆژە خۆشانە هەڵدەکێشا کەڕۆیشتن و جارێکی تر ناگەڕێنەوە.

حەسەن ئەو ڕۆژە بەخۆی و جانتاکەی دەستییەوە لە ماڵی مەلای گەڕەکەکەی خۆیان بوو، خاجیانیش لەهەمان ماڵ لەناو دەنگی قیژەو هاواری منالآن و دەنگی ژنان دا خەریکی چاوڕنینی منالآن بوو، لەیەکێک لە ژورەکانی ئەو ماڵەدا خاجیان سەری منالێکی هەشت نۆ سالآنی لەسەر ڕانێکی دانابوو ژنەکانی دەوروبەریشی دەست و قاچی منالەیان توند بۆ گرتبوو، خاجیان بەسەری پەنجەکانی پێچێکی بەپێلوی چاوی منالەکەداو سورایی پێلوی بەدەرخست، بێ ئەوەی گوێبداتە لەقەفرتێ و هاوارو قیژەی منالەکە کلۆیەک شەکری لەوپاکەتە شەکرە دەرهێنا کەبەپیتی ئنگلیزی لێی نوسرابوو، دواتر بەیەکێک لەڕووە تەختەکانی کلۆشەکرەکە کەوتە پیاهێنانی سورایی پێلووە هەڵگێڕاوەکەو ڕنینی، چاوی منالەکە بەلخێکی سپی تەنک ژێر پێلوی گرتبوو کە بەسەر ڕەنگە دلیق و خوێنتێزاوەکەی پێلوی دا بلاو بووبووەوە، لەگەڵ ڕنین و پیاهێنانی کلۆ شەکرەکەی دەستی خاجیان بەپێلوە هەڵگێڕاوەکەدا، منالەکە دەکەوتە لەقەفرتێ و ژنەکانیش توند قاچیان دەگرت و دەیانخستە ژێر ڕکێفی دەست و مەچەکیانەوە، هەندێ لە ژنەکان ترس دایدەگرتن و بەلایەکی سەرپۆشەکەیان چاویان دادەپۆشی لەڕووی ئەو خوێنەی کەقولآی چاوی منالەکەی پڕ دەکردو دواتر بەسەر ڕوومەتی دا دەچۆڕایە خوارەوەو بەرەو کونی گوێچکەی دەچوو، لەوکاتەدا خاجیان بەتۆپەڵە لۆکەکانی دەستی خوێنەکەی هەڵدەمژی ولەناو قاپەکەی بەردەمیدا دایدەناو دووبارە سەری منالەکەی توند دەگرتەوەو کلۆیەک شەکری تری هەڵدەگرتەوە و دەکەوتەوە ڕنینی پێلوە هەڵگێڕاوەکەی منالەکە، منالەکەش پڕ بەگەرووی هاواری دەکردو دەیقیژاندو خۆی ڕادەپسکاند کەهەر بەمریشکێکی سەربڕاو دەچوو کەلەژێر پێدا لەقەفرتێ بکات، دوای خوێن لێهاتنێکی زۆری ژێر پێلووە ڕنراوەکە و سڕینی بەتۆپەڵە لۆکەکانی دەستی خاجیان و لێکنانەوەی نۆبەتی چاوەکەی تری منالەکە دەهات و بەهەمان شێوە کلۆ شەکرەکان لە خوێنی پێلوی

چاوەکەی تری منداڵەکەدا سوردەبوون، لەوژورە دەرگا کلۆم کراوەدا چەندەها منداڵی تری تێدابوون کەهەر دوای یەکەم سەیرکردن هەریەک لەسووچێکی ژوورەکەدا خۆی گرموڵە دەکرد و دەکەوتنە نووزە نووز و پاڕانەوە لە دایکانیان، لەناو ئەم دەنگ و هاوارانەدا کەس لەکەس نەدەگەشت و ژنەکانیش لەگەڵ خاجیان دا بەهێماکردن لەیەکتری حاڵیدەبوون، دەنگەکان دەگەیشتنە کۆڵان و منالان لەترساندا چەندەها کوچە وگەرەک لەو کۆڵانە دوور دەکەوتنەوە و ئێوارە درەنگانێک بەترسەوە خۆیان دەکردەوە بەدەرگا ترازاوەکانی ماڵەباوانیان دا، ئەومنالانەی تریش کەچاویان ڕنرابوون لەبەردەرگاکانی خۆیاندا بەسەروچاوی بەسراوەوە دادەنیشتن و گرفانەکانیان پڕ لەشیرینی دەکران و چەند دانەعانەیەکیش لەناومشتە عارەقاویەکانیان دەنرا.

دەنگەکان زۆر بەئاشکرا دەگەیشتنە ئەو ژوورەی کە حەسەن خەریکی سەرتاشینی خاوەن ماڵەکەبوو، کەنگێ بوو حەسەن خاولیە تەڕەکەی بەسەر سەرەتاشراو ڕووتەکەی مەلادا هێنابوو پیرۆزبایی لێکردبوو، مەلای خاوەن ماڵ و حەسەنی دەلاک بێ ئەوەی گوێ بدەنە گریانی منالەکان و قیژەو هاواریان هێدی هێدی کەوچکەکانی دەستیان لەناو پیاڵە چا زەرلیەکانی بەردەمیان دا بادەدا، حەسەن بۆیەکەم جار دەستپێشکەری کردو کەوتە قسەو باس هێنانەوە لەسەر نەخۆشی چاویەشەی منالان، دەیووت:

ــ ئەم نەخۆشیە هۆکەی پیس و پۆخڵی منالان خۆیانن کەبێ گوێ گرتن لە قسەی دایک و باوک دەچنە ناو ئەو کەلاوەو شوێنە پیس و بۆگەنکردوانەوە، لاساری دەکەن و دەچن تەنەکەی خەشەڵی بەردەرکی ماڵەکان هەڵدەڕژن و لەناو تەپ و تۆزدا وەک جاشی بەهارە خۆدەگەوزێنن و غاردەدەن، باوەڕبکە خۆیان دەگەیەننە ئەو چەموو زێرابانەی خوار شارو لەوێ دەکەونە وێزەی توتکەسەگ و دەڵەخوێریەکان و فرکە فرکی بەردە قۆچەقانی، مامۆستا ئەم جۆرە نەخۆشیە پێی دەوترێت تەراخوما...

ئەم قسانەی حەسەن هیچ سەرنجی خاوەن ماڵی ڕانەکێشا بۆیە هەرزوو حەسەن باسەکەی لەدەم خۆی گرتەوەو بێدەنگ بوو، مەلا دوای سەرنجدانێکی

ووردی سەرو سیمای حەسەن کەوتە ڕازی قسەو پرسیارکردن لێی کە بۆچی تائێستا خۆی بەڕەبەنی هێشتۆتەوە، بەدەرکەوتنی سەرە دەزووی ئەم باسە هێندەی بەس بوو تا دوای حەوتویەک لەهەمان ماڵدا دوای شایەتومان هێنانی خاجیان لەسەر دەستی مەلاداو خواردنەوەی سەرو پەرداخ شەربەت، ئیدی ناوی خاجیان بووە خەجێ و حەسەن و خەجێش بوونە هاوسەری یەکتری.

وورەی پانکەی دووکانەکەو هاتنە ژوورەوەی گڕەی گەرمای ناو کۆڵانەکە ئەوەندەی تر چۆڵەوانی و وەحشەتی دووکانەکەی لەلای حەسەن گەورەو فراوان دەکرد، پەڵەئاوە لێپرژێنراوەکانی سەر ئەردەکە ووشک بووبوونەوەو هەوای پانکەکەش هێندە جیاوازی لەگەڵ گڕەی گەرمەکەدا نەبوو کەلەدەرەوە دەهاتە ناو دووکانەکەوە، حەسەن دوای سڕینی دڵۆپە ئارەقە چۆڕاوەکانی پشتملە چرچ و لۆچە پاقلەوایەکەی کەوتە پشکنینی شتومەکی ناو دۆڵابی ژێر ئاوێنەی بەردەم کورسیەکە، دۆڵابەکە هەندێ پارچە ڕۆژنامەی زەردهەڵگەڕاو قتوویەکی پڕ لەمقەستی دەم پەل وشکاوی چەندەها ساڵەی تەمەنی دەلاکی حەسەن و چەند زەرف و کیسەیەکی گرێدراوی تێداهەڵگیرابوون، پێش وەی دەست بۆ ژێر پارچە ڕۆژنامەکان بەرێت و چوارچێوە دار ساجەکە دەربهێنێت تۆزی نیشتوو پەنگ خواردووی ناو دۆڵابەکە بەسەرودەمیدا هاتوو چەندجارێک لەسەریەک حەسەنی پژماند، شوشە تۆزاوی و پەڵەوییەکەی ناوچوارچێوەکە لە تابلۆیەکی بێ ڕەنگ و بێ شێوەو بێمانا دەچوو، حەسەن پەنجەکانی بەسەر ڕووی شوشەکەدا هێنا، چەند هێڵێکی خواروخێچی لەسەرڕوو نەخشاندو جوڵەیەک کەوتە سیما وەستاو بێ ڕەنگەکەیەوە و تروسکەیەکی لەپڕ بەچاویدا هاتوو ناو لووت و قورگی ئاویان تێزا، برۆکانی لێکدی نزیک کردنەوەو ئاورێکی هێواشی دایەوە سەر وێنەی لە چوارچێوە گیراوی دیوارەکە کەوێنەی سەرۆک کۆمار بوو بەجلوبەرگە سەربازی و شمشێرە دەسک زێڕەکەیەوە وەستابوو، سەرسنگی سەرەک کۆمار چەند ڕیزێک میداڵی بەسەردا شۆڕبوو بوونەوەو وێنەی ئەو داڵەی کەلەپشت سەریەوە بوو دەنوکە بۆرو چەماوەکەی ڕێک کەوتبووە سەر سەری و چاوەکانی سەرەک کۆماریش بریسکەیان دەهات و وەک چاوی مار ڕەش و بێ سپێنە دەیانڕوانی.

حەسەن بێ ئەوەی چاو لەسەر وێنەکە بکشێنێتەوە هەروا بەمل وەرچەرخاندنەوە دەیووت: تەنها ئەم چوار چێوەیەی دەستم وێنەیەکی تاقانەو لەدڵا شیرینی بینیوە ئەویش وێنەی بەهەیبەتی ئەزبەنی بوو، دەورانێکی کەمخایان بەسەررووی ئەوجامخانەیەوە لەگەڵ پەرە ڕەنگاوڕەنگەکاندا بەبێ ترس وبەئازادی هەڵمواسیبوون، مشتەریەکانم لەخۆشی ئەو وێنە نازدارەی ئەزبەنی دەهاتنەلام وسەرو ڕیشیانم بۆ دەتاشین و سمێڵە ڕەش و ئەستورو پێچ خواردوەکانیانم بۆ ڕێک دەکردن ورۆنم بۆ لێهەڵدەساوین، باسووخواسی هەمووان هەرباسی جوامێری و لێوەشاوەی ئەو بوو، خەڵکی هەمووی زەردە لەلێویەوە دەباری و بەشانازیەوە باسی باوک و برای خۆیان دەکردو یادیان بەخێر دەکردنەوە، ئەو زەمانە ئەوڕۆژە خۆشانە بوون کەدوای نەهامەتی وچەرمەسەری هاتن بۆیە هێندە شیرین بوون. ئەو وێنەیەی ئەزبەنیم دوای وەرچەرخانی ئەو سالانەش وەک خۆی بێ قەدکردن و شێواندن لەیەکێک لەدرزەکانی دیواری ژوورەکەم دا شاردبۆوە، شەوانە دەمبینی لەو درزی دیوارەوە ڕوناکی و تیشک ژوورەکەمی دەکردە شەوچراخ، بەڵام دوای مەرگی ناوادەی و هەستانی جەجاڵی ترس و زەندەق لەم زاڵمی زاڵم بابانە وای لێکردم ئەو تۆپەڵە تیشکە پیرۆزەی ئەو وێنە بەهەیبەتەی ئەزبەنی وەک خۆی لەناو ئەردو خۆڵی ئەو چەند بستە زەویەی باخچەی ماڵەکەم دا بنێژم کەلەوڕۆژەوە هەرێزو گیاو قەرسیلی ئەو چەند بستە ئەردەی داپۆشیوە و بۆن و بەرامە ماڵەکەمی داگرتووە، وەلێ مخابن لەنەمانی ئەوەوە ماڵەکەی منیش ساردوسرو بێ ڕوناکیە.بەڵام ئەم چوارچێوە نەفرەتیەی کەسەرۆکی تێدایە و بەچاوە ڕەش و زیتەکانی خۆی و دەنوکی کۆڵی داڵەکەی سەریەوە ڕقی من و مشتەریەکانم هەڵدەستێنێ، ئەم چوارچێوە خوێریە وێنەی چەندەها سەرۆک وپاشای یەک بەدوای یەکی بینیوە کەبەشەوقی میداڵیاکانی سەر شان و سنگیانەوە دەنازین، هەموویان تەمەن کورت و کەمخایەن بوون جگەلەم بەرازە گەورەیەی کەدەیەوێت هەموو ئەم ولاتە بشێلێت ولەناوی بەرێ، ئاخ من دەمێنم یان نا تا گۆڕینی وێنەیەکی تر،نازانم، نا.؟

حەسەن جوڵەیەکی بەخۆیداو چیتر نەیدەتوانی خۆی بەپێوە بگرێت پشتی

کۆم کردەوەو چوارچێوەکەی خستەوە ژێر ڕۆژنامە زەردەکانی ناو دۆڵابەکە، لەسەر کورسیەکەی بەرئاوێنەکەدا دانیشت و بەماندووبوونەوە چاوی بڕییە ناو ئاوێنەکەی بەردەمی.

ـــ نەفــرەتت لێــبــێت چ باوک و ســـەرۆکـــێک بوویت و بەزۆرەملێ و چەقاوەسـویی خـۆت خـستـەناو چوارچێوەکـانەوە، هەربەوشـێـوەیەش بوو وێنەکەتیان بەزۆر بەمن هەڵواسی، ئەم دووکانە سارد و بێ مشتەریەم هەرتۆی کەمبوویت بەملی ووردت کەهێندەی تر ئەم دووکانەم لەبەرچاو دەکەنە گۆڕێکی ساردو سـڕ... کـەس نایەوێت سـەرم لێبدات و بەشـداریم بکات لەم مـەرگی بەزیندە بەچاڵی و کـەنەفت بوونەمـدا، هەرچەندێکیش لەسـەرو سیـماو قـژت دەڕوانم چەندە جوان و مقەستیانە بۆیان بڕیوویت من هێندەی تر دەستەکانم دەلەرزن و دەمــارەکــانی دڵم خــاو دەبنـەوە، دەی نەفـرەت لەخـۆت و دەلاکــە خوێڕیەکەت، گەرمن تەنها بۆ ڕۆژێک دەلاکت دەبووم دەمزانی ئەو پرچە ڕەش و خوماریەت بەچ دەردێک دەبەم و دەمکردیتە مـەخسـەرەی سەگی زەمانە، تاهیچ نەبێت بۆچەند حەوتوویەک بەرۆکی سـەر ماڵەچۆڵ و بێ جـەرگ و ساردەکەی من و خەجێت بەردەدا وهێندەی تر وەڕسی و چۆڵیت نەدەخستە کون و قوژبنی کـولانەکـامـانەوە. ئای...منـاڵ چەندە شـیـرینیت، ئای لـەزەتی خـۆشی وجـوانی هەردوو دنیاو قیـامەت، خـۆزگە مـناڵێکم دەبوو...توتکە سەگێکم لێدەکەوتەوە، ئەوسـا ڕەنگ بوو ئەم دنیـایە هـێندە بچکۆلەو چۆڵ نەینواندایە لەبەرچاومـدا، شـەرتبوایە لەگەڵ دارەدارکردنی دا شانەو مقەستم بخستایەتە بەردەستی و فێری دەلاکیم بکردایە ئەوسا دەمبینی چ دەلاکێکی دەست ڕەنگین و خـاوەن نـاو و ناوبـانگ دەردەچوو، ڕەنگ بـوایە ســـەرۆکـــەکـــانی دنیـــاو پایەدارو دەوڵەمـەندەکـان خـۆیان بەپێی خـۆیان بهـاتنایەتە بەردەرکـەکـەم بۆوەی قـژو ڕیشیـان لای کوڕی من بتاشن، ئای کەچەندە خـۆش دەبوو گەر خـودایە قەدەر وابشکایەتەوە ئەوسـا بێ خـەم دەمـردم و لە گـۆڕەکـەمـەوە گـوێم بۆ دەست و مـقـەسـتی شل دەکردو ئیـتر بـەڕەزامـەندیەوە تێکەڵ بەخـاک دەبووم. دەترسـم بمرم و وێنەیەکی تر لەناو ئەو چوارچێوە هـەڵواسـراوەدا نەبینم و سـەرۆکێکی تر پاڵ بـەتۆوە نەنێت وەک تۆ پاڵت بەچەندانیـانـەوەنا، هێندە پێم گرنگ نی یە

لەدوای تۆوە کێ دێت خودا دەیکرد شەیتان دەبوو بەخۆی و چاوێکی کوێرو دوو شاخی خوارو کۆمەڵێک لەمیدال وشمشێری دەسک زێڕەوە دەهات، گرنگ نی یە بەڵام تەنها تۆ لەبەرچاوم لاچیت و ئاهێک هەڵکێشم ئیتر قەی نی یە باخەڵکان نەک نەیەنە دووکانەکەم با بەردەبارانی دووکان و جامخانەکەشیان بکردمایەو چی شتومەکی ناو دوکانەکەشە با بەسەر لینجی تفی خەڵکەوە بوەستنایە، قەیدی نەبوو.

حەسەن چاوەکانی فرمێسکیان تێزابوو، سیمای سوورهەڵگەڕاو توڕەبوون و دڵۆپی ئارەقــە بە ژێر بناگــوێ و ناوچەوانیــەوە دەهاتنە خــوارێ، وورەی پانکەکەو دەنگی یەکەیەکەی پێی ڕێبوارانی سەر شۆستەی کۆڵانەکەدا تێکەڵ بە دەنگی مناڵانی بەردەرکی ماڵەکان دەبوو کەلەژێر سێبەری گەواڵەهەوری بەپەلەی ئاسمان و سێبەری لاربۆوەی درەختەکان دا کەوتبوونە یاری کردن، دەنگەکان پێکرا ئاوەدانیان لەگەڵ خۆیان دەهێنا، حەسەن سەر کورسیەکەی جێ هێشت و پەڕۆ زەردەکەی سەر ڕادیۆگەورەو کۆنەکەی سەر سووچی دووکانەکەی لاداو کەوتە بادانی پەتی ڕادیۆکەو دوای تۆزێ خشە خشکردن لەسەر گۆرانیەکی قەتارو ئەڵاوەیسی وەستاندی، کاتێ دەنگی گۆرانیەکە کەوتە سەر شۆستەی کۆڵانەکە ملی ڕێبوارانی بەلای دووکانەکەدا وەردەچەرخاندو ئیدی دواتر دەکەوتنەوە هەنگاونان بەژێر سێبەری دیوار و درەختەکان دا . حەسەن لەبەرکورسی بەرئاوێنەکەدا سەریبادەداو چاوەکانی ووردەووردە قورس دەبوون و خەوەنوچکەی پیرێتی دەیبردەوە... لەوکاتەدا مینا هەڵاوی گەرمایی ناو ژوورەکەی زۆری بۆ هێنابوو بەبێ دەنگی و ماتییەوە هاتە ژێر سێبەری دارتووەکەی ناو حەوشەکە و لەپاڵ خەجێ دا دانیشت، خەجێ هەر لەدوای ڕۆیشتنی مروەتەوە هاتبووە سەر حەسیرە ڕاخراوەکە و بەبێ بیرکردنەوە چاوی بڕیبووە سوچێکی نادیاری و لەفکرانەوە ڕۆچووبوو.

مینا بەدەگمەن سنوری چوار دیواری ژوورەکەی جێ دەهێشت ئەویش تەنها لەگەڵ دایکی و خاجیان دا نەبوایە نەدەهات، بەڵکە هەمیشە لەبەر پەنجەرەی ژوورەکەیدا بێ دەنگ دادەنیشت و تاس دەیبردەوە بۆ ناو دنیای بووکەپەڕۆینەکانی و قسەکردن لەگەڵیان دا، مینا بێ پەروا ڕووی دەمی دەکردە

بووکە پەڕۆینەکان و هەواڵی جەعفەری لێ دەپرسین، هەندێ جار بووکەکانی دەنان بەسنگەوە و دەیچرپاند بەگوێچکەیان دا:

ــ کەی جەعفەر دێتەوە؟ تۆ نازانیت لەکوێیە بووکەکە ها...؟ منیش نازانم لە کوێیە،دایەش نازانێ! خەجێش نازانێ ، کەس نازانێت لەکوێیە، بەڵام دایکم دەڵێ پۆلیسەکان بردوویانە! بووکەکە بابچین لەپۆلیسەکان بپرسین.

مینا دەستی بوکەکەی دەگرت وبەهێمنی وچپەچکانەوە لەبەرەدەم ئەو بووکەپەڕۆینانەدا دادەنیشت کەلەشێوەی پۆلیس دا خۆی و خاجیان دروستیان کردبوون و بەڕیز بەسەرڕووی دیوارەکەدا هەڵیان واسیبوون.

ــ پۆلیسەکان...ن...ئێوە نا...زا، نازانن ها جەعفەر ، جەعفەر لەکوێیە؟

بۆ ماوەیەک بێ دەنگی ژورەکەی دادەگرت و میناو بووکەکەی باوەشی بێ دەنگ دەبوون، ئیدی بێ دەنگی هەموو بووکەکانی تری دادەگرت و مینا سوکە ئاورێکی لە بووکە هەڵواسراوەکانی تر دەدایەوە، وەک بەوەی بزانێت ئەوانیش بێ دەنگن و چاوە پولەکەو مورووە ڕەنگاو ڕەنگەکانیان لەبووکە پۆلیسەکان بڕیوە و چاوەڕوانی وەڵامی ئەوانن، بەڵام بێ دەنگیەکە هێندە درێژەی دەکێشا کەمینا هەڵدەستاو دەچوو دەستی دەکرد بەتەواوکردنی ئەو بووکانەی کە خاجیان بۆی دەدورین، قژیانی لە دواوە بۆ دەبەستن و بەسەر هێڵە کاڵەکانی برۆ و لووت و دەمیاندا دەهاتەوە کەپێشتر خاجیان بەڕەنگێکی کاڵ بۆی کێشابوون، ئەوسا بەقەڵەمەکەی دەستی لەملاولای سەری بووکەکانەوە دوو گوێچکەی گەورەو نارێکی بۆ دەکێشان و دەمی نزیکی گوچکەیان دەکردەوەو بەچرپە دەیووت:

ــ تۆ بووکی منیت ئێ، باشە، ئەزانی جەعفەری برام لەکوێ یە؟ ها؟ تۆ... تۆ نەتبینیوە بووکەکە ها؟ ها؟.

مینا دەیبینی بووکەکە لەچاوەکوژەکەکانیەوە سەیری دەکات و قژەدرێژ و سورمە بەستراوەکەی بەملاولادا پەخش دەکاتەوە، لێوە ڕەش وخوارو خێچەکانی ڕێک و جووت دێنێتەوەو بزەیەکی بۆ دەکات ئەوسا لەمینا دەپرسێت ناوت چی یە؟

ــ من ناوم مینایە، ئیتر، ئیتر تۆ بووکی منیت باشە ئێ، بەدایکیشم ئەڵێم

و بەخاجیان ووو ، ئێ.

ــ باشە . بووکەکە دەڵێت.

ــ تۆ تۆ جەعفەرت بینیوە؟ مینا دەپرسێت.

ــ من نازانم، تۆ، جەعفەر، بووکەکان، ئەزانیت من ختوکەم یەت کەتۆ قەڵەمەکە بەلێوو چاومدا دێنیت.

مینا بە پێکەنینەوە دەڵێ:

ــ منیش منیش کاتێ دایکم یان یان خاجیان لە حەمام قاچم ئەشوات، یەکسەر یەکسەر پێئەکەنم و میز ئەکەم بەخۆما، بەڵام تۆ میز نەکەیت باشە ئێ ئێ ئاقڵ.

ــ باشە. بوکەکە دەڵێ.

ــ من من بووکم زۆر خۆشەوێت، ئەزانیت، سەیر سەیرکە چەند زۆر بوکم هەیە، ئەم ژووره هەمووی بووکی منە. بەڵام من ڕقم..ڕقم لەپشیلەیە، چونکە ختوکەم ئەیات و سەگەکانیش ئەوەڕن لەدەرەوە ودایکیشم کەگریا، ئیتر من ئەخەوم،ها، ئەزانیت من زۆر زۆر بووکم هەیە. شەو شەیتانەکان یەن، من ناترسم، بەیانیانیش خاجیان دێت نان ئەخۆین و ئیتر ئیتر یاری ئەکەین، ئێ زۆر باشە...

ــ ئای... چەند زۆرە بووکەکانی تۆ. بووکەکە وادەڵێ.

ــ تۆ تۆ ناوت چی یە؟ مینا دەپرسێت.

ــ نازانم. بووکەکە وادەڵێ و دەست دەکات بەگریان.

ــ هۆیی، بووکەکە، مەگری هنن، حەزەکەیت تۆ ناوت کەتانبێت، باشە ئێ.

ــ کەتان. بووکەکە پێ دەکەنێت.

ــ ئا... کەتان، زۆر خۆشە ئەو ناوە... کەتان.

مینا و کەتان هەردووکیان پێ دەکەنن و پێکەوە دەڵێن کەتان، کەتان، کەتان...

زۆر ڕۆژانیش مینا لە بووکەکان توڕە دەبوو دوای ئەوەی وەڵامی پرسیارەکانیان نەئەدایەوەو بەدەم دەزووە هەڵواسراوەکانی سەر دیوارەکەوە دەلەنگانەوەو ڕویان وەردەچەرخاندو پشتیان دەکەوتە بەردەم نیگاکانی مینا،

مینا لەوساتی توڕەبونانەی دا دەچوو جلوبەرگی بووکەکانی ئاڵوگۆڕ دەکردن و جێگاکانیانی دەگۆڕی و هەندێ جاریش بەدەم جیڕبونەوەو هاواو توڕەبونەوە قەپی پیادا دەکردن و دواتر بەلەقە دەچووە سەریان و ئەوسا فڕێی دەدانە ناو ئەو دوو مقەبا گەورەیەی ژورەکە... یان دەیخستنە ناو ئەوتورەکە سیخناخ بووەی کەهەمووی بووکی هەڵوەشاو لۆکەو پارچە پەڕۆی ڕەنگاو ڕەنگ بوو، گەلێ جار خاجیان بووکەپەڕۆینە تازەکانی لەو پارچانە دروست دەکردەوەو بەتەقەڵ دەیدانەوە دەم یەکتری.

لەدوای زیندانی کردنی جەعفەرەوە مینا دەچوو پرسیاری لە بووکە پۆلیسەکان دەکرد بەڵام دوای ئەوەی بێ وەڵام لەبەردەمیاندا هەڵدەتروشکاو بێزار دەبوو دەچوو چیلکەی گرێدراوی دەستی بووکە پۆلیسەکانی دەشکاندن، چەپۆکی بەهێزی پیادەدان و لەئاکام دا دەیووت: ئیتر من شوو بەئێوە ناکەم، ئێ. دەستی دەکرد بەگریان و دەچوو بووکێکی لەناو بووکەکانی تردا هەڵدەبژاردو چەند خاڵێکی ڕەشی لەخوار چاوەکانیەوە بۆ دەکردو دەیخستە باوەشیەوەو لەسەر چەرپای ژورەکەی خۆی ڕادەکشان و لەگەڵ بووکەکەدا خەویان لێدەکەوت. مروەت کەبەم شێوەیە مینای کچی دەبینی فرمێسک بە پلوسک لەچاوەکانیەوە دادەبارین و ئۆباڵی ئەم سەرگەرمی و دروستکردنی بووکەپەڕۆینانەی دەخستە سەرشانی خاجیان و گلەیی لەبەخت و چارەنوسی سیاساڵەی خۆی دەکرد، بەڵام هەنووکە پەشیمانی دایدەگرت و دەیووت خاجیان فریشتەیەک بوو کەخوا لەبەر خۆشەویستی مینا و کلۆڵی من دروستی کردو پەردەوازەی ئەم وڵاتەی کرد، دەنا ئەو کچە بەستەزمان و کاڵ فامەم خۆی بەو بووک و پەڕۆ کۆنانەوە خەریک نەکردایەو گرێی دڵی لای ئەوان نەدرکاندایە ئێستا منیش شێت و شویر دەبووم و خۆشی دەکەوتە سەرجادەو کۆڵان، خۆگەر ئەو خەونەی خەجێ نەبوایەو خوا لەدڵی ئەودا نەیڕواندایە کێ دەیووت ئێستا ئەم بووکەپەڕۆینانەی مینا هەر بوونیشیان دەبوو؟

خەون بینینەکەی خەجێ لە بەرەبەیانی ئەو شەوە دووردرێژەدا بوو کە مینای تێدا لەدایک بوو، دوای ماندووبوون وشکستەیی خەوەنوچکە بردیەوەو خەوی لێدەکەوت، خەجێ خەونەکەی بەوشێوەیە دەگێڕایەوە:

ــ لەخەومدا ئەو ساوایەی مروەت داوای بووکەشوشەی لێدەکردم، ئەمنیش خۆم گەیاندبووە قەیسەری و بازاڕەکانی نێوەندی شار، دووکان دووکان ڕامدەکردو بەشپرزەیەوە هاوارم دەکرد: کێ بووکەشوشەی هەیە پێمی بفرۆشێت؟. دووکاندارەکان دەتووت نەچاویان لەمنەو نەگوێیان لەدەنگمە، بەڵام دەنگی گریانی مینا لەگوێچکەمدا دەزرنگایەوەو زمانی بەمەڵاشوویەوە نابوو هەر هاواری بووکەشوشەی بوو لێم، منیش هێزم دەدایە خۆم و غارم دەدا تاخۆم گەیاندە ئەو دەوارە ڕەشانەی کە نزیک بە قەسابخانەکەی خوار شار بەرامبەر ئارامگای کاکەحمەدی بۆنخۆش هەڵدرابوون، بەڵام هەرچەندە بەرەو دەواری قەرەجەکان گورم دەدایەخۆم و شەقاوم دەهاویشت دەوارەکان لەبەرچاوم دوور دەکەوتنەوەو پێیان نەدەگەیشتم، هەناسەم خەریک بوو لێدەبڕا، هەردوو مەمکم وەک پەنیری کوڵاو لەگەڵ وێچوون و داچوونی قەفەزەی سنگم دا شل شل شۆڕدەبوونەوەو لەگەڵ هەر هەنگاوێکمدا دەیاندایەوە بەبەرسنگ و سکمدا و شەڵپەیان لێهەڵدەستا، بەردەوام هەرڕام دەکردو مەمکە شلەکانیشم بەدەستەکانم بەرز دەکردنەوەو وەک هەویری شل لەدەست و نێوانی پەنجەکانمەوە شۆڕدەبوونەوە، دەواری قەرەجەکانیش هەتا دەهات دوور دەکەوتنەوە، لە ڕاکردن دابووم کاتێ چمکی شۆڕبۆوەی مەمکەکانم گیرانە کەڵەموسی پێم و بەدەمدا یەکڕاست کەوتم و تلاو تل دوورکەوتمەوە و قیژەیەکم لێوە هەستا. هێندەی نەبرد دەستێک نەویییە قۆڵم و بەرزی کردمەوە، کاتێ سەرم هەڵبڕی باوکم بەزەردەخەنەیەکەوە بەدەممەوە دەخەنییەوە، خوێنیش لەگۆپکەی مەمکمەوە وەک شیر فیچقەی دەکرد، باوکم هێندە مەودای نەدام قسەیەکی لەگەڵ بکەم، بووکەشوشەیەکی نایلۆنی قژ پەخشانی زەردی دایەدەستم و دەستێکی بەسەرمدا هێناو پێی ووتم کچەکەم بگەڕێوە بۆلای مینا.

ڕووداوی ئەوشەوەی کەمینای تێدا لەدایک بوو لەگەڵ بەسەرهاتی خەونەکە لەلای خاجیان بەوەدەهاتە بەرچاو وەک بەوەی دوێنێ شەو ڕوویدابێت، گەلێ لەجاران خاجیان ئەم بەسەرهاتەی دەگێڕایەوە:

ــ ئەوشەوەی زیندەبە ڕۆح بۆی نەبوو سەر لەدرزی دەرگای ماڵەوە

بباتەدەرێ جگە لەسەربازەکان وچەکمەبۆر وچەک بەدەستەکان نەبێ، ئەوشەوە چیرۆکێک بوو کەهەروا بەسانایی ناگێڕدرێتەوە.

هەمووجارێ خاجیان بەبوخچەیەک لۆکەو پەڕۆو پارچە سورمەوە دەهاتە لای مینا، لەچاوە پڕماناو مەنگەکانی وورد دەبۆوە، بەسەر هاتی ئەو شەوەی بەبیردا دەهاتەوەو سنگی بۆ تەنهایی و نەهامەتی مروەت دەکووتا. پێش چەند مانگێک بەرلەو شەوە کانەبی شاری بەجێهێشت و بۆ دوواجار ڕوویکردە شاخ، مروەت ئەو ڕۆژە سکی بەمینا پێنج مانگان بوو واتا لەگەرمەی بێزوکردنیا بوو کەڕۆژ تائێواره لەگەڵ جوجکەو مریشکی بەردەرگاکەیان دا بەردی دەکرۆشت و وورده زیخی قوت دەداو لە ژماردنی هەفتە بەهەفتەی بەرز بوونەوەی سکیدابوو.

ــ من پێشینە ئاگاداری نزیک بوونەوەو هەڵەوگێڕ بوونی مناڵەکەی بووم لەسکیدا، وورده ژانی کتوپڕی بۆ دەهات، لەبەرئێشی پشت و بەرکەلەکەی و قورس بوونی میزی بەخۆ ڕانەدەگرت، ئەمن وەک سێبەر بەدوویەوە بووم، ئێمەش وەک هەموو خەڵکی شار چاوەڕوانی پێشهاتێکی وانەبووین، زەردە نەکەوتبووە دەم کەل کەئێواره سەربازەکان فوویان بەشاورەکانیاندا کردو هاتوچۆ قەدەغەکراو شار کش و مات گوێ قولاخ تۆتکەی گرت، بەلام مروەت لە ژێر تینی ئازاردا تادەهات سیمای تاریک و ڕەش هەڵدەگەڕاو نرکە نرک و ناڵەی لەخۆ دەهێنا، لەناکاو کەوتە سەر ژان، چ ژان و پێچ و ئازارێک بوو خوایە، لەگەڵ هەر قریشکەیەکی دا سەرتاپای خەڵکی گەڕەکی بە پیرو نەوجوانیەوە ڕادەچڵەکاند، من هەر فریای ئەوە دەکەوتم پەڕۆ لوول بکەم و لەدەمی بئاخنم، دەترسام نەبادا سەربازەکانی کۆڵان برژێنە ژوورەوەو ئەوەندەی تر زنووقی مروەت بەرن، لە پێشاندا هێندەی گۆلە تەشتێک ئاوی سپی لە زێدانیەوە پەیتا پەیتا بەجومگەی هەردوو ڕانی دا دەهاتنە خوارێ، ئەمن ئەو پێشهاتەم دەناسیەوە، بۆیەدەستم خستە سەر دڵم و بەئارامییەوە چاوەڕوانی تەقینی وێلاشەکەی بووم تاهەنووکە بەدەم ئازارەوە کۆرپەکەی وەک سابوون لەزێدانەوە بخزێت، بەلام مرخ لێدانەکەم کورتی هێناو بەڕاست نەگەیشت، دەنگی هاتووچۆی ناوەخت و کتوپڕی سەرباز و چەکدارەکانی ناو

کۆڵانەکە هێندەی تر ترسیان لەدڵ ودەرونی مروەتدا دەچاند، دڵنەواییەکانی من هێندە جێی نەدەگرت بۆ مروەت ئەگەرچی دەموت: مروەت گوێبگرە ئەوانەش بنیادەمن و وەک ئێمە قسان دەکەن و ئەوەش ورەی ماشێنەکانیانە کەبەبەردەرگەو کۆڵاندا ڕادەگوزەرێن. بەڵام ئەمنیش زیاد لەپێویست شپرزەو شێواو بووم نازانم هی ئەوە بوو کەتەنها من و مروەت لەو ماڵەدا بووین و هەستمان بەتەنهایی و بێدەسەڵاتی دەکرد، یان هاوارەکانی مروەت بوو کەترسی دەخستە دڵی منیشەوەو هەزارەهاختووره بەدڵمادەهات ودەچوو. ئەمن ئافرەتی هەمەجۆر لەبەردەممدا قاچیان لەیەکدی ترازاوەو لنگیان بەرزکردۆتەوە بەڵام هیچیان وەک مروەت نەبوون. گەلەکم چاوەنۆڕی لەگەڵ چەشتوون کەهیچیان ناگەنە چاوەڕوانکردنەکەی باوکی ڕەحمەتیم و چاوەڕوانکردنی من بۆ شەمعونی برام و گەڕانەوەی، تائەمنیش لەگەڵ خۆی بەرێ. ئای لەو شەوە خودایە نەیەتەوە. ناچار هەردوو قۆڵم تائەنیشکم هەڵکرد و تاسەر مەچەکم لەڕۆن گەرچەک گرتن و کەوتمە شێلان و گەورەکردنی دەم زێدانی مروەت، مروەتیش هەر هاواری پشتی دەکرد و دەیووت؛ دەڵێی بەتەور لە گازەرای پشتم دەسرەوێنرێت، وادەدرێم و دەتەقم، تازە من بەسەریەوە دەڕۆم و لەگەڵ کانەبی دا بەمەرگی یەکتر نازانین. هەرچەند بەمروەتم دەووت نامەردت نەکەن دان بەخۆتابگرەو هەناسەیەکی تر ڕزگاردەبیت. ئازار لەگەڵ ئارەقەی لەشیدا لەهەموو گیانی دەچۆڕا، هەرچەندە پێمدەووت کچێ هاواری پیرچاکان و مەرقەدی شێخ و مشایەخان بکە، بەڵام بێ دادبوو، مروەت غیرەت بدەرە بەرخۆت بەڵکە خودا ئەو ئازارەی تۆ بگوازێتەوە ناو دڵی ئەو سەرباز و چەکدارانەی کەبەم نیوەشەوە ڕژاونەتە بەردەرکەو کۆڵانی سەرلەبەری شار.

ئەوشەوە ئەو مروەتە سیاچارەیە ئازار پچڕاندی و ڕیخۆڵەکانی کووت کووت بوون کەچی شەو هەر لەجێی خۆی مایەوەو ئاسمانیش ئەوەندەی تر ڕەش دادەگەڕاو ئەستێرەکانیش بوو بوون بەژێر هەورێکی گەرم و تاریکەوە و بەئاستەم ڕەنگیان دەبینرا، جار ناجارێکیش دەنگی ڕیزە گولله یان شاوری دەمی سەربازەکان بێ دەنگی شارو کۆڵانەکانی دەشڵەقاند، خەڵکیش هەریەک

له مـاڵی خـۆی گـوێ قـولاخ دەوەسـتـاو نقـەی لەخـۆی دەبڕی و چاوەڕوانی لەدەرگادان بوو، جگە لەمروەت کە ئازار لوللی دەداو خەریک بوو چەندجارێک لەژێر وورژمی ئەو ژانانەدا بپسێ و لەخۆبچێ، ئەو کۆرپەیەش دەتووت بەردەو لەناو زگی هەڵچەقیوە، من زێدەتر ترسم لە مروەت بوو دەمووت هەرئەم لە ژێر دەستمدا نەپسێ قیروسیا لەو کۆرپە نەفرەتیەی کەقایل نابێت بەهاتنە دەرەوە، هەرگیزاو هەرگیز پێشهاتی ئەوهام نەهاتبووەڕێ و هێندەش واخۆم بەتەنها باڵ و بێ دەستەڵات نەدیبوو، هەر چەند پێم دەووت هێز بدەرە بەرخۆت و ئەو هاوارەی دەیکەیت بیـــدەرەوە بەناوسکت و هێــزبکە هەتا بەئازارەوە لول نەبوویت. خـودای من و ئێـوە کـردی لەگـەڵ نزیک بوونەوەی سـەری مناڵەکـەدا وێلاشـــەکــەش تەقی و هـەمـــوو بەرۆک و بەرلاملم بوونە لینجـــەخـوێن، بەڵام هەرچەندە سـەرو ملی کۆرپەکەم دەهێنا قاچ و دەستی گیردەبوون و دەتووت بنەڕەگی بەرکـاچووی دەوەن و داربەڕووەو لەسکی نەدەپچـڕاو بەرنەدەبۆوە، بانگم لە مروەت کرد نامەردت نەکەن بەتوندی هێزبکە، بەدەستێک سەرو ملی کۆرپەکەم ڕادەکێشاو بەدەستەکەی تر پاڵم بەسکیەوە دەناو ئەمنیش لەجێی خـۆمـەوە دەمـقـیـژاند، لەنێوەندی ئەو قیـژەوهـاوارە پێکداچوانـەدا کـۆرپەکـە هاتەدەرێ، بەڵام چی ببـــینم خـــودایە هەردوو قـــاچی لەیەک ئالآبوون و قـۆڵەکـانیش لوول بووبوون و بەردەوامـــیش زیقـــەی دەهات و لەتری دەدا و دەلەرزی، هەر هێندەم پێکرا لەســەر پارچە خـامـێک دامناو ناوکیم گـرێدا، دواتر ئاوم بەدەموو لێوە شین هەڵگەڕاوەکەی مروەتەوە کردو بەپەڕۆیەکی تەڕ بەرلاملی و ناوچاوە ئارەقاویەکەیم سڕی، نەمـهـێـشت مروەت بگاتە ئەوەی لەساوا لێکەوتووەکەی خۆی بڕوانێت خێرا قاچەکانی ساواکەیم ڕێک کردەوە و بەچمکی دەسرازەیەک دەستەکانیشیم نووساندن بەهەردوولا تەنیشتیەوە، دەسـرازەکـەیم گـرێداو بەو شـێوە قـومـاتەییە لەپاڵ سـەری مروەتدا دامنا، هێندەی نەبرد هەردووکیان خەویان لێکەوت و تەڵخیەک کەوتە سەر ڕووی ئاسـمـان، دەنگی سـەرباز و چەکدارەکـانیش ووردە ووردە بەرەو کـزی وبێ دەنگی دەچوون، منیش هەر لەپاڵ ئەوان دا خەوەنوچکە بردمیەوە و باوکم هاتە خەونم و بووکەشوشەکەی دایە دەستم، بەیانی لەدەنگی دەرگا و هاتنی ژنانی

دەر ودراوسێ خەبەرمان بۆوە و هاتن بەهانامانەوە.

سێبەری دارتووەکە کەوتبووە سەر حەوشەکە و تاڵە تیشکە کەوتووەکانی هەتاوەکە دەکەوتە سەر حەسیرە ڕاخراوەکەی ژێر دارتووەکە، مینا بە بێ دەنگی و ماتییەوە لەجێگەکەی خۆی دانیشتبوو سەری بەسەر بوکەکەی باوەشیدا شۆڕکردبۆوە، خاجیان ئاوڕێکی لە مینا دایەوە و ڕووی دەمی تێکرد:

ـــ مینا گیان دایکت هەر نەهاتەوە و خۆریش وا ئاوادەبێت!؟

مینا بەبێ ئاوڕدانەوە لە خاجیان ووتی:

ـــ دای...دایکم،م، شووو...شووئەکات.

زەردەیەک تێکەڵ بەترسێکی چاوەڕوان نەکراو لەمانای قسەکەی میناوە پژایە سەر سیماو سەرو لێوی خاجیان و ڕەنگی بزڕکاو دووا قسەی مروەتی بیرکەوتەوە:

ـــ دووڕۆژ لەمەوبەر بوو لەدەرگادراو منیش بەرەوپیری دەنگی دەرگاکە چووم، دوو کەس بوون، یەکێکیان کوڕێکی باریکەلەی مووزەرد بوو ئەوی تریشیان پیاوێکی سمێڵ و سەرو برۆ ڕەشی ئەسمەر بوو، هەر بەبینینیان دەزانرا پیاوە ئەسمەر ڕەنگەکە کوردی نازانێ و کوڕەکەش یەکێک بوو لەو دۆستانەی خۆیان، من لەگەڵ بینینیان دا یەکەوڕاست تێگەیشتم و دەمم کەوتە کلیلە و ڕەنگم زەرد بوو، کوڕەکەیان ووتی: تۆ دایکی جەعفەریت وایە؟ (جەعفەر کانەبی). منیش وەڵامم بۆ نەدرایەوەو سەرێکم لەقاند. تۆش دایکی جەعفەریت و ناوت مروەتە وایە، ئەوا ئێمە لە دائیرەی ئاسایشەوە هاتوین تاپێتی ڕابگەیەنین کەدەبێت سێ ڕۆژی تر لەسەعاتی چواری دوانیوەڕۆدا بێیتە فەرمانگەکەمان. پیاوە ئەسمەر ڕەنگەکە بەووردی دیقەتی ئەدام و کوڕەکەش بەبێ ترس ڕووی کردبووە من و لەسەر قسەکانی دەڕۆشت و جار جارێکیش لایەکی دەکردەوە بەلای ئەوی دیاندا و دەیووت: نابێت تەنەنەت نزیکترین کەسیشت بەهاتنی ئێمە بزانێت، هەروەها نابێت ڕۆژو کاتی هاتنیشت لەلای کەس بدرکێنیت، چونکە لەئاکام دا خۆت و کوڕەکەت بەرپرسیاردەبن.

چاوێکی لێ مۆڕکردمەوە دوای هەڵوێستەیەک کەوتەوە قسەکردن: پێموایە

تێمدەگەیت و منیش بەکوردی قسەت لەگەڵ دەکەم، هەرچ کەمتەرخەمیەک لەلای تۆوەبێت ئەوا تۆ بەرپرسیاردەبیت و دەبێتە مایەی زیان بۆ کوڕەکەت، ئێمە تەنها چەند پرسیارێکت لێدەکەین سەبارەت بەکوڕەکەت، تادوای لێکۆڵینەوە بەزوترین کات کوڕەکەت بۆ بەربدرێت تێگەیشتی.

من بەرچاوم تەڵخ بووبوو، زمانیشم تەنها حەرفێکی نەدەهاتە سەر، هەروا دەمم کردبۆوە و تووند دەستم کردبوو بەو پەڕەکاغەزەی کەپێش ڕۆشتنیان کوڕە گەنجەکە خستیە دەستمەوە ووتی: بۆوەی ڕۆژو سەعاتەکەت لە یاد نەچێت هەروەها ئەمە پسولەیەکە بۆ هاتنە ژوورەوەت بۆ فەرمانگەکە هەروەها...

لەم دیوو دەرگاکەوە سەرم بەگێژداهات و لەجێی خۆم دانیشتم، وەک بەوەی شاپڵیتەیەک لەسکمدا داگرسێنی ئاوا ناو سکم گڕی تێبەر بوو دوکەڵ گەیشتە بەرقوڕگم و دامە شینەگریانێک نەبێتەوە، یەخەی کراسەکەم دادڕی و بەچەپۆک دەمدا بەسەر سنگمداو دەنگی گریانەکەم دەلەریەوەو تفم لەبێ دەسەلاتی و ترسنۆکی خۆم دەکرد، خۆ لەویادا نەیان دەکوشتم هەواڵێکی جەعفەرم لێ بپرسینایە، من هەر بەبینینیان وەک بمخەیتە سەودای خەونێکەوەو لەپڕ لە کێوێکەوە فڕێمدەیت ئاوام لێهاتبوو، دەم وویست هاواربکەم و پڕ بەگەروم بقیژێنم و ئەو هەناسە تەنگیەم بەربدەم نەمدەتوانی، وەک ڕەسمێکی سەر دیوار تەنها ڕەنگم هەبوو دەنگم نەبوو.

لەگەڵ دواکەوتنی مروەت دا هێندەی تر ترس لەدڵی خاجیان دا چەکەرەی دەکردو گوڵی بەدوو ڕەنگ مردووی تێدا شین دەبوو، بەخۆی نەبوو ترس ئاوا بیری مەرگ و چاوەڕوانی و دیارەوئاخری لەدڵدا بچەقێنێ، خاجیان هیچ وەلامێکی نەبوو بۆ ئەو وەلامەی مینا کەدایەوە لەدواکەوتنی دایکی، چما میناش پێویستی بەلەسەر ڕۆیشتن و وەلامێک نەبوو کەپێشتر ئەو لەدنیای خۆی و بیرکردنەوەی دا دەیبینی بێ ئەوەی پێویست بە دەسکاریکردن و جێ گۆڕکێ کردنیان بکات، هەمیشە لەگەڵ بووکەشوشەکاندا دەکەوتە قسەکردن، ئیدی ئەوان وەلامی ئەو پرسیارانەی مینایان وەک خۆی دەدایەوە کەلەلای مینا هەبوون.

شنەیەک هێدی هێدی دڕی بەگڕەو گەرماکە دەداو گەڵای دار تووەکەی دەلەنگاندەوە و هەتاوەکەش هێندە چەمیبۆوە ناو حەوشەکە سێبەرێکی ڕووناک دای پۆشی بوو، تەنکە هەتاوێکی لاوازو بریندار دەیدا لەسەر سەربان و دیواری بەرزی خانووەکان، باڵدارەکانیش بەسەر پەلی درەختەکانەوە هەڵچون و داچونی بەربینیان هێدی دەبۆوە، چەند چۆلەکەیەک لەژێر دڵۆپە ئاوی بەر بەلوعەی حەوشەکەدا دەنووکیان نەوی کردبوو دڵۆپە ئاوەکانیان بەدەنووک دەگرتەوەو جریوەیەکی فێنک لەگەڵ دەنوک بەیەکدانیاندا لەگەروویانەوە دەکەوتە سەر ئەردەکەو هەواڵی یەقینی گەیشتنی ئێوارەیان دەدابەیەکتری، چۆلەکەکان لەخۆشیانا لەژێر دڵۆپە ئاوەکان دا پەڕوباڵە تۆزاوی و گەرمڕاهاتوەکانیان بەدەنووک شیدەکردەوە، پشیلەیەکی ڕەشیش لەسەردیواری نێوان ماڵی حەسەنی دەلاک و کانەبی خۆی متکردبوو چاوی بڕیبووە چۆلەکەکان و نەرمە لەقەی کلکی دەهات.

خاجیان درزی دەرگای حەوشەکەی شەقکرد و سەرێکی بەمسەر و ئەوسەری کۆڵانەکەدا وەرچەرخاند و کەمێک گوێی بۆ خشەی نەرمی گەڵای درەختە بەڕیز ڕواو باڵابەرزەکانی کۆڵان ڕاگرت، دواتر بەچەند هەنگاوێک خۆی گەیاندە بەر جامخانەی دووکانەکەی حەسەن، حەسەن بەدیار ڕادیۆی دووکانەکەوە دەتووت کوڕی چواردەساڵانە ئاوا قیت و بەرز وەستابوو، چەند کەسێکی تریش لەسەر کورسیەکان دانیشتبوون و هەموویان ڕوویان لە ڕادیۆکە کردبوو گوێڕایەڵی ئەو بەیانە سەربازیە بوون کەبەدەنگی بەرزو دلێری پەخشخوانەکە لەیادی سێ ساڵەی جەنگی سەپێنراودا دەخوێنرایەوەو ژمارەی زەرەرو زیانی بەرەکانی جەنگی دەژمارد، هەموان دەستیان ڕادەوەشاندو دەمیان نزیکی یەکتری دەکردەوەو بزەیەک دەیگرتن، حەسەنیش لەخۆشی قەرەباڵغی دووکانەکەی قاقاپێدەکەنی و ڕووی لەوانی تر دەکردوو دەیووت:

ــ بڕوابکەن شتاقی زیانەکان هەمووی بەپێچەوانەوەن!

ئاسمان وورده وورده ڕەنگی بەرەو لێڵی دەچوو، بەئاستەم هەندێ ئەستێرەی چاونەترسی نزیک بەگۆی زەوی وەک کۆمەڵی چرای داگیرساوی ئێوارە بریسکەیەکیان دەناردو دیارنەدەمان و دیسانەوە گەشتردەگڕان.

## بورجی دووکەڵ

مروەت تادووا سوچی ئەو کۆڵانەی دەگەیشتەوە سەر شەقامەگشتیەکە بەژێر سێبەری پاڵدیوارەکانیدا ڕەتبوو، پێڵوەکانی چاوی لە ژێر چۆڕانەوەی ئارەقەی ناوچاوانی دا دەکزانەوە، بەدەستێک چاوی دەسڕی و بەدەستەکەی تر چمکی خواری عەباکەی سەری ڕێکدەخستەوە، سەربازەکانیش خۆیان دەخزانە ژێر سێبەری پاڵ دیوارەکان و بەبێزاریەوە لەملاولای خۆیان دەڕوانی، شەقامەکە چۆڵ و هۆڵکرابوو لە ڕێبواران و ئۆتۆمبیلەکان، لەدوورەوە دیاربوو بەردەرگای فەرمانگەکە وەک کونی شارە مێرووله سەربازەکانی لێدەهاتنەدەرێ و بەژێر سێبەری هەردووبەری شەقامەکەدا بلاودەبوونەوە.

ــ دەبێت هەروابێت دەنا منیان بۆچی یە، ئێستا جەعفەرم پیشان دەدەن و بەماچ دەیلێسمەوەو لەئامێزی دەگرم، بەوانیش دەڵێم گرەی ئەم گەرمایە جەرگتان هەڵقرچێنێ، نێزەی تفەنگەکانی دەستتان بەگۆڕی باباتاناچێت، کوڕەکەم بدەنەوە دەست و جەرگ سوتاوو هەڵقرچاوم مەکەن ئیتر...

سەربازەکان لەهەردووسەری شەقامەکەوە بەڕیز وەستابوون و ڕێگەیان لەو ڕێبوارو ئۆتۆمبیلانە دەگرت کەدەهاتنە ئاستی ئەمسەرو ئەوسەری شەقامەکە، ئەوانیش پاشەوپاش دەکشانەوەو بەناو کۆڵانە تەنگەبەرو قەرەباڵغەکان دا دەڕۆیشتن. فەرمانگەکە کەوتبووە ناوەڕاستی درێژایی شەقامەکە، کەبەچەند پێ پلیکانەیەک سەری قادرمەکە دەگەیشتە بەردەرگا ئاسنینە گەورەکەی، لەسەر ئەو دواپلیکانەیەی بەردەرگاکە فەرماندەی سەربازەکان دووربینێکی بەبەرچاوانەوە گرتبوو بەدووری چل مەترێک لەسەر جادە قیرتاوەکەی ئەوبەری فەرمانگەکەی دەڕوانی، دوو سەرباز بەخۆیان و ئامێرێکی درێژەوە کەبەدەستی یەکێک لەدوو سەربازەکەوە بوو بەدەوری ئەو زەرفە فڕێدراوەی سەر

جادەقیرەکەدا دەخولانەوە، دەنگی زیکەزیکی ئامێرەکە لەگەڵ هەر نزیک کردنەوەیەکی لەزەرفەکە بەرزدەبۆوەو دەگەیشتە گوێی ئەو کۆمەڵە سەربازو ئەفسەرانەی کەنزیک بەفەرماندە ڕەق ڕاوەستابوون.

مروەت کەسەربازەکانی بەوشێوە شلەژاویی و شپرزەییە دەبینی بەسەر شەقامەکەدا بلاودەبنەوەو چەکەگەرم ڕاهاتوەکانی سەرشانیان دەگرن بەدەستیانەوەو دەخزێنە ژێر سێبەری بن دیوارەکان، بیرکردنەوەو ڕمڵ لێدانەکانی مروەت تێکەڵ بەترس و پەشێوی دەبوون... هەنگاوەکانی هێندە بەووریاییەوە لەسەر شۆستەی شەقامەکە هەڵدەهێنایەوەو بەلای سەربازەکان دا تێدەپەڕی دەتووت بەنێوان کێلی گۆڕستانەکان دا هەنگاودەنێ ... لێوەکانی کەوتبوونە لەرزین و لیکی نێو دەمی قوت دەدایەوە:

ــ پەشیمان دەبمەوە لەقسەکانم، پێیان دەڵێم ئێوە سەرفرازی ئێمەتان دەوێت، کوڕەکەشم ئەم چەندمانگەی لای ئێوە بەزیندانی گەیشتووە تەنها بۆ مەبەستی ئەوەبووە هۆشی بەبەردابێننەوەو بەسەریدابێن، ئێمە زاتی ئەوەمان نی یە لەئێوە زویربین و لێتان نەبوورین، ئەمجارە تەنها کوڕەکەم بدەنەوە دەست جارێکی تر ناهێڵم پێی خواردابنێ و کارێک بکات نارەزایی ئێوەی تێدابێ.

سەربازێک پلیکانەیەک لەخوار فەرماندەوە وەستاو ئامێری تەلەفونەکەی بۆ فەرماندە بردە پێشەوە، فەرماندەش بەتوڕەییەوە بازنەی تەلەفونەکەی باداو ئارەقەی چۆڕاوەی ناوچەوانی سڕی و بەدەنگێکی بەرز کەوتە قسەکردن:

ــ گەورەم لە تەلەفونێکی نادیارەوە ئاگادار کراوینەتەوە کەبۆمبێک بەدووری چل مەترێک لە فەرمانگەکەمانەوە دانراوە، بەپێی ئەو هەواڵە کەپێمان گەشتووە دە خولەکی تر دەتەقێتەوە، هەروەها ئامێری پشکنەرەکەش وادەخاتەڕوو کەبۆمبێکی پێچراوەیە و بەپێی ڕاپۆرتی پشکنەرەکانیش بۆمبەکە لە کیلۆیەک زیاترە.

ــ بەڵێ گەورەم چاوەڕوانی فەرمانی ئێوەین، هەموو دەستپێشکەریەکمان کرددوەو شەقامەکە بەیەکجاری چۆڵکراوە لەهاووڵاتیان... بەڵێ بەردەوام ئاگاداری پێشهاتی تازەی ڕوداوەکەتان دەکەینەوە.

فـەرمـاندە تەلەفـونەکـەی دایەوە دەسـتی سـەربازەکـە و بەدەنگی بەرز کەوتەجنێودان.

ـــ کـوڕی قـەحـبـانـە لێناگـەڕێن لەشـڵـەژان و تێکدانی ئەم شـارە و ئاژاوەنانەوە، گەوادینە. چەند سەرباز نۆبەتی وەستانی بەردەرگاکەیان هەبووە هەرئێستا دەبێ زیندانی بکرێن.

ـــ بەڵێ گەورەم.

سەربازێک لەتەنیشت فەرماندەوە سەلامێکی سەربازی کردو تێپەڕی. دوای ئاوڕدانەوەیەک بەسـەر ڕاسـتەڕێی شـەقامـەکەدا فـەرمـاندە بەسـەر یەکێک لە سەربازەکانی تەنیشتی دا قیژاندی و بەتوڕەبوونەوە پێیووت:

ـــ ئێمە فەرمانمان نەدانێ کەنابێت هیچ کەسێک بهێڵرێت بێرەدا تێپەڕێ جگە لەسەربازەکان، ئەی ئەوژنە کێ یە وانزیک دەبێتەوە لێرە؟

دوای کەمێک ئاوڕدانەوە بەملاولادا سەربازێک بەشڵەژاوییەوە هاتە پێشێ و سەلامێکی کرد.

ـــ گـەورەم پسـوڵەیەکی تایبەتی پێیە لەسـەر فەرمـانی خـۆتان کـەدەبێت سـەعـات چواری ئەمـڕۆ لەفـەرمـانگە ئامـادەبێت چونکە دایکی یەکـێکە لە زیندانیەکان.

فـەرماندە سـەیرێکی سـەعاتەکەی دەسـتی کرد کـەتەنها حـەوت دەقیقـەی مابوو بۆ سەعات چوار، بەتوڕەبوونەوە ووتی:

ـــ دەبێت هـەرئێستـا بەدووری دەمـەتر لەبۆمـبـەکـە ئەوژنە ڕابوەستـێنرێت تابزانرێت بەم کارە ترسنۆکانە تەنها هەرخـۆیان زەرەرمـەند دەبن نەک ئێمـە، هەرئێستا خێرا.

یەکێک لەسـەربازەکان بەڕاکردن ڕووە و مروەت چوو دوای هەڵوێستـەیەک دەسـتی گرت و بردیە نزیک ئەو دوو سـەربازەی کەئامێرەکەیان بەسـەر زەرفە فـڕێدراوەکـەدا دەهـێناو بـەترسـەوە لەیەکـتـریان دەڕوانی... جـارجـارێکیش چاوێکیان ڕووە و فـەرمـاندە هەڵدەبڕی و بـەچەند ڕسـتـەیەکی کـورت بـەچرپە یەکـتـریان دەدوان، ئەو سـەربازەی کـەمـروەتی نزیک بەزەرفـە فـڕێدراوەکـە ڕاوەسـتـاند دوای هـەندێ هێـمـاکـردن و قـسـەکـردن تێـیگەیاند کـەنابێت لەم

جێگەیەدا بجوڵێت هەتا خۆی دێتەوە بەدوایداو دەیباتە فەرمانگەکە. مروەت لەقسەی سەربازەکان تێنەدەگەیشت بەڵام ترسێکی لە چاویاندا دەخوێندەوە کەتائەوساتە لەژیانی دا بەوشێوەیە ترسی وائاشکراو ڕەفتاری ئاڵۆزو شێواوی لەسەربازەکان دا نەدیبوو.

هەندێ لەسەربازەکان خۆیان گەیاندبووە سەر سەربانەکانی سەر ڕووی شەقامەکە و کڵاوە ئاسنینەکانیان لە ژێر تیشکی خۆرەکەدا بریسکەی دەهات و کەوتبوونە سەرەتاتکێ لەگەڵ ئەو سەربازانەی ژێر سێبەری دیوارەکاندا.

ـــ هەمـوو پەنجـەرەی ئەو باڵەخـانە بەرزو ژورانەی دەڕوانن بەسـەر شەقامەکەدا، خاوەنەکانیان ئاگاداربکەنەوە کەپەردەکان دادەنەوەو ئەوژورانە بەجێبهێڵن، هەرچ کەسێکیشتان بینی کەسەرەتاتکێ دەکات گوللە بێژی بکەن، هەر ئێستا بەهەموو سەربازەکان ڕابگەیەنن، هیچ سەرپێچیەکم ناوێت، تێدەگەن.

چرکەی کاژمێرەکەی دەستی فەرماندە لەگەڵ بەرزبوونەوەی هاڵاوی گەرمی هەردووبەری جادە قیرتاوەکەی سەرشەقامەکە تێدەپەڕی، پەڵەی ئارەقەی سەر جلی سەربازەکان لەگەڵ چاوەڕوانکردنیان دا گەورە دەبوو، تفەنگەکانی دەستیشیان هێندەی تر تینی دەسەندو گەرمڕادەهات، جنێوەکانیشیان لەسەر زمانە وشک و برینگەکانیانەوە دەردەپەڕاندو لەبەینی لێوە قڵیشاو مۆرەکانیانەوە دەکەوتنەخواریێ. دوو سەرباز لەیەکێک لەسەربانەکانەوە گرەویان لە مان و نەمانی مروەت دەکرد، یەکێکیان دەیووت:

ـــ من دەڵێم دوای چەند دەقەیەکی تر ئەو ژنەی نزیک بە بۆمبەکە ڕاگیراوە دەبێت بەسەد پارچەوە.

سەربازەکەی تر بەبێ هیچ گرنگی پێدانێک بە قسەی سەربازەکەی تر بەپێکەنینەوە دەیووت:

ـــ من دەڵێم دەبێت بە نەوەدونۆ پارچەشەوە، کێ دەڵێ وانی یە؟

ئەو دوو سەربازەی کە بۆمبە فڕێدراوەکەیان دەپشکنی بەهێمایەکی فەرماندە کشانەوەو بەتەنیشت مروەتدا تێپەڕین و خۆیان گەیاندە بەردیواری بەردەرگەی فەرمانگەکە، فەرماندە چاوی لەسەر میلی دەقەژمێری سەعاتەکەی

دەستــتی لانەدەبردو بەســەر ئەوچەند پێ پلیکانەیەی کـەبێ ئاگـالەخــۆبوون بەسـەریاندا هاتبـووە خوارێ پاشـەوپاش دەکشـایەوەو خـۆی گـەیاندە دیووی ئەودیوی دەرگا ئاسنینەکەوە، دووبارە تەلەفونەکەی گرتەوە بەدەستەوە:

ــ گـەورەم تەنـها یەک دەقـیـقـەی مـاوە بۆکـاتـی دیاری کـراو بۆ تەقـینەوەی بۆمبەکە، بەڵێ گەورەم.

لەگەڵ دانانی تەلەفونەکەدا بەهێمایەک غەمزەیەکی گرتە سەربازێک و دوای چەند چرکەیەک دەنگی سرودە نیشـتمانیـەکان لەموکەبەرەکانی سەر شـەقام و سـەر چڵی ئەو سنەوبەرە باڵا بەرزانـەی کـەلەبـەر شـۆسـتـەکـان دا ڕووابوون بەرزبوونەوە. سرودە نیشتمانیەکان تێکەڵێک بوون لەو سرودانەی جەنگ و ئەو گــۆرانیــانەی کــەبەســـەر ســـەرۆکی فــەرمــاندەدا هەڵدەدران و بـاســـیـــان لەســەرکــەوتنەکـانی بەرەی جـەنـگ و مــەزنی و شکۆی وڵات دەکـرد... دەنگی سـرودەکان تێکەڵ بەهەلهـۆلەی ئەو سـەربازانە دەبوو کـەلەبەرەکانی جـەنگەوە هـەواڵی سـەرکـەوتنە کـۆتایی نەهـاتوەکـانیـان ڕادەگـەیاندو سـڵاوی گـەرمیـان بۆ سەرۆکی فەرماندەو هاوڵاتیانی نیشتمان پەروەر دەنارد.

مـروەت شـەڵاڵی ئارەقـە بوو بوو، سـەرو کـەللەی گـەرمـڕاهـاتبـوو چاوەکـانی لەژێر زەنگۆڵەی سـوێری ئارەقـەی نـاو چـەوانیـدا دەکزانەوە، زەق زەق لەو زەرفـە فـرێدراوەی دەڕوانی کـەچەند هـەنگاوێک لەولای خـۆیەوە لـەسـەر شـۆسـتـەکـە فـرێدرابـوو، مـروەت هـەسـتی بـەنزیک بوونـەوەی مـەرگـێکی نـادیار و ئازاراوی دەکـرد... مـەرگـێک کـەهـەرگـیـز چاوەڕوانیــەکی بـەم شـێـوەیە لێنەدەکـردوو بەخـەیاڵیدا نەدەهـات، خـۆی بـەو سـەرپۆشـە سـوک و بـا بـردووە دەهـاتە بەرچاو کەهـەمیشـە خاجیان باسی لێوە دەکرد و دەیووت:

ــ مـەرگ و ئازاری ڕۆح کێشـان هـەروەک ئەو سـەرپۆشـە بابردوو تێکئـاڵاوە وایە کەبەسەر دڕک وداڵەوە دەنیشـێتـەوە، ئازاری مـەرگ دەقاودەق ڕاکێشـانی ئەو ســەرپۆشــەیـە بەســەر نـوکی تیــژو شـیـنـی ئەو دڕک و چەوێـڵانەوە تالێی دەبێتەوە... دواتر ڕۆحیش ئیدی ئازادو سەرفرازدەبێت.

مـروەت لەحــەیبــەتی ئەو یادوەری و قــســەیەی خــاجـیـاندا دەســتـێکی بەســـەرپۆشـــە ئارەقــاویەکــەی ســـەریدا هێناو لـەژێر چمکی عــەباکــەیەوە

سەرپۆشەکەی ڕێک کردەوە و هێنایەوە سەرچاوی.

ــ ئێـوە منتـان بانگکرد تاهـەواڵی کوڕە سـەرەونگونەکـەمم بدەنێ نەک ئاوا لەبەر گڕەی ئەم گەرمایەدا وەک دارعاسا بمچەقێنن و بمکەنە مەشقی خۆتان، دڵتان هێندەی تر ڕەش و چڵکنبێت و ببێتە قەرەبرووت و بەپەڵەی هیچ بارانێک ئاراوی لێنەبێتەوە خوایە، ئەم تکاو نزایەی من بۆ ناگاتەلات خوایە؟

فەرماندە سـەری لەدەرگاکە هێنابووە دەرێ و قاچێکی خستبووە ئەمدیووی سـەر شـەقامـەکەو فـەرمـانی تازەی بەدوو سـەربازە پشکنەرەکـان دەدا، چەند چۆڕێ ئـارەقـەی ڕەش بەدەمـوچاوە ئەسـمـەرەکـەی دا دەخلـیسکاو بەدەوری خـۆیدا ئاوڕی دەدایەوە... سـەربازەکانی دیش لێی نزیک دەبوونـەوەو بەجـەسـتـە ڕاست و ڕەق وەستـاوەکانیـان و بەملەقیت و کڵاوە قنجـەکانی سـەریان دەیان ووت:

ــ بەڵێ گەورەم، بەڵێ گەورەم، بەڵێ هـەرئێستا، بێگومان گەورەم، بەڵێ...

ئۆتۆمـبـێل و ڕێبـوارە ڕێ لێگیـراوەکـانی هـەردوو سـەری شـەقـامـە دوورو درێژەکە دەمێک بوو بەژێر سێبەری پاڵ دیوارو کۆڵانە تەسکەکان دا دەڕۆیشتن و تۆزو خۆڵی دوای خۆیان نیشتبووە سەر گەڵای درەختی حـەوشـەی ماڵەکان و بەردەرگـەکان... مناڵان و کـوڕو کچـە لاوەکـان دەرگـای مـاڵـەکانیـان کـردبۆوەو ئاویـان بەبـەردەرکــەو ســەر شــۆســتــەی بـەرمــاڵـەکــاندا دەکــرد، هـۆڕنی ئۆتۆمبیلەکانیش جار جارە ژن و پیاوەکانی ووریا دەکردەوەو سـەرێکیان لەبەر هـەیوان و ناو حـەوشـەکانیان بەرز دەکردەوەو هـەریەک لەلای خۆیەوە قسـەیەکی لەزار دەردەپەڕان و دەکەوتە جنێودان.

ــ هـەر ئەمجارە ڕێیان نەگرتەوە.

ــ چی یە خـانە، ئەمڕۆش بەزمەکەیە.

ــ بەناخێری ئەمڕۆ یادی کێ دەکەنەوە؟.

خـەڵکی شـار لەبەردەوامـی جـەنـگ و چۆنیـەتی ئاهەنگە نیـشـتـمـانیـەکـان ڕاهـاتبوون، دانیشـتوانی ئەم کۆڵانانەش بەهـەمان شـێوە لەگەڵ نزیک بوونەوەی هەر یادێک دا دەیانزانـی ئیتر ئۆتۆمـبیل و خـەڵکانی ناو شـەقامـەکان دەڕژێنە بەردەرکـەی وان و ناوکـۆڵانەکـان دەگـرن، هەروەک ڕەفـتـارێکی تایبــەتی بەو

شەقامانەش ئەمە پیشەی هەمیشەیان بوو کەفەرمانێک بەس بوو بۆ ڕێلێگرتن و دەرنەچونی خەڵکی شار، هەرچۆن خەڵکی بەپێی ئارەزوومەندی خۆی قۆپچەی کراس و چەکەتەکانی خۆی دەکاتەوە و دایاندەخات ئاواش ئەو شەقامانە بووبوون بە جۆرێک لە کراس و چاکەتی میری و خۆی سەربەست بوو چەند قۆپچەی دەبەستێ و چەندیشی دەکاتەوە.

دوو سەربازە پشکنەرەکە بەسکەخشێ بەسەر سێبەرە کەوتووەکەی جەستەی مروەت دا ڕەتبوون و نزیک زەرفە فڕێدراوەکە بوونەوە، ئەو سەربازەیان کە بتڵە بەنزینەکەی بەدەستەوە بوو نقە نقیدەهات و لەگەڵ خۆیدا ڕایدەکێشاو چاوێکی لەسەربازەکەی تریان داگرت و بتڵە بەنزینەکەی قوڵپە قوڵپ کردە ژێر زەرفەکە و پاشەو پاش هەردووکیان لەسەرسنگ کشانەوە... لەگەڵ کشانەوە و نزیک بوونەوەیان لەمروەت یەکێکیان تەڵەشقارتەیەکی گرتە نزیک بەنزینەکەوە و غاریاندا، کڵپەی ئاگرەکە و گرمەی بڵاوبوونەوەی بەسەر جادەقیرەکەدا لەترێکیان بەقاچە چەقیوەکانی مروەت داو چەند هەنگاوێک بەرەودووا کشانیانەوە، قرچەی سووتانی قیرە تواوەکەی سەرجادەکە لەناو گڕو دووکەڵە سپیە پەڵاسبووەکەی ناو ئاگرەکەدا بەرزدەبۆوەو دووکەڵێکی ڕەشی لوول خواردوو بەلەز خۆی دەخولاندەوەو بەرز هەڵدەچووە ئاسمان و زەرفە گڕتێبەر بووەکەش لەنێو ئەو قرچەقرچ و سوتانەدا دیارنەدەما. دووکەڵەکە بەهەمان ئەو دووکەڵە خەستە دەچوو کەلەدوای تەقینەوەی بۆمبە فڕێدراوەکانی ناو دێ دا بەرزدەبوونەوە... لەو دێ یەی کەجەعفەری تێدا لەدایک بوو، بۆمبەکان لەگەڵ نزیکبوونەوەیان لەسەربان و سەکۆو حەوشەی خانوەکاندا دەنگێکی کپی ڕاتەکێنەریان لێدەهات و دواتر دەنگێکی هێندە بەهێز هەموو ئەو بەندەنەی ڕادەچڵەکان، ئەو دەنگی تەقینەوانە کپ نەدەبوون دووبارە قریشکەی فڕۆکەکان بەرزدەبوونەوە و بەسەردێدا بەنزمی ڕەتدەبوون... ئەمسەرو ئەوسەری دێیان دەدایە بەر گوللەی شەستیر، فڕۆکەکان بەناو ئەو دووکەڵە ڕەشەی سەردێ دا دەهاتن، دوکەڵەکە وەک بەر هێزی گێژەلولکەیەک کەوتبێت ئاوالولی دەخواردو تەبەقەی ئاسمانی دێ و بن شاخ و دەوەنەکان دەبووە دووکەڵ و تۆزو خۆڵی بەئاسماندا چوو، دووکەڵ و ئاگرە

کلّپەسەندووەکەی ناو دێش قرچەی شکانی درەخت و کۆڵەکە و دارەڕای خانووەکانی لێوە بەرزدەبۆوە... بۆنی چزەی گۆشتی ئادەمی و بۆچروک و چزەی سووتانی مەڕومالآت بەرزدەبوونەوەو دەگەیشتنە بەر دەرکەی ئەو کونە تەیارە و ئەشکەوت و جغزانەی کەبەڕووی شاخە قوچەکەی بەرامبەر دێ وە بوون کە هەموو دانیشتوانی دێ خۆیانیان تیا حەشارو گرمۆڵەکردبوو، ڕیزە بەرمیلی یەک لەدوای یەکی بۆمبەکان لەدوای تەیارەکانەوە دەهاوێژرانە خوارەوە کەهەر لەگەڵ نزیک بوونەوەیان لە زەوی گرمەیان دەکردو پریشکی ئاگریان دەگەیاندە دارو دەوەنی بەر کێوەکەی بەردێ و ناو دێش دەبووە مەنجەنیقێکی پڕ لەکلّپەو ئاسنی تواوە، بارانی ئاگری لەهەزارڕەنگەی دەباراند.

خەڵکی دێ هەر لەگەڵ خۆرهەلآتن دا بەرەو کێو وشاخەکان هەڵدەزنان و خۆرئاوابوون بەبوخچەی بەتاڵی نانەبەرەی دەستیانەوە دەهاتنەوە ناودێ... شەوانەش بێ چراو ڕووناکی شەویان دەکردەوە و نایلۆن و شوشەی پەنجەرە شینەکانیشیان بەقوڕ سواغ دەدا لەترسی تۆپ باران و خومپارەی سەربازخانەکانی قەراخ شار و مۆڵگە سەربازیەکان.

ئەو نیوەڕۆیەی کەناو دێ بۆیەکەم جار بەوشێوەیە کەوتە ژێر تەوژمی بۆردومانی خەستی فڕۆکەکان، کانەبی و مروەت لەگەڵ جەعفەر و مینادا لەناو دەرکەی یەکێک لە ئەشکەوتەکانی بنار کێوەکەدا خۆیان حەشاردابوو، ناو دێ لەدەمی قڵیشاوی بورکانێک دەچوو کەجگە لەدەنگدانەوەی یەک بەدوای یەکی تەقینەوەی بۆمبە فڕێدراوەکان و دەنگدانەوەیان چیدی تر نەدەبیسترا... کەدەنگەکان چەندبارە دەبوونەوە و دەنگیان دەدایەوە شاخ بەشاخ و کێو بەکێو هەواڵی هاتنی فڕۆکەو بۆردومانی بەئاوایەکانی بەر ئەو زنجیرە شاخ و کێوانەی تر دەگەیاند، هەمووان لەناو کونەتەیارەو ئەشکەوتەکان دا ئەو منالّ و ساوایانەیان ژێردەکردەوە کەدەنگی تەقینەوەی بۆمباکان و دەنگی بەرزی هاوارو دۆعاخوێندنی دایک و باوکانیان دەیترساندن، فڕۆکەکان دوای بەتاڵکردنەوەی هەموو ئەو ئاگرو بۆمبانەی ناوسکیان بەناو دوکەڵەکەی سەردێ دا بێ ترس دەهاتن و سەماو خۆبادانیان دەکرد، کانەبی قەدەرێک

بوو خۆی گەیاندبووە بن تاوێرەبەردێکی زەبەلاحی بەر ئەشکەوتەکە و سێرەی برنەوەکەی لەیەکێک لەفڕۆکە بزێوەکان گرتبوو... ئەو فڕۆکەیە سەری دووهەمجاری بوو لەوسەری سنوری دێوە بگەڕێتەوەو دواتر خۆی هەڵگەڕێنێتەوە و بەبناری کێوەکەدا لەبەردەرکەی ئەشکەوتەکانەوە بەقریشکەوە بەرزبێتەوە... کانەبی هەناسەی لەخۆی بڕیبوو چاوی لەسەر سیرەی تفەنگەکەی چەقاندبوو... فڕۆکەکە قریشکەیەکی هات و بەڕوپەڕی کێوەکەدا بەرز بۆوە، هەرلەگەڵ گەیشتنی بەئاستی دەست و مشت و سێرەی تفەنگەکەی کانەبی... پەنجەی لەسەر پەلەپیتکەکە داگرت و دەنگی فیشەکەکە لەوبەری کێوەکەوە شاخەیهات و درێژبۆوە، ئەمجارە فڕۆکەکە وەک جاری پێشوو نەیتوانی لەنگەر بەمەشق و سەماکەی بگرێتەوەو خۆی ڕاستکاتەوە لەسەرلا چەند سوڕێکی خواردو بەناو قولآی ئاسمان دا بەرزبۆوە، لەدووربینەکەی بەر چاوی کانەبی یەوە فڕۆکەکە دەبینرا کەچەندجارێک دەکەوتە سەرلاو لەنگەری تێکدەچوو... دوکەڵێکی ڕەش لەپێشی فڕۆکەکەوە تێکەڵ بەو دووکەڵە سپیەی دوایەوە دەبوو شاقوڵی بەرەوئاسمان هەڵدەکشاو فڕۆکەکانی تری لەژێر خۆیەوە جێدەهێشت...لەپڕ فڕۆکەکە بووە تۆپێک لەگڕی گرمۆڵەبوو وەک نارنجۆکێک لەژێر سنکی هەورەکاندا تەقیەوەو ناڵەیەکی گەورە خۆیکێشا بەڕووی کێوەکانداو لەگەڵ پارچە کەوتووەکانی فڕۆکەکەدا چەند دووکەڵێکی تەنک بەرەو زەوی ڕێک دەکشان و پارچەکان بەسەرتاوێرە بەردەکاندا پەرش دەبوونەوەو چەندجارێکی یەک لەدوای یەک پەرت پەرت دەبوون و ناڵەی یەک بەدوای یەک و شریخەیان دەنگی دەدایەوە، فڕۆکەکانی تر لەناو هەورەکانەوە چەند جارێک لەئاستی فڕۆکە پێکراو و تەقیوەکەدا وەک دواماڵئاوایی سوڕانەوە و ووردە ووردە دەنگەکانیان کپ بوون و دیارنەمان، تائەوکاتەش خەڵکانی دێ ئەوانەی لەبەردەرکی ئەشکەوتەکان دا دەستیان لەسەر تەوێڵیان ڕانابوو لە فڕۆکەکەیان دەڕوانی... ئەوانەی کەلەکونە تەیارەکانەوە بەپێدزە هاتبوونەدەرێ و بەملاولادا چاویان دەگێڕا هەموویان تووشی خوێن وەستان و ماتی و بێدەنگی بووبوون، باوەڕیان بەچاو و دیدەی خۆیان نەدەکردو بەدەمپچڕاوی و نیگای ئەبڵەقەوە لەیەکیان دەڕوانی و

دەستیان لەهەوادا ڕادەوەشاند بۆ ئەوەی بتوانن گەڵاڵەی ئەو هەناسە و پەیڤە لێکپچڕاو ئاڵۆسکاوانەی سەر زمانیان بکەن، کەنەیاندەتوانی پێکیانەوە گرێبدەن و بیکەنە ڕستەیەکی لێحاڵی و بەمانا لەبری ئەو پڵتەپڵت و بڵمە بڵمەی کەلەدەمیانەوە دەهاتەدەرێ بۆ ئەوەی کەسیان لێکدی حاڵی بن. ناڵەو زەڕەی ئەو گوێدرێژە گڕتێبەربووەی ناودێ موچڕکەیەکی بەهۆشی بەهەمواندا هێنایەوە گوێدرێژەکە وەک پێچکەیەکی گڕتێبەربوو ڕووەو سەرەوخوارکەکەی بەردێ ملی دەناو غلۆر دەبۆوەو چوارناڵەی دەکرد... بەچەشنێ غاری دەداو ملی لەوئاگرە هەڵچوە دەپاراست و بایدەداو دەیسوڕانەوە وەک بەوەی بیەوێ بەرەو ئاسمان باڵبگرێ و هەڵفڕێت، دەنگێکی لێبەرز دەبۆوە کەنەدەنگی زەڕین بوو نەدەنگ و هاوارونالّین بوو نەهیچ دەنگێکی تر کەتا ئەو دەمە لەهیچ گیانلەبەرێک نەبیسترابوو، پێدەچێت هەموو گیانەوەرێک دەنگ و هاوار و ناڵینێکی تایبەتی هەبێت بۆ سەرەمەرگێکی ئاوا ئازاراوی و چاوەڕوان نەکراو، گوێدرێژەکە هێندە دەمووشەویلاگی داپچڕاندبوو دەنگەکەی بەشەپۆل و دەنگدانەوە لەکێوو شاخەکانەوە دەپەڕینەوە و درێژ دەبوونەوە، چەند جارێک سەرسمی دەداو چوارناڵە تەقەی لە خڕەبەردی بەرچەمەکەی بەردێ هەڵدەستاند، هەتا بەگڕوژم و بەناڵەوە خۆی هاویشتە ناو چەمە ڕەنگ پیرۆزەییەکەو لەگەڵ شڵپەی کەوتنیدا دەنگی ئەویش لەگەڵ دەنگی قرچەو کەوتن و دەنگدانەوەی فرۆکەکەدا بەیەکجاری کپ و خامۆش بوو، خەڵکی دێ بەگەورەو جوان و پیر و مناڵەوە هێکرا زریکەی خۆشی و هاواریان لەزار دەرپەڕی و گەنجەکان وەک بەردی غلبۆوە سەرەو خوار شۆڕبوونەوەو هەندێ لەپیاوەکانی تریش هێندە شادی و خۆشی کەوتنی فرۆکەکە دایگرتبوون ماڵە ڕوخاو سووتاوەکانیان لەبیر کردبوو لەخۆشیاندا فیشەکیان بەئاسماندا دەکرد و تریقە پێکەنین و قاقایان بەرزدەبۆوە.

بۆنی گۆشتی سووتاو و دووکەڵ بەبەر لووتی مروەت دا دەهات، گڕەی ئاگرەکەش هێندەی تر لەگەڵ گڕەی گەرمی ئەو دووانیوەڕۆیەدا ئارەقەیان لەجەستەی دەچۆڕاندو دەمولێویان ووشک هەڵدەگەڕان و زاریان برینگ و تینوو دەکرد. دەنگی سروده نیشتمانیەکانیش بەردەوام دەگۆڕان و

بەرزدەبوونەوە، فەرماندە هاوارێکی کردو فەرمانی بەدوو سەربازە پشکنەرەکەدا تابەزووترین کات بچنەسەر خۆڵەمێشی ئاگرەکە، ئاگرەکە ووردە ووردە بەرەوخامۆشی دەچوو گڕێکی کەمی دووکەڵاوی لەزەرفە فڕێدراوەکە بەرزدەبۆوە، فەرماندەش بەخۆی و سەربازەکانی دەوروبەریەوە تاناوەڕاستی جادەکەهات و لەوێوە بەهەرچواردەوری خۆیدا دەینەڕاندو فەرمانی دەدا، تافەرماندەو سەربازەکانی تریش نزیک بوونەوەو گەیشتنە لایان یەکێک لەدوو سەربازە پشکنەرەکە خۆڵەمێشی زەرفە فڕێدراوەکەی بەئامێرەکەی دەستی لاداو چەند پارچە گۆشتێکی ڕەشی ووردبووی سوتاوی بینی، ئیدی بەترسەوە هەردووکیان ڕەق ڕاوەستان .

فەرماندە لەتووڕەیدا چاوەکانی هێندە زەق بووبوونەوە دەتووت لەکالانەی دەردەپەڕین، چەند زللەیەکی بەدوو سەربازە پشکنەرەکەدا کێشاو هاواری لێکردن:

ــ هەی دەماخ سزینە! لەئاژەڵ کەمترینە! ئێوە هەربۆ شوانی حوشترکراون، سەعاتێکە ئێوە نەفەرێک کەبابتان لێکردووم بەبۆمبێکی چەند کیلۆی، ئێوە لەچ تیاترۆیەک فێرکراون، پێمناڵێن چۆن ئامێرەکە پیشانی نەدان کەئەمە بۆمب نی یە هەی گوێدرێژینە...؟

ــ گەورەم ئێمە بەپێی هەواڵەکە ڕاپۆرتەکانمان بەئێوە گەیاند، هەروەها ئامێرەکەش دەنگی دەهات و پیشانی دەدا چونکە لەناو زەرفەکەدا چەند کلیلێک و پارچە مەعدەنێکی پارەی تێدایە، گەورەم.

ــ ووسبە ووڵاخ، هەرئێستا ئەم دووماکەرەم بۆ زیندەنی بکەن. فەرماندە ئەمەی بەتووڕەییەوە ووت و سەربازێک لەتەنیشتیدا وەڵامی دایەوە و بەترسەوە سەلامێکی سەربازی بۆکرد.

مروەت لەپشتی سەربازکانەوە قاچەکانی کەوتبوونە لەرزین و ئاوڕی بەملاولادا دەدایەوە و سەربازەکانی دەبینی کەلەسەربانەکان دەهاتنەخوارێ و لەبنسێبەری دیوارەکانەوە دەهاتنە سەر شەقامەکە و سواری ماشێنە سەربازیەکانیان دەبوون، مروەت لەقسەکانی فەرماندە تێنەدەگەیشت بەڵام لەسەرجەمی هەموو ڕوداوەکە تێدەگەیشت بۆیە ئەو ئازارو چاوەنۆڕی و

مەترسیانەی گیانی خۆی لەبیر چووبۆوە و بزەیەک هاتبووە سەر لێوە وشک و قڵیشاوەکەی، لەپشت سەری سەربازەکانی بەردەمیەوە دەموچاوی فەرماندەو حاڵەتی تووڕەبونەکەی ووی دەبینی... قەستی بوو چاو لەچاوانی فەرماندە ببڕێت کەشەرمێکی واگرتبووی فریای وەش نەدەکەوت کەتووڕەبون و هاوارکردنەکانی ئەو شەرمەی لێبڕەوێننەوە و بەجەبەروتی ئاساییانەی خۆی فەرمانەکان دەربکات و بەچاوێکی تیژەوە لەچاوی سەربازەکانی دەوروبەری بڕوانێت.

ـــ ئەم قەحبەیەشم بۆ بەرنە ژووریّ چیتر بالەبەردەم ئەم مەخسەرەیەدا نەیبینم. فەرماندە ئەمەی ووت و لەبەردەمی مروەتەوە تێپەڕی و بەهەنگاوێک ئەو چەند پێپلیکانەی بەر دەرگەی فەرمانگەکەی بڕی و خۆیهاویشتە ژووریّ... سەربازەکانی تریش دوو بەدووی ئەو بەژوورکەوتن، سرودە نیشتمانیەکانیش لەگەڵ بەیانە دووپات کراوەکانی جەنگدا بەدەنگێکی دلێرانەوە دەخوێنرانەوەو لەقوڕگی موکەبەرەکانەوە دەهاتنەدەرێ، ئەمسەرو ئەوسەری شەقامە گرێدراوەکە کرانەوەو ڕێبوارە ئارەقاویەکان کەوتنەوە سەر شۆستەی شەقامەکەو پێچکەی ئۆتۆمبیلەکانیش ووردە سووتوی بەجێماوی زەرفە سوتاوەکەیان لەگەڵ خۆدەبرد و لە چاوانووندەبوون.

## بورجی زیندان

ژوری چاوەڕوانکردنی ناو فەرمانگەکە فێنک و هێدی و ئارام بوو، بەڵام چێژی ئەم ئارامییە مانایەکی تری هەبوو بۆ مروەت، ئەم چاوەڕوانیەش هێندە لەبەردڵی گران و ئاڵۆز بوو نەیدەزانی چۆن لەسەر کورسیەکە ئۆقرەبگرێ و نەجوڵێت، نیوەکاژێرێک دەبوو مروەت لە ژوورەکەدا چاوەڕوان بوو تا ئەو ساتەی ئافرەتێک لەگەڵ سەربازێکدا هاتنە ژوورەوە و دوای ناولێپرسینی لەگەڵ خۆیان بردیان، لەودیوو دەرگای ژوری چاوەڕوانکردنەکەوە ئافرەتەکە عەباکەی لەسەری مروەت کردەوە و لێزانانە جەستەی پشکنی، سەربازەکە پەڕۆیەکی لە گرفانی دەرهێناو چاوی مروەتی پێبەست و بەدوای خۆیدا پەلکێشی کردو ڕایکێشا… ئافرەتەکەش لەدوایانەوە بەتەقە تەقی پێلاوەکەی پێیەوە دوایانکەوت.

دەرگاکان یەک لەدوای یەک دەکرانەوە و دەنگی پێکادانەوەو داخرانیان لەدووای خۆیانەوە بەناو ڕاڕەوە درێژەکان دا دەڕۆیشت و دەنگیان دەدایەوە، ڕاڕەوە پێچاوپێچەکانیان دەبڕی و قاچە لەرزۆک و تراساوەکانی مروەت لەسەر قەراخی پێ پلیکەی قادرمەکان دەترازاو دەستە بەهێزەکانی سەربازەکە دەیگرتەوەو بەدوای خۆیدا ڕایدەکێشا… ژمارەی پلیکانەکان لەدابەزین دا زێدەتر دەبوون… هەناسەکانی مروەت سواردەبوون … بۆنێکی ساردی ناخۆش و جارجارەش فێنکیەک لەسەر پەڕۆکەی سەرچاوی مروەتەوە لەرەیەکی دەخستە ناو ئەو تاڵە قژە ئاڵۆسکاو شۆڕبۆوانەی ژێر سەرپۆشەکەی… بەخۆی نەبوو کەوتبووە سەرحاڵی ترسێکی تۆقێنەرو نادیار… بەفریای زاڵبوون و گەلاڵەبوونی بیری ئاڵۆسکاوی خۆی نەدەکەوت و ڕوداوە یەک بەدوای یەکەکانی تەمەن و بەسەرهاتی ژیانی خۆی وەک بروسکە بەبەرچاویدا دەهاتن و

تێدەپەڕین... گرتنی جەعفەر... میناو خاجیان و بووکە پەڕۆینەکان ... کانەبی و یادگاری و مەرگ، مروەت هەناسەکانی ساردو قووڵ و لەرزۆک بوون، دەنگی سرووده نیشتمانیەکان بەئاستەم دەگەیشتە ناو ئەو هۆڵ و ڕاڕەوە درێژانەوە کە دەنگی پێی سەربازو جیڕەو پێوەدانی دەرگاکان و دەنگی تەقەی پێی ئافرەتەکەی پشتیەوە دەنگیان تیادەدایەوە... بۆنی ئارەقە و بۆسارد و بۆگەنێکی قەتیسماو پڕ کونە لووتی دەبوون.

زۆر چیرۆکی سامناک و تۆقێنەر لەناو دایکان و ژنانی شاردا دەگێڕدرایەوە سەبارەت بەم زیندانانە... نهێنی و گەورەی و قوڵی ژێرزەمینەکانی ئەم زیندانە بەچەشنێ باسدەکراو دەماودەم دەکەوتن کەسەرباسی دانیشتن و قسەی هەموو ئافرەتان بوون، ئەم چیرۆکانەش بەدەم دایکێکی نەناس و نادیارەوە دەگێڕدرانەوە کەچووبووە ناو ئەم زیندانانەو کوڕەکەی بینیبوو... وەهەرلەوێش هەڕەشەی نەگێڕانەوەیان لێکردبوو تا لەلای هیچ ڕۆحلەبەرێک نەیاندرکێنێ. چیرۆکە درێژو کۆتایی نەهاتوەکان باسیان لە دوورو درێژی شەقام و ڕاڕەو هۆڵە تاریکەکان دەکردو ژمارە کۆتایی نەهاتوەکانی ژوورە تەنگەبەرو تاریکەکانیان دەدرکاند... باس هەر باسی پیسی و جۆری سزادان و زیندانیەکان بوو، دەیانگووت شارێکی ترەو کەوتۆتە ژێر ئەم شارەی کەخەڵکی بەسەر شەقام و جادەو کۆڵانەکانیدا تێدەپەڕێ، لەژێر ئەم شارەوە هەموو قسەو باسی ناو ماڵ و سەر شەقامەکان دەبیسترێ، بیانەوێ گوێ لە هەرچ کەس و ماڵ و کونج و کەلەبەرێکی ناو ئەم شارە بگرن دەتوانن، هەرچ کەسێکیش جنێو بەمیری و دەوڵەت و سەرۆکی فەرماندەبدات ئەوان گوێیان لێیدەبێت، ئەوان گوێیان لەهەموو شتێکە، لەهەموو شتێ... زیقەی مناڵ و جنێوی باوکان... قسەو خواسی ژنان و ئاهونوزەی گریان و ئۆخژنی ناو نوێنی ژن و مێردان... چیرۆکی شەوانەی پیرە داپیرەو باپیرەی بەر کۆڕی مناڵان، زیکەو خشەی ڕادیۆکان و دەنگی بەرزو نزمی تەلەفزیۆنەکان ... ئەوان گوێیان لەهەموو شتێک دەبێ، لەناو قوڵای ئەو زیندانانەدا هەڵمی خوێن و تێزاب سەردەکاو قوڵپە قوڵپیان سەردار بێ سەردەکا... زیندانیەکان لەهۆش خۆدەباو ڕۆژی جارێ نا سەدجار مەرگ دەبینن لەشێوەی پیاوێکی ڕمووزنی

ناشـــیـــریندا کـــەهەزارو یەک پەلی ووشکی هەیەو دەست لەمـــلان لەگـــەڵ زیندانیـەکـان شـەو ڕۆژی بێ ڕووناکی دەکـاتـەوە... کـەم کـەڵە پیـاوی ئازاو چاونەترس هەیە لەبەردەمی دا کـــڕنۆشی نەبردبێت و ئەو پەلە ووشکانەی ڕانەموسیبێت تاگیانی دەرکات، بەڵام مەرگ بەفیزەوە قاقاپێیان پێکەنیوەو وەڵامی نەداونەتەوە و چاوی لەڕندووکی خوێناویان نەکرووەو زاری لێداپچڕیون و ویزەو گاڵتەی ئاراستە کردوون، خەڵکانێکی مشەو زۆری لەژمارە بەدەر لەم زیندانانەدا بەندو یەخسیر کراون کەساڵانێکی دوورو درێژە لەبیری کەس و کارو منداڵ و ژن و براو هاوەڵانیان چوونەتەوەو... چەند حوکمەتێکیان گۆڕیوەو ناوو ناوبانگیان لەبیری هەموو ئەم دنیایەدا سڕاوەتەوە، ماشێن و ئۆتۆمبیلی وەها تایبـــەتی لەم چاڵی زیندانانەدا دێت و دەچێت بەدەست ســـەربازان و وەردیەوانی نێو زیندانەکەوە کەبەسەعاتەڕێیەک نایانگەیەنێتە جێی مەبەست و ئەو شـــوێنە دوورانەی ناو ئەم چاڵســـتـــانە تاریک و نووتەکـــە، درێژی ئەم ژێرزەمینانە تابن ئەو شاخ و گردۆڵکانە درێژ بوونەوتەوە کەسنوری شاریان تێپـــەڕاندووەو لەوێوە گوێیان لەترپەی پێی مشکە کوێرەی ژێر گڵـمتک و کـەروێشک و ســەگ و ڕێوی و چەقـــەڵ و هـەمـــوو ئەو گـــیـــانلەبەرانەی ترە کەبەئەسپای پێ لەسەر زەوی دادەنێن و تێپەڕدەبن... گوێیان لەترپەی پێی ئەو چەکدارانەیە کەشەوانە لەشاخەکانەوە دادەبەزن و خۆیان دەکەن بەناو کۆڵان و کـوچە تاریک و بێ ڕووناکـیـەکـانی شـاردا... ڤـێـجـا بەدەنگ و قـســەی چەکدارەکاندا دەزانن کەکام حیزب و کـۆمـەڵە نۆباتی هاتنەشارو شـەڕی شەوانەو بەیەکداپژانیانە لەگەڵ واندا هەیە. لە سەر زاری ئەودایکە نەناسراوە کەئەم نهێنیانەی درکاندووە وابیستراوە کەلەدەرگای سەر شەقامە گشتیەکەوە چۆتە ژوورێ و دواتر لەدەرگایەکی ترەوە هێناویەنەتە دەرێ کەلەوپەڕی شارەوە بووەو بەئاسـتـەم ئاپارتمانە چەندقاتیە بەرزەکەی شاری بەدیکردووە، هەرچ کەسێکیش بەرنە ناو ئەم زیندانانەوە بەچاو بەستراوەیی دەیبەن و هاتوچۆی پێدەکەن تا شوێنە نهێنیەکان نەبینێت و لەترساندا هۆش و ژیان لەدەستنەدا، لەژووری زیندانەکـان دا دەنگی پێکادانی ئاسن و دیوارەکـان دەبیـســـتـرێ کـەتـەوقی ئاسنینی ســەری ئەو زیندانیـانەن لەحـەژمـەتا سـەر بەهـەمـوولادا

دەکێشن تا سیخەی هەناسە و کۆکە خوێناویەکانیان لەناو ئەو تووکە ئاڵۆسکاوە درێژانەی ڕیش و سمێڵ و قژیانەوە بێتەدەرەوە لەتاواندا چاوە کوێرە زەقەکانیان لەکالانەوە بەدەم زەبری کۆکەو هەناسە ژەنگاوی و خوێناویەکانیانەوە دەردەپەڕنە دەرێ، لەزۆر شوێنی ئەم ژێرزەمینانەدا لەقووڵیدا گەیشتۆتە ئاوو گۆمی قووڵ قووڵ و بێ بن ومەنگ... هەر لەم ئاوەش دەدەن بەزیندانیەکان و بۆری پیسایی و پاشەڕۆکانیش لەسەر ئەم گۆمانەن... کە توێژێک لەقەوزەی مردوو پیسایی بەسەریانەوە نیشتۆتەوەو بۆنێکی ئەوها وەک هالاو بەسەر ئەو گۆمانەوەیە کەتەنها بەهەڵمژینی مێشکی ناو کەللە دەتەقێنێ و ماسولکەکانی هەموو جەستەی مرۆڤ گرژ و توند دەکات. زۆر ژووری زیندانیەکان جێگای ئاوەز لەدەست چوو شێت و کوێرەکانە کەدەنگیان کەوتووەو هێزی هاوارکردنیان نەماوە، بەڵام تەنها لەوساتانەدا هاواردەکەن کەلەودیوو کون و تەلبەندی دەرگاکانەوە بۆنی مێینەیەک خۆی بەمووە درێژەکانی لووتیان دا هەڵدەواسێت و دەنگی تەقەی پێی ئافرەتێک دەبیستن ... وەک جۆرێک لە سزادان مانگی جارێک چەند ئافرەتێک بەبەر ئەودەرگایانەدا دەبەن، ڤێجا هەموو بەندیەکان هاوارێک دەیانگرێت و دەستەکانیان لەناوگەڵیان دەنێن و فرمێسک بەخووڕ لەچاوانیان دادەکات و تێکەڵ بەلیکی لووت و دەمیان دەبێ و دەکەونەسەر لەپی دەستە ساردوو سپیەکانیان، هەر لەناو ئەم ژێرزەمینانەدا چەند گۆڕستانێکی تێدایە کوژراو... مردوو... نەخۆشەکانی تێدا دەشارنەوەو بەچەند هەوتوویەک جارێ چاڵێکی گەورە بەزیندانیەکان هەڵدەکەنن و ئیدی ئەوچاڵەش بەچەند هەووتویەکی تر پڕدەبێ و ڤێجا سەری دەگرن و ژمارەیەکی تر لەگردۆڵکەکان زیاددەبن و لەژێر تاریکایدا وون دەبن... ئەم گۆڕستانانە سەربازەکانیش ناتوانن و زاتی ئەوەناکەن نزیکیان ببنەوە... هەربۆیە زۆربەی ئەو بەندی یە قەبرهەڵکەنانە یاخی دەبن و لەپاڵ ئەو چاڵ و گردۆڵکانەدا دەمێننەوە تا گیان لەدەست دەدەن و دەمرن... زۆرجاران هاوارو ناڵەو زریکەی تۆقێنەر لەودیوو ئەو گردو گۆڕە بەکۆمەڵانەوە بەرز دەبێتەوە... زیندانیەکانی تر خاوەنی ئەو دەنگانە دەناسنەوە کەپێش چەندان مانگ و چەندان ساڵانە لەناو ئەو گۆڕە بەکۆمەڵانەدا نێژراون... بۆیە

دەڵێن ئەو دەنگانە ئەو ڕۆحـیـانەتە  بێ گـوناهانەن کـەڕێگەیەک نادۆزنەوە بۆ هەڵکشان و چونەناو گۆڕی ئەو سەرقەبرانانەی شار کەلەژێر ئاسمانێکی قوڵ و هەور و سـاباتێکی نزم و هێمندا ڕاکشـاون و یاران و خـۆشـەویستـانیـان هەمــوو ڕۆژ و حـەوتویەک دێنەسـەریان و بەدەم فـرمـێسک ڕشـتـنەوە باس و خواسی زەمانە و ڕۆژگاریان بۆ دەکەن و پەرەی گوڵیان لەسەر دەپروێنن.

ــ چی یە..بۆ گـیـانت شل بووەو جـوڵەت لەخـۆت بڕیوە؟ ڕێک لـەبەردەم ئەم دەرگایەدا ڕاوەستە. ئافرەتەکە بەمروەتی ووت و دەنگی کردنەوەی دەرگـایەک هاتوو سـەربازەکە دەسـتی مروەتی بەردا، هێندەی نەبرد دەرگـاکە کـرایەوەو ئافــرەتەکــە و مــروەت چوونە ژوورێ، لەگـــەڵ تەواوبوونـی جــیــڕەی وشـکی دەرگاکـەدا بێ ئەوەی مروەت لـەزمانی ئاخـاوتنەکەی بگات ئافرەتەکە کـەوتە قسـەکـردن. گـرێی پـەڕۆکـە لەپشـتی سـەریەوە شلبـۆوەو ڕووناکی ژوورەکـە چاوەتروکەیان بەمروەت خست، ژوورەکە ڕووناک و بۆن و بەرامـەیەکی خۆش و فـێنکی هەبوو، فـەرمـاندەی سـەربازەکـان لەسـەر کـورسی پشت مـێـزەکـەوە هەستاو جگەرەکەی دەستی لەناو تەپڵەکەکەی بەردەمیدا کوژاندەوە.

ــ دەزانیت ئێمە کوڕەکەتمان بۆ گرتووە؟ فەرماندە ئەمەی ووت و ئافرەتەکە ڕووی لەمروەت کردو ئەم قسەیەی  فەرماندەی بۆ دووپات کردەوە.

مـروەت نەیدەزانی ڕوو لەدەمی کـامـیـان بکات و وەڵامی پرسـیـارەکـەی فەرماندە بداتەوە.

ــ نەخێر نازانم! ئەوەندە دەزانم ئێوە کوڕەکەمتان بەباڵ بەستی گرتوو.. ئێستـاش زیندانییە لەلای ئێوە. ئافرەتەکە قسـەکانی مروەتی بۆ فـەرمـاندە دووپات کردەوە.

ــ کـوڕە خـوێڕیەکـەت لەگـەڵ ئەو تێکدەر و چەتانەی شـاخـدایە و لەشـار کاریان بۆدەکات. بەتووڕەبوونەوە فـەرمـاندە ئەمەی ووت و ئافرەتەکەش لەسـەر هەمان ڕەزمی تووڕەبونەکەی فەرماندە ڕۆیشت و قسەکانی تری فەرماندەی بۆ مروەت دووپات کردەوە.

ــ چۆن ئەمە نازانیت پیـرێژن، هەڵبـەت کوڕی تۆ نی یەو لەتـۆ نەبووە ها... وەڵامم بدەرەوە؟

ـــ بەقوربانتبم کوڕەکەی من دەخڵی بەوانەوە نییە کەباسیان ئەکەیت، ئەو لەکوێ ئەوانە بناسێت... ئێمە هەژارێکین لەماڵی خۆ سەرکز و بێوەی دانیشتوین.

ئافرەتەکە بەردەوام بوو لەسەر ووتنەوەی قسەکانی مروەت بۆ فەرماندە، کەکاتێکیش ئەم قسانەی مروەتی دەگەیاند قنەچاوێکی گاڵتەو بزەیەکی ساردی دەگرتە مروەت و ئەوسا گوێ قولاخ دەبوو بۆ تووڕەبوون و هەڕەشەکانی فەرماندە تابتوانێت وەک خۆی بەڵکە توندتریش هەموو هەڕەشەو ووتەکانی وەرگێڕێت و لەمروەتی بگەیەنێت.

ـــ بۆ ئەوەی کوڕەکەت مەرەخەس بکەین و بچنەوە ماڵی خۆتان دەبێت تۆ وەک دایکێکی دڵسۆز ناوی ئەو کەسانەمان پێبڵێی کەهاوەڵی کوڕەکەت بوون... دەنا ئێرە جێگای هەردووکتان دەبێت و جارێکی تر ڕوناکی بەچاوی خۆتان نابیننەوە، تێگەیشتی یان نا؟ بۆ بەرژەوەندی خۆت و کوڕەکەت هەموو شتێکمان بۆ بدرکێنی باشترە دەنا...

مروەت لەترساندا سەری دەلەرزی و چاوەکانی پڕ بووبوون لەفرمێسک... ڕەنگی ژوورەکەو دەموچاوە تورەکەی فەرماندەو چاوەزەقەکانی ئافرەتەکە لەو دیوو فرمێسکەکانیەوە بەشێواوی دەبینران و ڕەنگ و ڕووی پەڕی بوون.

ـــ ئێوە سەگ باوک و ئاژداد سزن، ئاگاداری مێژو و بەسەرهاتی پیاوەکەی تۆین و کوڕەکەشت لەخۆت باشتر دەناسین، هاوەڵەکانیشی هەموو شتێکیان لەسەر درکاندووە، دیارە تۆش یارمەتیت داون و وەک ئەوان تاوانباریت... ئێستا قسان دەکەیت یان هەر بێدەنگ دەبیت؟ ئافرەتەکە کاتێک ئەم قسانەی لەمروەت دەگەیاند هێندە سەری بردبووە پێشەوە دەتووت دەیەوێت خۆی لەناو چاوی مروەتدا نوقمبکات و وەک پشیلە بەچڕنووک دەمووچاوی مروەت بڕنێت.

ـــ بەیارمەتیدانی کوڕەکەت بۆ پێلێنان لەو نهێنیانەی کەدەیزانێ... تۆ بەوە یارمەتی ئێمە و کوڕەکەت دەدەیت، هەروەها کارێکی باشدەکەیت کەهەموو شتێکمان دەربارەی کوڕەکەت بۆ بگێڕیتەوە. ئافرەتەکە لەقسەکەی فەرماندە نەبوو بۆوە کەبۆ مروەتی دەکرد، مروەت بەدەنگێکی نووساوە ووتی:

ـــ قوربانتبم ڕەحمێک بەو دڵ و دەرونەتاندابێت، من هیچ شتێکی خراپ

دەربارەی کوڕەکەم نازانم، تەنها هەر ئەو کوڕە تاقانەیەو کچێکی شێت شک دەبەم... بەقوربانتبم.

فەرماندە سیگارێکی داگیرساندو هەندێ قسەی لەگەڵ ئافرەتەکەدا کردو دەستی بەزەنگی سەر مێزەکەیدانا... سەربازەکە هاتە ژورەوە... پەڕۆکەی بەسەرچاوی مروەت دا گرێدایەوەو لەژوورەکە چوونە دەرێ. مروەت هەڕەشەکانی فەرماندەو چاوزەق کردنەوەکانی ئافرەتە وەرگێڕەکە زنجیرەو بەشی ئەو چیرۆکانەی وەبیردەهێنایەوە کەپێشتر زاتی بەیادهێنانەوە و بیرلێکردنەوەیانی نەبوو.

لەم زیندانانەدا زۆر لەو سەرباز و وەردیەوان و جەلادانە بەئارەزوومەندی خۆیان بڕیاری ئەوەیانداوە کەهەرگیز نەیەنە دەرێ و لەوقولایانەدا ژیان بگوزەرێنن، ئەوانە ڕازی نابن بەژیانی سەر ژێرزەمینەکان و دنیای پێکداڕژاوی ناو شارەکان، ئەو بنیادەمانە لەشێوەو ئاوەزی بنیادەمی سەر زەوی دەرچوون و سەروسیمایان سپی و تووکن و ڕموزنین و لۆچی چاوو برۆیان بەسەریەکدا جووت بوون و کەڵبەی دانەکانیان لەژێر لچە ئەستوورو سورەکانیانەوە درێژ بوونەتەوە، ئەو بەندیانەی کە کرۆژکەن و بەتەمەن منداڵ و مێردمنداڵن دەدرێنە دەست ئەم جۆرە ئادەمیانە، ئەوانیش ژێرپێ و بەرسک و لاملی بەندیەکان ختووکەدەدەن و لەپێکەنیندا دەیان پسێنن... ڤێجا بەکەڵبە تیژەکانیان هەنجن هەنجنیان دەکەن و بین دەنێن بەخوێنی جەستەیانەوە، هەموو بەندیەکانی تریش دێننە تەماشای ئەم دیمەنانەو لەبەرچاوی وان سواری ئەو جەستە شل و ساردو مردوانەی ئەو مندالانە دەبن، هەموو ساڵەی جارێکیش ڕیش و پرچ و سمێڵی بەندیەکانی ناو ئەو زیندانانە دەتاشن و ئەو مووە زبرو مووخۆرکە تێدراوانەیان دەڕێسن و دەیکەنە گوریسی قەنارەی ملی بەندیەکان، بەزۆرو بەلێدان ئەسپێ و مێرووی ناو قژو جەستەیان پێ دەدۆزن و پێیان قووت دەدەن، ئەشکەنجەی بەردەوامی ئەو بەندیانە ئەوەیە دەیانبەنە ژوورێکی سوورەوە و نینۆکی دەست و پێی ئەو تەرمە هەلایساو بۆگەنانەیان پێدەکەن کەنینۆکەکانیان دوای مردنیشیان درێژ و کەچ و خوار لەپەنجە برینداروکێمکردوەکانیانەوە دەڕوێن، ئەو تەرمی بەندیانە زۆربەیان بەوە

ژیانیان لەدەست داوە کەجێ چەقۆو قەمەی هەڵدڕاوی جەستەیان پڕ لەخوێ کراوەو بەدەم ئازارێکی گلکردووەوە گیانیان دەرچووە، زۆربەی ئەو زیندانیانە وەک بزن خەساندوویانن و ڕەگی گونیان پساندوون... هەردوو گونیان وەک تورەکەیەکی ئاوساو قورس و شین هەڵگەڕاو لەگەڵ هەنگاونانیاندا دەیدا بەژێرران و قنگیاندا، هەندێکیان لەجێ برینە کرمۆڵەکانی جەستەیاندا کرمەکان دەتەکێنن و بەسەری پەنجەکانیان دەیانفلیقێننەوە، هەموو جۆرەکانی مەرگ بەهەموو ڕەنگ و ئازار و کێشیانەوە لەم زیندانانەدا هەن و لەسەر جەستەی ئەو بەندیانە تاقیدەکرێنەوە... چما بەس لەبەروەی جۆری ئەو ئەشکەنجانە لەبیرنەچنەوە لەگەڵ وەپێشچونی ڕۆژگاریشدا هەر ڕۆژەو هەرمانگەی جۆری پێشکەوتەترو ئازاراوی تر دادەهێنرێت، ئەو جۆر و شێوانەش زۆر بەکاردەهێنن کە وەردیەوانەکان و جەلادو سەربازەکان ئەرک و ماندووبوونی کەمی بەدەستەوە دەچێژن تا زووتریش بەندیەکان بخەنە سەر سەودای دانپیانان و قسەکردن لەسەر تاوانەکانیان.

دەنگی جیرەی کردنەوەی دەرگایەک مروەتی بەهۆشخۆ هێنایەوە، سەربازو ئافرەتەکە مروەتیان بردە ژوورەوەو پشتیان بەدیوارێکەوە نوساند... ئەویش یەکەوڕاست کەوتە سەرچیچکان و توندتر پشتی بەدیوارەکەوەنا، دوای هەندێ دەنگە دەنگ و خرەی جوڵاندنی کلیلی ناو قوفڵی دەرگایەکی ئاسنین، گوێی لەخشەی ڕاکێشانی جەستەیەک بوو کەلەبەردەمیەوە دەیانبرد. ڕوداوەکانی ئەمرۆ بۆ مروەت خەونێک بوو نەیدەتوانی باوەڕی پێبێنێ... یان واقیعەتێکەو ئیدی ئەم دەبێت دەستەوسان و ملکەچبێت لەبەردەمیدا، لەسیمایدا سوورایی قەترە خوێنێک بەدینەدەکراو بۆنێک لەمیزو ئارەقەو خوێن سەریان بەگێژدا دەهێنا... لەپەسا هێلنجی دەهات و لارەمل و بێ هێزو کاس بووبوو. دوای دەنگی لەرینەوەی زنجیرەکان و داخستنی دەرگاکە سەربازەکە پەڕۆکەی سەر چاوی مروەتی ڕەواندەوە، چاوەکانی بەشەوارە چووبوون، سەرەتا چاوی بەسەر پەڵە خوێنە وشکەوەبووەکانی ئەردی ژوورەکە کەوت، لەسەرهەڵبڕینێکدا ڕوناکی پەنجەرەی سەر میچی ژوورەکە کەتازە تیشکی شکاوی خۆری ئەو دووانیوەڕۆیەی پێدا تێپەڕدەبوو چاوەکانی پێ هەڵگلۆفت... دەنگی سرودە

نیشتمانیەکان بەئاستەم دەگەیشتنە گوێ و کەتێکەڵ دەبوو لەگەڵ دەنگی ووڕەی ئەو مشارە کارەباییەی کەلەناو غەڵبە غەڵبی سەربازەکان و قرچەی شکانی چڵی درەختەکانی ناو حەوشەی فەرمانگەکەدا دەهات.

ــ ئەو کەسە دەناسیتەوە کەهەڵواسراوە؟ فەرمانده ئەمەی ووت و ئافرەتەکەش کەتائەوکاتە لەپاڵ دەرگاکەدا وەستابوو قسەکەی فەرماندەی دووبارەکردەوە، مروەت بەوەی دەنگێک لەقولاییەوە ڕایچڵەکێنێ جوڵەیەکی تێکەوت.

ــ لەگەڵ تۆمانە پیرێژن. فەرمانده

ــ لەگەڵ تۆیەتی سەیرکە. ئافرەتەکە

فەرماندە ڕووی کردە ئەو پیاوە فالینە سپی لەبەرەی کەلەتەنیشتی فەرماندەوە ڕاوەستابوو، پیاوەکە بالاّ بەرزێکی ڕەش ئەسمەری ماسولکە دەرپەڕیووی سنگ پان بوو.

ــ بیخەرە سەر ئەو کورسیە ئاسنە تابەباشی سەرهەڵبڕێ و بیناسێتەوە. فەرماندە بە پیاوەکەی ووت.

پیاوەکە باوەشێکی بە مروەتدا کردو قنج لەسەر کورسیەکە دایناو سەری پێ بەرز کردەوە بۆ ئاستی ئەو جەستە ڕووت و قووتە سەرەوژێر هەڵواسراوەی کەبەزنجیرە شۆڕبۆکانی میچی ژوورەکەدا هەڵواسرابوو، هەردوو قاچی بەسترابوون بەو بۆریە ئەستورەی کەدوو دیواری پانی ژوورەکەی دەگەیاند بەیەکتری... دوو قایشیش بەهەردوو مەچەکیەوە گرێدرابوون و بەسترابوون بەو مێزە ئاسنینیە درێژەی ژێر جەستەیەوە.

ــ جوانتر تێیبڕوانە بزانە کوڕەکەی خۆت دەناسیەوە. ئافرەتەکە قسەکەی فەرماندەی تەواونەکردبوو ئاهێک لەقولای گەروی مروەتەوە هاتەدەرێ و چاوەکانی بەووردی و بەزەییەوە بەجەستە برینداروو مۆربۆوەکەدا گێڕا، جەستە شل و هەڵواسراوەکە هیچ نیشانەیەکی جەعفەری پێوە نەبوو تا چاوەکانی مروەت خزانە سەر ڕەنگە جیاوازەکانی هەردوو چاوی جەعفەر... ڤێجا مروەت هەناسەیەکی گرێ گرێی هەڵکێشاو فرمێسک بەچاوانیدا هاتنەخوارێ... بەزۆر هێزی بەخۆیدا تالەسەر کورسیەکە هەستێت، دەستی

بەهێـزی پیـاوە فـالینە لەبەرەکـە شـانی ڕاتەکـاندو لەسـەر کـورسـیـەکـە چەقـاندیـەوە... دەنگی نووزەیەک لـە قـوڕگی مـروەت دەهـاتەدەرێ هـەر بە نوزەی سەگێکی تۆراو برسی و ترسنۆک دەچوو.

ــ ئەی تۆ ئەم قـەحبـەیەی دایکت ناناسـیت؟ فـەرمـانـدە لەگەڵ ووتنی ئەم قسەیەیدا قـایشە بەسـتراوەکەی دەستی جـەعفـەری ڕادەوەشـاند، جـەعفـەریش چاوە هەڵئاوسـاو هەڵاوگێراوەکانی لەناو چاوی مروەت بڕیبوو... بە ئاستـەمێک هەناسـەکـانی قـەفـەزەی سنگی دەجـوڵاندەوەو خـوێنی ئەو جـەسـتـە برینـدارەی ڕژابوونـە دەمـووچـاویەوە...پەڵەی خــوێنە ووشکەکــانی جــەســتــەی بەســـەر برینەکـانیـەوە بووبوونە توێژێکی وشک و قـڵـیـشـبـردوو، تەنـهـا جـەسـتـەیەکی سـووک و جـوڵاوەی بێ دەنگ بوو کـەدرێژتر دەکـەوتە بەرچاوان بـەراورد بەباڵا کورت و خڕیلانەکەی.

ــ تائێستـاش مۆڵەتت لەبەردەستە قسەبکەیت دەنا دایکە پیرە بێوەژنەکەت بەبوکی دەبەین، دەدوێی یان نا... تەنـها بەسـەر لـەقاندنێک داتدەگرمـە خـوارەوە ئەوسا سەلامەتی خۆت و دایکت مسۆگەردەکەیت، هەرچ داخوازیەکیشت هەبن بۆت جێبەجێ دەکرێت.

پیاوە فالینە لەبەرو تێکسمڕاوەکە بەچاوێکی پڕ لەشەهوەت و قینەوە چەوی بڕیبــووە مـروەت، مــروەتیش گـوێی لە ئافـرەتەکـە دەبـوو کـاتێک قـسـەکـانی فـەرمـاندەی بەدەمخـۆوە دەوتەوەو بزەیەکی ساردی لەلێوان دەئالا، جـەسـتـەی وەک شەق شەقە دەلەرزی.

ــ دەتوانیت تۆ ئێستـا جێمانبێڵیت. فـەرماندە بەئافرەتەکەی ووت و ئەویش دەرگا داخراوەکەی ترازاند و دوای سەر لەقاندنێک وون بوو.

ــ کاتی ئەوە هـاتووە قسـەبکەیت. فەرماندە ئەوەی ووت و ڕووی کردە پیاوە فالینە لەبەرەکە، ئەویش بزەیەکی بۆ کردو خۆی گەیاندە مروەت.

جـەعفـەر بۆ یەکـەمجـار جـەسـتـەی کـەوتە جووڵەو خـۆڕاتەکاندن، جلەکـانی مـــروەت وەک پەڕی مـریشـکێکی ئـاوەڕووت کـراو بـەدەســتی ســـەربازەکـــەوە دەکەوتنە سەر زەوی ژورەکە.

فـەرمـاندە دەسـتی لەنێو سـەری قـایشـی کێبڵـەکەی سـەر مـێـزەکـەدا توند

کردوو چەند کێبڵێکی وەشاندە سەر سنگ و سک و پشتی جەعفەر.

ـــ قـسـە دەکـەیت یان دەتەوێ بەچاوی خـۆت ببـینی کـەتۆ کـوڕی چ قـەحـبـەیەکـیت... هاوڕێکانت هەمـوو نهـێنیـەکیـان لەسـەر تۆ درکـاندووە ... ڕزگاربوونت نی یە تەنها بەدەمکردنەوەو قسەکردن نەبێت.

فـەرمانـدە لەدووا ووشـەی تەواوبـوونی قسـەکەیدا کێبـڵـێکی کێشـا بەسـەرو لوتی جەعفەردا.

تیـشکی خـۆرە شکاو و زەردەکـەی ئەو دووانـیـوەڕۆیە لەپەنجـەرەی تـەڵخی مـیـچی ژوورەکـەدا سـێـبـەری جـەسـتـەی جـەعـفـەری بـەسـەر دیوارەکـەدا دەنەخشـاندو وەک جلێکی هەڵواسـراوی سـەر تـەنافێک بەدەم تەپەی بەرکەوتنی کێبڵەکەوە دەشەکایەوە... سێبەری جەستەی جەعفەر لەهەموو شتێک دەچوو لە جەستە کورت و بریندارەکەی نەبێت.

مـروەت ڕووت و قووت سـارد و شل... بەدەست پیـاوە فالینە لەبەرەکەوە بوو، مـەمکە شـۆڕو چرچەکـانی بەهەردوو لاقـەبرغـەو سـنگی دا شـۆڕ بوو بوونەوە، تەنـها گەرمیـەک لەجەسـتـە ساردەکەی مروەتدا دڵە بەخورپەو چاوە گەرم و پڕ فـرمێـسکەکـەنی بوو کـەوەک دوو جـۆگەلەی بـاریک بەسـەر چرچو لۆچەکـانی ڕومەت و ژێر چەنەیدا دەڕژان.

ـــ دەڵێی چی تائێستـا دوواهەمین فرسـەتت لەبەردەسـتـایە... بڕیاری گوو خواردن دەدەیت یان بێدەنگ دەبیت.

فەرماندە ئەمەی دەووت و ئارەقە بەنێوچاوان و بنباڵیدا دەچۆڕانە خوارێ و دەمـارەکانی ملی لـەژێر پێستـە ئەسـمـەر و ئارەقـاویـەکـەیەوە بەرز دەبوونەوە و ڕەنگیان شین هەڵدەگەڕا.

ـــ بەبێ دەنگی بوونت تاوانەکـانت لەسـەرزیاد دەبن و جـەهەنم بـەچاوی خۆت دەبینی. فەرماندە دەیووت.

( ڕۆح کێشـان وەک ڕاکێشـانی سـەرپۆشێکی نیشـتۆوەی سـەر دڕک و داڵ وایە، ئازاری مـەرگیش دەقاودەق ئازاری ڕاکێشـان و لێبوونەوەیە لەجـەستـە... لەدڕک و داڵ... لەجەستە... مروەت بەخاجیانی دەووت)

فەرمـاندە زنجیرە پێوە هەڵواسـراوەکەی جـەعفـەری نزمترکردبۆوەو لەدواوە

بەهەردوو دەستی چنگی بەقژو هەردوو گوێچکەی جەعفەردا کردبوو هاواری دەکرد:

ــ سـەیری دایکت کـە... چاوەکانت دەنوقـێنیت بۆوەی ئەم دیمەنە جـوانە نەبینیت... سەیرکـە ئەی پیاوی مەرد... حیـز... چەتەی شـاخ سـەیرکـە. بڕوانە دایکت لە خۆشیاندا بزە دەیگرێت، سەیرکە. فەرماندە زۆری لە هەناسە تەنگی و دڵگرانیەکەی خۆی دەکردو قاقاپێدەکەنی... پیاوەکە لەگروژمی تەکاندانداندا بوو... چاوەکـانی بووبوونە پیـاڵەیـەک لەڕق و شـەهوەت... خـەنی دەبوو گـەر بەزووترین کات قڵپی کاتەوە و بیڕێژێت، پیاوەکە نینۆکەکانی هەردوو دەستی لەمـەمکەکانی چەقاندبوون و ڕایدەکێشان و دەیکشـاندن... بۆن جگەرەی دەم و هەناسـە گـەرمـەکـانی دەکـردن بەدەمـووچاوە گـرژو ئازاراویەکـانی مـروەتدا... ئاخێکی زبر... دەنگی ئۆخـەیەک لەقوڵاییـەکـانی گەروویەوە سـەردەکەوتن و لە هەردوو کونەلوتە فش و گەورەکانیەوە دەهاتنەدەرێ، پیاوەکە پێستی جەستەی مـێـرولەی لەزەت دەیگەستن و ئارەقـە بەناوچەوان و دەمـارە هەڵاوسـاوەکـانی ملیدا دەچۆڕانە خوارەوە.

ئەو خوێنەی لەدەمـوولوتی جـەعفـەرەوە سـەریدەکرد، دەچۆڕایـە ناو قـوڵای چاوە مـۆرەکانیـەوە... دواتر بەسـەر برۆی و ژێر بێخـی قژیدا دەچۆڕاو هـەمـوو دیمەنی پیـاوەکەو مروەتیـان لەبـەرچاوان سـوور کردبوو... برژانگەکانی چاوی پێکەوە دەنووساند و خوێنی مەیـیوو دەیگرتن و قورس دەبوون.

ــ ئێـوە دەبێت وەک قـالۆنچـە لەم زیندانەدا بژین و بـتـۆپن... هەی مـشکە کوێرەکانی شـاخ... گەوادینە.

( ئازاری مـردن دەق ڕاکێشـان و هـەڵگرتنەوەی ئەو سەرپۆشـی سـەر دڕک و داڵەیە) ئەمجارە مروەت بە خاجیان دەڵێ.

سـەرپۆشـە برنجۆکە سپیەکە لە خەیاڵی مروەت دا بەدەم باوە باڵی دەگرتەوە و لوول دەبوو دەنیشتـەوە بەسـەر تۆپە دڕک و داڵە شینەکانەوە... بێ بەزەیـیانە ڕایدەکێشاو زریکەی لێهەڵدەستاند و دەیدڕاند، دیسانەوە با لەدەستی دەفڕاند و لەناو باوەخـولەی بادا بەئاسـمـاندا دەچوو... لەوێوە وەک کۆلارەیەکی پـچـڕاو دەکـەوتەوە خـوارێ و دەنیـشتـەوە بەسـەر مـەڵۆیەک لەدڕک و داڵـی تردا... بێ

بەزەییانە ڕایدەکێشایەوەو ونجڕ ونجڕ بەدەستیەوە دەهات و بایەکی گێژ دیسانەوەو دیسانەوە باڵی پێدەگرتەوەو پارچە ونجڕو دڕاوەکانی دەم چقەی دڕکەکانیش با دەیشەکاندنەوە... سەرپۆشەکە لەکەشکەلانی ئاسمان دا وەک بەردێکی لە نێوخرابێت دەکەوتە خوارەوەو بەسەر نووکی زبرو ژەهراوی دڕکەکانەوە دەئاڵاو مەرگ خۆی پیشان نەئەدا ... لەکونێک هێندەی نووکی دەرزیەک لەو ئاسمانە شینەوە دەیڕوانی و لەپێکەنیندا هەوری لەدەم دەئاخنی و بێدەنگ خنەی دەهاتێ بێ ئەوەی خۆی لەم یاریە سادەیە بگەیەنێت کەبەجەبەروتی ئەوی دەچوێن لەسەر زەوی ... مەرگ لەخنەو پێکەنین ڕادەوەستاو لچێکی خۆبەزلزانی هەلدەقورتاند و بەفیزەوە خۆی لە مروەت و جەعفەر دەشاردەوەو فووی لە هەورە ئاخنراوەکەی دەمی دەکردو هەورەکەش لەشەرمان ڕەش ڕەش دادەگەڕاو خۆی تێکەڵ بەشەپۆلی گەواڵە هەورە سپیەکانی تر دەکردەوەو خۆیان لەخرێتی زەوی دەئالاند.

پیاوە فالینە لەبەرەکە گوژمی تەکانەکانی گورجترو خێراتردەکردو لە جۆش و خرۆشێکی ئەوتۆدابوو کەهەرلەم ساتانەدا دەبووە ئەو پیاوە بەهێزەی کەهەموو گۆی زەوی بەهێندەی خرێتی گونی دەزانی، چەپڵەو هەلهۆلەی ئەو هاوڕێ و سەربازانەی خۆی دەهاتەوە یاد کەشەوانە بەدەستی چەکدارەکانی شاخ دەکوژران و مەیتەکانیان لەنێو کۆلان و سەر شەقامەکان دەکەوتن و بەجێدەمان.

مروەت لە ژێر پیاوە فالینە لەبەرەکەدا جەستەیەکی بێهۆشی ناو گۆمێک لە لیک و خوێنی ڕژاو بوو کەتاچەند هەناسەیەک لەوەوبەر هەردوو چاوی توونە بەدەستەکانی گرتبوون و نوزەی لێهەڵدەستا... وەک ئێستا دەستە شل و شێواوەکانی لەهەردوو سەری مێزەکەوە شۆڕنەبوو بوونەوە بۆ سەر زەوی.

پیاوە فالینە لەبەرەکە قۆپچەی ترازاوی پانتۆڵەکەی توند کردنەوەو قایشەکەی بەستەوە، جەعفەر چاوەکانی هێند زەق و خوێناوی بوون دەتووت ئێستا وەک دوو هەڵماتی خوێناوی دەکەونە خوارێ و فەرماندە بەلەقەیەک دەیانتەقێنێ و بەسەر ئەردە خوێناویەکەدا دەپرژێن، لەگەڵ هەر هاوارێکدا جەعفەر هەناسەیەکی قوڵی هەڵدەکێشایەوە و ڕەنگی ئەردی ژوورەکە ڕەش

دەبوو وەک بنی چاڵێکی قــووڵ و نووتەکی لێــدەهات. هاوارێکی نەبیــســتــە لەقـورگە نوسـاو دەمـە داپچـڕاوەکەیەوە دەهاتـەدەرێ و دەکەوتە نـاو ئەو چاڵە قووڵ و بێ بنەوەی کەلەبەرچاوو خەیاڵیدا درێژو قوڵ قوڵ دەبوو، دەنگی سەمەد و کــەریمی هـاوڕێی لەقــوولآیەکـانی چاڵەکــەدا دەنگیــان دەدایەوەو لەگــەڵ هاوارەکانی جەعفـەردا تێکەڵ دەبوون و سـەرەوخـوار دەکەوتنە ناو چاڵەکەوە، دەنگەکـان تادەهات زێدەترو قـایمتـر دەبوون... تادەبوونـە ڕەزمـێک لەدەنگێکی ناحاڵی و بەیەکدا چوو... دەنگەکان تێکەڵ دەبونەوە لەدەنگی کانەبی و مروەت و میناو خـاجیـان ولە قولآی چاڵەکەدا دەنگیان دەدایەوە... دەنگی وویزەو ڕەنگی سـوری یەک لەدوای یەکی گـوللە بـەبەردامیـدا دەرۆشتن و دەکـەوتنە خـوارێ... دەنگ و ڕەنگی ســەمــەدو کـەریم بەدەوریدا دەهاتـن و لەپێــچــە تاریکەکـانی چاڵەکــەدا وون دەبوون و دیســانەوە بـەریەک دەکــەوتـنەوە... ســەرو کــەللەی خوێناوی عـەرەبانچیـەکە دەهـاتە بەرچاوی و دەنگی پلوسکی گوێسـوانەکان و هـاژەی لافـاوەکـە بـەبەرگـوێیـدا دەڕۆیشت، قـاقـای فـەرمـانـدەو سـەربازەکـان دەهـات... ڕەنگی نوسـراوی سـەر دیواری کۆڵان و شـەقـامـەکان وەک شـریتێک درێژ دەبوونـەوەو کـۆتایـیـان نـەدەهات، دیمەنی شـاخ و دەشـتـەکـان دەهـاتنە بەرچاوی... قـەتارەی زنجـیـر بەسـتـووی چەکدارەکـان بەسـەر شاخـەکـان دا سـەردەکـەوتن و گـۆڕانیـان دەووت ڕەنگیـان کـاڵ دەبوونـەوە و دیار نەدەمـان... سیمـای تەڵخی ئەزبەنی و وێنە تۆخـەکانی تری دوای ئەزبەنی دەهاتن و پێکڕا هاواریان دەکردو دەیان قیـژاند، وێنەی ئەسـتـێرە سوورەکـانی سـەر قـۆناغی شکاوی تفـەنگەکان بەریەک دەکەوتن و ووندەبوون و دەکشـان... دیمەنی کێل و چەتری سـەرقــەبرانەکـانی هەردوو بـەری شـار و دەنگی گـریـان و قـورعـانی مەلاکـان تێکەڵ دەبوون... دەستـە شۆڕبۆوەکـانی مروەت بەقولآی چاڵەکەدا درێژ درێژ دەبوونەوەو نەدەگەیشتنە جێ و جـەستە گرمۆڵەو بەربۆوەکەی جـەعفەریان جێدەهێشت... بووکە پەڕۆینەکانی مینا بەر جەستەو سەری دەکەوتن و دەرژانە خـوارێ و مـینا هـاواری دەکـردو بەدوایاندا دەگـریـاو بەردەبووەخـوارێ، وێنە جۆراو جۆرەکـانی سـەرۆکی فەرمـانده بەخـۆیان و چوارچێوەکانیـانەوە بەریەک دەکەوتن و زرەی شکانی شـوشـەکانی دەهـات... هەلهـۆلەی سـەربازەکان بەرزو

بەرزتر دەبوونەوە، دەنگی وەڕینی سەگ و پێکدا پژانیان دەهات، وێنەکانی منالّی و یاریەکانی کۆلان و دەنگی مامۆستا دلّڕەق و جنێو فرۆشەکانی قوتابخانە دەهات، گۆچانەکەی دەستی ئەو پیاوە خڕیلانە جوێن فرۆشەی کەلەدوای ئەزبەنیەوە بوو بەسەرۆکی دەستەیەکی تر بەر جەستە بریندارو زامدارەکەی جەعفەر دەکەوت... ئەو پیاوەی هەر لەسەروەختی ئەزبەنیەوە هەموو هاوڕێکانی دەکوژران و هەر ئەو دەمایەوە... هاواری دەکردو جنێوی دەداو درۆکانی خۆی دەنووسییەوەو هەڕەشەی دەکردو پەیکەری بۆ ئەو هاوڕێیانەی دەکرد کەبەپلانی خۆی کوشتبوونی... کوڕەکانی ئەزبەنی دەگریان و شەرمێونانە رووی خۆیان دادەپۆشی و لەناوتاریکی چالّە بێ بنەکەدا ووندەبوون... پەڕە جۆراو جۆرەکان دەبارینە ناو چالّەکەوە... ئەو پەڕانەی کەوێنەی شەهیدە منالّکارەکانی لەسەر بوون و شاعیرەکان بۆیان دەهۆنینەوە، ڕەنگ و دەنگی زریزەی گوللەکان وەک تروسکە تێدەڕەین و قریشکەکان بەرزدەبونەوەو دەیانشاخان، کتێب و دەفتەری قوتابخانەکان و قەلّەم و دەباشیرە ڕەنگاو ڕەنگەکان دادەبارین و پێش جەستەی جەعفەر دەکەوتن و ئەویش وەک گێژەلّولّەکەی هەلّسوڕاو بەناویاندا تێپەڕدەبوو هاوارێکی تاساوو خنکێنەر لەگەروی دەگیراو قرخە قرخی پێدەخست، پارچەی ماشێن و زیلە سووتاوەکان و مەیتی خوێناوی سەربازەکان لەناو تاریکیدا وون دەبوون، دەنگی شۆڕشگێڕانەی چەکدارەکان و چاویلکەی چاوی ووتە خوێنەکان تێکەلّ بەشەتاوی ئەو بارانە ناوەختە دەبوو کەبرینەکانی جەستەی جەعفەری دەچوزاندەوە... بایەکی بەهێز وەک پوشی بابردوو لەنگەری پێدەگرت و ئەندامەکانی جەستەی لێکدەترازاندو دەمارو ریشالّەکانی دەست و پێی دەپساندن و زریکەی لێهەلّدەستاند، لەگەلّ هەر هاوارو زریکەیەک دا ئەندامێکی لەشی لێجودا دەبۆوەو بەقولاّیدا ڕۆدەچوو پێش خۆی دەکەوتنە خوارێ، لەنێوەندی هەردوو ڕانە پچڕاو لێکترازاوەکانیەوە با دەچووە گونیەوەو وەک تۆپێکی فوودراو گەورەو گەورەتر دەبوو... هەردوو دەستە جومگە لێکترازاو خوێن لێهاتوەکەی گرتبوون بەو تۆپەی ناوگەلّیەوە کەتادەهات قەبارەی گەورەتر دەبوو... جەعفەر دەگریاو هاوارو نالّەیەکی بێ مەزندەی

لێبەرزدەبۆوە... دەمارە پساو لێکپچڕاوەکانی درێژ دەبوونەوەو با دەیهێنان و دەیبردن و دەیئالاندن لەشان و ملە خوێناویەکەیەوە، بارانەکە بەخوڕ دەباری و جەعفەریش سەری لەسەر تۆپی گونە فووتێچوو ئاوساوەکەی دانابوو وەک کار دەگریا، دەنگی قرچەی شکانی لق و پۆی درەختەکان دەهات و پیاوە خڕیلانەکەی شاخ... ئەوەی هەموو هاوڕێکانی دەکوژران و هەر خۆی دەمایەوە بەگۆچانەکەی دەستی لەپشتە خوێناویەکەی جەعفەی دەسرەواندو جوێنی بەهەمووکەس دەدا. نوکی گۆچانەکەی دەکرد بەتۆپە هەلاوساوەکەی گونیداو جنێوی دەدا... خوتبەی دەخوێند... بووکە پەرۆینەکانی مینای هەڵدەوەشاندەوەو دەیووت ئەمانە خۆفرۆشن... جەعفەریش سەری نوساندبوو بەتۆپەکەوەو دەگریا... وەک دەعبا دەگریا، هروژمی هەرەسی شاخەکان و دەنگی بەیەکداکەوتنی تاوێرە شینەکان دەهات و دەرمان و غلۆر... غلۆر دەبوونەوەو لولەی خۆڵی بەئاسماندا هەڵچوو ناو چاڵەکەی پڕدەکردەوەو دەمی جەعفەر پڕ دەبوو لەزیخ و ووردەچەو... گەلای درەختەکان دەوەرین و دەنگی مامۆستا سەردار و پاڕانەوەکەی دەهات... ئەو مامۆستا سەردارەی کەلە بەردەمی جەعفەردا کوشتیان، وویزەی گولله وەک تەزبیحی پچڕاو بەردەبوونەوەو ڕەنگیان وون دەبوو، سەمەد و کەریم لەناو قولای چاڵەکەدا جەعفەریان بانگ دەکردو ئەوانیش دەگریان، جەعفەریش سەری لەسەر تۆپەکەی ناوگەڵی دانابوو دەگریا... دەنگێکی بەهێز هەموو چاڵەکەی لەراندەوەو لەگەڵ تەقینی تۆپە هەلاوساوەکەی گونی جەعفەردا هەموو شتەکان بەسەریەکدا ڕمان و قیژەیەکی درێژ درێژ لەقوڕگی نوساوی جەعفەرەوە هاتەدەرێ و هەموو دەمارەکانی جەستەی پلیان دەداو ئاو و خوێنیان لێدەچۆڕا.

پیاوە فالینە لەبەرەکە هەموو ئاوی سەتڵەکەی بەسەری جەعفەردا کردبوو... دڵۆپی سورو پەمبەی تکاوی قەراخەکانی سەر ئەو مێزە ئاسنینەی کە جەعفەری لەسەر پاڵخرابوو دەرژان و دەبوونە گۆلێکی وەستاوی پڕ لەتۆپەڵە خوێنی مەیوو. دەنگی مشارە کارەباییەکە ژوورەکەی دەلەراندەوە... ددانە تیژو خێراکانی وەک دانە تەرزە بەبەرچاوی جەعفەردا ڕەتدەبوون و دانەکیرەیان لێدەکردو مێزە ئاسنیەکەی ژێریان دەلەراندەوە، هەردوو دەست و قاچی

جەعفەر لەمسەرو ئەوسەری مێزەکەوە شەتەکدرابوون، سەتڵە ئاوە هەڵپرژاوەکانی دەستی پیاوەکە هەموو جێ برینەکانی جەستەی جەعفەریان دەچوزاندەوە و دڵۆپە ئاوە پەمبەو سوورەکان لە قەراغی مێزەکەوە دادەچۆڕان و ژوورەکەیان هێندەی تر لەناو چڵپاوی خوێن و جلە فڕێدراو کەوتوەکانی مروەت دا نوقم و سەرگەردان دەکرد، دەنگی وورەی مشارەکەو جنێو و هاوارەکانی فەرماندە وورده وورده دەهاتنە گوێی جەعفەرو دەنگیان دەدایەوە، فەرماندە دەستی لەجێ پەلەپیتکەی مشارەکە توند گیردەکردو زمانە ووشک و لێوە شینهەڵگەڕاوەکەی فەرماندە زەلەی دەکردو دەیقیژاند، تیشکی خۆرەکە لەپەنجەرەی میچەکەوە ئەو چەند بستە ڕوناکیەی کەبەسەر دیوارەکەدا بلاوی دەکردەوە بەهێمنی هەڵدەکشا، گەردە پەڕیوەکانی دەمی مشارەکە لەناو ڕوناکیەکەدا پێکدادەهاتن و هەڵدەفڕین. پیاوە فالینەلەبەرەکە دەمێک بوو مروەتی بەڕوتوو قوتی و بوراوەی لە ژوورەکە بردبووە دەرێ و لەژوورێکی تردا بەبێهۆشی فڕێی دابوو.

ـــ تۆ هەردەبێت قسەبکەیت... قسەبکەیت... قسەبکەیت. فەرماندە دەیقیژاندو ددانە سوڕاوەکانی مشارەکەی نزیک بەملی جەعفەر ڕادەگرت و هاواریدەکرد: تۆ هەردەبێت قسەبکەیت... گوو بخۆیت. فەرماندە دەستی کەمەکێک بەرزتر کردەوە دەمی مشارەکەی ڕووەو ناوقەدو قاچەکانی برد. دەستی لەسەر پەلەپیتکەی مشارەکە هەڵگرت و وورده وورده ددانە سوڕاوەکانی مشارەکە ڕادەوەستاو دەنگ و وورەی نەدەما... بێدەنگی و هێمنی سەرتاپای ژوورەکەی داگرت، کڵۆخوێنە مەیوو مەیلەوڕەشی جێ برینەکانی جەستەی جەعفەر بەسەر قەراخی مێزەکەدا دەخلیسکان و لەژێر پێچکەکانی مێزەکەدا مۆڵەق دەبوون و ڕەنگیان شین هەڵدەگەڕا.

ووتەکانی سەرۆک بەبیری فەرماندەدا ڕەت دەبوون و هێدی و ئارامیەک دایدەگرت، سەری بەرز دەکردەوەو لەڕووناکی شوشەی میچی ژوورەکەی دەڕوانی کە ئێوارە بەبریندارییەوە لێڵی و سوورایەکی دەخستە بەرچاوان و ڕوناکی سەردیوارەکەش بەرەوسەر دەکشاو ووندەبوو... فەرماندە سەرۆکی فەرماندەی بەبیردەهاتەوە کە هێزەکانی سوپاو تانک و تۆپەکان و فڕۆکەکان

بەژێر باڵیدا دەڕۆیشتن... دەنگی سرودە نیشتمانیەکان و بەیانە سەربازیەکان لەدەرەوەی فەرمانگەکەوە دەهاتنە بەرگوێی... قەشەنگترین وێنەی سەرۆک لەلای فەرماندە ئەوەبوو کەسەرۆک بەسواری ئەسپێکی سپیەوە بەمەشق بەبەردەمی ڕیزە درێژو لەبن نەهاتووی سەربازەکان دا دەڕۆیشت و ئالآی شەکاوەی وڵات ملکەچ و داگیراو لە ژێر سمی ئەسپە سپیەکەیدا بەهەر سێ ئەستێرەکەی و ڕەنگەکانیەوە کڕنوشی دەبرد... شمشێرە درێژو کالانە بەیاقوت چنراوەکەی لەگەڵ مەشقی ئەسپەکەیدا هەڵتەک هەڵتەک بەرز دەبونەوەو دەنگی مۆسیقای سەربازی و کەڕەنای جەنگ و سەرکەوتن لێدەدراو ڕیزی پێشەوەی سەربازەکان هەموو بەیەک دەنگی دلێرانە دەیانووت بژی سەرۆک... بژی سەرۆک، عەشاماتی لەبن نەهاتووی خەڵکەکەش هەلهەلەو هاوارو چەپڵەیان لێدەداو ژنان بەخۆیان و عەبەکانی سەریانەوە سەماو باوەخولێیان دەکرد... پیاوەکانیش وەگ گێژاوی دەریا دەسوڕانەوەو هاواریان دەکرد، بژی سەرۆک ... خوابیپارێزێ سەرۆک... بژی سەرۆک... بژی... بژی ی ی ی.

فەرماندە ددانەکانی لەسەریەک جووتکردن و پەنجەی لەسەر پەلەپیتکەی مشارەکە تووندکرد... لەگەڵ هاوارێکی قایمدا ددانی مشارەکەی لەسەر ئەنیشکی دەستە ڕاستی جەعفەر داناو دەستێکی قرتاو کەوتە ژێر مێزەکە... جەستەی جەعفەر لەگەڵ قیژەو هاوارێکی بەهێزدا چەند جارێک ڕاچڵەکی و کێشایەوە بەمێزەکەدا، خوێن لەدەمارە ڕیشاڵ و قرتاوەکانی دەستیەوە فیچقەی دەکرد... خوێنێکی شین شین وەک شینی مانگەشەوی ئاسمان بەناو ژوورەکەدا دەپژا... پیاوە فالینە لەبەرەکە بەترسەوە لەپاڵ دەرگای ژوورەکەدا لەفەرماندەی دەڕوانی کەهەموو دەمووچاو سەر سنگی شین دەچوونەوە و دڵۆپە خوێنی شینی لێدەتکا، دەستە قرتاوەکەی جەعفەر لەناو خوێنە شینەکەدا پەنجەکانی دەجولآندەوەو گرژ دەبوون و دەمارە قرتاو ڕیشاڵبوەکانی فیچقەیان دەهات لەڕەنگی ئەو خوێنە شینەی کەلەسەری دەمارەکانیەوە دەهاتنەدەرێ، خوێنە شینەکە لەگەڵ جولآن و ڕاچڵەکانی جەعفەردا بەسەر دیوار و میچی ژوورەکەدا دەپژان... فەرماندە برۆی سەر نێوچەوانە گرژەکەی جووت بوو بوون و بەسام و ترسەوە لەو هەموو خوێنە

شینەی دەروانی کەبە پانتای ژورەکەدا بڵاو دەبۆوە… پێڵاوەکانی لەناو خوێنە شـــینەکـــەدا نقـــوم بوو بوون و خـــوێن بەرەو پوزو ئەژنـۆی بەرز دەبوونەوەو کـەفـەژیلکەیەکی شـینی کـاڵی بۆندار وەک بۆنـی چەپکە قـەرسـیلی دووڕاوە هەڵدەچوو بەرز دەبۆوە… هێندەی نەبرد ژوورەکە بەخۆی و مێزو کورسیەکانەوە نیشتە سەر کەفێکی شینی کاڵ… پیاوە فالینە لەبەرەکە دەمێ بوو دەرگای ژوورەکەی کردبۆوەو لەسەر پێ پلیکانەی سەر دەرگاکە بەواق ووڕماویەوە سەری دانەواندبوو لەژوورەکەی دەروانی، فەرماندەش لەپاڵ دەرگاکەدا دەستی بەپەلەپیتکەی مشارەکەوە شل بوو بوو، جەعفەر بەکوڵ دەگریاو نوزە نوزی دەهات… کەفە شینەکە لێوان لێو بەسەر جەستەی ڕاکشاوی جەعفەردا دەڕژاو دەیشاردەوە… کەفە شینەکە قرچەی دەهات و تۆپە هەوایە شینەکانی گەورەتر دەبوون و بەپاڵ یەکتریدا دەتەقین و بۆنێک لەبۆنی قەرسیلی تەڕی ناو مێرگان لەناو بڵقی شینی ئەو کەفانەدا دەتەقین و بڵاو دەبوونەوە… جەعفەر دەگریا… وەک کار دەگریا… وەک منداڵی گڕۆز و ووڕکاوی دەگریا… کەماندوو هیلاک دەبوو وەک توتکە سەگی بەجێماو قڕوسکەی داهات،

کەفە هەڵچووەکە لەدەرگای ژوورەکەوە بەسەر پلیکانەکاندا سەردەکەوت و ڕووی پەنجەرەی میچەکەش وەک شیلان دەبریسکایەوە و خۆریش وەک نقێمێکی سور نزم دەبۆوە و گۆی ئەو دیووی زەوی بەخەبەر دەهێنا، کەفی هەڵچووی خوێنە شینەکە تابەردەرکی ژورەکانی تر دەڕۆیشت و بۆن قەرسیلی تەڕی تێکەڵ بەبۆساردو شێداری ناو ژوورو هۆڵە درێژەکان دەکرد، جەعفەر دەگریا وەک کار دەگریا و لەناو ئەو کەفە شینەدە خۆی دەگەوزاند… دەنگی سروده نیشتمانیەکان لەدەرەوەی فەرمانگەکە خۆی بەگوێی ڕێبواران و خەڵکانی ناو ئۆتۆمبیل و پاسەکاندا دەداو خۆریش قەترەیەک سوورایی لەسەر هەورە سپیەکانی خۆرئاوا بەجێهێشتبوو … هەورەکانیش لەگەڵ دوور کەوتنەوەیان لەیەکتری ڕەنگی دڵۆپە سوورایەکەی خۆر دەیبواردن و هەریەک بەڕەنگێکی جیاواز بەئاسمانی پڕ لەئەستێرەی ئەو شەوەدا دەڕۆیشتن و لەچاوان وون دەبوون.

مروەتیش بەپشتێکی کۆم و قژی ئاڵۆسکاو جەستەیەکی خوێناویەوە

لەدەرگای فەرمانگەکەوە دەهاتەدەرێ  و چاو بەگریان لەژێر ڕووناکی گڵۆپی زەردی شەقامەکەدا بەرەو گەرووی کۆڵانە چۆڵ و تاریکەکان ڕێگەی ماڵەوەی دەگرتەبەر.

نیوەشەوێکی درەنگ بوو لەدەرگای پشتەوەی فەرمانگەکەوە جەستە بێ هۆش و خوێن لەبەررۆیوەکەی جەعفەریان خستە ناو ئەمبولانسێکی سەربازیەوەو لەگەڵ دەستە قرتاوەکەی دا بەڕێیان کرد. ئۆتۆمبیلەکە بەرەوتێکی ئاسای یەوە لەگەڵ ئۆتۆمبیلە تاکوتەراکانی سەر شەقامەکەدا تێکەڵ دەبوو دەئاژوا، لەدەنگی ڕادیۆی ناو ئۆتۆمبیلەکەوە بەیانێکی سەربازی نوێ دەخوێنرایەوە کەباسی شکاندنی هێرشی کتوپڕی دوژمنی دەکرد لە بەرەکانی جەنگەوە لەگەڵ ژمارەی بێشوماری کوژراو دیلی دوژمن و ئەو چەکانەی کەلەگۆڕەپانی جەنگدا بەجێیان یەشتوون و دەستگیر بوون.

(١)

## دارمانی بورجەکان

سەگەکان پشتیان لە ژێر دارو شەقی منداڵەکاندا پسابوون و دەیانقروسکان... کلکیان لەناوگەڵیاندا شاردبونەوەو بەقنەچاو هەرئاوڕیان دەدایەوە... پەتە توندو شەتەک دراوەکانی ملیشیان بەدەستی قالە و سیروانەوە بوون و بەناو گیا سەوزو دڕکاویەکاندا ڕایان دەکێشان.

دەڵە هەوشارو ڕەنگ بۆرەکەش بۆنی بەجێ ڕاکێشانی سەگەکانەوە دەکردو دوگمەی گوانە شۆڕەکانی ژێر سکی دەلەنگانەوە، ڕەشەی عەرەب و سەگە سوریش لەگەڵ هەنگاوە خێراکانی سەمەدو کەریمدا لەدوای سەگەکانی پێشیانەوە نەرمە غاریان دەکردو جارناجارێکیش حەپەیەکیان لێبەرزدەبۆوەو ئاوڕێکیان لەدووی خۆیان ئەدایەوە، لەگەڵ ویزەی گوژمی خولاندنەوەی قۆچەقانیەکانی دەستی سەمەدو کەریمدا ڕەشەی عەرەب و سەگەسور هەڵوێستەیەکیان دەکردوو دواتر بەنەرمەغار دووی هەردوو سەگە ڕاکێشراوەکەی دەستی قالەو سیروان دەکەوتنەوە، دەنگی تەپەی کەوتنە خوارەوەی ئەو بەردە قۆچەقانیانە دەهات کەلەملاو لایانەوە دەیدا بەئەرزاو دەکەوتە ژێر بنچکی گیاو گوڵ و دڕک و داڵی دەشتەکە، ڕەشەی عەرەب و سەگەسوریش پێکەوە دەیان حەپاندو هەر لەگەڵ بەئەرزدادانی بەردی قۆچەقانی ئەو منالانەی کەبەجنێودانەوە دوایان کەوتبوون قەپاڵیان بەبەردەکاندا دەکردوو لمۆزیان بەرز دەکردەوەو سەریان بۆ سەمەدو کەریم هەڵدەبڕی... ئەوانیش لەوەدابوون خڕەبەردی ناوگرفانی شەرواڵەکانیان دەردەهێناو لەناو قۆچەقانیەکانی دەستیان دەناو بەدەم جنێودانەوە

دەیانهاویش.

ــ سەگبابینە ئێوە پیاون دوامان کەون، سەری هەمووتان دەشکێنین.

ــ دایکی بابتـان دەگـێم.. لەقـوزی خـوشکتـان بەم، پیـاو بوونایە سـەگـە خـوێڕی و حیـزەڵەکـانمان نەئەگـرتن. سیـروان لەگـەڵ هەر جنێـوێکدا سـەگـە پەتکراوەکەی دەستی ڕادەکێشاو هەڵدەگەڕایەوەو شەقێکی لەلۆزی سـەگەکەی دەسرەواند.

ـ هەتیوو باڕاکەین، بەشـەرەف ئێستادێن سـەگەکـانیشمان لێدەسـەننەوەو تێریشمان لێدەدەن و وەک سەگ دەمانتۆپێنن. قالە وای دەووت و بەدەستێکیش چڵـمـە شـۆڕبۆوەکـەی لووتـی هەڵدەلووشـیـەوەو تـفێکی خـەسـتی دەهاوێشتـە سەروگێلاکی سەگە پەتکراوەکەی دەستی.

ــ داکـیـان دەگـێم بێن بەمنـاوەیا، زۆرمـان نەمـاوە بۆ گـەڕەکی خـۆمـان. سیـروان وایدەوت و بەردەوام چاوی دەگـێڕا بـەسـەر ئەردەکـەی بەردەمیـدا تا بەردێکی دەدۆزیەوە ڤێجا دارولاستیکەکەی بەهەمـوو هێزی خـۆی دەکشـاندوو ڕووەو منالەکانی دوایانەوە دەیتەقاند.

سـەمـەد زنجیـرەکەی دەستی بادەداو بەخـۆشیـەوە لەگەڵ پێی سـەگەکانی خۆیاندا قونە قونی دەکردو دەیووت:

ــ هـای هـای هەی هەی، دوو سـەگی حیـزمـان لێگرتن، وەی وای، داکتـان دەگێم جارێکی تر بێن بەگەڕەکی ئێمەیا، وەی وای، لەپۆپەتان نێم.. حیزینە.

منالەکان لەدوایانەوە بەردەوام بەردیان تێدەگرتن و هوهایان لێدەکێشان و جنێو بارانیان دەکردن و دارەکانی دەستیان بۆهەڵدەبڕین.

قـالەو سیروان و هـەردوو سگـە پەتکراوەکـەی دەستیـان و سـەمەدو کـەریم و سەگە سورو ڕەشـەی عـەرەب و دەڵە هـەوشـاری بۆریش نزیک بە کوچەو کۆڵان و خانووە قوڕینەکـان بوو بوونەوەو لەخەمی شـەڕێکی تر ڕەخسـابوون، منالەکانی دواشیانەوە لەدوورەوە وورده وورده دیارنەدەمان و ژمارەیان کەمدەبۆوە.

کاتێ مـنـاڵ و سـەگەکـان بەلای ژن و منـاڵ و پیاوە بـەتەمەنەکـانی بەردەرکەی مـاڵەکـاندا تێپـەڕدەبوون لەقسـەو گفتـوگۆکانی خۆیان دەوەسـتـان، هەندێکیـان خـۆیان بۆ نەدەگـیـراو لەدوویـانەوە قسـەیەکی تێـدەگـرتن و ئەوانیش بێ گـوێ

پێـدانی وان کـۆڵانـەکـانیـان دەبڕی و نزیک کـۆڵان و گـەڕەکـەکـانی خـۆیان دەبوونەوە.

کـاتێک گـەیشـتنەوە بەسـەری کـۆڵانەکـەی خـۆیان عـوسـمـان لەبەردەرگـا گەورەکەی قـوتابخـانـەکەدا وەسـتـابوو، هـەر لەگـەڵ بینینی سـەگـەکـان و قـالـەو سیروان و سەمەد و کەریمدا بەرەوڕویان چوو.

ــ هـەتیوینە بۆ منتان بەجێهێشت، من نەمووت ئەمنیش دێم و سەگەکانیان لێدەستێنین و سەریشیان دەشکێنین و خوشک و دایکیشیان دەگێین.

قالە نەیهێشت عوسمان چی لەسکدایە هەڵیرێژێت پێی ووت:

ــ هـەتیـوو بەس قسـە بکە دەی، خۆت هـەڵدەرە ئەودیووی قـوتابخـانـەکەوە و سـەگـەکـانمـان لەدەست وەرگـرە نەک سـەگ بـابانـە ڕۆژێکی کـە بێن و سەگەکانیانمان لێبستێننەوە.

هێنـدەی نەبرد عـوسـمـان وەک مـەیمون هەردوو قـاچی لە شـیـشی دیواری قـوتابخـانەکە گیر کردوو لەسـەرەوە بەبازێک خـۆی هـەڵدایە ئەو دیوەوە، قـالەو سـیـروان لەبۆشـای شـیـشـەکـانـەوە بەشـەق و پـاڵپـێـوەنان هـەردوو سـەگـە پەتکراوەکەیان ئـاودیووی عـوسـمـان کرد، ڕەشـەی عـەرەب و سـەگـەسـور بێ ئەوەی پێـیـان بووترێت سـەرو کەللـەیان لەنێوان شـیـشـەکانەوە بردە ژوورەوە و گەیشتنە لای عوسمان و مرخەو حەپەپیان دەستپێکرد، کەریم دەیووت:

ــ هـەتیوو عوسمان چغەیان لێبکە مەیەڵە بوەڕن.

ــ مـەترسـە ئێسـتا فـەڕاشـەکـەم بینی قـوفـڵی لەدەرگـاکـە داو ڕۆیشـتـەوە، مەترسە ترسنۆک کەسی لێنیـیە. عوسمان وای دەووت.

کـەریم و سـەمـەد و سـیروان بەشـیـشـەکـاندا سـەرکـەوتـن و چوونە ئەودیوو، قالە لەناو کۆڵانەکەوە هاواری کرد.

ــ ئەی دەڵە هەوشار نەیەنێن.

سـیروان ووتی: تـۆ جـارێ کـەللـەی بکە بەنـاو شـیـشـەکـاندا ئێـمـەش لێرەوە ڕایەکێشین.

قـالە یەک دوو فـیـکـەی بۆ هـەوشـار لێداو نزیکی بۆوە، پێـسـتی پشت ملی هەوشاری گرت و بەزۆر پاڵێکی بەکەللە زل و توکنەکەی دێڵەکەوەنا، مرخەیەک

لێ بەرزدەبۆوە و سەری لەمدیوی شیشەکانەوە ڕادەوەشاند... قالە لەقەیەکی بەپشتی دێڵە هەوشاردا داو ڕەوانەی ئەودیووی کرد، هەوشار کەوتە قروسکە قروسک و پیشاندانی کەڵبە شکاو ڕەشەکانی.

ــ هەتیوە حیزە بۆ لەقە بەدایکتا ئەیەیت ها سەگباب. سیروان ووتی

ــ هەتیوو ئاگات لەدەمتبێت، ئەی تۆ نەتووت باهەوشاریش بەرینە ژوورێ. قالە بەتوڕەبوونەوە دەیووت.

ــ خۆت تووڕەمەکە باشە دەی وەرە ئەمدیوو تاکەس پێی نەزانیوین. سیروان بە قالەی ووت.

قالەش وەک مەیموون لەگەڵ تەواوکردنی قسەکەی سیروان دا خۆی گەیاندە لایان.

لەپێچی ئەوسەری قوتابخانەکەوە پەرژینی شیشەکان تەواو دەبوون تادەبووە دیوارێکی بەرزو کارکەنار... لەژێر چڵ و پۆپی دار سنەوبەرە گەورەکان دا ئەو پێچە درێژ دەبۆوە و دەگەیشتەوە ئەو ئاستەی کە پەنجەرەی پۆلەکانی قوتابخانەکەی دەکەوتە سەر دووربوو لەچاوی هاتوچۆکەران و خەلکانی ناو کۆڵانەکە، ئەوێ شوێنی کولانەی سەگ و داڵدەی توتکەکان بوو، زۆرجاران لەکاتی دەوامی قوتابخانەکەدا ئەو کەرەلات و بریندارانەش لەدەرگای قوتابخانەکەوە دەهاتنە ژوورێ و لەدەستی منداڵەکان هەڵدەهاتن، بەڵام مەخابن هیچ گیاندارێک لەدەستی مناڵەکان دەرباز نەدەبوون، چونکە ئەو جێیە شوێنی هەمیشەیی یاری و نهێنیەکانی مناڵەکان، شورایەک بوو بۆ دابڕان و هەوڵدانەکانی دنیای ئەو مناڵانە.

کاتێ مناڵەکان بەخۆیان و سەگەکانەوە چونە ژێر سنەوبەرەکان، قالە دەیویست باسی ئازایەتی خۆی و سیروان و سەمەدو کەریم بکات و بۆ عوسمانی هاوڕێیانی بگێڕێتەوە.

ــ عوسە بەشەرەف ئەوەندەمان تێهەڵدەن نەبێتەوە، ڕەشەی عەرەب یەک گازی لەهەتیوێکیان گرت کەلەهەمویان گەورەتربوو، ئەو هەتیوەی کەدارەکەی کێشا بەپشتی سەمەد دا. سەمەد لەوکاتەدا وەک بیری کەوتبێتەوە دەستی بۆ پشتی دەبردوو دەیخوراند... بۆیە سەمەد بێ خۆ ئامادەکردن کەوتە قسەکردن:

ـــ خەیاڵ نەکەیت بەشەرەف منیش یەک شەقم لەگونیدا باوکەڕۆم پێخست.

قاله کەوتەوە قسـە: ئەی ئەو هەتیوە حیزە بۆ ناڵێی. ئەوەی ئەوجارە ڕێی پێگرتین و ڕاوینایین. ئەوەندەم بۆکس بەدەمیدا کێشا هەر هاواری دەکرد، بەڵام باش بوو سـەگەسـور زوو ڕاوینان و دووری خسـتنەوە، ئینجـا من و سـیـرەو وسـەمـەدو کەریم پەتمان لـەملی ئەو دووسـەگـە کرد کەلـەژێر کەڵبـەی ڕەشـەی عەرەب و سورەیا گەوزابوون.

عوسمـان نەیهێشت سـەرە بێتـە سـەر هەمـووان و هەریەک ئازایەتی خۆی بگێڕێتەوە، پەتێکی درێژی لە گرفانی شەڕواڵەکەی دەرهێنا.

ـــ سیرەشێت کوا چەقۆکەت. سیروان چەقۆکەی دەرهێناو دایە دەستی عوسمان.

عوسمان هەردوو سەری پەتە درێژەکەی گرت و لەناوەڕاستا قرتاندی.

ـــ منیش چەقۆیەکم پێیە. قاله ووتی

ـــ زۆر باشـە سـیـرەشـێت سـەرکـەوە سـەر ئەو سنەوبەرەو منیش بەسـەر ئەمەی تریاندا سەردەکەوم. عوسمان پێی ووت.

هەردوو سـەگە پەتکراوەکە بەدەسـتی سـەمـەد و کەریمەوە بوون و قـالەش پاڵی بەقنی سیـروانەوە دەنا کـاتێ خـۆی بەقـەدی سنەوبەرەکـەوە نوسـاندبوو نەیدەتوانی دەسـتی بگاتە پەلێک و سـەرکەوێت. دەڵە هەوشـاریش مشـە مشـی دەکردو لمۆزی بەپاشوی دووسەگە پەتکراوەکەوە دەناو بۆنی پێوەدەکردن.

ـــ یالا باهەڵیان واسین.

عوسمان لەسەر سنەوبەرەکەوە بەقالەو سەمەدو کەریمی دەووت. عوسـمان و سیـروان پەتەکانیـان بەلقی ئەسـتوری دارسـنەوبەرەکانەوە بەسـتبوو سـەری پەتەکانیشان شۆڕکردبۆوە خوارێ بۆ سەر زەویەکە.

قاله پەتە گرێدراوەکەی لەملی ئەو سـەگەی دەستی کەریم کردەوەو چاوێکی بۆ کەریم هەڵبڕی.

ـــ ها هەتیوو ئەڵێی ناوێریت ترسنۆک، تۆ برۆ هەر سـەیری ئەسـتێرەبکە. هەمـووان دەسـتیـان کـرد بەپێکەنین و سـەمـەدیش لەترسی قـسـەکـەی قـالە پەتەکەی تری لەملی سەگەکەی تر کردەوەو پێش قاله کەوت و ملی سەگەکەی

بەپەتە شـۆڕبۆوەکـەی ئەو سنەوبەرەوە کرد کـەسـیروانی بـەسـەرەوە بوو، قـالەش بەهەمان شێوە چەند گرێیـەکی توندی لەملی سـەگەکەی بەردەستی داو هـاواری بۆ عوسمان کرد:

ـــ تەواو یالا بادایکیان بگێین عوسە قۆچەقانی.

ڕەشـــەی عـــەرەب و ســـورەو هەوشـــار لەســـەر زەویەکـە ڕاکــشـــابوون و تائەوسـاتەش هـەر هەنەدەف و هـەناسـە بڕکـێـیان بوو، هەرسـێک لمۆزیان بـەرز کردبۆوەو چاوە زەردەکانیان لەهاوارو جولانەوەی منالەکان بڕیبوون.

ـــ قالەقوڕاوی سەگباب، باش پەتەکەت گرێداوە یان نا. عوسمان ووتی.

ـــ مەترسە باشم گرێداوە هەتیوو. قالە وەلامی دایەوە.

ـــ یالا سـیـرە شێت تا سێ ئەژمـێرم پەتەکە بەرز کەرەوەو لەناوەڕاستا بیبەستە بەلقێکی ترەوە، ئێ هەتیوو.

ـــ هەلەلە...لە... یالا دەی ئەلێی بـەمنـالْ دەلێـی خــوێڕی. ســـیـــرە لەســـەر دارسنەوبەرەکەوە وای دەووت و هەموو سیمای دەتریقایەوە و پێدەکەنی.

ـــ یاک... دوو... سێ ێ ێ ێ.

هەردوو سەگە پەتکراوەکە سەرەتا کەوتنە قروسکەو لەپێشدا مل و هەردوو دەسـتیـان بەرز بوونەوە و وورده وورده قـاچیـان لەزەویەکە بەرز بۆوەو کـەوتنە لەقە فرتێ. سیروان لەسەر دارەکەوە هاواری ئەکرد:

ـــ هەتیـوو قـالە قـوڕاوی بۆت خـەمەنـاوی... زۆر قورسـە بۆم بەرز ناکرێتـەوە تۆزێک دەستی بەرێ.

قـــالـە دەســـتـــێکی بـۆ پشـــتـی ســـەگـــەکـە برد بـەرزی کـاتـەوە لەپڕ قـــاچە ڕاتەکیوەکانی سەگەکە بەرملی کەوت و هاوارێکی لێبەرزبۆوە.

ـــ وەی باوکە گیان خەریک بوو کوێرمکات حیزبابە.

عـوســمـــان و ســیـروان خــەریکی بەســتـنەوەی پەتەکــان بوون و ســـەگــە هەلْواسـراوەکانیش بەدەم پەتەکەوە دەخولانەوەو دەست و قـاچیان ڕادەتەکاند. سـورەو ڕەشـەی عـەرەب لە جـێگاکـانی خـۆیان هەسـتـابوون و سـەیری ئـەمـلاو لایان دەکـردو کلکیـان دەجـولاند، دەلە هەوشـاریش ســەری لەســەر ئـەردەکـە دانابوو جـار جـارە چـاوێکی بۆ دوو سـەگـە هـەلْواسـراوەکـە بەرز دەکـردەوە و

پێڵوەکانی چاوی دەنوقاند. سەمەدو کەریمیش دووای بەرکەوتنی قاچی ئەو سەگەی کەبەرلاملی قاله کەوت چەند هەنگاوێک کشابوونەوەو بەدەم داپچڕاویەوە لە لەقەفرتێ و سیخە سیخی سەگەکان ڕادەمان و تفیان قوتدەدا.

عوسمان و سیروان لەسنەوبەرەکانەوە خۆیان هەڵدایە خوارەوە و دەستیان کرد بەهاوارکردن.

ـــ هێی ئاوایان لێدەکەین، بابزانین جارێکی تر ئەو هەتیوانە دەتوانن بەخۆیان و سەگە خوێڕیەکانیانەوە شەڕمان پێ بفرۆشن و بێن بەکۆلانی ئێمەیا، سەیریانکە ئەڵێی پایدەر لێئەیەن.

ـــ هەلەلە... لەلەلە... دایکیان دەگێین.

عوسمان چەقۆکەی گرت بەدەستەوە و قالەش پەنجەی بەنووکی کول و ژەنگاوی چەقۆکەی دەستیدا دەهێنا.

سیروان هاواری کرد: یەک هەرخوایە... دوو پێغەمبەر... سێ عیسایە... هجووم یالا دەستپێبکەن.

عوسمان و قاله لەسەگەکان نزیک بوونەوە کەتائەوکاتەش هەردەست و پێیان لەبۆشایدا ڕادەوەشاندوو سیخەو دوواهەناسەی خنکانیان بەرزدەبۆوە.

یەکەمجار عوسمان چەقۆکەی وەشاندو لەناو سکی یەکێک لەسەگەکاندا چەقاندی، قالەش کەبینی عوسمان چەقۆکەی خۆی وەشاندووە ئەویش بەهەموو هێزی چەقۆکەی لەمشت ناو کەوتە لێدانی سەر سک و سنگی سەگەکە، هەردوو سەگەکە قرخەو قروسکەیەکی تاساو لەنێوان کەڵبەو دەمە کەفاویەکانیانەوە دەهاتنە دەرێ، سەگە سورو ڕەشەی عەرەبیش دایانە قروسکە کردن و لەمناڵەکان دوور کەوتنەوە و لەوسەری شورای قوتابخانەکەوە تێیان تەقاندو لەنێوان شیشەکانەوە هەلاتن، دەڵە هەوشاریش بەقورسی لەجێگاکەی خۆی هەستاو چووە بن دیوارەکەوەو تۆتکەی گرت و بەکزیەوە دانیشت.

قالەو عوسمانیش بەردەوام چەقۆکانی دەستیان دەوەشاندو هاواریان دەکرد، سیروانیش چەپڵەی لێدەداو بەدەوری خۆیدا دەسوڕایەوە.

ـــ سەمەد لەبیرت دێت چیمان لەو سەگە بەسەزمانانە کرد. کەریم

بەکزییەکەوە بە سەمەدی دەووت.

ــ چاکم بیر دێتەوە کەریم، چاک... هەتا جەرگ و ڕیخۆڵەی ئەو دوو سەگە لەبەردەمی عوسمان و قالەدا نەکەوتن وازیان لێنەهێنان. دەترسم منیش وەک سەگەکان زوو نەخنکێم و وەک ئەو کوڕەلاو بێ هێزو لاوازەی دوێنێم لێبکەن کەلە دادگادا پێکەوە فرمانی خنکاندنیان دایین. چاوەکانی سەمەد پڕ بووبوون لەفرمێسک و جەستە لاوازو بێ هێزەکەی دەلەرزین و شەرم دایدەگرت.

ــ دوێنێ شەو منیش لەهاوار و قیژەی ئەو کوڕە خەوم لێنەدەکەوت. دەهاتە بەرچاوم کەچۆن بەسەر قەنارەکەوە لەقەفرتێ دەکات و ئەوانیش بەقەمە سەر سنگ و ناوسکی هەڵدەدڕن. ناڵەو هاوارە تاساوەکەی ئێستاش لەگوێمدا دەزرنگێتەوە. دێتەوە یادت ئەو بەسەرزمان لەدادگادا چۆن لەدەست چووبوو، سەربازەکان بە پێوە ڕایان وەستاندبوو گرتبوویان دەنا هەر لەوێدا دەکەوت و گیانی دەدا . کاتێ حاکمەکە ژمارەی تاوانەکانی دەخوێندەوە، لە نیوەدا وەستاو سەیرێکی کرد.

ــ تۆ چۆن توانیوتە پەنجا سەرباز و پیاوی میری و پیاوی ئاسایش بکوژیت. هەرچەند سەیرت دەکەم هێندە بەغیرەت و چاو قایم ناتبینم. کوڕەکەش لەوەڵامدا ووتی:

ــ گەورەم هەموو ئەو تاوانانە من کردوومن و ئامادەی وەرگرتنی سزا و مردنم، تکایە دوودڵ مەبە لە دەرکردنی بڕیاری ئەو سزایەدا، چونکە مردنم لاباشترە لە ئەشکەنجەدانی بەردەوام.

سەمەد گیانی دەلەرزی و فرمێسکەکانی لەچاو دەبارین، بەدەنگێکی پڕ لەشەرم و گریانەوە بەکەریمی ئەووت.

ــ دەزانم من شایستەی ئەوە نیم کەتۆ هیچ کارێکی چاکم لەگەڵدا بکەیت چونکە من خۆم لەژێر زەبری لێدان و ئەشکەنجەدا نەگرت و ناوی تۆو جەعفەرم درکاند، بەڵام تەنها تکایەکم ئەوەیە گەرمن پێش تۆ بردمیان پێیان بڵێ کاتێک کەهەڵم دەواسن شتێکی قورس بەقاچمەوە ببەستن تازوو بخنکێم و وەکو سەگەکانی بەر دەست و قەمەی قالەو عوسمانم لێنەیەت.

کەریم بۆ دڵدانەوەی سەمەد کەمێک لێی نزیک بۆوە و دەستێکی خستە

سەرشانی و ووتی.

ــ پێویست بەم قسانە ناکات، تازە هەموو شتێک کۆتای هاتوو هەردووک لەبەردەمی یەک کۆتایداین، منیش دوای تۆ دانم بەهەموو شتێکی نێوان من و تۆ و جەعفەردانا، لەبەر ئەوە پێویست بەم قسانە ناکات چونکە ناوی هەرسێکمان بەراپۆرتێک لەسەرکردایەتیەوە دراوە بەمان، بەڵام ڕێکەوت وابوو تۆ پێش ئێمە دەستگیر بوویت و گیرایت.

سەمەد فرمێسکەکانی چاوی سڕین و بەهێمنی کەوتە قسەکردن.

ــ وەک پێشتر بۆم گێڕاویتەتەوە، ئەو ئێوارەیە دەبوو من دەمانچەکەم و بەیانەکان بەرمە ئەو شوێنە دیاری کراوەی کەلەنامەی ڕۆژی پێشودا بەدەستم گەیشتبوو، تیایدا نوسرابوو هاوڕێیەکی خۆمان لەسەر شەقامە گشتیەکە لەبەردەمی کتێبخانەکەدا بەخۆی و ڕۆژنامەیەکی دەستیەوە چاوەڕوان دەکات، دووای ووتنی ووتەی نهێنی( بەهار بەگوڵێک نایەت) من دەمانچەکەو بەیانەکانی بدەمە دەست. کاتێک گەیشتمە بەردەمی جامخانەی کتێبخانەکە، هەڵوێستەیەکم کردو هەموو شتێک بەئاسایی دەهاتە بەرچاوم، بەئارامییەوە ناونیشانی بەرگی سەر کتێبەکانم لەو دیوو شوشەی جامخانەکەوە دەخوێندەوە، هێندەم زانی یەکێک لەدوامەوە دەمانچەیەکی خستە سەر سەرم و دوو کەسی تریش لەناو کتێبخانەکەوە هاتنەدەرێ و دەمانچەکانیان ڕووەو سنگم ڕاگرت، دەمانچەکەم و بەیانەکان لەناو ئەو کیسەیەی دەستم دابوو... خێرا یەکێکیان کیسەکەی لەدەست ڕفاندم و بەباڵبەست کراوی خستمیانە ناو ئۆتۆمبیلێکەوە کەهەر لەوساتەیا ئۆتۆمبیلەکە بەخێرای هاتە بەر کتێبخانەکە، لەپشتی ئۆتۆمبیلەکەیان داناموو دووانیان ئەمدیوو ئەودیویان لێگرتم و چاویان بەستمەوە. دووای ئەوەی کەگەیاندمیانە بەندیخانە پێش لێدانم کۆپی ئەو نامەیان خستە بەردەستم کەڕۆژی پێشوو گەیشتبووە دەستم، بەڵام لەژێر لێداندا بەردیش دێتەزمان، وامدەزانی کەئیتر ناوی ئێوە بڵێم بەوە لەکۆڵ ئەو لێدان و ئەشکەنجەیە دەبمەوە، بەهەموو ویژدان و هەستێکمەوە تەمەنای مەرگم دەکرد بۆوەی لەکۆڵ ئەو ئازارانە ببمەوە، ئێستاش تەنها ئامادەبوونی تۆ لەم ژوورەدا هەموو چرکەیەکی مردنەو ئەوساتەم دێتەوە یاد کەناوی تۆ و

جەعفەرو ناونیشانی ماڵی هەردووکتانم درکاند، ڕۆحیش هێندە لەجێگایەکی نادیار و قوڵدایە پەی پێنابەم دەنا خۆمم دەگەیانێ، بەڵام...

گریانەکە قوڕگی سەمەدی گرت و لەوە زیاتر نەیتوانی درێژە بەگێڕانەوە و قسەکانی بدات.

ــ تکایە بەسە، بەس. کەریم بەدەنگێکی بەرز بەڕووی سەمەد دا قیژاندی و هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا: لە زینداندا هەمووو قسەکان دووبارە دەبنەوە، ناهەقیشت ناگرم کەئەم بەسەرهاتانە دەگێڕیتەوە چونکە هەم خۆت لەژێر باری ئەو بێدەنگیە قەتیسماوە ڕزگاردەکەیت و هەم پێتخۆشە بەم قسانە ئازاری خۆت بدەیت.

مانەوە و گوزەران لەزینداندا بەسەرهات و ڕووداو کەسانی وا دێنێتەوە بیر کەلەفەرامۆشیدان و لەژیانی ئاسایدا بەبیرنایەنەوە. هەموو ئەو هاوڕێیانەی گەڕەک و هاو تەمەنی خۆمان لەم ساڵانەی دووایدا نەمان و کوژران و لەسێدارە دران. عوسمان بووبووە ئاسایش و بەئاشکرا خەڵکی بەگرت دەدا تائەو ڕۆژەی لەناو قەیسەریەکەدا کوشتیان، قالەش بوو بووە چەکدارو لەناو حیزبەکەی خۆیاندا دەرکەوتووبوو... لە زۆربەی شەڕەکان دا بەشداری کردبوو تا بەدەستی سیروان لەشەڕێکی براکوژیدا کوژرا، چەندجار کەبەنهێنی سەردانی شاخم ئەکردو هەواڵەکانی شارو چالاکیەکانی خۆمانم بەحیزب ڕادەگەیاند ڕێکەوتی سیروانم دەکردو باسی ئەو شەڕەی بۆ دەکردم کەقالەی تێدا کوژرابوو، ئەی ووت قالە لەپێش هەموو چەکدارەکانی خۆیانەوە خۆی لەبن بەردێک نابوو جنێوی دەداو تەقەی لێدەکردین... هاواری ئەکرد هەی جاشە خوێڕیەکان... چڵکاو خۆرینە... هەتا ڕێی شارتان هەبێت ئێوە پیاوی حوکمەتن و کلکەلەقێی بۆدەکەن، ساڵەکانی جاشێتیتان لەبیر چۆتەوە. سیروان دەیگێڕایەوە دەیووت لەنێوان هەموو ڕستە جنێوێکیدا جرتێکی درێژی لێدەداو یەک ڕیز گوللەی پێوە دەناین، هاواریەکرد ئێوە واجاشێتی لەبیر خۆتان دەبەنەوە ئەی لەمێشک و بیری ئەو خەڵکەدا چۆنی دەسڕنەوە هەی جاشەکانی... یەک ڕیز فیشەکی تری پێوە دەناین، منیش هەر بەدەنگیدا ناسیمەوەو هاوارم لێکرد:

ـــ قاله قومبەلەی خوێڕی بەسە... چەکبەو هێندە دەمدرێژی مەکە. کاتێ قالەش دەنگی منی ناسیەوە جرتێکی درێژتری لێداو ووتی ها سیرەشێت ئەوە دەڵێی چی... تۆ بوویتەتە ئەو پیاوەی من چەک بکەیت، هەی خوێڕی بێ نمەک و هەڵخەڵەتاو.

ئەو ڕۆژە چەکدارەکانی ئەوان تەنگیان پێ هەڵچنی بووین و یەک دووانێکیان لێکوشتبووین و چەند بریندارێکمان هەبوو، سەرەتای شەڕەکە ئێمە سەرکەوتوانە لێماندان و کەوتن بەسەر بۆسەکەی ئێمەدا، ئەوانیش چەند کەلاکێکیان لێکەوتبوو هێندە سەریان لێتێکچوو بوو نەیاندەزانی لەکوێوە تەقەمان لێبکەن، هەر بەتەنیشت قالەوە دووانیان کوژرابوون، بریندارێکیشیان لەپاڵ بەردێکدا هەر هاواری لێهەڵدەستاو داوای یارمەتی و ئاوی لەچەکدارەکانی خۆیان دەکرد... بەڵام لەبەر ڕێژنە بارینی گولەی ئێمە کەس نەیدەتوانی لێی نزیکی بێتەوە یارمەتیبدات، لاقە بریندارەکەی بۆ ڕانەدەکێشرایە ئەو دیوو چەپەری تاوێرە بەردەکە ئێمەش سیرەمان لێدەگرتەوەو هەر فیشەک بوو لێی دەداو هاوارو ناڵەو گریانی لێبەرز دەبۆوە، دەمانووت داوای ئاودەکەیت... ئەوە فیشەکێکی ترو دوان و سیانی تر حیز.

قالە هەر جنێوی دەداو جارناجارێک سووچێکی جامانەکەیم دەدیت، ئێمە هەر لەسەعاتی یەکەمەوە بەبێ تەل داوای یارمەتیمان لەبرادەرانی خۆمان کردبوو، یەکێک لە چەکدارەکانی ئێمە دەنگی لێبەرز کردبۆوەو هۆرەی دەکردو دەیچریکاند، ئەو چەکدارەمان چەند جارێک سزایان دابوو لەبەر هۆرە گووتن و خۆ نیشاندانی، چونکە دەنگی ئەو دەبووە هۆی پێزانینی جێگاو شوێنەکانمان. قالەش لەوێوە جنێوی دەداو دەیووت: -

ـ سنگدان لەقوڕگت بات گەواد تۆ چ جاشێکیت واهێندە دەنگت خۆشە، گەر مەردیت خۆتم بۆدەرخە وەکوماسی قوڕگت دەکەم بەقولاپاو دەتکەمە بێژنگ.

قالە لەم قسانەدا بوو ئەو مەفرەزەیەی کەداوامان کردبوو بەفریامان کەوتن... ئیتر ئێمەش دەستمان لێنەپاراستن چونکە ترسی نەمانی فیشەکمان نەما، کاتێ ئەوانیش بەوەیان زانی ئەو چەکدارانەی لەپشتی قالەوە تەقەیان

لێدەکردین کشـانەوە ئیـتر ئێـمەش بەچواردەوری تاوێرەکەی بەردەمی قالەدا بڵاو بووینەوەو دامانە بەر گوولە، بۆ دوواجار تکام لەقالە کرد:

ــ قـالە خـۆت بدە بەدەسـتـەوە بەشـەرەف ناهێڵم بتکوژن، بەسـە ئیـتر تەقە مەکەو چەکەکەت فرێدە دەزانم تۆزێکی تر فیشەکت پێنامێنن.

قالە هـەر جنێوی دەداو فیشـەکی پێوە دەنایـن:

ــ حـیـزینە مـن چەک بەمـەدەست ئێـوە، دەسـتـی جـاش و خـوێـڕی و ناپاکی وەک ئێوە.

چەکدارێکی خۆشمان لەولای منەوە کەوتە وەڵامدانەوەی قالە:

ــ کورە بڕۆ حـیـز... جـاشـی ئێـران و سـاواک دەبێت هێندەت فـیـشـەک پێـوە بنێم تا وونجـڕ وونجـڕ دەبیت و کـەللەت وەک تـەمـاتەی فلیـقـاوەی لێـدێت، سەگباب.

سـیـروان دەیووت من دەمـزانی تـۆزێکی تر قـالە فـیـشـەکی پێنامـێـنێت و هێندەش کەللـە ڕەقـە خـۆی بەدەسـتـەوە نادات، هێندەی نەبرد قـالە لەجنێـودان کـەوت و دەنگی تەقـەکردنی نەما... منیش بەبرادەرانی خـۆمـانم ووت ئیـتر تەقە بوەسـتـێن، یەکـێکمـان ووتی دەبێت پێکرابێت بۆیە دەنگی نەمـاوە... بەڵام من هـەرترسـم لە قـالە هـەبوو... هـەریەکـەو لەجـێـی خـۆمـانەوە بەپـێ دزەو خـۆنەوی کـردنەوە نزیک بـەتاوێرەکـە دەبووینەوە...ئەوەنـدەمـان زانـی قـالـە لەسـەر تاوێرە بەردەکـەوە یەک ڕیز فـیـشـەکی بەناومـاندا کـرد... هـەر لەوێدا یـەکدووانێکمـان کـەوتن و گوللـەیەکیش بەرقـاچی من کـەوت... ئیـتر منیش دەسـتم لێنەپاراست چی فیشـەک لەشانەی تفـەنگەکەمدا بوو نام بەسنگی قـالەوە... ئەو چەکدارانەی تریش پێکرا لوولەی تفـەنگەکـانیـان ڕووەو قـالە کـردو جـەسـتـەی بەدەم بەرکـەورتـنی گولەکـانەوە وەک بێشکە دەژەنگا... لەسـەرتاوێرەکـەوە غل بۆوە و جـووڵەی لێبـڕا، ئەو چەکـدارەی کـەوەڵامی جنێـوەکـانی قـالەی دەدایەوە چووە سـەر قـالەو یەک ڕیز فیشـەکی بەکاسـە سـەری قالەوەنا... لەگەڵ فیشـەکـەکان دا ئێسقانی کەللەی دەپەڕی و مێشکی وەک دەڵەمە بەسەر زەویەکەدا دەپژا.

کەریم کـەسـەرێکی هـەڵبڕی و لە سـەمەد وورد بۆوە بینی سـەمەد قوڵپـە قوڵپ دەگریاو خـۆی بۆ ڕانەدەگیـرا... کـەریمیش کـەسـەمـەدی بەو شـێـوەیە بینی دایە

قـوڵپـەی گـریـان و ناوچەوانـی خـسـتـەناو لەپـی هـەردوو دەسـتـیـەوە، دوای گـریانێکی زۆر پشـتـیـان دابەدیواری ژوورەکـەوەو چاوە فـرمـێـسکاویەکـانیـان بڕیـیە دەرگا داخراوەکەی ناو ژووری زینـدانەکە. دەنگی کردنەوەی دەرگاکان و دەنگی پێی سـەرباز و وەردیەوانەکـان لەودیووی دەرگـاکـەوە دەهاتنـەگـوێ، ماوەیەک بێدەنگی دایگرتن... ڕەنگی دەرگای ژورەکە لەبەرچاویاندا ڵێڵ دەبوو... بێ ئەوەی ئاوڕ بەلای یەکتریدا بدەنەوە کەریم ووتی:

ــ دەبێت چ چارەنوسێکیش چاوەڕوانی جەعفەر بکات؟

نیـوەی سـەری سـەربازێک لەپەنجـەرە تەلبـەنکراو بچکۆلەکـەی دەرگـاکـەوە بەدەرکەوت و چاوەکانی تێبڕین.

ــ دواهەمین داواکەی منت لەبیر نەچێت... تکایە لەسەربازەکەی بگەیەنە.

سـەمـەد ئەمـەی ووت و تـووند باوەشـیـان بـەیەکـتـریـدا کـرد و دەرگـاکـەیان لێکرایەوە.

( ٢ )

## داڕمانی بورجەکان

دەستی چەپی جەعفەر بەکەلەپچەیەک بەکەمەی قەرەوێڵەکەوە بەسترابوو، ژوورەکە هێمن و ڕووناک بوو، بۆ مانگێک دەبوو ئەم ژوورە سپیە تایبەتیەی ناو خەستەخانە سەربازیەکە جێگای هەموو یادوەری و خەیاڵ و بیرکردنەوەکانی جەعفەر بوون، ئێستاش لەگەڵ هەموو چاو لێکنانێکیدا قیژە لەپڕەکەی فەرماندەو ووڕەی مشارەکەی بەبیردا دێتەوە... تاس دەیگرێت و ئاوڕێک بەلای قۆڵە بڕاو گرێدراوەکەیەوە دەداتەوەو لەگێژ دیمەن و فکرانی ڕۆژەکانی سەرەتای خەستەخانەدا دەچێتەوە... کەتا سێ ڕۆژ جەعفەر لەناو دنیایەکدا دەژیا بێ ئاگاو سەرحاڵ، خۆی دەبینی بۆتە شەپۆلێکی گیرخواردووی بەردەم ڕیزە بەردێکی قەوزاوی و لووس، خۆی دەبینی شەپۆلێکە بەسەر بەردە قەوزە پۆشیوەکانەوە گوژم بەخۆی دەدا... لەهێکڕا دەخلیسکاو بەهێز خۆی بەکەمەی بەردەکاندا دەداو دەکەوتەوە خوارەوە، لەعەزرەت سەرکەوتن بەسەر بەردەکان و ڕژان بەسەر وشکانیەکانی ئەودیووی بەردەکاندا ماخۆلانی پێکەوتبوو... سەرەتا کەفێکی سپی دەنیشتە سەر ڕووی و بینای لێڵ دەکرد، لەگەڵ هەموو گوژمێکدا برینەکانی دەکولانەوەو نائارامی و هەست کردن بەکوتای ئازاری دەدا... تا کەفەسپیەکە لەنائومێدی کەوتنە خوارەوەکان و خلیسکانەوەی بەسەر بەردە قەوزەگرتوەکان دا ڕەنگی دەگۆڕاو زەرد هەڵدەگەڕا، هێڵنجی دەهات و نەدەڕشایەوە، شەپۆلەکان وەک مەشکەی ڕاژەنیوو دەهەتن و دەچوون... دەخلیسکان و سەردەکەوتنەوە... سەردەکەوتنەوە و کەفەچیرکەیان دەکرد، تاوای لێدەهات بینای لێڵ وشروێ دەبوو... تەنها

هەستی بەنائومێدی و بەرکەوتنی قەراخ بەردەکان و خلیسکانەوەی خۆی دەکرد... لەگەڵ چۆڕانەوەی شەپۆلەکان بەسەر بەردەکانەوە جومگەکانی جەستەی ژانیان تێدەچوو هەموو دنیای لێدەبووە ڕەنگێکی شین و گەرمی ئاگرێک کەدەستە قرتاوەکەی داخ دەکردو دەیسوتاند... تا شەپۆلەکان هێدەی بوونەوە مۆمە کزو هەڵکراوەکەی بەرچاویشی دەگرِاو لەتوانەوەیدا دڵۆپەی ئەکرد... ڕۆحی خۆی لەو مۆمەدا دەبینی و ڕەشەبایەکیش فووی لەپڵیتەی مۆمەکە ئەکرد، جەعفەر جەستە نەبینراو تەنکەکەی دەخستە بەردەم گڕی مۆمەکەو با لەهەموو لایەکەوە هروژمی دەهێناو تینی گڕی مۆمەکەی خواردەکردەوەو لاوازو کزۆڵەدەبوو، خۆی بەسەر مۆمەکە دا کوڕدەکردەوە... پەنجەی نەبینراوەکانی دەستە بڕاوەکەی و پەنجەکانی دەستەکەی تری لەبەردەم گڕی مۆمەکەدا ڕائەگرت و ترسی نزیک بوونەوە لەمەرگ و کوژاندنەوە خستبوویە گریان و پاڕانەوە... هێدی هێدی هروژمی ڕەشەباکە کەمدەبۆوە... مۆمەکە دیسانەوە دەگرِاو ڕەنگی گەش و زەرد و سور شین دەبوو، هەناسەیەکی ئارامی هەڵکێشاو نوقمی خەوێکی قورس بوو، دوای سێ ڕۆژ هاتەوە هۆش خۆی و بۆ یەکەمجار چاویلکەی ئەو پزیشکەی بینی کە ڕۆژانە دەهات سەیری برینی قۆڵە بڕاو گرێدراوەکەی... ئیدی دوای ئەوە ڕوداوەکان دەهاتنەوە یادی و بەبێدەنگی لەناو یادوەریەکانیدا ئازادانە دەڕۆیشت و دەهاتەوە.

جەعفەر لەژێر پەرۆکەی چاویەوە دەروازەی قوتابخەنەکەی ناسیەوە، لەو ساڵەوەی کەئەم قوتابخانەیە کرابووە بەندیخانە هیچ گۆڕانکاریەکی ئەوتۆ نەکەوتبووە ڕەنگورووی ئەو دالانەی کەلێوەی دەچوونە ژورێ بۆ قوتابخانەکە،گەر سەربازەکەش قۆڵی جەعفەری نەگرتایە دەیتوانی لەژێر تروسکای پەرۆکەی چاویەوە بەدالانەکەدا تێپەڕێت. ئەو دالانەی کەلێشاوی قوتابیانی قوتابخانەکەیان لەگەڵ زەنگی تەواوبوونی دووا وانەدا دەیان بڕی و دەچوونە دەرێ، دەنگی ژاوەژاو وقیژەی خۆشی قوتابیەکان تێکەڵ بەدەنگی پیاکێشانی کتێب و دەفتەرو جانتاکانی دەستیان دەبوو..پێش ئەوەی قوتابیانی قوتابخانەکەی تر لەدەرەوەی دەروازەی قوتابخانەکەوە بێنە ژوورەوە

بۆ خوێندنی سەرەتای وانەکانیان... هەموو پێکڕا دەیانقیژاند.

ــ (مەولەوی)یەوە و لەبلەبی یە.

لەگەڵ لێشاوی پاڵەپەستۆو چوونەدەرەوەی قوتابیەکاندا بۆ دەرەوە ئەمانیش لەگەڵ ڕەزمی پیاکێشانی کتێب و دەفتەرەکانیان داهاواریان لێدەکردنەوە.

ــ (بێ کەس)ە و کەسی نی یە.

قوتابیانی هەردوو قوتابخانەکە وەک هەنگی دوو کورەی شکاو لەیەکتری دەئاڵان و بەرامبەر یەکتری هاواریان دەکرد، زۆربەی قوتابیانی هەردوو قوتابخانەکە دەکەوتنە ژێر قاچ و دەستی یەکتری و لەبەردەمی دەروازەکەدا ئاوتای یەکتری دەبوون.

ــ (مەولەوی)یەو لەبلەبی یە.

ــ (بێ کەس)ە و کەسی نیە.

زۆربەی ڕۆژەکان دوو مامۆستای هەردوو قوتابخانەکە پێش هاتنەدەرەوەی قوتابیەکان و یەکانگیربوونیان لەمسەرو ئەوسەری دەروازەکەدا هەریەک بەدارێکی درێژەوە ڕادەوەستان، ئەگەرچی داری دەستی مامۆستاکان قوتابیەکانی بێدەنگ نەدەکردو بەردەوام بەسەر یەکدیدا هەڵیان دەدا... ئیتر مامۆستاکانیش لەداروەشاندن دەکەوتن و فریای ئەو قوتابیە بچکۆلەو منالآنە دەکەوتن کە دەکەوتنە ژێر قاچ و قوولی هروژمی قوتابیەکانەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هەفتە نەبوو قاچێک یان دەستێک یان پەراسوی چەند قوتابیەک لەهەردوو قوتابیانی قوتابخانەکە نەشکێن.

سەربازەکە کەقۆڵی جەعفەری گرتبوو لەبەردەم ژووری بەڕێوەبەرو مامۆستایانەوە تێپەڕبوو تاگەیشتە ناو حەوشەی قوتابخانەکە، ئەو حەوشەیەی هەموو بەیانی ڕۆژانێکی پێنج شەممان قوتابیەکانی تێدا ڕیز دەبوون... سەرەتا مامۆستاکان بەدارەکانی دەستیانەوە بەپۆل پۆلی ڕیزەکاندا دەڕۆیشتن و بەچاوی پشکنینەوە سەیری دەست و پەنجەی قڵیشاوی قوتابیان و دەستەسڕی ڕاگیراوی ژێر دەستیان و نینۆکی پەنجەکانیان دەکردن... قوتابیەکان بێ جوڵەو بێ دەنگ لەبەردەم چاوە زیتەکانی مامۆستایان و

ڕەحـمـەتی دارەکـانی دەسـتـیـاندا ڕەق ڕادەوەسـتـان، مـامـۆسـتـای وەرزشی قوتابخانەکە دەهاتە ناوەڕاستی گۆڕەپەنەکەوەو بەدەنگێکی سەربازی دەیووت:

ــ ووریـابن. قـوتـابیـەکـان بەهەمـوو هـێـزی خـۆیان پێـیـان دەدا بەئەرداو قـاچەکانـیان جـووت دەکردن. هەندێ جار دەنگی پێی قوتابیـەکان بەیەک ڕەزم بەر ئەردی گـۆڕەپانەکـە نەدەکەوت بۆیـە دووبارە مـامـۆسـتـای وەرزش قـایمتـر هـاواری دەکردەوە:

ــ ئەڵێی ئەم بەیانیە نانتان نەخواردووە، پشووبەن... ووریابن.

سیان لەقوتابیان بەڕیز لەبەردەمی قوتابیەکانەوە تێدەپەڕین و دەچوونە ژێر عـەمودە چەقێنراوەکەی ناو گۆڕەپانی قـوتابخـانەکـەوە... یەکێک لەو قـوتابیـانە بەدەستێکی لەرزیوو دەموچاوێکی شڵەژاو شەرمۆکەوە ئالاّ گرێدراوەکەی خوار عـەمـودەکـەی دەکـردەوەو بەپەتێک بەرزی دەکـردەوە تا دەگـەیشـە سـەرەوەی عەمودەکە... ئەوسا پەتەکەی لەناوقەدی عەمودەکە دەئالاّند و گرێیەکی لێ دەداو پاشـەو پاش دەکشـایەوە... هەرسێ قـوتابیـەکـە پێکەوە قـاچیـان دەدا بەئەرداو سـەلامێکیـان بۆ ئالاّکە دەکـرد... دوای تەواو بوونی ئەوان مـامـۆسـتـای وەرزش هـاواری ئەکردەوە.

ــ پشووبەن. دەنگی قاچی قوتابیەکان پێکڕا دەیدا بەئەردی گۆڕەپەنەکەدا.

دوای ئـەوە بەڕێوبەری قــوتـابخـــانە ووتـەی هـەفـــتـــەی بەدەنـگێـکی بـەرز دەخوێندەوەو قوتابیان و مامۆستایان دەیانکردە چەپڵەلێدان... هێندەی نەدەبرد تیـپی سـرودی قـوتـابخـانە یەک لەدووی یەک لـەگـۆڕەپانەکـەدا ڕیز دەبوون و هـەمـوو سـەیری دەست و دەمـی مـامـۆسـتـای سـرودیان دەکـردو بـەیەک دەنگ دەیانچریکاند.

خوایە وەتەن ئاواکەی چەند دڵگیرو شیرینە

ئاوی کەوسەرە... خاکی گەوهەرە... پڕ لەگوڵ و نەسرینە.

جەعفەر قۆڵی بەدەستی سەربازەکەوە بوو... سەرێکی بەرز کردەوە عـەمودە چەقـێنراوەکـەی ناو گـۆڕەپەنەکـەی بینی ئالاّکـە بەسـەریـەوە دەشـەکـایەوە. سەربازەکە قۆڵی جەعفەری ڕاتەکاندو پێی ووت:

ــ سەرت داخە.

جەعفەرو سەربازەکە بەبەردەمی پۆلەکاندا تێپەڕین.

مروەت دەستی جەعفەری گرتبوو لەبەردەمی دەرگای پۆلەکەدا وەستا بوون... ئەوڕۆژە جەعفەر جلوبەرگێکی پۆشتەی لەبەردا بوو... یەکەم ڕۆژ بوو کەبەنەخوێنی لاستیکی شەڕواڵەکەی گۆڕابوو... دایکی بەنەخوێنێکی پیاوانەی هەڵکێشابووە شەڕواڵە شۆڕو تازەکەی کەلەسەر عەرەبانە دەستگێڕەکانی کۆڵان بۆی کڕیبوو... کراسێکی یەخە گەورەی زەردیشی لەبەردابوو... مروەت بەشەرمەوە لە دەرگای پۆلەکەیدا... ئەو ڕۆژە جەعفەر لەئەمڕۆ ڕەنگ پەڕیووتر بوو... سەربازەکە دەرگای پۆلەکەی کردەوە... دەرگای پۆلەکە لەبری دەرگا تەختەکە کرابوو بەدەرگایەکی ئاسنین... لەو دیوو دەرگاکەوە سەربازەکە پەڕۆکەی لەچاوی جەعفەر کردەوەو پاڵێکی پێوەناو دەرگاکەی داخستەوە.

ــ مامۆستا گیان ئەوە کوڕەکەمم هێناوە، گۆشتی بۆ تۆو ئێسقانی بۆ من.

مروەت بەمامۆستای ووت.

ــ ناوت چی یە کوڕم.

ــ مامۆستا ناوم جەعفەرە.

مروەت دەستی جەعفەری بەرداو ڕۆیشت، قوتابیەکان دوو دوو و سێ سێ لەسەر کورسیە تەختەکانەوە چاوە زیت و بێ ترسەکانیان لەجەعفەر بڕی بوو.

مامۆستا بەجەعفەری ووت:

ــ بڕۆ لەسەر ئەو کورسیەی پشتەوە لەگەڵ کەریم و سەمەد دا دانیشە.

قوتابیەکان کەوتنە سرتە سرت و جوڵەکردن، مامۆستاکە تەباشیرەکەی دەستی چەندجارێک کێشا بەتەختە ڕەشەکەی بەردەمی دا... قوتابیەکان بێ دەنگ بوون.

ــ لەئەمڕۆوە جەعفەریش بووە قوتابیەکی تازەی قوتابخانەکەمان.

مامۆستا لەقسەکەی نەبۆوە قوتابیانی پۆلەکە کەوتنەوە دەنگە دەنگ... جەعفەر لەشەرماندا سەری دانەواندبوو... دووبارە مامۆستاکە کەوتەوە لێدانی تەختە ڕەشەکە بە تەباشیرەکەی دەستی.

ــ بێدەنگبن لە پشوی دووای وانەکەدا بەخێرهاتنی جەعفەر بکەن، ئێستا هەمووتان پێکەوە لەگەڵم بڵێنەوە: هەموان بێدەنگ بوون.

ــ دا را... داا‌ا راا‌ا...

دوای چەندجارێ ووتنەوە مامۆستاکە ڕووی لەقوتابیەکان کردەوە و ووتی:

ـ بزانم چ قوتابیەکی زیرەک دەتوانێت بێت لەسەر تەختەکە بنووسێت (دارا). قوتابیەکان هەموویان سەریان داخست و بێدەنگ بوون.

مامۆستاکە دووبارە داوای لە قوتابیەکان کردەوە:

ـ ئەوەی بتوانێت بەجوانی لەسەر تەختەکە بنووسێت... دارا... ئەوا دیاریەکی جوانی پێشکەش دەکەم.

دوای کەمێک مامۆستاکە ئەو گوڵەباخە زەردەی کەلەسەر یەکەم کورسی ڕیزی پێشەوە دانابوو هەڵیگرت و پیشانی قوتابیەکانی دا.

ــ بزانن ئەم گوڵەباخە زەردە چەندە جوانە ئەوەی بزانێت بنووسێت ...دارا... ڕێگەی دەدەم بۆنێکی ئەم گوڵەباخە بۆن خۆشە بکات.

قوتابیەکان هەموویان جوڵەیان تێکەوت و لەسەر کورسیەکانیانەوە کەوتنە قنگەلەقێ. چەند قوتابیەک دەستیان هەڵبڕی و جەعفەریش لەڕیزی دواوە بەشەرمەوە دەستی بەرزکردەوە... مامۆستا کە جەعفەری بینی ووتی:

ــ ئادەی بزانین ئەو قوتابیە نوێیەی کەئەمڕۆ هاتووە دەزانێت بۆمان بنووسێت دارا... وەرە جەعفەر ئافەرم ئەو کڵۆ تەباشیرە بگرە.

کاتێک تەباشیرەکەی لەمامۆستا وەرگرت دەستەکانی دەلەرزین ووتی:

ــ مامۆستا من لەماڵەوە خۆم فێرکردووە بنووسم دارا. مامۆستا ووتی باشە بابزانین دەتوانیت بنووسیت دارا... دەی ئافەرم.

کاتێک جەعفەر تەباشیرەکەی بەسەر تەختە ڕەشەکەدا دەهێنا کیرڕەیەکی لێهەڵدەستاو بەگەورەیی هێڵی تەباشیرەکەی درێژ دەکردەوەو دواتر خوار دەبۆوە تا لەنووسینی هەردوو پیتی (دا) بۆوە... ئێجا پیتێکی گەورەی (ر) ی نووسی و لەکۆتای پیتی ئەلف دا تەباشیرەکەی لەدەست کەوتە خوارەوە.

ــ ئافەرم جەعفەر زۆرباشە وادیارە تۆ قوتابیەکی زیرەکیت... ئادەی هەمووتان چەپڵەیەکی بۆ لێدەن.

مناڵەکان کەوتنە چەپڵە لێدان و دەنگ بەرز کردنەوە، مامۆستاکە چووە بەردەمی جەعفەرو گوڵەباخە زەردەکەی لەبەردەم لووتی جەعفەردا ڕاگرتوو

پێی ووت:

ــ فەرموو بۆنی کە بزانە بۆنی چەند خۆشە.

جەعفەریش بەشەرمەوە لووتی نا بەپەڕە ئاوداروو زەردەکەی گوڵەکەوە و بۆنێکی کرد.

ــ بۆنی زۆر خۆشە مامۆستا.

مامۆستا ووتی:

ــ بەڵێ گوڵەباخی زەرد بۆنی زۆر خۆشە... کەچوویتەوە بۆ ماڵەوە بەدایکت بڵێ مامۆستا سەردار ئەمڕۆ گوڵێکی...

ئا... مامۆستا سەردار... مامۆستا سەرداررررر.

شاخەکان... شینە تاوێر و دەشت و نزارو گردۆڵکە پشت کۆمەکان... دەوەن و داربەڕوو درەختی قەزوانە شین و کەڵەگەتەکان... پەرژی کورتە بالآی دارگوێژەکان... هەموو زیخێک هەموو گەردێکی خۆڵ و تەنانەت باو باران وبەفرو کرێوە و ڕەشەباش... بۆنی نێریان لێدەهات... ئا بۆنی پیاویان لێدەهات... بۆنی ئارەقەو خوێنیان لێدەهات. ئەو ڕۆژە جەعفەر لەشارەوە بەسواری ئۆتۆمبیل لەگەڵ خەڵکی دێدا خۆی گەیاندبووە ناو دێ و لەوێشەوە لەگەڵ ئەلیاسی تەتەردا بۆ نیوەڕۆ گەیشتنە مقەڕی چەکدارەکان، ئەلیاس کوڕێکی مناڵکاری دەمووچاو ڕەقەڵەی ڕۆح سوک بوو، تەنها تەتەری حیزب ئەلیاس بوو کەهەموو نامەو هەواڵەکانی حیزبی لەوێوە دەگەیاندە شارو لەشاریشەوە وەڵامی نامەکان و دەنگ و باسی شاری دەگەیاندەوە. ئەلیاس بەدووری ئەو ڕێگا سەخت و شاخاویە وەک کارە کێویلەیەک پێش هەنگاوەکانی جەعفەر دەکەوت... بەسەر ئەو کێوە بڵندو سەختەدا سەردەکەوتن کە بەسەر هەموو ئەو دێهاتانەدا دەیڕوانی... دەشت و گردۆڵکەو ئەوڕێگا قیرتاوەی کەوەک مارێکی تۆپیووی ڕەشی پێچاو پێچ و لوول خواردوو تاچاوبڕی ئەکرد بەسەر ئەو دەشتە سەوزەدا خۆی مەلاس و درێژ کردبوو، ئۆتۆمبیلە سەربازیەکان و ئۆتۆمبیلەکانی تر لەسەر بەرزای شاخەکەوە ئاوێنەو پەنجەرەکانیان بریسکەیان دەداو بەسەر پێچ و دەورەی ڕێگا ڕەشەکەدا دەڕۆیشتن و... لەئاست درەختی ناو باخ و سەربەرەوخوارکە و مێرگە

ســــەوزەكـــاندا وون دەبـوون و دووبـارە لەدوورەوە ســــەريـان هەڵدەدايـەوەو دورتردەكەوتنەوەو لەئاست بينين و تينى چاودا نەدەمان.

كاتێك ئەلياس و جەعفەر نزيك بەمقەڕەكان دەبوونەوە، نايلۆنى شـەكاوەى ســەر كـوخت و ژوورە بچكۆلەكـانى ســەر مـقـەڕەكـە شــەوقـيـان دەدايەوە، دووكەڵێكى سپى لەئاست چێشتخانەى خوار مقەڕەكەوە بەرز دەبۆوەو بەسەر دۆڵ و نشێوەكاندا لوولى دەخـواردو بەباڵاى قوچى كێوەكەدا هەڵدەزناو تێكەڵ بەهەورە سپى و نزمـەكانى سەر لوتكەى شاخەكە دەبوو. ئەلياس دەمێك بوو گەيشتبووە سەر سەكۆى بەردەم ئەو ژوورە گڵێنيەى كەچەند چەكدارێك لەوێوە سـەيرى چنگەكرێ و هەنگاوە مانـدوو جەسـتـە كوڕەكەى جەعفـەريان دەكرد، جەعفەر شەكەت و ماندوو هەناسە تەنگ گەيشتە سەر سەكۆكەو چەكدارەكان بەخێرهاتنيان كرد... دواى كەنگێ جەعفەر بينى بەلێوارى ساردى ئەو جامە ئاوەوەنا كـەيەكـێك لەچەكـدارەكـان فـەرمـووى لێكردو دايەدەسـتـى... سـەكـۆى بەردەمى ژوورە گڵێنيەكە دەيڕوانى بەسـەر توولەڕێـى هەورازى قـوچى بەردەم مـقـەڕەكـەدا... بۆنى دووكـەڵ و سـووتانى داربەڕووى چێـشـتـخـانەكـە هەمـوو دۆڵەكەى داگرتبوو، ديوارى دەرەوەى ژوورەكەش وێنەى كوژراوەكانى حيزب و بەيـەنەكــانـى پيـــادا هـەڵواســرابـوون و چەند چـەكــێكيش كــرابـوون بەودارە ڕايەڵكراو هەڵچەقيوانەى سەر ديوارەكەدا، شەپۆلى هەورە سپييەكان بەنزمى لەشيناى ئاسمـاندا دەهاتن و وێنەو شێوەى جۆراو جۆريان درووست دەكردو بەلـەز تێـدەپەڕين... چەند گــورزێك لەتيــشك لەســەر گــوێســوانەو بـۆشـــايى هەورەكانەوە دەكەوتە خـوارەوەو دەڕژانە سەر قـەدپاڵ و تاوێرە زەبەلاح و توولە ڕێگاكانى سەر كێوەكە.

هێندەى نەبرد يەكێك لەچەكدارەكـان پێش جـەعفـەر كـەوت، هـەردووكـيـان لەپشتـى ژوورەكەوە سەركەوتن تاگەيشتنە بەردەم سەكۆو ژورێكى بەرفراوان و گـەورەتر... چەكـدارێكى تر لـەبەردەمى ژوورەكـەدا بەخـێرهـاتـنى جـەعفـەرى كردوو چوونـە ژوورێ، لەژوورەوە چەند كەسێكى ترى وەك جەعفـەر بێ چەك بەدەورى ديوارى ژورەكەدا ڕۆنيشتبوون، لـەگـەڵ سـڵاوكردنى جـەعفـەردا ئەو لەقسەكردن وەسـتاو سـڵاوێكى لە جـەعفـەر كردوو دەسـتيكردەوە بەدرێژەدانى

قسەکانی و هەموان کڕو بێ دەنگ بوونەوە:

ــ ئێمە دەبێت کارێکی وابکەین چالاکیەکانی خۆمان لەناو شاردا ڕانەگرین، دەبێت هەموو برادەرانی خۆمان و جەماوەریش لەهەموو ئەم شەڕانە ئاگادار بکەینەوە تابزانن ئێمە لەپێناوی چیدا بڕیاری شەڕو لێدانی ئەوانمان داوە... هەروەها تا حەدی ممکین ئێمە هەوڵەدەین بیان پەڕێنینەوە بۆ ئەو دیوو سنوور تا زۆنگی هەموو شارەکان بەدەست خۆمانەوەبن، خۆشتان دەزانن...

جەعفەر گوێی بۆ تەپەو ڕاکەڕاکی ئەو مشکانە ڕادەگرت کەلەژێر میچەکەوە بەسەر خامی ژێر دارەڕای ژوورەکەدا دەهاتن و دەچوون، ئەو کەسانەی تریش لەگەڵ گوێ قوڵاخ بوونیان دا جارجارە سەرێکیان بەرزدەکردەوەو لە خامە چڵکن و پەڵە پەڵاویەکەی ژێر میچەکەیان دەڕوانی کەلەهەندێ جێدا خامەکە شۆڕ بووبووە و ووردە گڵی سەر سەربانەکەیان لەسەر نیشتبوون و تۆپەڵەبووبوون، مشکەکان کاتێک کەڕایان دەکرد جێ پێیکانیان بەئاشکرا لەژێرەوە بەسەر خامەکەوە دەبینران و جیکەیان دەهات، ئەویش وەک جەعفەر و ئەوانی تر هەندێ جار ڕەتمی قسەکانی خاو دەبوونەوەو لەگەڵ ئەواندا سەرێکی هەڵدەبڕی.

ــ هەفتەیەک دەبێت ئەم مشکانە تەراتێنیانە، پێدەچێ دایکەکەیان تازە زابێت و بەچکەمشکی زۆری بۆ خستبێتەوە، بڕوابکەن شەوانە ناهێڵن بخوێنمەوەو بنووسم، دوێنێ شەو خەریک بوو یەک ڕیز فیشەکیان پێوەبنێم... بەڵام دووایی ووتم هەر خۆم زەرەر دەکەم چونکە ئەوسا هێلانەکەیان دەگوازنەوە ناو ژوورەکەم!

دوای کەنگێ بێدەنگی کەوتەوە درێژەدان بەقسەکانی پێشوی.

ــ دەبێت پەردە لەسەر هەموو هەڵەو نارێکیەکانیان لادەین... دەبێت ئەمجارە دەستیان لێنەپارێزرێت... من خۆم بەهەمووڵام ڕاگەیاندووە تەنانەت نامەوێت دیلەکانیشیان ببینم... شەڕ واتە شەڕ، ئێمە تەنها بەم شێوەیە دەتوانین هێزی خۆمان لەناوچەکەدا پیشان بدەین... هەم بەرامبەر ئەوان و هەم بەرامبەر ڕژێمیش. دەبێت ئێوە چالاکتر لەماوەی پێشوو هەوڵبدەن بەهۆی

برادەرانی خۆمانەوە ڕاپۆرتمان بۆ بنێرن و سەرکردایەتی ئاگادار بکەنەوە لەهەموو ئەو هەوادارو کەسانەی ئەوان کەچالاکن و ئاشکران لەناو شاردا، ئێوەش بۆئەوەی ژیانتان نەکەوێتە مەترسیەوە هاتنی ئەمجارەتان بۆ ئێرە دوواهەمین جاردەبێت... ئەگەرچی هەمووناوچەکانی خۆمان لەچەکدارانی ئەوان پاکـردۆتەوە... ئەوەی کوژرابێت کـوژراوە و ئەوانی تریش ملیـان حیزکردووەو هەڵهاتوون و ئاودیووی سنوور بوون.

کیژەی جێ قاچی مشکەکان بەسەر خامی میچەکەوە تادەهات زیاتر دەبوو، بێچووە مشکەکان دەیانجیکاندو تەراتێنیان دەکرد، ئەو خۆڵە ووردەی کەوەک پریشک بەچینەی ژێر قاچ و دەستی مشکەکان لەپشت سەری جەعفەرەوە دەڕژایە خوارێ چەند جارێک جێگەکەی پێ گۆڕی و بەقنەخشێ نزیک یەکێک لەدانیشتوەکان بۆوە. ئەو بەردەوام قسەی دەکردو لەگەڵ دان پیانان بەڕستەکان دا دەستەکانیشی دەکەوتنە جووڵەو برۆ ڕەشەکانی سەر هەردوو چاوە سەوزەو مەنگەکەی دەجولاندن و زیت دەیڕوانیە ناوچاوی هەموو ئامادەبوانی ناو ژوورەکە.

ـــ دەبێ بۆ هەموو جەماوەری بسەلمێنین کە ئێمە تەنها حیزبێکین کە سەرمەشقی هەموو ئەو حیزب و ڕێکخراوانەی تریشین کەلەگەڵ ئێمەدان و هەموو ئەوانی دیش کەهاوپەیمانی ئەو بەرەیەی ترن جاش و سەرەک خێڵ و دەرەبەگ و کاسەلێسی دەوڵەتانی ترن... ئەوان هێندە گەمژەن وادەزانن بەشەهیدکردنی برادەرانی ئێمە دەسەڵاتی حیزبایەتیمان لەدەست دەچێ... بەڵام هاوکێشەکە بەپێچەوانەی ئەوەوەیە کەئەوان چاوەڕوانی دەکەن... تا ئێمە شەهید زۆرتر بدەین بەهێزتر و ڕەگاژۆتر دەبین لەناو جەماوەردا. هەڵبەت خۆشتان هەیبەت و هێزو گورزی ئێمە باشتر دەزانن هەم لەم ناوچانەو لەناو خەڵکی دێهاتەکانداو هەم لەشارو لەبەردەمی ڕژێمیشدا.

تەراتێنی مشکەکان و دەنگی جیکەو پەنجەکرێی سەر خامی میچەکە هێندە بەهێز بوو وای دەکرد ڕەزمی هاتنەدەرەوەی هەناسەو قسەکانی ئەو تێکبدەن و گەرمی ووتەو قسەکانی بشێوێنن.

ـــ داخی ئەم مشکانەش ناکەیت... برادەرینە دوای ئەم کۆبوونەوەمان

حەزدەکەم ڕاپۆرتەکانتان ببینم و هەریەک بەتەنها چەند ساتێک لەگەڵتان بدوێم و گوێتان بۆ ڕاگرم.

جەعفەر کەمێک قنە لەقێی لەجێگاکەی خۆیدا کردو پرسی.

ــ ئایە بۆچونی تۆ چۆنە بەرامبەر کاریگەری ئەم چەند ساڵەی ڕابردوو بەراورد بەئێستای هێرش و پێکادانەکانی خۆمان بەرامبەر بەهێزی ڕژێم... کەوەک دەزانرێت لەلایەکی ترەوە ڕژێم جەنگی دووساڵەی بەردەوامە و زەرەرو زیانێکی گەورەی ماڵی و ئینسانی لێکەوتووە... هەست دەکەن نزیک بۆتەوە لەکەنارەکانی ڕووخان.

ئەو بزەیەکی کردو هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشاو لووتە درێژەکەی کەمێک خوارکردەوەو بەپێکەنینێکەوە ووتی: ـ

ــ ئەو مشکانە دەبینیت چەند کاریگەری هەیە بۆ سەر ئەم کۆبوونەوەی ئێوەو قسەکانی من... ئێمەش هێندە دەتوانین کاریگەریمان هەبێت لەڕوخانی ئەم ڕژێمەی کە لەهەموو شتێکدا هەزاران هەزار لەئێمە گەورەتر و باڵادەست ترە... پشت و پەناو داڵدەی نهێنی و ئاشکرای هێزی جیهانی لەپشتە، من نامەوێت تووشی ڕەشبینی و نائومێدیتان بکەم بەڵام...

دەنگە دەنگ لەدەرەوە پەیدا بوو... دەنگی گوللەیەک بەناو بۆشای دۆڵ و قەدپاڵی شاخەکەدا ڕۆشت و چەندجارێک دەنگی دایەوە... ئەو پێش هەمووان لەژوورەکە چووەدەرێ و جەعفەر و ئەوانی دیش بەدوایدا ڕۆیشتن و لەسەر سەکۆی بەر ژوورەکەدا وەستان، لەخوارەوە کۆمەڵێ چەکدار بەیەکدا دەهاتن و دەنگە دەنگیان دەهات، یەکێک لەچەکدارەکان هاواری دەکردو میلی تفەنگەکەی دەهێنایەوەو دەیقیژاند، ئەوانی تریش ئابلۆقەی ئەو پیاوە دیل و دەست بەستراوەیان دەدا کەلەگەڵ خۆیان لەتوولە ڕێگەکەی خوارەوە هێنابوویان و دەیانوویست بیگەیەننە مقەڕەکە، جەعفەر بەدیقەتەوە لەپیاوە دەست بەسراوەکەی دەڕوانی... وەک بروسکەیەک سیماو ڕەنگی پیاوەکەی بەمێشکداهات... ئا مامۆستا سەردار... مامۆستا سەردار، جەعفەر بەقەڵەمبازێک سەر سەکۆکەی بەجێ هێشت و بەتولە ڕێی هەورازەکەدا بەلەز بەرەوخوار هاتە خوارێ، یەکێک لە چەکدارەکان بەترسەوە خۆی نزیک

دەکردەوە لەوچەکدارەی کەمیلی تفەنگەکەی هێنابووەوەو هاواری دەکرد.

ــ دوێنێ ئەو خوێڕیانە براکەمیان کوشتووە... لاچن بابیکوژم تۆڵەی خۆم بکەمەوە... لاچن دەنا هەمووتان...

چەکدارەکانی تریش مامۆستا سەرداریان دوور دەخستەوەو خۆیان دەکردە لەمپەر بۆی.

جەعفەر بەقنە خشێ و غلۆر بوونەوە خۆی دەدا بەتاوێر و بەردی سەر تولەڕێگا سەرەو خوارەکەدا.

ــ نەکەی... بێنە چەکەکەتم بەرێ... نەکەی...هێدی بەرەوە تکایە.

چەکدارەکەی تر تادەهات نزیک دەبۆوە لێی.

مامۆستا سەردار سورایی لەسیمایدا نەمابوو... جەستەی وەک شەق شەقە دەلەرزی... لەوکاتەدا لەپشتی چەکدارەکانی ترەوە جەعفەری بینی کەبەهەڵەداوان خۆی دەگەیاندێ و نزیکی دەبۆوە.

ــ لاچن... بەشەرەف هەمووتان دەکوژم... خۆتان لایەن لەبەردەممدا لاچن.

پڕ بەو دۆڵە دەیقیژاندو هاواری دەکردو تفەنگەکەی لەدەستیا دەلەرزی و دەمارەکانی ملی بەرز بوو بوونەوەو هەردووچاوی زەق و تووڕەو سور بووبوون.

جەعفەر دەستی مامۆستا سەرداری گرت و چەکدارەکانی تر کەبووبوونە لەمپەرێک بۆی بڵاوەیان کردو لێی دورکەوتنەوە. ئەو چەکدارەی تر کەهاوارەکانی دەکردو جنێوی دەدا لەسەر تولەڕێگەی بەردەمی چەکدارەکەی بەردەمی خۆی لاداو بەرەو خوار بەرامبەر جەعفەر و مامۆستا سەردار ڕایکرد، جەعفەر تائەوساتە پشتی لەچەکدارەکە کردبوو... ئاوڕێکی دایەوە و هێندەی زانی وویزەی گوللەو دەنگی تەقینی فیشەکەکان بە ژێر دەست و بەرقاچی دا دەهاتن... بێ ئەوەی ئاگای لەخۆ بێت چەند هەنگاوێک لەمامۆستا سەردار دوورکەوتەوە، گوللەکان بەرسنگ و سکی مامۆستا سەردار دەکەوتن و ڕایان دەتەکاند... مامۆستا سەردار تادەهات لەجەعفەر نزیک دەبۆوەو بەدەم هاوارەوە دەستەکانی گرتبوونەوەو وەک فریاڕەسێک هانای بۆ جەعفەر ئەبرد... گوللەکان بەڕیز لەسنگی مامۆستا سەردار دەچەقین و پریشکی خوێنیان لێدەپەڕیە دەرەوە... دەموچاو سیما گرژو چرچولۆچ و سپیەکەی مامۆستا

سەردار پاڕانەوەو ئاهێکی قووڵی ئازاراوی لێدەتکاو... بەپەنجە کرێ و گرژبوونەوەی دەمارەکانی جەستەی هانای بۆ جەعفەر دەهێنا... لولەی تفەنگەکەی دەستی چەکدارەکە بێدەنگ بوو... دەنگدانەوەکان درێژ درێژ دەبوونەوەو وەک دەنگی ڕمانی بەفر هەموو بەردو دارو تاوێرەکانی شاخەکە دەنگیان دەدایەوە... مامۆستا سەردار دەستە شل و خوێناویەکانی کەوتنە سەر ملی جەعفەر و هەردووکیان کەوتن.

ــ ئافەرم جەعفەر بۆنی ئەم گوڵەباخە زەردەبکە بزانە بۆنی چەند خۆشە.

جەعفەر لەژێر جەستە گەرم و خوێناویەکەی مامۆستا سەرداردا سنگی هەنەدەفی بوو... سەیری چاوە ڕەش و تەماوی و ئازاراویەکانی مامۆستا سەرداری ئەکردو هەموو لۆچەکانی دەموچاوی گرژ بووبوون و گریانێکی گەرم وەک قوڵپە قوڵپی جێ فیشەکەکانی مامۆستا سەردار لەدەرونیدا جۆشیان دەسەندو دەبوونە ڕیزە فرمێسکێکی درشت و لەچاوەکانیەوە دەردەپەڕین و تێکەڵ بەخوێنەکەی سەر دەمووچاو و سنگی دەبوون... دەنگدانەوەی گوللەکان درێژ درێژ دەبوونەوەو لەڕووی هەموو بەردە ڕەق و تاوێرە شین و گەورەکانی دەداو گەردی خۆڵی سەر ڕووی شاخەکەی دەلەراندەوە... جەعفەر تەکانێکی بەخۆیدا و جەستە ساردو خوێناویەکەی مامۆستا سەردار کەوتە سەرلاو بۆنی خوێن بەسەر بۆنی دووکەڵاوی ناو دۆڵەکەدا زاڵبوو.

ــ کەچوویتەوە بۆ ماڵەوە بەدایکت بڵێ ئەمڕۆ مامۆستا سەردار گوڵێکی زەردی دامێ بۆنی زۆر زۆر خۆشم بوو باشە بابەگیان.

ئەو چەکدارەی کە هەموو شانەی تفەنگەکەی لەجەستەی مامۆستا سەرداردا بەتاڵ کردەوە هەموو جەستەی دەلەرزین، ئارەقە بەهەموو گیانیدا دەچۆڕاو چاوەکانی پڕبووبوون لەپەشیمانی... چەکدارەکە سەری وەک دەمی تفەنگە گەرمەکەی شۆڕ کردەوەو چەند دڵۆپە فرمێسکێکی درشت لەچاوانیەوە هاتنەدەرێ... چەکدارەکانی تریش بێ ئاوڕدانەوە بەبێزاری و ماندوو بوونەوە بەسەر تولە ڕێگەکەدا سەرەوژوور سەردەکەوتن... ئەو لەسەر سەکۆی بەردەم ژوورەکەدا دەیڕوانیە جەعفەر... ئەوانەی دەورو بەریشی ملیان شۆڕ کردبۆوەو زەق لە زەویەکەی ژێر پێڵاوەکانیان دەڕوانی.

جەعفەر دەگریاو فرمێسکەکانی سەر ڕومەتی بەدەستە خوێناویەکانی دەسڕی و دەیووت.

ـــ ئێمە چین ... چی؟!! دڕندەین، پیاو کوژین... بەربەری ترین کەسانی ئەم دنیایە ئێمەین... ترسنۆکترین چەکداری ئەم میللەتە ئێمەین... ئێمە چین چی!!؟

دەنگی گریانەکەی جەعفەر بەناو دۆڵ و قەدپاڵی شاخەکەدا لەگەڵ دوکەڵە بەئاسمان چووەکەدا بەرز دەبۆوەو دۆڵاو دۆڵ دەڕۆشتن:

ـــ ئێمە چین چین...چی...چی...چی...ی؟؟؟؟؟؟؟؟

جەعفەر هەر بەجلە خوێناویەکانیەوە بەکزی و بێ دەنگیەوە لەبەر سەکۆی ژوورەکدا دانیشتبوو... ئەلیاس دەمێک بوو لەتەنیشت جەعفەردا ڕۆنیشتبوو چاوەکانی لەسیمای جەعفەر بڕیبوون.

ـــ دەزانیت ئەو زۆر زۆر زیرەکە... هەرچ کەسێکی بووێت وەک هەوير دەیشێلێ و مێشکی پڕدەکات لەو شتانەی کەهەرگیز ئینسان بەخەیاڵی دا نایەت... وانی یە ... خۆ تۆ ئەمڕۆش چویتەلای و قسەی بۆ کردن!

ئەلیاس لەبەردەم بێ دەنگی و وەڵام نەدانەوەکەی جەعفەردا بەشەرمێکەوە کۆتایی بەقسەکانی هێنا .

ئەو لەگەڵ ئەو کەسانەی تردا لەگەڵ تەواوبوونی کۆبوونەوەکەیاندا لەژوورەکەی سەرەوە هاتنەخوارێ وتێکەڵ بەچەکدارەکانی تر بوون کەلەبەر سەکۆی ژووره گڵێنیەکەی خوارەوەدا دانیشتبوون، لەگەڵ هاتنی ئەودا هەمووان لەجێگەی خۆیانەوە بێدەنگ بوون و چاویان بڕییە دەمی ئەو.

ـــ دوو چەکدارتان بچن لەنزیک دێوە ئەو تەرمە بشارنەوە.

دواتر ئەو ڕووی کردە جەعفەر و پێی ووت:

ـــ با ئەلیاسیش جەعفەرو ئەو برادەرانەی تر تا نزیک جادە بگەیەنێت.

جەعفەر سەری هەڵبڕی و وویستی شتێک بڵێت.

ئەو چەکدارە مناڵ کارەی کەبەرامبەر جەعفەر دانیشتبوو قسەکەی ئەوی دووپات کردەوە:

ـــ ئەدیداس لەگەڵتانبێت چاکترە.

هەمووان دایانە قاقای پێکەنین و ئەو بێزاری و بێتاقەتیە لەسەر سیمای

هەموویان خۆینیشان دەدا ڕەویەوە.

ــ مەبەستم ئەلیاسە نەک ئەدیداس. لەناو گەرمەی قاقاو پێکەنینەکەدا چەکدارە منداڵ کارەکە قسەکەی خۆی ڕاست کردەوە.

تەرمەکەیان خستە ناو بەتانیەک و بە سەرەوخوارکەی دۆڵەکەدا هاتنەخوارێ... شەپۆلی هەورە بێگەردو سپیەکانی ئاسمان درێژ دەبوونەوەو تیشکی شکاوی ئەو دووانیوەڕۆیە بەژێریاندا ڕەتدەبوو... ڕەنگی بەردوداری سەر ڕێگاکە ڕەنگێکی مەیلەو زەرد دایدەگرتن و سێبەر دەکەوتە ئەمدیووی تاوێرو نوکی ڕیزە شاخەکان و دەنگی باڵدارەکان لەناو پەرژی دەوەن و داربەڕووەکانەوە بەرز دەبوونەوە. مێگەلی مەڕو بزنی دێهاتیەکان بەسەر کێوەکانەوە دادەگەڕان و دەنگی زەنگۆڵەی ملی بەرانی پێش مێگەلەکە هەمووانی لەدووی خۆی کێش دەکردوو بەرەو خوار دەبوونەوە.

**( ٣ )**

## دارمانی بورجەکان

سەرقەبران مەملەکەتێک بوو لەدوو ڕەنگ... ڕەش و سپی، ڕەنگی سەوزو سووریش دوو ڕەنگی کەمایەتی ئەو مەملەکەتە بوون، کێلی گۆڕەکان و مێزەری مەلاکوێرەکان لەدوورەوە سپی دەچوونەوەو ... ڕەنگی ڕەشی عەباکانی سەر ژنان و جلوبەرگەکانیان لەڕۆژانی هەینی دا گردۆڵکە قەمووروو کوڕەکانی دامێنی شاریان داگیردەکرد... بەچەشنی پۆلێ لەقەلەڕەشکە لەژێر سێبەری کەوتوی دار ئەرخەوانەکان و چەترە سوورو سپی و ڕەشەکان دا دۆژ دادەمان و گاهـ دەگریان و لەخۆیان دەداو گاهـ گوێیان لەدەنگی قورئانی مەلاکان دەگرت، بۆنی بوغوردی چەقێنراوی سەر گڵی گۆڕەکان بەناو عەشاماتەکەدا بڵاودەبۆوە، بۆنی پەڕەی چەپکە گوڵە ڕەنگاوڕەنگەکان لە ڕۆژانی هەینیدا بەشدارییان لەڕەنگی ئەو مەملەکەتەدا ئەکردو لەبەر کێلی ژوورسەری گۆڕەکاندا دادەنران و بێناز لەژێر فرمێسکە درشت و سوێرەکان دا سیس و وشک هەڵدەگەڕان.

تیشکی کازیوەی سبەینان لەڕیزە شاخەکەی سەرو شارەوە هەڵدەکشاو گردۆڵکەی سەرقەبرانەکانی ڕوناک و تیشک ڕێژ دەکرد... ئێوارانیش کەئەنگۆرە دەنیشت و سوورایی دەکەوتە رووی خۆرئاوا مەملەکەتە سپی و ڕەشەکەی سەرقەبرانیش بێ چراو ڕوناکی تاریک دەمایەوەو ئیدی لەناو ماڵەکانی شارەوە پڵیتەی چراو گڵۆپە زەردەکان لەودیوو پەنجەرە شین و سەوزەکانەوە دەگڕان.

مناڵە ئاوگێڕەکان بەناو عەشاماتی سەرگردۆڵکەی قەبرانەکان دا دەهاتن

و تێکەڵ بەژاوەژاوی خـەڵکەکە دەبوون، منداڵە دەسـتگێڕەکانی تریش سـینی و کارتۆنەکانی دەسـتیـان نزیک بەو منداڵانە دەکردەوە کەلەگەڵ دایک و خوشکە ڕەشپۆشەکانیـان دا لەسیلەی گۆڕەکان دا دانیشتبوون و گوێیـان بۆ گریان و لاواندنەوەی ئەو ژنانە ڕادەگرت کەفرمێسکیان دەزانە چاوی هەموان.

مرووەت دەمێک بوو گەیشتبووە سەر گۆڕە کوێرو گڵکۆ تەختەکەی کانەبی، مەگەر هەر بێوەژنێکی وەک مرووەت بتوانێت لەناو ئەو هەموو گۆڕە چەتربەسەر و کێلە مـەڕمـەڕیانەدا ئەم کـوێرە گـۆڕەی کـانەبی بدۆزێتـەوە... سـالانێک بوو مـرووەت نەهاتبـووە سـەرقـەبران و دیدەنی کـانەبی... مـەگـەرنا جـەژناو جـەژن بهـاتایە کـەمـێک چاوە وشک و برینەکـانی تەڕبکردایـەتەوەو تاڵە بغـوردێکی بۆ پیـرۆزی چەژن دابگرسـاندایە، مـرووەت کـەچاوی بـەو هـەمـوو گـۆڕو قـەبرە هەڵبـەسـراو تازانە دەکـەوت کـەسنووری گـردۆڵکەکـانی بەرەوخـوار جێ هێشتبوون و نزیک بەدیواری ماڵەکان بووبوونەوە... موچڕکەیەکی پێدا دەهات و لێوەکانی دەکەوتنە جووڵەو فـاتیحـا خوێندن. مرووەت لەفاتیـحاکەی نەدەبۆوە دەیدایە پڕمـەی گریان و خۆی بەسـەر ئـەردی گۆڕەکەدا دەخست. هەفتـەیەک بەسەر دیدەنیەکەی مرووەت و چوونی بۆ فەرمانگەکەدا تێپەڕی بوو...لەو ئێوارە درەنگ وەختـەوەی کەبەکۆشی خوێناوی و گریانەوە خـۆی گەیاندەوە مـاڵەوە زمانی بەسـرابوون و قسـەی بۆ نەدەکـرا... خاجیـان چەندی دەکـردو دەکۆشـا قـسـەیەکی لەدەمی مـرووەت نەدەبیـست و لـەدیق و نهـێنی ئـەو بەسـەرهـاتەی مـرووەتدا بەدیار سـەری مـیناوە دۆشـدادەمـاو فرمـێسکی دەباران... حـەسـەنی مێردی خـاجیانیش چەندجارێک هاتەلای مرووەت و دڵنەوای کرد، بەڵام هەوڵی بەقسەهێنانی ئەویش بۆ مرووەت بەزایە چوون و بێ سود بوون.

ــ کەوتوومـەتە گیـان گـەشـت... کـانەبی، دڵم وەک هـەنار لەحـەسرەتا دەنک دەنک دەپروێت، هەمـوو ئەم فوغـان و موسـیبـەتە لەچاوی تۆی دەبینم... کـانەبی، بەمـەرگی خـۆت تێـزابێکت ڕشت من و جـەعـفـەری تێدا سـوتاین و مـینات مـەینەتبـار و بێ کـەس و بێ مـەرام کرد... چ ئێزایەکم پێ بەخشـرا خودایە لەم دنیـایـەدا...چیم لێـدەکـەیت... چی؟ دۆعـا دەکـەم چاوەکـانم بڕژێن و جـەعـفـەر نەبینمەوە... تازە چۆن ڕووم دێ وەک دایکێک لەچاوی کوڕەکەم بڕوانم... هەقمە

گۆڕەکەت هەڵکەنم و خۆڵەکەی بەسەر خۆم داکەم... چیم لێدەکەیت کانەبی... خۆزگە دەخوازم کورم تۆش گۆڕێکت لەپاڵ باوکتا هەبوایە... نەک دایک و فرزەنی من و تۆ بەم چەشنە بچوایە کەچوو کورە تاقانەکەم... تازە سەبوریم بەمەرگی خۆشم نایەت... مەگەر بەژێرەو ژوری دنیا هەموو ئەم گوناهانە پاک ببنەوە... مەرگ شایی دەویَ... شایی لەچاو ئەم موسیبەتەیا، من کێم هەبوو لەئێوە زیاتر، بۆ بەم چەشنە گیان گەشتان کردم و ڕوورەشی دنیاو قیامەتان کردم؟

سێبەری ئامین بەسەر بالآی کەوتووی مروەت دا شکابۆوە... مروەت لەسەر هەڵبڕینێکدا دایکی کەریمی بینی... ئامین فرمێسک بەچاوەکانیا دەهاتنە خواریَ و لارەمل لەمروەتی دەڕوانی، مروەت چەندجاریَ زمانی لەدەمیدا گەڕان و بڵمەبڵمێکی لێوەهات و فرمێسکەکانی سرین... هەردووکیان بێ دەنگ و خەمۆک بەرامبەر بەیەکتری ئەبڵەق بوون... لە لۆچەکانی سیمایاندا شەرم و گلەیی و وەحشەتێکی دایکانە دەبینران، کەسیان زمانیان نەدەکەوتە گۆ هەروا قەدەرێک بێدەنگ مانەوە... تا ئامین چمکی عەباکەی سەری بردەوە ژێرچەنەی و لەنابێنی کێلی سەر گۆڕەکانەوە سەرەوخوار ڕۆیشت و لەنێوان بالآی کێلەکان و قەرەباڵغی سەر قەبرانەکەدا وون بوو.

تیشکی خۆر بەشاقوڵی بەسەر چەتری سەرقەبرانەکان دا دەکەوت... ژێر سێبەری دارئەرخەوانەکان ڕەش دەچوونەوە لەو خەڵکەی کەدەمێک بوو لەگریان ژیر بوو بوونەوەو کەوتبوونە باس و پیاهەڵدانی مردووەکانیان لەلای یەکتری، منالَە ئاوفرۆشەکان چەند جاریَ بوو سەتڵە پڕ بەفراوەکانیان پرکردبۆوەو گرفانی شەرواڵەکانیان زرەی دەهات و قورس لەگەڵ هەنگاوەکانیان دا دەهات و دەچوو، پەرەسوێلکەکان بەبەرلاملە سورو بەڵە درێژەکانیانەوە بەسەر سەری خەڵکانی سەرقەبرانەکەدا دەفڕین و لەپاڵ گردەکانەوە دادەنەوینەوەو نزم بەسەر جادە گڵینیەکەی نێوەندی سەرقەبرانەکەدا دەفڕین... قاچەکانیان بەسەر زیخ و چەوی ڕێگاکەدا دەهێناو بەپەنجەو نینۆکە چەماوەکانیان زیخ و گڵمتکە ووردەکانیان هەڵدەگرت و دووبارە بەسەر خەڵککەدا هەڵدەفڕینەوەو بەرەو گوێسوانەو حەوشەی

ڕیزەماڵەکان دەچوونەوە.

مروەت ئەنیشکی دادابووە سەر کێلە کەل و نزمەکەی گۆڕەکەی کانەبی و ڕووداوەکانی هەفتەی پێشووی وەبیردەهاتنەوە... هەربە بەرچاوهاتنەوەی سەروکەللەی پیاوە فالینەلەبەرەکە ئیدی مروەت فرمێسکەکانی چاوی بۆ ڕانەدەگیران و تاس دەیبردەوەو ئارەقەی دەردەکرد، چاوەکانی جەعفەر وەک تیر دەچەقینە جەستەی... مروەت هەستی بەژان و تێهەڵچەقینی نیگاکانی جەعفەر ئەکرد کەلەچاوە سەرەوژورەکەیەوە دەردەپەڕین و بەدیوارەکانی دڵیدا دەچەقین... لەعەزرەتا لێوە وشک هەڵاتوەکەی خۆی دەگەزتن و خوێنی لێدەهێنا.

ـــ چ دایکێک لەو دنیایەدا ئەو دۆعایە دەکات کوڕی خۆی نەبینێتەوە!... ئەوەی بەسەر منیان هێنا بەجولەکەی سەرکێو نەهاتبوو... تازە لەو دنیاش ناتوانم خۆمت پیشاندەم کوڕی خۆم، ئەی ئەو کچە بەسەزمانە چۆن بەتەنهاو بێکەس بەجێبێڵم... میناو بووکەکانی چیلێبکەم... چۆن وەڵامی خاجیان و ئەو خەڵکە بدەمەوە کەهەر بینینێکیان گۆڕەو شارێکە بۆ من، خودایە لەم تۆڕی ژیانەی کەتێیدا عاسی بووم ڕزگارمکە... ئەوتاڵە باریکەی کەدڵمی پێوەبەندە بیقرتێنەو ببەرەفریاڕەسم.

ئەو مناڵەی گۆچانی مەلاکوێرەکەی بەناو کێلی گۆڕەکاندا ڕادەکێشا گەیشتە ئاستی گۆڕەکەی کانەبی، مناڵەکە سەیرێکی چاوی مروەتی کردو شارەزایانە لەنیگاکردنەکەی مروەت گەیشت، دەستی مەلاکەی گرت و ئەویش چوارمشقی لەسیلەی گۆڕەکەدا دانیشت، مەلاکە چەندجارێ لێوە وشکەڵاتوەکەی بەزمانی تەڕکردو هەردوو دەستی خستە بناگوێیەوەو کەوتە قورئان خوێندن، لەگەڵ بەرزبونەوەی دەنگی مەلاکەدا خەڵکانی دەوروبەری گۆڕەکانی تر بێدەنگ بوون و لارەمل بەسەر گڵکۆی گۆڕەکاندا کڕو خامۆش بوون.

گردەکانی سەرقەبرانەکە ڕەش دەچۆوە وەک ڕەشای ئەو قەلەڕەشکەو چۆلەکەو باڵدارانەی کەلەچاڵ و ڕیزە گردەکانی دوور لەسەر قەبرانەکانەوە بەسەر ئەو خۆڵ و پاشەڕۆیانەی دا کشابوون... بەدەنووک کەوتبوونە کونکردنی

ئەو کیسەو نایلۆنانەی کەپاشماوەکانی تێدا فرێدرابوون. مەلاکە فاتیحایەکی داداو مــروەتیش لەژێر لێــوەوە لەگــەڵ مــەلاکــەدا ڕســتــەکــانی دەم ئەوی وەردەگرتەوەو دووپاتی دەکردنەوە، مـروەت گرێی فەقیـانەکـەی کردەوەو پارە ئاسنینەکانی خستە دەستی مناڵەکەوە، مناڵەکەش دەستی مەلاکوێرەکەی گرت و بەناو کـێلی گـۆڕەکـاندا ڕۆیشـتن، مـروەت کـێلە کـەل و خـوارەکـەی ســەر گۆڕەکەی ماچ کردوو بێ ئاوڕدانەوە کەوتە ڕێ. ئەو خەڵکانەی کەبەناو کێلی گۆڕەکان دا دەڕۆیشتن چاویان لەسەر نووسراوی سەر کێلەکان دەبڕی و ناوو تەمەنی مـردوەکـان و شـیـعری سـەر کـێل و چەترەکانیـان دەخـوێندەوەو بەدەم ڕێگاوە لێویـان دەبزواو ئاوڕیان دەدایەوە، مـروەت زۆر حـەزی دەکـرد وەک ئەو خـەڵکە نووسـراوەکـان بـخـوێنێـتـەوە... وەلێ توانای خـوێندنەوەیانی نـەبوو بۆیە هـەمیشـە بەجەعفەری دەووت:

ــ کوڕم ئەمن وەک کوێر وام و ڕەش و سپی پیتەکان لێکناکەمەوە.

خـەڵکانی ســەر قـەبرانەکـە جـوڵەیان تێکەوتبـوو... هـەریـەک ڕووەو ئاسـتی کۆڵان و مـاڵەکانی خۆیان لەگردەکە دادەبەزین و بەژێر سێـبـەری دیواری ناو کۆڵانـەکاندا دەڕۆیشتن، بازاڕو دووکـانی گوزەری ئاسنگەرەکانی نزیک سـەر قـەبرانەکـە... دەنگی چەکـوش و ئامـێـرەکـانیــان وەک ڕۆژانی تر نـەدەهات و دەرابـەکــانیــان دایابۆوە، بەر دووکــانـەکــان چەوری و جــۆگــەلەی ڕۆنـە ڕەشـەکەکانیـان بواردبوو... سـەری کونج و زێرابەکان سیخناخ بووبوون لەو خــەشــەڵ و ڕۆنە ڕەشــە خــەســتــەی کـەڕۆژانـە دەیانڕشـت. لەخـوار گــوزەری ئاسنگەرەکانـەوە ئیتر ئەو ڕاستە شەقامە دەهاتە بەردەم هەنگاوەکانی مروەت کـەدەیگەیاندەوە سـەر ئەو مـزگـەوتەی... کـە سـەلیـمی چەولم فـرۆشـی باوکی سـەمـەدی هـاوڕێی جـەعفـەری دراوسـێـیانی تێـدا مـرد... کەهەرلەگـەڵ گرتنی ســەمــەددا دوای چـەند ڕۆژێک کــەریم و جـەعـفــەریش گــیـران، منارە بەرز و شـینەکـەی مـزگـەوتەکە جێ پووش و هەواری حـاجی لەقلەقـەکەی بەسـەرەوە مـابوو کـەبەدەم ڕەشـەبای شـارەوە تاڵ تـاڵ دەکەوتن و بادەیبردن... سـاڵانێکی زۆربوو ئەو جۆرە باڵندەیە لەناو شـارو سـەر جۆگەو ئاوەڕۆکانی قەراخ شـاردا نەدەبینران، زۆرکــەس هــەبوون دەیان ووت بـەهـۆی کــوشــتــارو جــەنگەوە ئەو

باڵدارانەش بڕاونـەتەوەو لەترسـی تەقـەو چـەکی دەسـتی سـەربازەکـان ئەوانیش ڕەویان کـردووەو چوونەتەوە بـۆ هینـدسـتـان... لەپێش جـەنگدا ئەو باڵدارانە لەزۆربـوون و زاوزێدا بوون و کـەس جـورئـەتی ڕاوکـردنـی نەدەکـردن... بەلای خەڵکی شـارەوە حاجی لەق لەقەکان زۆر پیـرۆزبوون... تەنانەت مایەی ئارامی و خـۆشـی خـەڵکی بوون... کـاتێک لە کـەشکەلانی ئاسـمـانە شین و بێگەردەکـەی شـارەوە باڵەکانیـان فش دەکردەوەو وەک ڕەنگێکی سـپی سێ پاڵوو لەنگەریان بەباڵەکانیـان دەگرت و قیرەیان لەناو قوڵای ئاسماندا دەکەوتە سـەر سەربان و هـەورەبانی مـاڵەکـان... خـەڵکی دەیان ووت لـەق لەقـەکـان لەحـەج هـاتوونەتەوە... مناڵانیش دەسـتـیـان لەبەر ڕووانیـنی چاویان دەناو بەرز بـەرز دەیان ڕووانی و دەیانووت:

حاجی لەحەج هاتۆتەوە... کەشی لەپشت کردۆتەوە...

بەخێرو خۆشی بێتەوە...

کـۆمـەڵێ لەمـەلاکـوێرەو سـواڵکەر و شـێـتـەکـانی شـار لەبن دیواری مزگەوتەکەدا ڕۆنیشتبوون و هـەریەک دەسـتەسرێکی لەپێش خۆیەوە ڕاخستبوو کەوتبوونە دۆعاکردن بۆ ئەو خەڵکە نوێژکەرانەی کەلەبـەردەمیانەوە تێدەپەڕین و دەچوونە مـزگـەوتەکەوە، مروەت گـەیشـتـە بەردەرواەزەی مـزگەوتەکە... دەسـتی کرد بەگرفـانی سـوخمـەکەیداو چنگێ وورده بەدەسـتیـەوە هـاتن... لەژێر لێوەوە چەند دۆعـاو نزایەکی خـوێندن و هـەر دەسـتـەسـرێک چەند پارەیەکی مـەعدەنی لەسـەر فڕێدەدان... لەگەڵ زرەی کەوتنی پارەکاندا دۆعای مەلاکوێرەو سواڵکەرو هـەژارەکان بەرز دەبوونەوەو دەستیان ڕووەو ئاسمان بۆ بەرز دەکردەوە.

لەخـوار دیوارو گومـەزی مـزگـەوتەکەوە ئـەو ڕیزە دووکـانانە بـەدەردەکەوتن کـەلەمـبـەرو ئەوبـەری شـەقـامـەکەوە مـیوەو سـەوزەکانیـان لـەسـەر سندوقـەکان دانابوون و هـەریەک لەلای خـۆیەوە هـاواری دەکردو نرخی مـیوەو سـەوزەکانیـان بەگوێی خەڵکیـدا ئەدا، خەڵکە کڕیارەکە لەژێر چەتری دووکانەکاندا کیسەکانی دەستیان لەمـیوەو سەوزەکان پڕدەکردن و دەیانخستە سـەر کێشانەی بەردەمی دووکـان دارەکـان، دووکانی قـەسـابـەکانیش لاکەمـەڕو بزنە سـەربڕاوەکـانیـان بەقـولاپەکـانی بەردووکـانەکـانیـانەوە شـۆڕ کردبونەوەو... تەقـەی بەرکـەوتنی

کێردەکانی دەستیان لەسەر تەختەی قیمەکێشەکەی بەردەمیان بەرز دەبۆوە... جارجارەش بەبەریەخە خوێناویەکانیان مێشیان لەدووکانەکانیان دەردەکردو گازی مشتەریەکانیان ئەکرد، عەرەبانە دەستیەکانی حەماڵەکانیش بەڕیز وەستابوون و چاوەڕوانی بانگ کردن و هێمای دەستی ئەوکەسانە بوون تاشتومەکەکانیان بۆ بگوازنەوە، لەپاڵ دەرگای ژێر هەردوو گومەزە قۆقزەکەی حەمامەکەدا کەلەجووت مەمکی گەرمی تازە گیراوی کچان دەچوون... پیرەمێردە شیرفرۆشەکە خەریکی هەڵگرتنی پەرەمێز و قابلەمە فافۆنەکەی بوو... لەکاتێک دا لەولاترەوە لەبەردەم دەرگای ئاشەکەدا دوو ئەسپ قەپاڵیان لەیەکتری دەگرت و کوڕژنیان دەکرد... ڕێبوارەکان لەگەڵ پەلامارданی ئەسپەکاندا بڵاوەیان کردوو چوونە سەر جادەکە... شۆفێری ئۆتۆمبیلەکانیش دەستیان لەسەر هۆڕنی سەر سوکانەکانی بەردەمیان گیردەکردو بەتوڕەییەوە هۆڕنیان لێدەدا... خەڵکەکە هەریەک لەلای خۆیەوە کەوتە جنێودان... هێندەی نەبرد خاوەنی عەرەبانە ئەسپیەکان لە ئاشەکەوە بەجلوبەرگە دڕاو ئاردەویەکانیانەوە هاتنەدەرێ و بەقامچی کەوتنە سەروگوێلاکی ئەسپەکانیان و هەریەک جنێوی بەئەسپەکەی خۆی دەداو لەیەکتریان دوور دەخستنەوە... پینەدۆزەکەش سەری لە کونجە تەنگەبەرەکەی دووکانەکەیەوە دەرهێنابوو قاقا پێدەکەنی و جنێوی بەهەردوو عەرەبانچیەکە ئەدا. مروەت هۆڕنی ئۆتۆمبیلەکان وریایان کردەوەو چووەوە سەرشۆستەکەو بەبەردووکانی فافۆن و مس فرۆشەکەدا تێپەڕ بوو... چەند منالێک لەتورەکەکانی بەردەستیاندا قابلەمە شکاو فافۆنە قوپاوەکانیان دەردەهێناو دەیانخستە سەر کێشانەکەو... دەستیان لەبەردەم ژماردنی یەک بەدوای یەکی پارەکانی کابرای خاوەن دووکاندا ڕادەگرت. ئەو ڕیزە دووکانانە لەڕۆژانی هەینی دا زۆربەی خەڵکی شاری تێدەڕژان بۆکڕینی شتومەکی پێویستی خۆیان ... هەمیشە ئۆتۆمبیلەکان ڕیزیان تیادەبەست و دەنگی هۆڕنەکانیان خەڵکی ڕادەچڵەکاند، مروەت پێش ئەوەی بگاتە کۆتای ڕاستەشەقامەکە لە بەردەرگای ئەو ماڵە کێل فرۆشەوە تێپەڕبوو کەهەمیشە پیرەمێردێکی قەڵەوی سورفل لەسەر کورسیەک لەنێوان ئەو بەردە کێلانەدا دادەنیشت... بەردەکان لەمسەرو ئەوسەری دەرگای

ماڵی پیرەمێردەکەوە هەڵپەسێرابوون و جێ دەمی چەکوش و پاچەکان بەسەر بەردەکانەوە لەبەرتیشکی هەتاوەکەدا دەبریسکانەوە، پیاوە قەڵەوە پیرەکە هێندە بێدەنگ و خەمۆک بوو کەمجار ئاگای لەسڵاوی ڕێبوارانی سەر شەقامەکەش دەبوو... هەرچ کەسێک کەبەو بەردەرگایەدا تێپەڕ دەبوو کەمێک تاس دەیبردەوەو بیری لەمەرگی ئەو کەسە نەناس و نادیارانە دەکردەوە کەچاوەڕوانی چەقین و دانانی ئەو بەردە کێلانەن بۆ سەر گۆڕەکانیان.

فولکەی چوارڕیانەکە ئەو ڕیزەدووکان و گوزەرەی جیادەکردەوەو ئیدی لەوێوە ڕێگایەکیان سەردەکەوت و دەگەیشتەوە بەناوەندی شار... دووڕێگاکەی تریش بەرەو ناو گەڕەکەکان درێژ دەبوونەوەو کۆڵانەو کۆڵان پێچاو پێچ دەڕۆیشتن. مروەت خۆی پەڕاندەوە بۆ ئەوسەری شۆستەکەو بەژێر سێبەری دیوارەکاندا تێپەڕبوو تا دوای چەند پێچێک گەیشتەوە بەر دەرگای ماڵەکەیان و چاوی بە کەللەوشاخی ئەو بەرانە کێویەکەوت کەبەسەر دەرگاکەوە هەڵواسرابوو... بەحاڵ وەک خەونێک مروەت ئەو ڕۆژەی بەبیر دێتەوە کەئەو بەرانە کێویەیان تێدا سەربڕی... دۆستێکی کانەبی ئەو بەرانە کێویەی لەناو ڕەوە کەڵەکێویەکدا گرتبوو بەیەخسیری هێنابوویە شارو دابوویە کانەبی. کاتێک کانەبی بەرانەکێویەکەی پاڵخست و دەست و قاچی بەستەوە... مروەت دەمێک بوو لەتیژکردنی چەقۆی سەر بەردە هەسانەکەی دەستی بووبۆوە، لەگەڵ پیاهێنانی چەقۆکەی دەستی کانەبی بەملی بەرانە کێویەکەدا خوێن فیچقەی کرد... کانەبی قاچی خستبووە سەر ملی و مروەتیش هەردوو قاچە ڕاتەکیوەکانی توند گرتبوون... دەنگی باعەی بەرانەکە لەگەڵ لاتراسکە بەستنی خوێنەکەی ملیدا بەرز دەبوونەوە... بەرانەکە چەندجارێک بەتووندی خۆی ڕاتەکاند و گرێی بەستراوی پەتەکەی قاچی ڕەواندەوە... چەقۆکەی دەستی کانەبی هێندەی نەمابوو مۆخی ناو ئێسقان و کرکراگەی ملی ببڕێت بەرانەکە پەلی شاخە دەرێژەکانی لەئەردەکە توند گیرکردو چەقۆکە لەدەستی کانەبی پەڕی، مروەت و کانەبی هەردووکیان کشانەوە و بەرانەکە دوای چەند تەکانێک هەستایە سەرپێ و بەناو حەوشەکەدا ڕایکرد... ملە بریندار و بڕاوەکەی لەگەڵ تەکاندانی ڕاکردنەکەیدا دەهاتو دەچوو قورس شۆڕ دەبۆوەو

خوێن فیچقەی دەهات، جووت گوونە گەورەکەی لەگەڵ ڕاکردن و کەوتن و هەستانەوەیدا دەیدایەوە بەژێر سکیداو دەنگی پڵتەیەکی لێ بەرز دەبۆوەو چۆڕە چۆڕە میز لەژێر ڕانییەوە دەچۆڕا، مروەت و کانەبی لەترساندا کشانەوەو چوونە بەردەرگەی حەوشەکە... بەرانەکە تاهێزی تیابوو ڕایدەکردو خۆیدەدا بەدیواری ناو حەوشەکەداو خوێن بەهەموولادا پرژەی ئەکرد... بەرانەکە تاهێزو هەناسەی بڕی کرد لەڕاکردن و خۆگەوزان نەئەکەوت... کانەبی لەیەکێک لەو کەوتنانەیدا هەڵمەتی بردەسەری و پەلاماری شاخی بەرانەکەیداو ئەژنۆی لەملی گیرکردو بەهەموو هێزی ملی بەرانەکەی هێنایەوە دواوەو قرتەیەکی لە ئێسکی ملە نیوەبڕاوەکەیەوە هەستاند... مروەت زوو چەقۆکەی فریای کانەبی خست... سکی بەرانەکە لەپەسا بەرزو نزم دەبۆوەو سیخەی بۆریە بڕاوەکەی هەناسەی دەهات... کانەبی نووکی چەقۆکەی لەگرێی ئێسقانی ملی چەقاندو بەهەموو هێزی لەجێ ترازاو نێوەندی ئێسقانەکەی دەساوا تابەتەواوەتی ملی لێکردەوەو... دەستی دایە شاخی بەرانەکەو دوور فڕێیدایە ژێر دارتووەکە... دەمارە گەرم و گرژبۆکانی ڕان و دەستی بەرانەکە دەجولانەوەو پلیان دەدا... مروەت و کانەبی سیمایان زەردهەڵگەڕابوون و هەناسەبڕکێ هەنەدەفیان بوو.

دوای ئەوە هەردووکیان هەستیان بە گوناهێکی گەورەو دڵڕەقی و بێ ڕەحمی خۆیان ئەکرد... هەربۆیە لەسەر داوای هەردووکیان پێستی دەموچاوی بەرانەکەیان بەقەڵەمبڕێکی تیژ گرواو... چاوەکانی وگۆشتی شەویلاگەو مۆخەکەیان دەرهێناو خستیانە ناو مەنجەڵێکی گەورەی ئاوی کولاتووەوە تاچی گۆشت و چەق و ماسوولکەی هەبوون کولان و ڕزین... ئەوسا پاکیان کردەوەو بەبزمارێکی گەورەی ژەنگاویەوە بەسەر دەرگای ماڵەکەیان دا هەڵیان واسی... لەو ڕۆژەوە هەرچ کەسێک پرسیاری سەروکەللەی ئەو بەرانە کێویەی لێبکردنایە ئەم بەسەرهاتەیان بۆ دەگێڕایەوەو هەستێک لەبەزەیی و گوناهباری دایدەگرتن و لەشەرماندا لێوی خۆیان دەگەست.

خاجیان و مینا لەسەر دۆشەکەڵەکانی ژێر سێبەری دارتوەکەدا دانیشتبوون و سەرقاڵی دروستکردنی بووکەپەڕۆینەکانیان بوون، مروەت بێ

ئاوڕدانەوە لەکەسیان بەشڵەژاویەوە خۆیکرد بەژووورداو بەرەو ژوورەکە ڕۆیشت و دەرگاکەی لەسەرخۆی پێوەدا.

ـــ ئەوە... بۆ، بۆ دایکم قسەمان لەگەڵ ناکات ها... بۆ...؟ مینا بەخاجیانی ئەووت.

ـــ دایکت کەمێک ناساخە کچم. خاجیان وەڵامی مینای دایەوە.

لەو ڕۆژەوەی مروەت گەڕابۆوە لەفەرمانگەکە، خاجیان بیری لای ئەو پەڕۆ خوێناوی و لوول کراوانەی ناو حەمامەکەبوو کەڕۆژی دوای گەڕانەوەی مروەت لەکونجێکی حەمامەکەدا بینی بوونی...هەرلەگەڵ بینینی پەڕۆ خوێناویەکاندا ترسێک لەناخەوە خاجیانی ڕاچڵەکاندو هەزارەها ختورە بەدڵیدا هاتن و چوون، بەخۆی نەبوو خاجیان نەیدەتوانی لەو بارەیەوە بڕوات پرسیار لە مروەت بکات، ئەگەر چی هەرلەگەڵ گەڕانەوەی مروەت دا کەس تەنها پەیڤێکی لەدەمی مروەت نەبیستبوو... خاجیان نەیدەتوانی لەنهێنی پەڕۆ خوێناویەکان بگات و نەشی دەتوانی باوەڕبەخۆی بکات کەئەم پەڕۆ خوێناویانە پەڕۆی مروەتن... شەرمێک هەموو سیمای سور هەڵدەگەڕاند... تەنانەت شەرمی دەکرد لەقوڵایەکانی چاوی مروەت بڕوانێت و پرسیاری لێبکات... تەنها هەوڵێکی ئەو و حەسەنی مێردی ئەوەبوو مروەت بخەنە سەر قسەو بەسەرهاتی سەردانی فەرمانگەکەو هەواڵی جەعفەری لێپرسن.

مروەت لەچاو داخستنەکانی خاجیان و شەرم و تەریق بوونەوەکەی دەگەیشت... لەدڵی خۆیدا دەیووت:

ـــ دەڵێم بپرسە خەجێ... هۆی چی یە وابێدەنگیت! دەپرسیارم لێبکە... خۆ تۆ تەنها کەس و هاوڕێی خەم و تەمەنی منیت... بۆ شەرم دەتگرێت ئەو پرسیارە لەمن بکەیت، خۆمن بۆتۆ هەموو کەسم... پێم بڵێ ئەو خوێنە چی یە بێشەرمانە لێتدەڕژێت... پرسیاری ئەوەم لێبکە بامنیش پێش ئەوەی تۆو مینا بەیەکجاری جێبهێڵم هەموو شتێکت بۆ بگێڕمەوە، نامەوێت گرێکان بەئاڵۆسکاوی بمێننەوەو هەروا جێیانبێڵم... بەڵام زاتی ئەوەشم نی یە یەکەوڕاست هەموو شتێکت لەلابدرکێنم... ئەترسم باوەڕم پێنەکەیت ئەوسا هەرخۆم دەبمە خاوەنی هەموو گوناهەکان... تۆ وەک خەڵکی بێ ڕەحم مەبە

خەجێ... وەرە گوێم لێبگرە بابەسەر یەکتریدا تێربگرین، دەوەرە خەجێ تۆکوا هێندە بێ ڕەحم بوویت، تۆیەک ڕەحم بە مینایەکی شێت و بووکەپەڕۆینەکانی دەکەیت و خەونەکانتان بۆ یەکتری دەگێڕنەوەو فرمێسک بۆ کۆش ساردی و بێ منالّی خۆت هەڵدەڕێژیت... وەرە گوێ لەمناڵدارێکی وەک من بگرە... ئەوەی بەسەر منیان هێنا دنیا دنیایە بەسەر جولەکەیەکی وەک تۆ نەهاتووە، کچێ ئاگر بەربۆتە هەناوم و هەر ڕۆژەی پارچەیەکم دەبێتە ڕەژوو، تۆ بۆ شەرم لەمن دەکەیت و چاوەکانتم لێدەنوقێنیت... پەشیمان دەبیەوە بەلاّم تائەو ڕۆژەی کەتۆش دەمری ئەم گڕێ کوێرانەت بۆ نارەونەوەو دڵت یەکپارچە دەبێتە کەسەر و فوغانی ئەم تەلیسمی بێدەنگیەی من، منی خۆشی نەدیوو جەرگ سوتاو... خەجێ دەوەرە ئەم شەرمەی خۆت و من بشکێنەو لەم میحنەتەم دەربازکەو خۆت سەرفرازکە... چ دایکێک هەیە وەک من دۆعای نەدیتنەوەی جەرگی خۆی بکات... ئای لەپێناوی ژیاندا چ نامەردیەکی گەورەیە دایکێکی وەک من ئەو دۆعایانە بکات... چ گوناهێکی گەورەو چ ترسنۆکیەکە، خەجێ دەوەرە... خۆتۆ هەر خاجیانەکەی جارانیت و دڵت بۆ تەیروتیوری ئاسمان دەسوتێ... دڵت بۆ مینا دەسوتێ... بۆ زەڕنەقوتەی گلاوی ژێر گوێسوانان دەگریت. ئێستا بۆ لەبەردەمی بێ دەسەلاّتی مندا هێندە دڵ ڕەق و ترسنۆکیت، دەوەرە ئەم دەرگایە بەرە بەرشەق و دەست بەرەباڵم و لێم بپرسە ئەو خوێنە دلیق و ڕەشە چی یە لێت دەڕژێت؟... بۆ ناپرسیت لەبێدەنگی و بێزمانیم... بۆ لەدەمی پەلاّس و زمانی ووشکم وورد نابیتەوە... تۆ کەی هێندە بەڕەنگ زەردی و بێدەنگی منت بینیوە! دەلەژێر سێبەری ئەو دارتووە زڕەدا هەستەو دەرزی و دەزووەکە بەرەدەست میناو وەرە بۆلام... ئەم بێ ڕەحمیەت تاکەی، خۆ تۆ گیان دەکەیت بەبەری ئەو پەڕۆ کۆن و دڕاوانەداو دەیانکەیتە بووک و خۆت و مینا بەدەمیانەوە پێدەکەنن و دەتریقێنەوە... شەو تائێوارە قسەیان لەگەڵ دەکەن و ڕازی دڵتانیان لادەدرکێنن... وەرەلای منیش وابزانە بووکەپەڕۆینەیەکی بێزمانم... جلەدڕاو پەڕۆکۆنی کونجی دۆلاّبەکانتم... وەرەپێم بڵێ بووکە بێ شەرمەکە... پەڕۆ خوێناوی و پیسەکە ئەم بۆسارده چی یە لێتدێ؟ دەوەرە خەجێ... خاجە جوو وەرە... خاجیانی موسوڵمان وەرە... هەی بێ دین وەرە،

خـۆمن و تـۆ جـووته خـوشکی ئـەم کـوچەو کـۆڵانه لانـەوازانەین، بزانـه من چ دایکێکی ترسنۆک و بێ ڕەحمم... من دۆعـادەکـەم جـەعفـەر نەبینمـەوە... چاوانم بڕژێن و بتکێنه ژێر پێم و کوڕە تاقانەکەم نەبینمـەوە... ئەو دووچاوە ڕەنگاڵانه نەبینمــەوە کـەتێـیــان دەڕوانیم و بـەچەشنـی سـوژن دەچەقـینـه جـەرگـم، ئەو کافرانه بەس لەپێناوی ئەوەی جـەعفەر بخـەنه سـەر سـەودای قسـەکردن چیـان بەسـەر هێنام... خـۆتۆش خـەجێ بەدەردی ئەوانم بەسـەر دێنی بۆ ئەوەی خـۆم قـســەت بۆ بکەم و هەمــوو شـتــێکت بـۆ بگێــڕمــەوە... ئای لەبـنیــادەم چـەند قیرسـچمەو کـەللەڕەقە... چەندە بێ وەفاو بێ دیین و بێ ویژدانە... بەڵام لەهەموو دنیادا... بەڵام لەخواو هەزارو یەک پێغەمبەرەکاندا... بەڵام لەهەموو پیاو چاک و شـێخ و مـشـایەخ دا... بـێ گـوناهێکی وەک من لەپاداشـتی چیـدا واڕیسـواو گوناهبـار بـووم... تەلیسـمێک تروسکەی ڕەحـمێک بەدڵی ئەو کافـربابانەدا بۆ نەهات؟ خـودایە خـۆتۆ خـوای هەمـووان بوویت... خـوای بەردو دارو درەخت و باڵدار و شـەیتـان و ئادەم بوویت... خوای خاجیان و میناو بووکەپەڕۆینەکانیت، بۆچی واگیـان گەشت و بـێ دیـینم دەکـەیت؟ ڕەحـمی تۆ کوانـێ... سـوکنایی تۆ کوانێ؟ بۆمنت کردە خاوەنی ئەم گوناهانەی کەبێبەریم لێیان... کچێ خەجێ تۆ لەجێی هەموو کەسێکیت بۆمن... تۆ بەهۆی منەوە لەم کونجی دەوران دەورانەی ئەردا... لەم وڵاتی شـەڕو شۆڕو خـوێنەدا گیرسـایتـەوە، دەهـەسـتـە دەی... دەوەرە دەسـتـەکانت ڕائەمووسم، بـەسەر پێڵاوەکانتـا ئەکەوم و خـۆڵی ژێر نەعلەکانت ئەلێسمەوە... وەرەو ئاوێ بەم ئاگرەی دەرونمابکەو ببەرە فریادڕەسم.

مروەت فرمێسک بەپلوسک لەچاوەکانیەوە دەبارین و لەئازاردا دەیناڵاند.

خاجیان لەژێر سـێبـەری دارتووەکەدا تەقەڵی لـه بووکەپەڕۆینەکانی دەستی دەداو دەرونی وەک سـاوەر دەکوڵاو جـۆشـی دەسـەند... هـەردووک پەنجە گـەورەی و پەنجـــەی شـــایەتمانـی  هێـند نـوکــە دەرزی پیــاکـــردبوون گل و ئازاراوی بووبـوون... چاوەکـانـی لەودیـوو توێژاڵێـک فـرمـێـسکەوە لێڵ و بـێـڕەنـگ دەیان نوواند، لەدڵی خۆیدا لەمروەت دەپاڕایەوە.

ـــ مـروەت ئەو دەرگـایە بۆواز ناکەیت و خـڕلەسـەر خۆتـت پێوەداوە... خـۆمن هەر خـەجـاوە دڵسـۆزو وەفـادارەکەی تۆم... بـۆ شـەرم دەتگرێ و قسـەناکـەیت...

دەرگای دڵت بۆ ناخەیتە سەرپشت و هەموو شتێکم بۆ بگێڕیتەوە؟... ئەمن لەئێش و ئازارت دەزانم... دەزانم ژانت چەند قورس و گران و بەسوێیە... چاوانت دەخوێنمەوە و دەزانم چی لەسەر زارانتە و چی بەدڵتا ڕادەگوزەرێ، بۆ هێندە بێ دەنگ و مەینەتباری؟ ئەو دەرگایە بخەرە سەرپشت و بانگم کە لای خۆت... شەرتبێت پێش ئەوەی قسەبکەیت من بتگرمە ئامێزو لەباوەشتنێم، شەرم دەمگرێت پرسیاری ئەو پەرۆخوێناویانەت لێبکەم... بەخۆم نییەو دەترسم بەو پرسیارەم ئەو ئاسمانی محبەتەمان ڕەش و قێزەون بێ و وەک شوشە هاڕەبکات بەسەرمدا... دەقسەبکە مروەت... بۆ لەودیوو ئەو دەرگایەوە لارەمل و کزو بێدەنگ دانیشتوویت... لەمن زیاتر تۆ کێ شک دەبەیت... کێ هێندەی من خەم هەڵگری تۆیە... خۆ تۆ دڵێکت هەیە لە ئاڵتوون لەدەستت بهاتایە دەرت دەهێناو دەتبەخشیەوە... ئای کەچەندە میهرەبانی مروەت... کەساس و لانەوازیت مروەت، خۆ تۆ ڕەحمت بەبێ لانەیەکی وەک من کرد... ڕەحمت بەجوویەکی بێ دەسەلات و نەویستە و بێ ئەردو ئاوکرد... من هەر خاجیانەکەی جاران و خەجێکەی ئێستام... لەبەردڵت گران بوو بەخەجێ ناوم بێنی... چەند لەسەر زمانت شیرینە کەدەڵێی خاجیانی خوشکم... خاجیانی پەڕەوازەو بێ براو بێ باوک... بێ قەوم و قیلە، بۆ دڵت پەڕە پەڕە پەڕە ناکەیتەوە بۆم و تیمارت کەم... دەزانم ئەو باوک سەگانە چیان بەسەر هێناویت... خۆ مینا ئەو ئێوارەیە لەدڵی چەسپی بوو... دەڵێن قسە لەمناڵ یان لەشێت... مەگەر من بزانم مینا چ فریشتەیەکەو خوا بۆدڵنەوای من مینای هێناوەتە دنیاوە... مینا هەر زوو ووتی دایکم دەبەن بەبووکی، هێندەی ئەو خوێنەی لەتۆ ڕژاوە بەو هێندەیەش لەچاوەکانی من... دەکچێ وەرە بانگم کەو بڵێ وەرە خاجیان... خەجاوەکەی خۆم... خوشکە دڵسۆزەکەم بزانە چیان بەسەر هێناوم... دەزانم ئێستا ئاگر بەربۆتە هەناوت و چاوانت گل بوون لەحەسرەت و فوغاندا، مروەت هەر تۆ بوویت لەژێر دەست و زەبری موسڵمانان دەرت هێنام... لەژێر خرکە بەردی دەستی منداڵان... لەبەر شاڵاوی جنێوی ئەم موسڵمانە خوا نەناسانە قوتارتکردم کە هەرچی جوو بوو لەم شارەدا هەر بەبەرد ڕاویان نان و شاربەدەریان کردن... ئاسەواری گەڕەک و دێر و بازاڕیان تێکداین و چی زەوی

و ئاوو دێهاتمانم هەبوو داگیریان کرد… لەو جێیانەدا مزگەوتیان دروست کرد… ماڵی خوایان دروست کرد بۆوەی گلاوی ئاسەواری ئێمەی پێ دەرکەن. کچێ مروەت… خۆمنیش ئێستا موسڵمانم و لەئێوەم… هەردووک یەک خوامان هەیە… خۆ من و تۆ گیانمان بەسەری یەکتریەوە بوو… بۆ وا شەرمندەو بێ زمانیت لەبەردەم جویەکی ترسنۆکی وەک مندا… دەقسانم بۆ بکە بزانم چیان لێکردیت… کوڕە تاقانەکەت چی بەسەر هاتووە… خۆ تۆ تەعزێی ئەم شارە نەما نەچیت و تێیدا سەرت لەقوڕنەگریت… ئەو هەموو کرۆژکە جوانانەی ملیان بەپەتی قەنارە شین و مۆر هەڵگەڕابوون خۆت لەدەوریان دەگێڕاو وەک دایکێک دەتلاواندنەوە… ئێستا بۆ وا بێزمان و لاڵ بوویت… دەوەرە ئەو دەرگایە بخەرە سەرپشت و بانگم کە… هێندە دڵم لاتە چاوم لەدەرزی و دەزوەکانی دەستم نی یە… پەنجەم هەمووی جێ گازی ئەم نووکە دەرزیانەن، دەوەرە قسان بکەو پێ لەدڵی خۆت بنێ و هەموو ئەم نهێنیانە هەڵڕێژە تا بەبرژانگەکانی چاوم جێ برینەکانت تیمارکەم… من بەهۆی میناوە… بەهۆی ئەم بووکەپەڕۆیانەوە هەست بەکۆش ساردی خۆم ناکەم… تۆ لەجێی هەموو کەسی منیت… لەم دنیا بێ سفەت و ساردەدا تەنها ئامێزی گەرمی تۆ شک ئەبەم… تۆش بێ ڕەحم دەرچوویت و بەوچاوەی جاران تێمناڕوانیت… خودایە ئەو دارعاسایەی موسا پێغەمبەر بۆ… بۆ تەنها ڕۆژێک نادەیتە دەست من تاهەموو کۆڵی و خوارو خێچی ئەم دنیایە هەیە پێی ڕاست بکەمەوە… دڵی چی دڕندەیە بیکەمە ئاڵتوون و ئەم دنیایە گوڵباران کەم و فرمێسکی چاوان ووشک کەمەوە… تۆ بۆ هێندە دڵ ڕەق و خەم ساردیت لەگەڵ ئەم ئادەمیانەی خۆتدا… ئەم بەشکردنە ناڕێکانە بۆ وابەسەر بەندەکانی خۆتدا دابەش دەکەیت… ئەم تاقی کردنەوانە تاکەی؟… تاکەی بەدڵ ڕەقی و نەفامی ئادەمیەکانی خۆت نازانیت! خۆ تۆ بەشدەرو خاوەنی هەمووانیت، ئاقیبەتی منت بۆ والێکرد؟ مروەت و مینات بۆ وازەلیل و داماو کرد؟ بۆ جورئەت ناخەیتە بەر مروەت و زمان لەدەمیا ناگەڕێنیت و… ئەم ئازارانە بێ تیمار جێ دێڵی و هەموومان گوناهبار دەکەی. دڵم واشەقی بردو لەکەوڵی خۆم وا دێمە دەرێ… دەقسەبکە مروەت… بۆ لەبەردەم ترسنۆکێکی وەک مندا داماوویت… دەترسم بەپرسیار کردنی من ئەو دیوارە بڕوخێنم

کەلەسایەی تۆدا پشتم پێوەدابوو... دەترسم مروەت دەترسم... منی جوو دەترسم... منی تاقە باڵ و پەڕەندە دەترسم سەیری چاوەکانت بکەم، بیکە بەخاتری ئەو جامەدانە خوێناویەی کانەبی... بەخاتری میناو ئەو بووکەپەڕۆیانە قسەبکە... لەو ڕۆژەوەی سەمەدی سەلیمی چەولم فرۆش گیرا... دواتر کەریم و جەعفەر بەدوایدا گیران من سرەوتم لەبەر براون... ئاقیبەتیان وەک ڕۆژی ڕوون دیارە... وەک ئەم گورزە تیشکانەی ژێر سێبەری ئەم دار تووە دیار و ڕوونە، ئەوانیش وەک کوڕانی ئەم شارە بەملی شین هەڵگەڕاوەوە دێنەوە بەر قاپی و لەژێر دار ئەرخەوانێکی سەرقەبرانەکاندا ڕادەکشێن... دەزانم لەچی دەترسیت و دڵت قوڵپە قوڵپ دەکولێ... سەرباری ئەوانەش داخی ئەو پەڕۆ خوێناویانە... داخی ئەم چاڵی برینانەی کەتێیان کردوویت، دەقسەبکە مروەت... مەردی خوادابە مروەت... دەوەرە پێمبڵێ و قەفی ئەم ماری گوناهباریەش لەمنی من بکەرەوە و خۆت ڕووسورکە، بۆ قسەناکەیت بۆ... بۆ مروەت؟

ــ دایکم لە ژوورەوە... چی... ئەکات... ها، چی؟ مینا بەخاجیان دەڵێ.

خاجیان تائەوکاتە دەستی بەدەرزی و دەزوەکەوە شل بووبوون، لەگەڵ پرسیارەکەی میناد‌ا کەمێک ڕاچڵەکی و دوای هەندێک بیرکردنەوە لە قسەکانی مینا ووتی:

ــ دایکت ناساغە میناگیان، ڕەنگە لەژوورەوە خەوتبێت، ئا...

لەبەر سێبەری هەیوانی بەرژوورەکەی مروەتدا دوو کۆترە شینکە نیشتبوونەوە، هەردووکیان بەدەنووک پەڕی باڵ و سنگ و پشتی خۆیان هەڵدەستاند، کۆترە شینکە نێرەکە کەبەقەبارە لە کۆترە مێکە گەورەتر بوو... دەنووکی لەدەنووکی کۆترە مێکە گیردەکردو هەردووک بەجووتە دەیان گماندو بەسەریەکتریدا دەرشانەوە، پەڕی کلکی کۆترە نێرەکە بەرزو فش بووبوونەوەو مێکەش پەڕەکانی کلکی جووت کردبوون و لەئەردەکە دەیخشاندن... نێرەکە دەیگماندو بەدەوری مێیەکەدا دەسوڕایەوە، پەڕە سپی و گەندەمووەکانی ژێر باڵ و سنگی دوو کۆترەشینکەکە بەدەردەکەوتن و دەنووکیان لەیەکتری گیردەکردو دەنگی گمە گمیان تادەهات بەرزتر دەبۆوە، مێیەکە بەدەم گمەوە سنگ و سکی بەئەردەکەوە دەنووساندو پەڕە نەرم و شینەکانی خوار پشت و

سەرکلکی بەرز دەکردنەوەو فسی دەدایەوە... کۆترە نێرەکەش بەربینی پڕ دەبوون لەفوو دەیگماندو بەدەوری خۆیدا دەخولایەوە، لەدواپێچی دەورانەکانیدا نێرەکە بازێکیداو شەقەیەکی لەباڵەکانی هەستاندو خۆی هەڵدایە سەر پشتی کۆترە مێیەکە، سەر پشتی هەردوو باڵی کۆترە نێرەکە جووت دەبوونەوەو لەگەڵ بەریەک کەوتنیان دا شەقەیان دەهات... کۆترە مێیەکە لەسەر سنگ وورده وورده دەچووە پێشێ... باڵەکانی نێرەکەش تادەهات دەنگی بەریەک کەوتن و شەقەیان بەرزتر و خێراتر دەبوون و... دەنووکی لە پەڕە ووردەکانی سەر ملی مێیەکە گیردەکردو گمەیەکی تاساو لەدرزی دەنوکیەوە دەهاتە دەرێ، باڵەکانی کەوتبونە شەقە شەقێکی خێراو دوای کەمێک کۆترە مێیەکە لەژێر نێرەکەوە خۆی ڕاپسکان و هاتەدەرێ، هەردوو کۆترەکە وورده وورده پەڕە فش و هەستاوەکانیان نیشتنەوەو دوور لەیەکتری دەیانگماند، کۆترە نێرەکە بەرەو ڕووی مێیەکە دەچوو... مێیەکەش بەسنگە دەرپەڕیوو ملە قوچەکەیەوە ڕێگای لێ دەگرت و دەبووە بەربەست بۆی، دوای هەندێ گمەی تر کۆترە مێیە کە پێش کۆترە نێرەکە باڵەکانی کردنەوەو هەڵ فڕی... نێرەکەش ملی وەپێشخست و بەدووی ئەودا بەسەر دارتوەکەدا لەشەقەی باڵیاندا و فڕین.

خاجیان دووای تێر نیگا کردنی جووتە کۆترەکە دەرزی و دەزوەکەی دەستی لەناو قوتوەکەی بەردەمیدا داناو... بووکەپەڕۆینەکەی دایە دەستی مێناو بەبێ دەنگی بەرەو هەیوانەکە چوو، لەبەر دەرگای ژوورەکەدا بۆ چەند چرکەیەک دۆڕ داماو دوو دڵیەک تێکەڵ لەترس و دڵەڕاوکێ هەنگاوەکانیان خاو کردەوە، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشاو هەردووچاوی نوقاندن و دەرگاکەی کردەوە.

کەچووە ژوورێ لەنێوو سێبەرو تاریکی ژوورەکەدا مروەتی بینی لەسەرپشت ڕاکشابوو چاوەکانی کردبوونەوە... لەخوار دامێنی کراسە شۆڕەکەی مروەتەوە جۆگەلەی خوێنێکی مەیوو درێژ بووبوەوە بۆ بەر دەرگاکە.

مینا لەژێر سێبەری دارتوەکەدا خەریکی پێوە لکاندنی دوو زەنگیانەی شین بوو بۆ  چاوی ئەو بووکەپەڕۆینەی کەخاجیان دابوویەدەستی، زەردەیەکی

خـۆشـی لەســەر لێـوەکـانی مـینا باربـووبوون و جـارناجـارێ بووکـەکـەی ڕادەوەشاند و وورتە وورتێک لەژێر لێوەکانیەوە دەهاتن... خاخیان لەژوورەکەوە قیژەیەکی لێوەهەستاو بووکەکە لەدەستی مینا کەوتە خوارێ.

بۆ ڕۆژی دووای چاڵێکیان لەپەڵ جێ گۆڕە کوێرو تەختەکەی کانەبیدا هەڵکەندو مروەتیان ناشت.

## کۆتایی بورجەکان

ــ سەمەد و کەریم لەمردن دەترسن، ئەمێستا من لەژیان... لە ژیان دەترسم!

هەمیشە جەعفەر ئەم قسەیەی بەدەم خۆوە دەووتەوە، هەستی دەکرد پەنجە نادیارەکانی دەستە قرتاوەکەی لەگەردنی گیربوون و دەیخنکێنن، لەدواهەمین ڕۆژەکانی خەستەخانەدا لە لێوارەکانی شێتبووندا پیاسەی دەکرد... لەنێوان دووریانی ئەو دوو دنیایەدا مۆڵەقمابوو... دنیای شێتی دەبینی سپی وەک چۆڕی شیرەوابوو... قووڵ و بێ بن... هەموو شتێک سپی بوو بەپێچەوانەی ژێری و دنیای ئاسایی کەهەموو شتێک ڕەشی دەکردەوە، ڕەنگێکی سپی شیرتین و ئارام... ئارام و ئازاد و لە سەرخۆ.

ئەو بەیانیەی سەری لەسەر بالیفی خەستەخانەکە بوو تەنها نووکی پەنجەکانی قاچی لەسەر ئەو قەراغە باریکە دانابوون... دەیویست وەک باڵدارێک باڵەکانی ڕووەو ئەو خۆرە سپی و ڕووناکە بکاتەوەو خۆی فڕێداتە خوارێ بۆ ئەو دنیا نادیارەی کەیاساکانی لۆژیک و حیکمەت هیچ بەهایەکیان نەبوو تێیدا... هەموو شتێک سپی و شیرتین و ئازادبوون... دووربوون لەبەرجەستە بوونی یاساکانی زەوی، بەڵام ترسێک لەقوڵای دەرونیەوە... دەستێک دوور دوور دەهات و بەرەودواوە ڕایدەکێشایەوە دەیخستەوە ناو ئەو ڕەشاییە ساردو سڕانەی بوونەوە، هەستی دەکرد لەناو ئەو قووڵاییە سپیەدا ئازار مانایەکی تری هەیە... دنیاش جۆرێکە زۆر جیاوازتر لەوەی کەهەیەو زیندەگی تێدا دەکات... پێکەنینێکی گەرم... قاقایەکی بێ بڕانەوە... ئازادییەکی سەرمەدی لەو دنیا سپیە هەڵدەستا، ئەو دنیا بەرزو تاریکەی سەرەوەش بەچەشنی نانێکی ڕەشی بەجێماوی دیواری تەنوورێک کەئاگر تێیدا نێڵە نێڵ بکات وادەهاتە بەرچاوی، چاوەکانی دەکردنەوەو هەموو گەردە سپیەکانی ئەو

دنیایە بانگیان دەکرد... گەردە سپییەکان بەر رووی دەکەوتن و بۆخۆی خەنی دەبوو... بەڵام لەگەڵ چاولێک نان و داخستنی پێڵوەکانیدا هەمووبوون ڕەش دەچۆوە.

لەدنیای شێتیدا هەموو شتێک سپییە... سپی... سپی... سپی، لەو دنیایەی تریشدا داوەکان ڕەشن... قەفەزەکان... هەناسەدان ڕەشە... ڕەش... ڕەش، لە دنیای شێت بوونیشدا خۆر هەڵاتن سپی یە... خۆر ئاوابوون سپی یە... شەو سپی یە، لەو دنیایەی دیشدا خۆر هەڵاتن ژەنگاوی یە... خۆر ئاوابوون ژەهراوی یە... شەو ڕەشە تاریک و ترسناک و بێداڵدەیە.

جەعفەر سەری خۆی بەتوندی ڕادەوەشاند... ترسێک... ترسێک لەنەگەڕانەوە نەیدەهێشت خۆی هەڵداتە ناو ئەو دنیا نەرم و سپی یەوە کەوەک ڕژانی پەموو لەخوارەوە سپی دەکردەوە، دەبێت ئەم دنیایەی ئێستا لەوێوە چۆن ببینرێت، لەوێشەوە پێکەنین... گاڵتەپێ کردن... قاقای بێ مانا و بێ مەبەست بەرز دەبێتەوە، ئەوەی تائێستا نەیهێشتووە ئەم دوو دنیایە لەیەک بگەن ئەم پێکەنینانەن... ئەم جیاوازی ڕەنگانەن، ئەوەی ئازادانەش دەچێتە ناو هەردوو ئەم دنیایەوەو دەشگەڕێتەوە ئەوانەن کەمەرایی بۆ خۆناساندی خۆیان دەکەن لای هەردوولا لەدنیایەکی زۆر جیاوازتر لەو دوو دنیایەدا دەژین.

ــ جەعفەر خۆت فڕێدەو ئاوڕمەدەرەوە... هەموو شتەکان بێمانان، ماناکان و نرخەکان بەدەست خۆتە چۆنیان دادەنێیت خۆت ئازادی... بڕۆ مەگەڕێرەوە بڕۆ... بڕۆو ئاوڕمەدەرەوە، فریوو مەخۆ بەبریقەی بێ مانایییەکان.

جەعفەر هەستی بەجووڵەو شڵەقاندنی مێشکی دەکرد، نەیدەتوانی باوەڕ بەهیچ شتێک بێنێ... لەو دووڕیانەدا مۆڵەق و عاسی بووبوو.

کاتێ هەموو ئەم یادوەریانە بەبیری جەعفەردا ڕادەبووران... خۆی بەلاوازترین بوونەوەر دەهاتە بەرچاو... بوونەوەرێکی دۆڕاو و خەساو بێکەڵک... هەڵماڵراو لەهەموو بەهایەکی جوانی ئادەمیانە.

ــ گەر خۆم فڕێ بدایەتە ئەو دنیایەوە ئێستا ژیان بەچەشنێکی تر دەگەڕا... تێگەیشتن لەماناکان بەچەشنێکی تربوون.

جـەعـفـەر ئەوەی ووت و چاوێکی بـەژوورەکـەدا گـێڕا و تـارمـایەکـەی دایکی هاتەوە بەرنیگای.

ــ کوڕم ئەوە هاتویتەتەوە، سەرچاوان و دیدەی دایە هاتیەوە کوڕم.

بریسکەی ئازارێک لە جێ برینی قۆڵە قرتاوەکەیەوە دەهات و ژان دەیگرت، لەتاو ئازار تارمایەکەی دایکی لەچاو وون دەبوو.

ژوورەکـەی مـروەت و جـەعفـەر هـەروەک جـاران وابوون، نوێن و پـێخـەفـەکان لەسـەریـەک لەسـەر دۆڵابەکە دانـرابوون و پۆپەشمینـە هـەمـەڕەنگ و سـووربـاوەکە بەســەر نوێنـەکـانـدا درابوون، ژوورەکـە بـۆنی دایکی لـێـدەهـات، بۆنی خــەنەی دووپرچە درێـژو قـەفکـردوەکـانی ســەرسنگە ئـارەقـاویەکـەی لێـدەهـات... بۆنی ملوانکە مێـخـەکەکەی ملی... لەو پۆپەشـمـینە ڕەنگاڵە هەڵدەسـتـا کـەبەچەشنی خـۆر ئاوابـوون بەدەم هـەمـوو تێـڕوانینێکەوە ڕەنگێکی تۆخی دەکـەوتە بەرچاوو زنجیرەی پچڕاوی خەیاڵ لەناو تەختی ڕەنگە سورەکەی دا وون دەبوو.

ژوورەکــەی مــیـنـاش هـەروەک جـاران بـووکــەپـەڕۆیـنـەکــان بەبزمـــارەکـانی هـەرچوارلای دیـوارەکـەدا هـەڵواسـرابوون و وەک خـۆیان مـابوونەوە... جگە لەو چوار بووکــەپـەڕۆینـەی تر کـەلەمــاوەی زیندان بـوونی جـەعـفـەردا بـەیارمــەتی خاجیان دروسـتی کردبوون، ئەو بووکەپەڕۆینەی کەبەرامبەر بـووکەکەی کانەبی هەڵواسـرابوو... پارچـە عـەبـایـەکی بەسـەرەوە بوو ئەوەیان مـروەتی دایـکی بوو، بووکـە دەست قـرتاوەکـەی تریش کـەلەگـەڵ هەردوو بووکەپەڕۆینەکانی کـەریم و سەمەد دا هەڵواسرابوون جەعفەر بوو بەدەستێکی قرتاوەوە دانرابوو.

جـەعفـەر بەدەم ئازاری قـۆڵە بڕاوەکـەیەوە یـەکێک لەتاکـەکـانی دۆڵابی ژێر نوێنەکانی کردەوە، پارچە ڕۆژنامە و کتێبەکان هەموو لەجێی خۆیان بوون.

ــ کـوڕم هـەموو ڕۆژێ ئەم تاکی دۆڵابـەم دەکردەوەو تێـر بەسەریا دەگریام... دەگـریام و ژیر نەدەبوومــەوە تا دواچـۆڕی فـرمـێـسک لەچاوەکـانمـا ووشک دەبوون. تارمایەکەی دایکی لەپشتیەوە وەستابوو.

سـوچی زەرفی نامـەیەک لەناو پەڕەی یەکێک لەکتێبـەکاندا هاتبـووەدەرێ، جـەعـفـەر لەگـەڵ بینینی ڕەنگی زەرفی نامـەکـەدا سـیـمـای ســەمـەد دەهاتە بەرچاوی، بـەڵام جـەعـفـەر فـریای بـەدەست خـسـتنی ئەم نامـەیە نـەکـەوتبـوو

تابیگەیەنێتـە دەسـتی سـەمەد... ئەو ڕاپێـچان و گـرتنە ناوادەیەی بەسـەردا هاتبوو کەهەموو ڕووداوەکانی گۆڕی و چارەنوسیانی لێکجیاکردنەوە.

**نامەیەک..**

**بۆ ×× سەمەد ××**
خـەمێکی گەورە لـەماڵەوە پەلکێشی کردم و هێنامیـەدەرێ، پەپولە پایزییـەکان دەفـڕین و بڵاودەبوونەوە، هـەندێکیـان دەهاتنە بەردەمم و منیش فـووم لێدەکـردن و بەرز دەفــڕین، چەند کـاژێرێک بوو تاوەبـارانەکـە ژێـر بووبۆوەو هـەورەکـان لەچاوسـڕینی ئاسـماندا تەڕو ڕەش بووبوون، شـۆسـتـەی سـەر شەقامـەکە گۆلە ئاوەکـانی تێـدا وەسـتـابوون و بووبـوونە ئاوێنەی بـاڵانومـای لقـی شـۆڕراوەی درەخـتـەکـان، دووکەڵی جگەرەکـەی لالێـوم نەیدەهـێشـت بۆنی خـۆڵ وباران و پوشـەزەردەکەی ژێر درەخـتـەکان و... ئەو گەڵاسـورو زەردانە بکەم کەڕژابوونە سـەر شۆستەو جادەی شەقامەکە... ئەو ئێوارەیە هەستم دەکرد شاعیرم، نەرمە بایەکی فێنک دەیدا لەڕووم... بۆیەکەم جار بوو لەژیانمدا ئاواهەستم بەکوڕێنی و نێـرێتی خـۆم دەکرد، قـەدەروابوو لەپێشـمـەوە کچـێکی جلوبەرگ باراناوی بەلەنجەو بەناز وورد وورد هەنگاوی دەناو دەڕۆیشت، قژە ڕەش و بریقـەدارو... تاڵ تاڵ ووشک و تەڕەکەی بەسـەر شـان و پشتیـا پـەرێشـان و بڵاوبووبوونەوە، جـار ناجـارێکیش دەسـتـێکی هەڵدەهێنایەوەو بەنـازەوە قـژی فـڕێ دەدایەوە سەرشـانی... نەرمە ئاونگێک لەسـەر تاڵە تەڕەکانی قژیەوە دەپەڕینە سەر ڕووی ئاوێنەی ئەو گۆلە ئاوانەی کەلەنێو لەپی شۆستەکەدا دروست بوو بوون، چاوم لێ بوو لەگـەڵ ڕژانی پرژی ئـاونگەکانـدا ئەو گۆلە ئـاوانە چاویان دەتروکـاند و بزەدەیگرتن.

دەمی جگـەرەکـانم بەیەکـتـری دادەگـرسـاندو منیش هێـواش و لەسـەرخـۆ بەدوویدا دەڕۆیشــتم... نیگام لەو قـــژە ڕەش و لووس و تـەڕەی گـیــر نـەدەبوو دەخلیسـکام و بەپشت و نێوقـەدی دا دەهاتمە خـوارێ... هەسـتـم بەتەڕایی بەر پانتۆڵەکەم ئەکرد، پوزە سپیـەکانی ئەو کچە دەتووت دوو عاجی سپی و لوسن

و چەقیونەتە ناو دوو پێڵاوی بن بەرزی ڕەشی بریقەدارەوە، مەودای نێوان هەنگاوەکانی من و ئەو گەنجێتیم بوو... چاوەکانم نەدەتروکاندن و تویژاڵێکی تەنکی پڕلەختوکەو لەزاتیان گرتبوو... چاوم بە دڵۆپەی ڕەنگێکی سورکەوت کەلەنێوان ڕان و پوزی کچەکەوە دەتکان... باوەڕم بەچاوی خۆم نەدەکرد... چاوەکانم هەڵگلۆفین، نەرم نەرم... دڵۆپ دڵۆپ خوێن دەرژان و هەنگاوەکانی بەسەریاندا ڕادەبووردن، ترسێک ئەژنۆکانمی شل کردبوون.

شەقام تەڕبوو
برینی دەرونم تەڕتر
تەڕتر لەبەرگی ئەو کیژەی
کەڕەنگی ئاوی بارانی هەڵمژی بوو.
دڵۆپ...دڵۆپ
خوێنی سور بوو دادەچۆڕا
هەنگاو...هەنگاو
هەر ئارەزووم بوو دەرژا...

چزەی کوژاندنەوەی جگەرە فڕێدراوەکەی دەستم لەناو یەکێک لەو گۆلە ئاوانەی شۆستەکەدا خامۆش بوو، هەردوو دەستم خستە ناو گرفانەکانم، تەزویەک بەسەری پەنجەکانمدا دەڕۆشت و مێرووڵەو ختوکەیان تێدەکەوت، خوێنە سورەکەش دڵۆپ دڵۆپ دەتکان... چەند ئاوڕێکم بەچوار دەوری خۆمدادایەوە، دوای هەڵوێستەیەک دانەویمەوە... دەستم بازێکی بەپەنجەکانم داو پەنجەیەکم خستە سەر یەکێک لەدڵۆپە خوێنەکان... هەست و بیرکردنەوەم وورۆژابوون... ووردبوومەوە... زیاتر سەرنجم لەدڵۆپە خوێنەکەدا بینیم پەڕەی وەریوی گوڵە خونچەیەکی سوورە... کەلەدوای هەنگاوەکانی کچەکەوە پەڕە پەڕە دەبارین و دەکەوتنە ژێر پاژنەی پێڵاوەکانیەوە.

هەردوو دەستم خستنەوە گرفانەکانم و هەنگاوەکانم گرێدانەوە، گێژیەک کەوتە نێو ڕوانینەکانم و بەرز هەڵکشام... لەبەرزای ئاسمانەوە سەیری خۆم دەکرد، وەک دوو خاڵی ڕەش جەستەی خۆم و ئەو کچەم دەبینی کەلەپێشمەوە

هەنگاوی دەنا، بەرزتر... بەرزتر هەڵدەکشام و دەفڕیم... لەو بەرزایەوە سنوری شارم وەک قاوغە شقارتەیەک دەبینی، چاوم دەنوقاندو بێ پەروا دەفڕیم ... تاچاوم کردەوە زەویم وەک تۆپێک بینی، بەدەوری ئەو تۆپە ڕەنگ نیوە شین و نیوە ڕەش و سپیەدا دەخولامەوەو کیشوەرەکانم بەجێ دەهێشت کەنیوەیان لەناو تاریکی شەودا وون بووبوون و نیوەکەی تر ڕووناک بوون، ئەستێرەکان بەڕووە زبرو ڕوناکەکانیانەوە لەنگەریان گرتبوو... دەتووت لەئاهەنگێکی گەورەدان و هەموان دەخولانەوەو سەمایان دەکرد، لەوێ بیرم لەنەخشەی ناو کتێبەکانی قوتابخانە دەکردەوە، هەورەکان تێمدەئالان و لەناویاندا وون دەبووم، هەستم بەگەرمای تیشکی خۆر ئەکرد... بەسەرماو تەزیوی مانگ ... بەدەنگی خولانەوەی زەوی و مانگ و ئەستێرەکان، لەوێوە بەزەیم بەخۆمدا دەهاتەوە... بەزەیم بەو خاڵە ڕەشەی جەستەی خۆمدا دەهاتەوە کەلەسەر شەقامەکە بەجێم هێشتبوو... پێچەوانەی ئەو قسانەی کەدەڵێن لەسەر بەرزاییەوە مرۆڤ هەست بەگەورەی و هێزی خۆی دەکات! لەوساتەیا من هەستم بەلاوازی خۆم دەکرد... لەنێو ئەو کون و کەلەبەرانەی کەلەبیر و هەستی ناجۆرمدا بوون ووندەبووم... بیرم لەبێ دەسەڵاتی خۆم دەکردەوە... کەدەبێت لەو چاڵانەی زەویدا درێژە بەزیندەگانی خۆم بدەم و هەرلەوێشدا لەگەڵ پرسیارە بێ وەڵامەکانم دا سەربنێمەوەو بمرم، دەمووت ئێمە هەرگیز ئەو گیان لەبەرانەنین کەبەرزای جێگەمانبێت!

هۆڕنی ئەو ئۆتۆمبیلە بەهۆش خۆمی هێنامەوە کەنزیک بەکچەکە وەستابوو... شۆفێرەکە دەرگاکەی پێشەوەی ئۆتۆمبیلەکەی بۆ کردەوەو سەرکەوت، لەگەڵ تێپەڕبوونی ئۆتۆمبیلەکەدا کچەکە ئاوڕێکی بۆ دامەوە... لەوێدا زیاتر باوەڕم بەوەهێنا کەئافرەت گیانەوەرێکە لەنێوان پیاوێتی و منداڵێتی دا، کاتێک گەیشتمە ئاستی ئەو جێگەیەی کەکچەکەی تێدا سوواربوو ئەو خونچە سورەی دەستیم بینی لەسەر ئەردەکە فڕێدرابوو کەنیوەی پەڕەکانی هەڵوەریبوون نیوەکەی تر ژاکاو بێ ڕەنگ بوون.

ئای لەبێ دەسەڵاتی مرۆڤ کەتەنها هەر ئەوە لەناو هەموو گیانەوەرەکانی زەویدا بەرەو بەرزایی دەڕوانێ و سەیری ئاسمان دەکات.

بەفرەکە چووبووەوە... چلورەی شۆڕبۆوەی گوێسوانەکان دەکەوتنە خوارەوەو شــەقــیــان دەبرد، تیـشکی هەتاوێکی زەرد نیــشــتــبــووە ناو حــەوشــەو بەرهەیوانەکان... کوکوختیەکان لەسەر سنەوبەرو درەختەکانەوە دەیانخوێند. (پێش نیوسەدە لەمەوبەر یەکێک لەبازرگانەکانی خەڵکی شار پڕگوێنیەک کوکوختی لەپایتەختەوە هێنابوو... لەئاسمانی شاردا بەرەڵای کردبوون).

ئەو کەسانەی لەو سەروەختەدا ژیابوون بەو بەسەرهاتەیان دەزانی، بەڵام کەس ناوی ئەو بازرگانە پەلەوەرویستەی لەیاد نەمابوو... دەمـاودەم چیرۆکی هێنانی کوکوختیەکانیان دەگێڕایەوە... ژن و پیاوە بەتەمەنەکان دەیانووت کوکوختی کەدەخوێنێ:

ـــ کو... کوو...کو، کو...کوو...کو.

واتای ئەوەیە هەست بە غەریبی دەکاو یادی سەر دارخورماو کالبتۆزەکانی ناو گەرمای ئەو خوارانە دەکات ودەڵێ:

ئەز... غەریبۆ... ئەز، من... غەریبم... من.

دوای زاوزێی ئەو کوکوختیانەی کەبازرگانەکە لەئاسمانی شاردا بەرەڵای کردبوون زۆربەیان بەرگەی بەفرو سەرماو ڕەشەبای شاریان نەگرتبوو... بۆخۆیان بەسەر لقی سنەوبەرەکانەوە ڕەق بووبوونەوەو کەوتبوونەخوارێ... ئەو ژمارە کەمەشیان کەمابوونەوە زاوزێیان کردبوو... بەڵام توخمیان گۆڕابوو نیشانەیەکی ڕەش لەسەر ڕەنگی پەڕە خاکیەکەیان وەک مکوانکەیەک لەسەر گەردن و دەوری ملیان دروست بووبوو، هەربۆیە ئەم باڵدارە نیــشـانەبوو بۆ غەریبی و لانەتێکچوون و پەردەوازەیی.

ـــ کوڕم گوێت لێیە ئەو باڵدارە غەریبانە چۆن دەخوێنن، کو... کوو... کو. تارمایەکەی دایکی وای بەگوێی جەعفەردا دەدا.

کوکوختیەکان دەیان خوێند، خاجیان دەگریا، میناش یاری بەقۆڵی کراسە گرێدراوەکەی جەعفەر ئەکردو خەمبار لەباوەشی جەعفەردا دانیشتبوو.

ـــ کوڕم ئێستا هەر دەڕۆی... دەڕۆی، ئاگات لەخۆت بێ... دەزانم بەچەشنی

کوکوختیەکانت لێدێت و لەئەردو ئاوێکی تردا دەگوزەرێنی... تۆش وەک ئەوان دەڵێی کو...کوو...کو، ئەز... غەریبۆ... ئەز، کو...کوو...کو.

جەعفەر کەگوێی لەتارمایەکەی دایکی بوو وەک کار دەستی کردە گریان... توند مینای لەباوەش گرت و بووکەپەڕۆینەکەی دەستی مینای ماچ کرد.

خاجیان و مینا تابەردەرگاکە لەگەڵیدا هاتن... خاجیان لەبەر لووشکەلووشکی گریان قسەی بۆ نەدەکرا، مینا ماچێکی بووکەپەڕۆینەکەی دەستی کردو دایە دەستی جەعفەرو ماڵئاواییان لەیەکتری کرد، مووروە شینە هەڵواسراوەکەی نێوان قۆچی سەرو کەللەی بەرانە کێویەکەی سەر دەرگاکە بریسکەی دەهات... جەعفەر لە قووڵایی یادوەریەکانیەوە گوێی لەباعەباعی بەرانە کێویەکە دەبوو، کەدوای هەنگاوەکانی جەعفەر دەکەوتن.

حەسەنی مێردی خاجیان لەبەر دووکانەکەدا وەستابوو، جەعفەرو حەسەن توووند دەستی یەکتریان گوشی و باوەشیان بەیەکتریدا کرد، حەسەن دەستی جەعفەری بەرنەئەداو بەتیلەی چاو سەیری پرچ و قژە ئاڵۆسکاوەکەی جەعفەری ئەکرد... پڕ بەدڵ ئارەزوی ئەوەی دەکرد بۆ دوواجار بەدەست و مقەستە لەرزۆکەکەی قژی بۆ بتاشێ، جەعفەر دەستی کێشایەوەو ئاوڕێکی بۆلای خاجیان و مینادا دایەوە... هەردووکیان فرمێسک لەچاوانیان دەباری و دەستیان لەهەوادا بۆ جەعفەر بەرز دەکردەوە.

دڵۆپەی بەر پلوسک و بەر گوێسوانەی ماڵەکان دەکەوتنە خوارێ و هەڵمێکی تەنک لەسەربانەکان هەڵدەستا، جۆگەلەی بەر شۆستەی جادەی کۆڵانەکە وورده کاغەزو مقەباکانی لەگەڵ خۆی دەبرد، وورده زیخ و لمە سوری جۆگەلە ئاوەکە لەسوچی خواری کۆڵانەکەدا کۆبوو بوونەوەو لەبەردەرگای ماڵی کەریمدا ڕژابوون.

شین و شەپۆڕو قەرەبالغی ئەو ڕۆژە بەبیری جەعفەردا دەهاتەوە کە کەمالی باوکی کەریمیان بەسووتاوی هێنایەوە بەردەرگاکە، جەعفەر بۆ یەکەم جاربوو لە ژیانی دا جەستەیەکی سووتاو بەوشێوەیە ببینێت، کەمال بووبووە ڕەژویەکی سوتاوی ووشکەوەبوو... چەورایی لەجەستەیدا نەمابوو، بەرموسەڵان و گوونی کەمال هێندەی تۆپێک ئاوسابوون... تەنانەت لەژێر بەتانی ناو

دارەمـــەیتـــەکـــەدا هـێندە بـەرزبووبوەوە دەتوت ســـەرێکی تریش لەجـــەســتـــە ســـووتـاوەکـــەی کـــەمـــال ڕوواوە. بۆ ڕۆژی دوای ئەوە لـەڕۆژی نیـــوەڕۆدا بوو کەسەربازەکان هاتن و جەعفەریشیان بەچاوبەسراوی لەگەڵ خۆ برد.

لەسـیلـەی کـۆڵانەکـەوە جـەعـفـەر ئـاوڕێکی تری دایەوە، مـیناو خـاجـیـان هـاتبـوونە سـەر شـۆسـتـەی بەردەرگاکـەو دەسـتـیـان بۆ هـەڵدەبڕی، حـەسـەنی دەلاکیش لەبەر جامـخـانەی دووکانەکەیدا تێیّ دەڕوانی و مـاڵ ئاوای لێدەکرد. جـەعفـەر بۆ دوواجـار لە پێـچی کۆڵانەکەدا دەسـتێکی بۆ هـەڵبـڕین و لەچاوی ئەوان وون بوو، دەنگی بـاعـەباعی بەرانە کـێویەکەی سـەر دەرگـاکـە لەدوورەوە دەهـاتە گوێی.

دەرگـای مـاڵی سـەمـەد کـەوتبـووە پێـچی کۆڵانەکەی ئەودیوو، ڕەنگی دەرگـا تەخـتـەو ئەڵقـە ڕێزەکـەی مـاڵی سـەمـەد وەک خـۆی مـابوونەوە... چەند مـناڵێک لەبەردەرگـاکەدا دانیـشـتبـوون و هـەڵمـاقـۆیان بەبەردەکـانی ناو چنگ و سـەر دەستـیان دەکرد، دەمیّ سـاڵ بوو هـەر لەدوای مەرگی سـەلیـمی چەولم فرۆشـەوە خوشکێکی نـەجمەی دایکی سـەمەد هـاتبووە نـاو ئـەو خانووەوەو لەگەڵ سـەمەددا دەژیان.

ئەو ڕۆژەی کەجـەعفـەر گیـرا فەرمـاندەی سەربازەکان ئـەو نامەیەی پیـشـانی جەعفەردا کەلەشاخەوە نێررابوو بۆ سەمەد.

ـــ ئەو نامـەیە دەبینی! دەبێت مـانای ئەم نامـەیە بزانیـت... خـۆت لەبەردەمی ئێـمەدا واپیـشـان مـەدە کەناحـاڵیت لەهەمـوو شتێک. سـەمەد هـەمـوو نهێنیـەکی درکاندووە، لەبەرئەوە واباشترە تۆش هـەموو شتێک بڵێیت.

سـەمەد خـۆ تۆ دەتووت بـەرد بێـتە قسـە من قسـەناکەم، ئـەی ئەم دانپیـانانە کـتـوپڕەت لەچی بوو، باکـەمێک خـۆت بگرتایە... خـۆ تەنهـا چەند ڕۆژی یـەکـەم هـەسـتـت بەئازار دەکـرد... ئیـتـر دوای ئـەوە ئازار مـانای نەدەمـا سـەمـەد، تۆ لەهـەمـوومـان ئازاتـرو چاونەترس تر بوویت! ئەی ئەم گـۆڕانـە کـتـوپڕە چی بوو کەنەت توانی دوو ڕۆژ خۆت لەژێر ئەشکەنجەو ئازاردا ڕاگریت!

مناڵـەکـان بەردە هـەڵمـاقـۆکـانی دەسـتـیـان لەدەست دەکـەوتـە خـوارەوەو دەسـتـیـان دەکرد بـەهاوار کردن... جـەعـفـەر ئەوانیـشـی بەجێـهێـشـت و بەژێر

دیواری ڕیزەماڵەکاندا هەنگاوی دەنا... هەستی بەبریسکەی ئازاری قۆڵە براوەکەی دەکرد، بەدەستەکەی دی جگەرەیەکی خستە سەرلێوی و بەئاگری چەرخێک دایگرساند.

سیمای ئەو ڕێبوارانەی بەکۆڵانەکاندا تێدەپەڕین لەبەر نیگای خەمۆک و هەناسە ساردی جەعفەردا غەریب و شێواو دەردەکەوتن.

لەسەر ڕووی یەکێک لەو ماڵانەی کەنزیک بەفولکەی چوارڕیانەکە بوو پارچە قوماشێکی ڕەش هەڵواسرابوو، سەردێڕی پارچە قوماشەکە بەنیوە دێڕی ئایەتێک هاتبووەوەو ناوی ئەو سەربازە کوژراوەی لەسەر نوسرابوو کەپێش چەند مانگێک لەبەرەکانی جەنگەوە بەکوژراوی هێنابوویانەوە.

جەعفەر بێ ئاوڕدانەوە لەئۆتۆمبیلەکان بەسەر جادەکەدا پەڕیوەو نزیک بەبەردەرگای ئەو ماڵەبۆوە کەبەردی کێلە سپیەکانی لەبەردەمدا هەڵپەسێررابوون، پیرەمێردە قەڵەو سورفلەکە تازە لەو دیوو دەرگاکەوە کورسیە پوشینەکەی لەگەڵ خۆیدا دەهێناو نزیک بەکێلە بەردەکانی دەکردەوە. هەموو ئەو ڕێبوارانەی کەبەوێدا تێدەپەڕین ئاوڕێکیان لەکێلەبەردەکان دەدایەو بەگژ فکرانی نێو دەرونی خۆیان دا دەچوون و ڕادەبووردن.

ــ سەمەدو کەریم لەمردن دەترسن، ئەمێستا من لەژیان دەترسم.

ڕێبوارەکان لەهەردووبەری ڕیزە دووکانەکانەوە دەهاتن و دەچوون، دووکانی میوە فرۆشەکان میوەو سەوزەکانیان دانابوو.

سیمای ئەو خەڵکانە لەبەرچاوی جەعفەردا دەبوونە دەموچاوی مشک، بەلای یەکتریدا تێپەڕ دەبوون و جیکە جیکێکیان دەکردو جووت دانە سپیەکانی ژێر لێوو سمێڵیان دەردەکەوتن... دەستیان بەرز دەکردەوەو وەڵامی سڵاوەکانی یەکتریان دەدایەوە، ئەو پیاوەی کەلەبەردەمی یەکێک لەدووکانی سەوزەفرۆشەکاندا وەستابوو سەری بەجرجێکی گەورە دەچوو، ملی بەملاولادا وەردەچەرخاندو بەجیکە جیک سەودای لەگەڵ دووکاندارەکەدا ئەکرد، هەردووکیان جیکەیان لێوەدەهات و نەیاندەویست لەیەکتری حاڵیبن، پیاوە سەرزلە جرج ئاساکە بۆنی بەخەیارەکانی سەر مێزی دووکانەکەوە ئەکردو سەری بائەدا. ژنەکانیش لەژێر چمکی عەباکانیانەوە چاوە زیت و لووتە

قیتەکانیان بەدەرخستبوو... بەدەستێک دەسکی زەمیلەکانی ژێر عەباکانیان هەڵدەگرت و بەدەستەکەی تریان دەستی مناڵە لاسارەکانیان گرتبوو کەوەک بەچکە مشک دەست و دەمیان نزیک بەمیوەو سەوزەی ناو سەبەتەی دووکانەکان دەکردەوە. تەنها کەسێک کەڕەنگ و دەنگی لەو مشکانەی ناو ڕیزە دووکانەکە نەدەچوو ئەو پیاوە شێتە بوو... کەیەکێک بوو لە شێتەکانی شار، هەموو مشکەکان لەگەڵ بینینی شێتەکەدا دەیان جیکاندو خۆیان لەبەردەمی لادەداو پێدەکەنین، شێتەکە جزداشەیەکی چڵکنی لەبەردابوو... وورگە زل و شانە پانوپۆڕەکەی لەگەڵ هەنگاونانی دا دەلەرینەوە، بەچکە مشکەکان لەترسی شێتەکە خۆیان لەپشتی عەباکانی دایکیاندا دەشاردەوەو لەترساندا دەلەرزین و سەرە جوقەیان دەکرد، شێتەکە لەبەر دووکانەکاندا ڕادەوەستاو دەستی بۆ مشکە دووکاندارەکان دەگرتەوە.

ـــ ئابێنە پەنجا فلس، هەی مشکە تۆپیوو، تەنها پەنجا فلس. شێتەکە لەگەڵ دوواهەمین پیتی قسەکانی دا ووشەی (فلـــس)ی درێژ دەکردەوە و دەستی لەبەردەم دووکاندارەکاندا ڕادەگرت.

هەندێ لەمشکە دووکاندارەکان پەنجا فلسیەکیان دەخستە دەستی و جیکەیەکیان لێوەدەهات.

ـــ مشک... مشک... مشکە تۆپیوینە. شێتەکە وایدەووت.

هەندێ لەدووکاندارەکانی تریش پاڵێکیان بەشێتەکەوە دەناو لەخۆیان دوور دەخستەوە و چەند جیکەی جنێوێکیان لەزاران دەردەپەڕی، شێتەکە کەمشکە عەبابەسەرەکانی دەبینی گوپەخڕەکانی سورهەڵدەگەڕان و پێی دەوتن.

ـــ تەیرەکان جوانن... تەیرەکان جوانن، بێنە پەنجا فلس... تەیر... تەیر... تەیرەکان جوانن.

مشکە عەبابەسەرەکان بەترس و شەرمێکەوە خۆیان لەبەردەم شێتەکە دوور دەخستەوەو بەچکە مشکەکانیشیان لەترساندا خۆیان دەکرد بەژێر عەباکانی دایکیان داو دەیانجیکاندو دەگریان، شێتەکەش هێندەی تر کوڵمەکانی سوردەبوون و بزەیەک لەسەر لێوی دەنیشت.

شێتەکە بەهەنگاوە قورس و جەستە زلەکەیەوە هاتەبەردەمی جەعفەر...

هەردووکیان بەرامبەر یەکتری ڕەق ڕاوەستان، لەقووڵایەکانی چاوی یەکتریدا نوقــوم بوون، مــشکەکــانی دەوروبەریان ســەیریان دەکــردن وتاڵی درێژی سمـێڵـەکانی ژێر لوتە خڕو ڕەشەکـانیان بادەداو دەیان جیکاند، شـێتـەکە بەهەموو هێزی زڵلەیەکی لەپەناگوێی جەعفەر سرەواند... جەعفەر یەکەوڕاست کــەوتە ســەر زەویەکــەو بەرچاوانی لێڵ بوون و چەند ڕوناکــیــەکی کـشــاو بەبەرنیگایدا تێپەڕین، مشکەکان هەموو بەیەک دەنگ دایانە قاقای پێکەنین و جیکەجیک کـردن، جەعفەر لەسەر پشت لەبەردووکانی سەوزە فرۆشـەکاندا کـەوتبـوو، وورده وورده بەرچاوی ڕووناک دەبۆوە تا... پیـاوە عــەرەبانچـیــەکـە دەستی دایە یەخـەی جەعفەرو بەرزی کـردەوە... دەستی عەرەبانچیەکە تەڕو باراناوی بـوو... خـوێنی ناو نـایلۆنەکــەی ســەری دڵۆپ دڵۆپ دەتکانە خـوارێ... جــەعــفــەر پەشــۆکـاو ڕەنگی پەڕی... مــشکەکــان هــەمــوو پێـدەکــەنین جگە لەعەرەبانچیەکە کەسیمایەکی تووڕەو جووتێ برۆی تێک ڕژاو بەخوار تەختی تەوێڵـیـەوە بوون، شـێتەکە هەنگاوە قـورس و هێـواشـەکانی دەناو لەبەرخـۆیەوە دەیووت.

ــ تەیرەکـان جـوانن... زۆر جـوانن... قـەشـەنگن... ڕەنگاو ڕەنگن تەیرەکان... تەیرەکان جوانن...

کـاتێ جەعفـەر هەستایەوە سـەرپێ و کەوتەوە هەنگاونان خـەڵکەکە بەلایدا تێدەپەڕین و دەکەوتنە قسەکردن و سەربادان.

ئەسپەکان بەعەرەبانەکانەوە بەسترابوون و لەبەردەمی ئاشـەکەدا دەمیـان لەناو تورەکە کاوجـۆکانـی بەرلامليان نابوو... ئەسپەکان لەگـەڵ هەموو قـەپاڵ و جـوینێکی کاوجـۆی ناوتورەکەکانیـاندا پرمـەیەکیـان لێبـەرز دەبۆوەو... ناڵەکانی چوارپـەلیــان لەناو تـەرس و پیـســـایی بـەرئاشـــەکــەدا دەدابەئەرزاو کلکیــان ڕادەوەشاندو مێشـە گێژو سرەکانیـان لەخۆ دوور دەخستەوە، دووکانـی وێنجە فـرۆشــەکـە دەسکە وێنجـە ســەوزو تەڕەکـانی لەبەر دووکـانـەکـەدا دانابوون و ئاوپرژێنی دەکـردن... دەسکە وێنجــەکـان بۆنێکی تەڕو بەهـاریـیـان لـێ بەرز دەبۆوە، ڕیزە دووکـانەکـە لەســەرەتای گـەرمی تێکەوتن و قـەرەباڵغـیـدا بوو، دووکانـدارەکانی تر کورسیەکانیان هێنابوونە دەرەوەو خـۆیان دەدایە بەرتینی

ئەو تاوەهەتاوە زەردەی کەوەرزی بەهاری لەگەڵ خۆ دەهێنا، لەدەرەوەی ڕیزە دووکانەکانی نزیک بەچایخانەکە مەنجەڵە ماستەکان دانرابوون و خەڵکی سەوداو مامەڵەی دەکردن، یەکێک لەدووکاندارەکان پووش و سەرماستی مەنجەڵە ماستێکی لادەداو پیشانی ئەو ژنە کڕیارەی ئەدا کەپەنجەی بەسەر توێژی زەردی ماستەکەدا دەهێناو لەزاری دەنا... ژنەکە دوای مڵچە مڵچ کردنێک سەرێکی بائەداو دەستی بۆ مەنجەڵەکانی تر ڕادەکێشا.

عەرەبانەی شێلم فرۆش و نۆکاو فرۆشەکان لەبەردەرکی حەمامەکەدا وەستابوون، هەڵمێکی تەنک لەسەلکی دۆشاواوی شێلمە کولاوەکان هەڵدەستا... بۆنی نۆکاوو ئەو لولاقانەی کەلەناو مەنجەڵە نۆکاوەکاندا قوڵپە قوڵپ دەکولان بەردەرکی قەیسەری کوتاڵ فرۆشەکان و بەرگ دروەکانی گرتبوو. جەعفەر بەقادرمەکانی بەر قەیسەریەکەدا سەرکەوت... هەر لەسەرەتاوە تیشکی گڵۆپە ڕەنگاوڕەنگەکان بەناو تاریکایی ژێر لەوح و سەری گیراوی قەیسەریەکەدا بڵاودەبۆوە...لەکونەبچوکەکانەی سەر ڕووی لەوحی میچەکەوە ڕوناکای خۆر دەڕژایە بەرپێی ڕێبوارانی ناو گوزەرەکە، بریسکەی ڕووناکایی گڵۆپەکان دەیاندا لەپولەکەی ڕەنگاوڕەنگی تۆپی ئەو قوماشە پولەکەدارانەی کەلەبەرجامخانەو بەر دووکانەکاندا هەڵواسرابوون، ووڕەی دەنگی مەکینەی دوورمانی بەرگ دروەکان تێکەڵ بەژاوەژاوی ناو گوزەرەکە دەبوو، ئەو دووکانەی کەلەلای جەعفەر بۆنی مناڵی و ڕۆژانی جەژنی لێدەهات تیشکی گڵۆپە ڕەنگاوڕەنگەکان تاژێر میچی لەوحی قەیسەریەکەی ڕووناک دەکردەوە، ئەو دووکانە لەڕۆژانی پێش جەژندا بەکاغەزی ئاڵووالا دەڕازایەوەو بەسەر مێزی بەردووکانەکەدا دەیەها جۆری نوقڵ و چکلێت و شوشەی شەربەت دادەنران، هەرچ کەسێک بەلای ئەو دووکانەدا تێدەپەڕی بۆنی جەژنی دەکرد... بۆنی ئەو ڕۆژە خۆشانەی دەکرد کەلەگەڵ مناڵیدا ئەوانیش گەورەبوون و نەمان، ڕۆژانی پێش چەژنی بەراتیش مۆم و بووغوردو داری عود دادەنراو بۆنی بووغورد ئارامی و هاتنی ئەو شەوەی بەخەڵکی شار ڕادەگەیاند... هەرچی مناڵ بوو لەدەرگا بەدەرگای مالانیان دەداو تورەکەکانیان پڕ دەکرد لەخورماو نوقڵ و میوەو ئەو پارە ووردە مەعدەنیانەی کەخۆشی دەدا بەدڵی

منداڵان.

ــ ماڵ ئاوا ڕۆژە خۆشەکانی مناڵی... ماڵ ئاوا . جەعفەر وای دەووت و غەرقی بەیاد هێنانەوەی ناو یادگاریەکان بوو... بەچاوێکی فرمێسکاوی و نائومێدیەوە بۆ دوواجار لەهەموو شتێکی دەڕوانی.

ڕوناکایی دەرگای ئەو سەری قەیسەریەکە وەک کونە ئەشکەوتێک لەدوورەوە لەچاوی خەڵکی دەداو ڕیزی دووکان و جامخانەی زەردو ڕوناکی ئاڵتون فرۆشەکان بەدەردەکەوتن، لەوێشەوە ئیدی جەنجاڵی و قەرەباڵغی دووکانەکان و ئەو خەڵکە زۆرە دەبینرا کەبەهەر چوارلادا دەیانڕوانی و تێپەڕ دەبوون.

جەعفەر خۆی کرد بەیەکێک لەکۆڵانە باریکەکانی قەیسەریەکەداو بەرەو ئەوڕاستە شەقامە ڕۆیشت کەمنارەی مزگەوتەکە بەسەر جادەو کۆڵانەکانی ئەو دەورو بەرەدا دەیڕوانی، لەوێوە گردی سەرقەبرانەکان و کێل و چەتری گۆڕەکان دەردەکەوتن.

هەر لەگەڵ بەدیکردنی سەرقەبرانەکەدا جەعفەرئەو ڕۆژەی بەبیردا دەهاتەوە کەدایکیان بەڕووتو قووتی لەسەر مێزە ئاسنینەکەی ناو ژوورەکەدا پاڵخست، ئەم بەبیر هێنانەوەیە بۆ جەعفەر مایەی ئازارێکی لەڕادەبەدەربوو، ئەو ڕووداوە هێندە کاریگەر بوو کەهەموو بیر کردنەوەو بۆچوونەکانی تێکشکاندو جوانییەکانی نێو دەروونی دزێو ناشیرین کردن.

ــ ئەم ژیانە خەونێکی درێژە، خەوبینینیش کورتە، ئەم دوو خەونەش سەرجەمی هەموو نەهامەتییەکانە کەمایەی چۆنیەتی ئەوبوونەیە کەئێستا من لێی دەترسم، خۆم بەکوللەیەکی یەک باڵ دەبینم، کوللەیەک کەتوانای فڕینی نی یەو لەسێبەر و دەنووکی هەموو باڵدارێک سڵ ئەکاتەوە، تاکەی ئەم زەویە بەئێسقانەکانی من گەورەدەبن خوایە؟!

ئەم جەنگەڵە تابێت توخمەکانی دڕندەی تێدا دەتروکێن... چەندەگرانە لەم (ژوورە تاریکەدا بۆ پشیلەیەکی ڕەش بگەڕێیت، نەهامەتی گەورەش لەوەدایە کەئەم ژوورە بۆخۆی ئەو پشیلە ڕەشەی هەر تێدانەبێت).#

جەعفەر بەدەم ڕێوە قسەی لەگەڵ دەرونی خۆی دەکردو بەناو خەڵکەکاندا

تێپەڕ دەبوو، ئەو خەڵکەش سەرەتا سەیری جوڵانەوەی نائاسای دەمولێوی جەعفەریان دەکرد... دواتر چاویان لەسەر قۆڵی کراسە بێ دەست و گرێدراوەکەی دادەناو ئاوڕیان لێدەدایەوەو لەگەڵ یەکتر دەکەوتنە قسەکردن.

ــ ڕقم لەهەمووتانە... پێش ئێوە لەخۆم، لەم جەستە بێ قۆڵەی کەلەئێوەیە، لەهەموو ئەم جوانییانەی کەجێی شانازی ئێوەن... من ڕقم لێیانە، ڕقم لەهەمووتانە... هەمووتان.

لەو ڕۆژەوەی کەجەعفەر لەزیندان ئازاد کرابوو... بیری لەتەرم وجەستەی ڕاکشاوی مروەت دەکردەوە... ئەو جەستە سپی پۆش و ڕاکشاوەی ناو گۆڕەکەی... وادەهاتە بەرچاوی ئەو کفنە سپیەی مروەت... ئێستا ڕەش و داڕزیوو لەگەڵ ڕژانی چەوری جەستەی دا تێکەڵ بەخاک دەبن... بیری لەو کرمانە دەکردەوە کەگاز لەگۆشتی ڕزیوو ڕەش داگەڕاوی  مروەت دەگرن... لەو مشکە کوێرانەی کەدانەکانیان لەئەندامەکانی جەستەی دەچەقێن، زەروەکان هێندە دەئاوسێن تێر خواردنیان نابێت... لەگەڵ ڕزین و کەوتنی پارچە کەوتووەکانی جەستەیدا گەورەدەبن و دواتر دەتەقن و دەبنەوە بەگەردەکانی خاک، جەعفەر لەگەڵ ئەم بیرکردنەوانەدا لەپێست و جەستەی خۆی دەڕوانی و دەیووت:

ــ هەموومان لەگەڵ لەدایک بونماندا کرمەکانیش لەنێو گۆشت و ئێسقانەکانی خۆماندا گەورەدەکەین.

ــ ئای مروەت ئێستا لەنێو چاڵی تاریکی گۆڕەکەتدا چ مەملەکەتێکت لەکرم و زەرو مارو مێروو دروست کردبێت... کفنە سپیەکەت بەدەم ڕزینی جەستەتەوە ئێستا ڕەش دەچێتەوە، نینۆکەکانت درێژ درێژ بوونەتەوە، دەمە داپچڕاوەکەت... کونە لوت و گوێچکەکانت قەتارەی کرم و زەروی پێدا دەڕوات... لەو تاریکایەدا تۆ جەستەی خۆت نابینی کەمۆرو ڕەش هەڵگەڕاوە و بۆنێکی کوشندەی لێدێت... ئای کەخاک چەندە میهرەبانە بەو بۆنەت هیچ ناڕەزاییەک دەرنابڕێت، ئەو کرمانە چەندە بێوەفان کەمەرگی تۆ پێش مەرگی خۆیان دەخەن! ئەو درۆیانە چین کەبەزمانی گوڵی سەر گۆڕەکەتەوە دەکرێن، ئەو منداڵدانەی کەمن و مینای تێدا دروست بووین... ئەو  زێدانە شیرتینە... کەجێی

ئارەزووە کتوپڕو خەفەبووەکانی کانەبی بوون ئێستا کرم هەڵدێن، ئەو پرچ و قژە خەناویەت برسکاون و تێکەڵ بەگەردەکانی خۆڵ دەبن و دەئاڵێنە دەمی کرمەکان و ئێسقانە دەرپەڕیوەکانت، مۆخی لولاقەکانت کرمۆڵ دەبن تائەو ڕۆژەی پەیکەرە لێکترازاوەکەت لەسەر خۆڵێکی بێژراوەو نەرم ڕادەکشێ... کێلەکانی سەر گۆڕەکەشت دەچەقنە خاک و زەمەن نایان هێڵێت و ووندەبن، وەک گۆڕ بێدەنگ، وەک مەرگ ئارام، لەگەڵ باوەخولکێی بێ برانەوەی زەویدا تۆش دەخولێیتەوە تا یادگاریەکانت لەگەڵ مەرگی مندا دەسوێن، ئیتر دووای ئەو زەمەنە دەبیتە نەبوویەک کەهیچ کەس بەبوون و بەسەرهاتت نازانێت... من هێندە ترسنۆک و لاوازم هێزی ئەوەشم تێدانەماوە داوای بەخشینت لێبکەم... نا مەمبوورە... خۆشەویستی دایکایەتی واتلێنەکات بمبووریت دەنا من هێندەی تر لاوازدەبم... لاواز. تارمایەکەت هەمیشە لەگەڵمدا دەژی... جورئەتی ئەوەناکەم بێمە سەر گۆڕەکەت... ئەوەتا کێل و چەتری سەرقەبرانەکە لەدوورەوە دەبینم، ناتوانم بێمە ناو ئەو مەملەکەتە سپی و ڕەشەوە، ڕقم لەهەموو شتێکە... لەگۆڕەکەی تۆش... لەبەردی سەر کێلەکانت... لەدێڕە نوسراوەکانی سەری... لەنسێی ژێر دارسنەوبەرەکان... ڕقم لەهەموو شتێکەو تروسکەیەکی خۆشەویستی لەم دارستانە ڕەش و تاریکستانەدا بەدیناکەم... هەموو شتێک بەچەشنی ناو گۆڕەکەی تۆ ڕەش دەچنەوە... هەموو دنیا ڕەش و کرمۆڵ دەبینم، ئەوان هەموو درۆزن بوون... ئەوانەی ڕازگۆن زوو دەمرن و دەبنە خۆراکی کرمەکانی ناو گۆڕ... درۆزنەکانیش دەمرن و کرمەکان دەیانخۆن... هەموومان خەون دەبینین... کرمەکانیش خەون دەبینن... ئەم ئەستێرەیەش کەهەموومانی لەسەر دەژین خەون دەبینێ و باوەخولێ دەکا ... هەمووماں بێ دەسگیربوونی وەڵامەکانمان دەمرین و لەبیر دەچینەوە.

جەعفەر گەیشتبووە ناو ئەو گەراجەی کەلەسەری یەکێک لەکۆڵانەکانی خوار دامێنی گردی سەرقەبرانەکانەوە بوو، ئۆتۆمبیلەکان لێرەوە دەرۆیشتن بۆ دێهات و ناوچە سەر سنووریەکانی ڕۆژهەلات، جەعفەر دوای سەوداو قسەکردن لەگەڵ شۆفێری ئەو جێبە سەوزەی کەلەناو گەراجەکەدا وەستابوو... چووە ناو جێبەکەوەو سواربوو.

خۆر کەنگێ بوو لەچەقی ئاسمانەوە شۆڕدەبۆوەو بەرەو خۆرهەڵات دادەگەڕا، خەڵکانی نێو گەڕاجەکە... ئەوانەی بەرەو دێهاتەکان دەچوونەوە... شتومەکەکانیان لەسەر سەری ئۆتۆمبیلەکان دادەمەزراندو دواتر بەدەم قسەکردنەوە دەچوون لەسەر کورسیەکانی ژێر حەسیری چایخانە بچکۆلەکەدا دادەنیشتن و پیاڵەچاکانی بەردەمیان فڕدەکرد، هێندەی نەبرد جێبەسەوزەکە کەوتە جوڵەو گەراجەکەی بەجێ هێشت، مناڵە پاکەت فرۆش و دەسگێڕەکانی لەسەر شۆستەی بەر شەقامەکەدا وەستابوون و هاواریان دەکرد، جێبەکە بەدەوری فولکەی چوارڕیانەکەدا سوڕایەوەو بەرەو ڕێگا سەرەوخوارکەکەی خوار شارەوە ڕێگەی گرتەبەر.

جەعفەر بێ ئاوڕدانەوە لەدوا دیمەنەکانی سەرڕێگای شار کەوتبووە نێوفکران و ئەندێشەکانی خۆی، ئەو خەڵکانەی کەلەناو جێبەکەدا بوون هەریەک لەلای خۆیەوە کەوتنە گفتوگۆو قسەکردن، جەعفەر لەگەڵ سواربوونی جێبەکەدا ئەو ڕۆژانەی وەک خەونێکی پچڕپچڕ دەهاتنەوە یاد کەلەگەڵ مناڵانی دێدا دوای تۆزو خۆڵی جێ پێچکەی ئەو جێبە دەکەوتن کەدەستەیەک لە چەکدارەکانی بەرەو شار دەبردو خەڵکانی دێش لە سەر سەربان و بەر سەکۆی ماڵەکانیانەوە لەجێبەکەیان دەڕوانی... سەگەکانی ناو دێ کەوتبوونە وەڕین و بازدان بەدووی جێبەکەدا، هەرهەمان ئێوارەی ئەو ڕۆژە خەڵکی دێ لەناو بەتانیەکدا تەرمە خوێناویەکەی کانەبیان هێنایە ناو مزگەوتەکەوە... خەڵکی دێ دەستە دەستە ئەو شەوە دەهاتن و ئێشکیان بەدیار تەرمەکەوە دەگرت و باسی ئازایەتی و ڕووداوەکانی ژیانی کانەبیان بۆ یەکتری دەگێڕایەوە، جەعفەر ئەو شەوە لەگەڵ مینای خوشکی دا لەناو کۆڕی گریان و لەخۆدانی ژنان دا خەویان لێکەوت، ئەوشەوە مروەت لەگەڵ ژنانی دێدا سەریان دەگرتە ئەو تەشتە قوڕە سورەی کەلەبەر سەکۆی تەنها ژوورەکەی ماڵی کانەبیدا گیرابۆوە، مروەت چنگی بەقژیا دەکردو تاڵە قوڕاوی و ئاڵۆسکاوەکانی قژی دەڕنین و بەچەپۆک لەسنگی دەدا... دەنگی سەر سنگی مروەت لەگەڵ بەرز بوونەوەی لاوانەوەکەیدا هاوجووت دەبوون و ژنەکانی دەوروبەریشی هەریەک لەلای خۆیەوە بۆیان دەسەندەوە.

ـــ تەدارەک و مووبارەک... نەبی لێی بێ مووبارەک.

ژنەکـان هـەمـوو لەدوای مـروەتەوە دەیانووتەوەو بەچەپۆک لـەسـەری خـۆیان دەدا.

ـــ شـێـرە ڕۆیە... کانـەبی ڕۆیە. باوکی جـەعـفـەر... مـینا ڕۆیە، نـەبی ڕۆیە... ڕۆیە ڕۆیە.

جێبەکە کەوتبووە سەر ڕێگای دەشت و گردۆڵکەکانی خوار شارەوە، خۆڵ و ئەردی ئەودەشــتــە ئـاڵ و ســەوز بووبوون، بـاڵدارەکـان لـەگـەڵ نزیک بوونەوەی جـێبـەکە لێیان لەسـەر جادە قیرەکە هەڵدەفڕین و دەچوونەوە سـەر ئەو پارچە ئەردە سـەوزو چێنراوانەی کـەگیـا تازە چوزەرەی تێدا دەردەکردن. لە قـەراخ ڕێگاکە تازە گوڵە کێویلەکان سـەریان دەرکردبوو بەدەم باوە سەمـاو جـوڵەیان تێکەوتبوو، هـەورە سـپی و خـەسـتەکان ئالآبوونە دامێنی چیاکان و لەدوورەوە کـێـوە بڵـندەکـان پـەڵەپەڵەی بـەفـرە چاوەکـانیــان لەڕوو دەردەکـەوت، گـورزە کەوتوەکانی خۆر لەناو گەواڵە هـەورەکانەوە دەکشـان و گردۆڵکە سەوزەکانیان ڕووناک دەکردەوە، هەورەکان هێندە نزم دەهاتن و دەچوون سێبـەریان دەکەوتە سـەر پارچە پارچەی دەشـتـەکەو لـەگەڵ ڕۆیشـتنی جێبـەکەدا سـێبـەرەکـانیـان بەسـەر ڕێگاکەدا دەپەڕینەوەو دەڕۆیشتن، ئەو ڕیشـۆڵە بەجـێمـاوانەی کەلەپۆلە ڕیشـۆڵەکـانی هاوەڵیـان جـێـمـابوون و فـریای کـۆچی ئەم سـاڵ نەکـەوتبـوون بەدرێژای ڕێگاکـە لـەسـەر دارتەلی کـارەباکـان هەڵنیـشـتـبـوون و خــەمناک تۆتکەیان گرتبوو، قـاژو وقەلەڕەشکـەکان پۆل پۆل دەفڕین و بەئاسمـاندا دەیان قـیـڕاند... خـۆر لەودیوو هـەورەکـانـەوە ڕەنگی زەرد هـەڵدەگـەڕاو لـەئاسـۆ نزیک دەبۆوە.

خەڵکانی نێـو جێبەکە هـەمـوویان گوێیان لەو کـوڕە گەنجـەی پاڵ شـۆفێـرەکە گرتبوو:

ـــ بەو زووانـە بەســـەرهـاتی ڕێکەوتـنەکــە لای هـەمــووان ئاشـکرا دەبێت، پێــدەچێت نـوێنەری هـەردوولا چـاویان بەیـەکـتـری کـەوتبـێت و ڕازی بـووبن، بیـستـوومـە دەڵێن بەو زووانە ئەوان لەشـاخەوە دادەبەزن و دێنە شـارەوە، دیارە هەردوولا چاوەڕوانی ئـەوەن کـەبەوزوانە خـاڵەکـانی ڕێکەوتـنامـەکە مـۆربکەن و

ئەمانیش بچنە پایتەخت و هەموو شتێک بەدڵی هەمووان بێت.

یەکێکی تر کەلەولای جەعفەرەوە دانیشتبوو لەخۆشی قسەکانی ئەو کوڕە گەنجەی کەلەلای شۆفێرەکەوە دانیشتبوو جێگەی بەخۆی نەدەگرت، دەیووت:

ــ بەڕاستی هەواڵێکی خۆشە، بەڵکە ئیتر ڕزگارمان ببێ و کەمێک بحەوێینەوە.

یەکێکی تر هەڵی دایەو ووتی:

ــ تۆ بڵێی ئەم جارەش فێڵ و کەڵەکێکی تر نەبێت؟!

ــ من لەدەمی کەسێکی نزیک بەوان بیستوومە کەدەمێکە نوێنەر لەپایتەختەوە هاتوچۆیان دەکا، تەنانەت ئەوان ووتویانە وەرەقەی سپیتان بۆ ئیمزا دەکەین... چی داوادەکەن بیکەن.

ژنێک لەسەر کورسیەکانی دواوەی جێبەکەوە هەڵیدایەو ووتی:

ــ دەی خوا قسەکانت بەڕاست بگێڕێ و خێرو خۆشی ڕووبکاتە هەموولایەک.

کوڕە گەنجەکە ئەم جارەش هەڵیدایەوەو ووتی:

ــ تەنانەت دەڵێن لەهەفتەی ڕابردوودا زۆر لەبەندییەکان ئازاد کراون و زۆری کەش هەن چاوەڕوانی ئازاد کردنن.

ئۆتۆمبیلەکان کەبەلای یەکتریدا تێدەپەڕین جوڵەیەکیان دەخستە ڕەوتی ڕۆیشتنی جێبەکەوەو هەوا بەهوروژم لەپەنجەرەکانەوە دەهاتە ژورێ، تاوناتاوێک بروسکەی ئازار بەقۆڵە براوەکەی جەعفەردا تێدەپەڕی و چاوەکانی پڕ دەبوون لەفرمێسک، لەو پێچ و داگەڕانانەی ڕێگاکەدا تۆپی پرتەقاڵی خۆر لەخۆرئاواوە دەردەکەوت و دەکەوتە ڕووی ئەو دیوەی جێبەکەوە کە جەعفەری تێدا دانیشتبوو، جەعفەر چاوەکانی بێ تروکاندن لەخۆر بڕی بوو... لەوساتانەدا هەستی دەکرد خۆر شەبەقێکی پرتەقاڵییەو کەوتۆتە ڕووی ئاسمان... وەک بەوەی کونێکی گەورەبێت و ئیدی لەوێوە سەرەتای دنیایەکی تربێت، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشاو لەژێر لێوەوە دووا قسەی خۆی کرد:

ــ ئەم دنیایەی کەخۆرهەڵاتە بەزێرابێکی گەورە دەچێت و ئەو کونەش کەخۆرە ڕەنگە جێ ڕژانی ئەم زێرابەبێ، پێچەوانەکەشی بەهەمان شێوە هەر

ڕاستە، خۆرهەڵات و خۆرئاوا هەردووکیان دوو زێرابی گەورەن و لەکونی ئەو زێرابەی خۆرەوە دەڕژێنە ناو یەکتری... ئای لەم دوو جەهەنمە... کەدوو بەهەشتی درۆینەن.

جێبەکە لەسەر ڕێگا ڕەش و قیرتاوەکەدا بەدوو پشکێک دەچوو تاخۆی بگەیەنێتە سەری ئەو مارەی کەدەیەوێت چزوەکەی تێ هەڵچەقێنێ، هەورەکانیش لەئاسمانی بێ کەناردا بەسەر یەکتریدا شەپۆلیان دەداو گۆی زەویش کاوەخۆ باوەخولێی دەکردو دەخولایەوە.

تـــــــــــــەواو

١٩٩٥-١٩٩٠

سلێمانی/ستۆکهۆڵم.

# وەرگیراوی پەندێکی ڕوسییە.